هەڵسەنگاندنکی زانستییانە بۆ فکر و فەلسەفەی کارل مارکس

پرۆفیسۆر. د. ئارمین پفاف تروگبەر*

لە ئامانیەوە: ئاردەڵان عەبدوڵا

کارل مارکس یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ماوەی سەدە و نیوەک دەبێت جیهانی بەخۆیەوە خەریک کردووە، تارمایی ئەم فەیلەسوفە گەیشتۆتە کوردستانیش. بەداخەوە لای خەمان دوو بۆچوون لەبارەی مارکسەوە هەیە، یەکێکیان وەکو شێخکی تریقەت سەیری مارکس دەکات و دەروێش ئاسا دوای کەوتووە. ڕەوتێکی تریش بەبێ ئەوەی یەک وشەی مارکسی خوێندبێتەوە، دژایەتی دەکات و بە شەیتان و کافر و مولحیدی دادەنێت. هەربۆیە پێم باشبوو وتاری ئەم پرۆفیسۆرە ئامانیە بکەم بە کوردی، کە هەڵسەنگاندنکی زانستیی و بێلایەنانەی بە فکر و فەلسەفەی مارکس کردووە. بۆ هیوایەی خوێنەری کورد دیدگایەکی نوێی لەبارەی ئەم فەیلەسوفە ناسراوەی جیهانەوە هەبێت.

مارکسیزم لە نێوان ئایدیاڵیزیا و زانستدا

لە ڕاپرسیەکی کەناڵی BBC بەریتانیدا کە لە ساڵی 2005 دا کرا، لەبارەی گەورەترین فەیلەسوفی جیهان لە مێژوودا، کارل مارکس پلەی یەکەمی هێنابوو لە لیستی 100 فەیلەسوفی جیهان و ڕێژەی 28٪ ی دەنگی دەنگدەرانی ئەو ڕاپرسیەی بردبوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە دنیابینی و تێوانین و بنەمای سەرەکی بیرکردنەوەی مارکس، چ لە ڕووی فەرم و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، گوزارشت لە سیستەمێکی دیکتاتۆریانە دەکات.

لە ڕاپرسیەکی کەناڵی BBC بەریتانیادا کە لەسەر سایتەکەی خۆیان لە بینەرانی پرسیبوو، لەبارەی ئەوەی کە گەورەترین فەیلەسوفی جیهان لە مێژوودا کێیە؟ بە ئەم مەبەستەش لیستێکی 100 کەسییان ئامادەکردبوو.

کارل مارکس ڕێژەی 28٪ی دەنگەکانی بینەرانی کەناڵەکەی بەدەستهێنابوو، بەم شێوەیش پلەی یەکەمی لیستەکەی بەرکەوتبوو. ئەم ڕاپرسیە لە ساڵی 2005 دا سازکرابوو.

هەر لەهەمان ساڵدا گۆڤاری Der Spiegel دەرشپیگلی ئەڵمانیاش لە ژمارەیەکی تایبەتیدا لەژێر ناونیشانی «دەوزمەکە دەگەڕێتەوە، دەستپاتی نوێی چەپەکان» راپەرتەکی بڵاوکردەوە، ئەو راپەرتە لەو ساڵەدا زەرترین فرۆشی هەبووە. بەواتایەکی تر مارکس جارێکی تر دەتەوە مەیدان، ئەمەش بەهەرحاڵ تەنها لە رێگەی ڕووتە سیاسییە چەپەکانەوە دەبێت. ئەمەش دوو وێنەی دژبەیەکمان لەیەک کاتدا پێ پیشان دەدات:

لەلایەکەوە فەلەسەفەی مارکسیزم وەکو زانستێکی کۆمەڵناسی کلاسیک دەردەکەوێت، کە بنەما سەرەکییەکان و تێوانییەنەکانی خۆی بە شیکردنەوە و پشکۆتنی مێژوو، هەروەها بنەما سەرەکییەکانی سیستمی کەپیتالیزم خڕیک دەکات.

لە لایەکی ترەوە مارکسیزم وەکو بەرهەمێک دەردەکەوێت کە بریتییە لە ئایدیەلۆژیایەکی بەرز، ئەم ئایدیەلۆژییەی دەبێتە بەرنامەییەکی ڕەحی بۆ بزووتنەوە چەپە رادیکاڵەکان و سیستمە کۆمۆنیستییە دیکتاتۆرییەکان.

ئەم وتارەی بەردەستان، هەوڵ دەدات شیکردنەوەییەکی ورد بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئەم فکرە بکات، لە هەمانکاتیشدا ئەو ڕەخنانە بخاتەوو کە لە توانا رادیکاڵییە سیاسییەکانی ئەم فکرە دەگیرێت.

کۆشە میتۆدییەکانی تێوانین و شیکردنەوەکانی مارکس

لەڕەدا لە رووی میتۆدەوە، روو بەووی چەند کۆشێک دەبینەوە، کە ئەمەش وامان لێدەکات دوو کارەکتەری دژ بەیەک و جیاواز لە کارو بەرهەمەکانی کارل مارکس و فریدریک ئەنگڵس ببینین و هەستی پێ بکەین.

لەو چل بەرگەی کە بە ناوی «کۆبەرهەمی مارکس و ئەنگڵس» هەن، لەو دەستنووسانەدا بەهیچ شێوەیەک یەک ڕەچکەی پشکۆتن و تیۆرییەکی سیاسی تەکەم و بەرنامە بۆ داڕێژراو نابینین. هەروەها لەو بەرهەمانەدا هیچ رێگەیەکی ڕەک و دروست دیار نییە، کە مرۆڤایەتی بەرەو سیستمی سۆشیالیستی بەرێت یان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بێ چینی کۆمەڵایەتیی و یەکسانمان بەرێت. بگرە ئەوان ئەمەیان بە شێوەیەکی لابەلاو لە چوارچێوەیەکی گشتیدا باسی ئەو بابەتانەیان کردووە. هەرئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات، کە بۆچوونە سیاسییەکانی مارکس و ئەنگڵس دوو وێنەی دژبەیەکی تێدا بەدیدەکرێت.

هەربۆیە دەبینین فیلسوفێکی هومانیستی وەکو ئەریک فرۆم پشت بە دەستنووسکانی ئەوان دەبەستێت، لەهەمان کاتیشدا دیکتاتۆرێکی وەکو جۆزێف ستالین-یش، بەهەمان شێوە پشت بە دەستنووسکانی ماركس و ئەنگڵس دەبەستێت. هەروەها لایەک کاتدا ڕووتە سۆسیال دیموکراتخوازەکان و کۆمۆنیستە شۆشگێڕەکانیش، پشت بە دەستنووسکانی ئەو دووانە دەبەستن.

ڕەخنە لە فەلسەفەی ئایدیالیزم و پیشاندانی وەکو دنیابینییەکی ناواقعی

خاڵی بنەڕەتی بە گەڕانکاری فکری بە سۆشیالیزم لەلای ئەنگڵس دگەڕێتەوە بۆ خراپی ژیانی چینی کرێکاران لە بەریتانیا، ئەگەرچی بۆ ماركس دگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە دنیابینی و فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەوکات، کە لەلایەن فیلسوفی ئەڵمانیا «جۆرج ڤیلیەم هیگڵ، داڕژرابوو.

ئەمان پێیان وابوو کە گۆشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی و مێژووی مرۆڤایەتی، بەم فکرەیەوە بەستراوەتەوە.

لێمبارەیەوە ماركس و ئەنگڵس دەڵێن:

«ڕێک بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانییەوە، کە لە ئاسمانەوە بەسەر زەوی دەکەوێتە خوارەوە، ئێوا لێرە بەپێچەوانەوە لە سەر زەوییەوە بە ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ئیتر چیتر خەمان بەوەوە خەریک ناکەین، کە خەڵکی دەبێت چی بڵێن، یان چۆن خەیاڵ بکەن، یان لەبارەی جۆری قسەکردن و خەیاڵکردن و تێفکرین و خۆنیشاندانی خەڵکییەوە قسە ناکەین، بەڵکو هەوە دەدەین بەرەو مرۆڤکی ڕاستەقینە و کامە بێیین، لێرە بەدواوە لەبارەی توانا و چالاکییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ دەدوێین و هەروەها لەبارەی پرسەی ژیانی ڕاستەقینە و گۆشەسەندنی ئایدیاڵژیا و کاردانەوەی ئەم پرسەی ژیانە ڕاستەقینەیە، قسە دەکەین.(MEW Bd. 3, S. 26f.).

فکری دیالەکتیک وەکو پێنسیپ و میتۆدکی فەلسەفی

خاڵکی ڕەحی تر کە لە میتۆدی فەلسەفەی هیگڵی لەلایەن ماركس و ئەنگڵسەوە بە تیۆرییەکانیان بەکارهێنرا، پێنسیپی دیالەکتیکییە. لە ئەمیش وەکو زۆرێک لە تێوانییەکانی تریان، تەفسیری جیاواز لە خۆدگرت.

بە پێچەوانەی تەواوی ئەو هزرانەی کە بڕیاون، جیهان لای ئەوان لە کۆمەڵێک شتی تەواوکراو و ئامادەکراو دروست نەبووە، هەروەها قەناعەتکانی گۆشەسەندنی مێژوو، یەک لایەن و هەڵەکی راست و تێڕیب نییە، بگرە جیهان زیاتر لە پرسیەکی ورد و ئاڵۆز و تێکەڵاو دروست بووە.

دیالێکتیک لەم تەوانییە تایبەتییەوە» مەبەستی تەوانەی ماركسیە.و.ک» دەبێتە زانستێکی گشتی بە شیکردنەوەی جووڵە، هەروەها دەشبێتە یاسایەکی بنەڕەتی بە گۆشەسەندنی سروشت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و فکر. لێرە بەدواوە دژکان بە بڕدەوامی بڕیەک دەکەون، کە دەبێت لە کۆتاییدا لایەک ئاوێتەی بڕزدا تێکەڵ ببنەوە.

بەپێی تەوانینی هیگڵ بێت، هەر تێزێک بەدوای خۆیدا ئەنتی ـ تێزیک دەهێنێت، ئاوێتەبوونی ئەم دووانەش سەنتێزێک پێکدێنێت، هەربۆیە سەرلەنوێ تێزێک و ئەنتی تێزێک ئەنجامەکەی دیسانەوە سەنتێزێکی نوێیە، ئەمەش پرسیەکی(پشقەچوون) و خۆنوێکردنەوەی بڕدەوامە.

ناونانی ماتریالیزم وەکو فەلسەفەیەکی ئەتەرناتیڤ

ڕەخنەکانی مارکس و ئەنگڵس لە ئایدیالیزم، ماتریالیزمیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە، هزرکان «تەفکرین» دیاردەیەکی سەربەخۆ نین لە عەقڵ «ئاوەز»، بگرە گوزارشت لە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە مادییەکانی دەوروبەری مرۆڤ دەکات.

بەڵای ئەوانەوە ئایدیا هیچ نییە جگە لەو شتانەی کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤ دانراون، لە هەمانکاتیشدا بڕیتییە لە وەرگێڕانی هەلومەرجە مادییەکانی دەوروپشتی مرۆڤ»

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەلایەکی ترەوە مارکس و ئەنگڵس پێیان وایە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چ لە مێژوودا و چ لە ئێستا و داهاتووشدا، بە پلەی یەکەم گوزارشت لە گۆشەسەندنی ئابووریی و تەکنەلۆژی دەکەن، بەم شێوەیش هەزە بەرهەمهێنەرەکان «لێرەدا مەبەستیان چینی کرێکار.و.ک» و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە بەواری بەرهەمهێنادا، بە «پێوەندییەکی بەرهەمهێنانی نوێ» دەبەسترێنەوە.

خودی مرۆڤ

دواتر خاڵکی گرنگی تر کە دەبێتە بنەمای سەرکی بیرکردنەوە و دونیابینی هەردووکیان بریتییە لەمەی خوارەوە :

ئەوە هۆشیاری مرۆڤکان نییە، کە بوونیان دیاری دەکات، بگرە ئەوە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیانە، کە هۆشارییان دیاری دەکات. پاشتر ئەمش کاریگەریی گەورەی دەبێت بۆ شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤکان، شێوەن و پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤکان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکات، لە کۆتایشدا رۆڵی سەرکی دەبێت بۆ دیاریکردنی ئینتمای مرۆڤکان کە سەر بە کام چینی کۆمەڵایەتیین.

جەنگی چینایەتی وەکو خاڵکی ڕەحی و دونیابینی ماتریالیزمی مێژوویی

بەم شێوەیەی سەرەوە ماركس و ئەنگڵس شیکردنەوەی خۆیان بۆ جووڵەی ئابووریی و سیاسیی لە مێژوودا دەکەن، کە لە دەرئەنجامی کۆتاییدا هەمووی لەسەر جەنگی نێوان چینەکان پێکدێت بۆ دیاریکردنی شێنی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان.

ماركس و ئەنگڵس دەڵێن:

مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی ڕابردوو تا ئێستا، بریتییە لە مێژووی جەنگی چینایەتی، ئەو جەنگەی کە لە نێوان چینە جیاوازەکان دروستبووە، لە نێوان ئازاد و کۆیلە، دەرەبەگ و جووتیار، ئەرستۆکرات و خاڵکی ئاسایی، چەوساوە و چەوسێنەر، ئەمانە هەموو کاتێک لەدژی یەکتری وەستاونەتەوە و جەنگێکی بەردەوامییان هەبووە، هەموو کاتێکیش بە شێوەیەک کە تایی هاتووە، کە تەواوی کۆمەڵگەکەی گۆڕیووە و لە قەناغێکەوە بردووەتی بۆ قەناغێکی نوێ تر.

.MEW, Bd. 4, S. 46

پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخانی ئابووری لە کۆمەڵگەدا

لای ماركس و ئەنگڵس کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەو شێوەیە، کە «ژێرخانی ئابووری» واتە پەیوەندییە ئابوورییەکان و ستراکچەرەکانی ئابووریی، دەبنە هەی دروستبوونی «سەرخانێکی ئابووری»، کە ئەوەش بریتییە لە « کەلتور، مۆراڵ، سیاسەت و ئایین».

جیهان لای ئەوان بەمشێوەیە ئاسان دەکرێتەوە و پێیان وایە، کە مرۆڤ

لەپش هەموو شتێکدا دەبێت بیر لە خواردن و خواردنەوە و خانو و جلوبەرگ بکاتەوە، ئینجا دواتر بیر لە سیاسەت و هونەر و ئایین بکەنەوە.

بەمشێوەیە مارکس و ئینگڵس پێیانوایە کە «بەرهەمهێنان» ماتریالیستیکی سەرکیی و کرێکیێ بە ژیانی مرۆڤکان، هەر لە رۆگەی ئەمیشەوە قناغی گشتسەندنی کەمەگەیەک دیاری دەکات، کە ئەمیش شێوازو جۆری دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی و هونەر و ئایینی کەمەگەکانی مرۆڤایەتی دیاری دەکات یان دروست دەکات. ئەمش تێزی « ژێرخانی ئابووری، سەرخانی ئابووری» دیاری دەکات». ئەمش دەمانگەیەنێتە ئەو قناعەتەی، کە هەر گۆڕانکاریەکی ئابووری، گۆڕانکاریەکی سیاسی دەخوقێنێت.

بە واتایەکی تر : هەر گۆڕانکاریەک کە لە بنەما سەرکیەکانی» ستراکچەر» ئابووری دروست ببێت،ئەوا بەتەواوەتی سەرخانی ئابووریی کەمەگەیەکی مرۆڤایەتیش دەگۆڕێت و هەلومەرجێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە.

چینی کۆپیتالیزم و پرۆلیتاریا لە دیدی مارکس و ئینگلسەوە

هەربەمشێوەیە مارکس و ئینگلس پێیان وایە کە سیستمی سەرمایەداری لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە، کە چینی کۆپیتالیزم « یان زەرجار بە بەرجوازی ناویان دەبرێت» کە ئەمانە خێیان بە خاوەنی هەکانی بەرهەمهێنان دەزانن، لەبەرامبەردا چینی کرێکاران» زەرجار بە پرۆلیتاریا ناویان دەبرێت» کە ئەمانەش وەکو چینێکی سەربەخۆ لە دژی ئەوان دەوەستنەوە. بە مارکس و ئینگلس، ئەم دوو چینە هەریەکەیان خاوەنی بەرژەوەندیی کەمەایەتیی جیاوازن. چینی بەرجوازی هەمووکارو چالاکیێکانی بە ئەوەیە کە زەرترین سوودی لەسەر حسابی کرێکاران دەستبکەوێت، ئەوی تریشیان « واتە چینی کرێکاران» دەیەوێت کرێی کارکەی زیاتر بکات لەسەر حسابی خاوەن کارکان.

چاوەڕوانکردنی لەناوچوونی سیستمی کۆپیتالیزمی وەکو زەروورەتێکی مێژوویی

بە مارکس و ئینگلس بەهای شمەکێک بەوە دەپوورێت، کە ئایا تاچەندە هێزی کاری مرۆیی تێدا بەکارهاتووە» ئەمش پێی دەڵێن یاسای دیاریکردنی بەهای شمەک، و.ک». هەرئەمش وادەکات کە لە سیستمی سەرمایەداریدا، زیاد لەپەداویستی مرۆڤکان، شمەک بەرهەم

بەهێزترت. ئامانج پێی دەڵێن « زیندەبایی». لەرشەوە کاپیتالیستەکان دەیانەوێت بەرهەم زیاد بکەن، ئەوەش لەسەر حسابی هێزی کاری کرێکاران. بە مارکس و ئینگلسیش « زیندەبایی» دەبێتە خاڵی جەوهەری سیستەمی سەرمایەداری، هەرئامانج ڕەگەزخۆش دەکات، بۆئەوەی سەرمایەدارەکان، قازانجی زیاتر کۆبکەنەوە.

بەڵام چەندە شمەکی بەرهەمهێنراو زیاتریش بێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی کێشەدار» گرفتدار» بە ئەم سیستەمە، چونکە ئەم شمەکە زیرانە دەمێننەوە کۆیاریان» موشتەریان» نییە، هەرئامانج وادەکات کە لەناو هەناوی سیستەمی کاپیتالیزمیدا، تووشی تەنگژەی ئابووری بێتەوە. لەئەنجامی ئەم تەنگژە ئابووریشەوە، بەشێکی زۆری کەمپانیا بچووک و ناوەنجییەکان، ڕووبەڕووی مایەپووچی و نەمان دەبنەوە، دواتر کەمپانیا گەورەکان قووتیان دەدەن، کە ئامانج دەبێتە هۆی دروستبوونی کەمپانیای زەبەلاح و سەنتراڵبوونی کاپیتاڵ «سەرمایە»ی لە دروست دەبێت.

تەنگژەکانی سیستەمی کاپیتالیزمی و هەنگاونان بەرەو سیستەمی سۆشیالیستی

بە بۆچوونی مارکس و ئینگلس ئەم تەنگژە ئابووریەی کە دروست دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە ببێتە چینی کرێکار، کە ئەوان دەستەواژەی» پرۆلیتاریالیزەکردنی کۆمەڵگەی بە دادەنێن» هەرئامانج دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی هێزاری لە ناو کۆمەڵگەدا زۆرتر بێت، چینی کرێکاریش هێزارتر و چەوساوەتر بێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەهای مەعنەوی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگەدا زیاتر دەبێت.

لەمبارەیەوە مارکس دەڵێت:

«بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشە وا دەکات، کە ڕێژەی هێزاری لەناو کۆمەڵگەدا زۆرتر بێت، هێزاریی و برستێتی و چەوسانەوەو کۆیلایەتیش زۆرتر بێت، لەهەمانکاتیشدا فشارەکان زۆرتر دەبن، هەروەها بەهۆی میکانیزمی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە، بەشێوەیەکی خۆرسکی، چینی کرێکاران خۆیان ڕێکدەخەن و یەکدەگرن. لەلایەکی تریشەوە مانەپەکردنی سەرمایە. دەبێتە مەدلیک و شێوازێکی پرۆسەی بەرهەمهێنان و گۆشەسەندنی سەرمایداری. سەنترالییکردنی هەکانی بەرهەمهێنان و بەکۆمەڵایەتییکردنی چینی کرێکاران، بەرەو خاڵێک دەگەن، کە چیتر بازنەی سەرمایەداری بەرگەی ناگرێت و ئیتر لەرەوە

ڕوشکە دەتوقێتەوە. بەمشێوەیش کاتژمێرکانی تەمەنی کۆپیتالیزم و بەرجوازیێ کەمدەبێتەوە لەناودچێت. پاشانیش بە لەناوچوونی سیستمی کۆپیتالیزم، کۆمەڵگە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت، کە ئێویش سۆشیالیزمە.» (MEW, Bd. 23, S. 790f.)

ڕێگەی شۆڕش لە سۆشیالیزمەوە بە کۆمۆنیزم

مارکس و ئەنگلس پێیان وایە گۆشەسەندنی ئابووری کۆپیتالیزمی کە لەسەر ژیان و چەوسانەوە چینی پرۆلیتالیا دروست دەبێت و دواجاریش دروستبوونی تەنگژەی گەورەی ئابووری لەدەکەوێتەوە، کە ئێویش کۆپیتالیزم دەخاتە بازنەیەکی داخراو جەهەنەمییەوە کە «بەدەستی خۆی، گۆڕ بە خۆی هەڵدەکەنێت»

لەپاش گۆشەسەندنی کۆشە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و گەیشتنیان بە لوتکە، تەقینەوە ڕوودەدارو شۆڕش دروست دەبێت، ئەم شۆڕشەش لەلایەن چینی کرێکارانەوە دەبێت و کۆتایی بە سیستمی بەرجوازی دەهێنێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم شۆڕشەش زۆرووڕێتی دروستبونی» دیکتاتۆری پرۆلیتاریا» دەهێنێتە کایەوە. ئەم دیکتاتۆریێش کار دەکات بۆئەوەی هەموجۆرە چینایەتییەک نەهێڵێت و کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بێ چینی کۆمەڵایەتی دروست بکات.

لەپاش گۆشەسەندنی ئەم قۆناغە، مارکس و ئەنگلس پێیان وایە، لەپاش نەمانی سیستمی کۆپیتالیزمەوە، هەنگاو دەنرێت بۆئەوەی کۆمەڵگە بەرەو قۆناغی سۆشیالیزم ببرێت و لە کۆتایشدا سیستمی کۆمۆنیستی دروست بکرێت کە دوایین قۆناغی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت.

دواتریش دەڵێن:

لەکاتی گۆشەسەندنی ئەم جووڵە مێژوویەدا، دەبێت « دەوڵەت» بکرێتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی سیستمی سۆشیالیزم و دەبێت دەوڵەت بەمنێت، بەڵام کاتێک کۆمەڵگە دەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم، ئیتر ئۆکاتە چیتر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بە بوونی دەوڵەت نامێنێت و لەناودچێت. » (MEW, Bd. 28, S. 508).

وێنەی کۆمەڵگەی بێ چینایەتی بێ بە نامۆ بوونی مرۆڤ

لە کۆتایدا و کاتێک گەیشتن بە دواییین قۆناغ و ئامانج و تەواوبوونی ئەم پرۆسەی گۆشەسەندنە مێژوویە، خۆی لە کۆمەڵگەی بێ چینایەتی دەبینێتەوە، مارکس و ئەنگلس هیچ وێنەیەکی ڕوونیان

لەمبارەیەوە پشکنین نەکردووە. بەشوەیەکی گشتی لای ئەوان ئەوەی گرنگە، نەمانی جیاوازی چینایەتی و چیتر هەکانی بەرهەمهێنانیش لەژێر دەستی چینێک نەبێت و نەکرێتە موڵکی شەخسی هیچ کەسێک. بەشوەیەکی روون لەمبارەیەوە باس لەبوونی جۆرێک لە بەگشتیکردنی کارگە و کەمپانیاکان دەکرێت، لەمبارەیەوە باس لە چەمکی « دروستکردنی کەمگەیەک دەکەن کە هەکانی بەرهەمهێنان بکرێتە موڵکی دەستجەمعی یان گشتی «

لەرشەوە جۆرە « ئەنجومەنکی ئازادی بەرهەمهێنان» دروست دەبێت، کەهەموو تاکەکانی کەمگە پێکەوە کاردەکەن لەژێرناونیشانی « هەرکەسێک بەپێی توانای خۆی، هەرکەسێک بەپێی پێداویستی خۆی کار بکات.» ئەمەش دەبێتە یاسایەکی بنەڕەتی کارکردن لەناو کەمگەدا.

لەم نووسینەدا ئیتر کەتایی بە نەخشی «بەگانەبوونی خود یان نامەبوون» لای مرۆڤکان نامێنێت، ئەمەش بەتایبەتی لەپاش نەمانی سیستەمی دابەشکردنی کار و نەمانی سیستەمی موڵکداری کەپیتالیزمیەوە. ئیتر لەرەوە مرۆڤکان جارێکی تر دەتوانن بوون و خودی خۆیان بە بگەڕێنرێتەوە، هەروەک مارکس و ئەنگلس دەڵێن.

ڕەخنە لە توانا تونددەوییەکانی بیری مارکسیزم

لەپاش ئەوەی لەسەرەوە بەشوەیەکی گشتی دونیابینی و هزرکانی مارکسیزممان خستە روو، ئێستا دەبێت چەند ڕەخنەیەکیش فەرموولە بکەین و بخەینە روو. دیارە لەرەدا ئەمە دونیابینی و تیۆرییەکانی مارکس لەرووی زانستی بوون و راستی بوونەوە ناخەینە پرسیارەوە، بگرە باس لەو توانا تونددەویانە دەکەین، کەئەم تیۆرییە سیاسییە لەگەڵ خۆیدا هەیگرتووە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ڕەخنەشمان هەیە لەو پرۆگنۆسانەی کە مارکس لەبارەی گۆشەسەندنی کەپیتالیزمەوە کردوویەتی، کەتاادەیەکی تەواو راست دەرنەچووە، کەئەمەش توانا و تەماناکانی مارکس وەکو پسپۆرێکی ئابووری دەخاتە جگەی پرسیارەوە، بەتام لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە، هەموو تیۆری و دونیابینییەکانی مارکس بە کەمگەیەکی دوورن لە هەموو یاساو ڕێساکانی سیستمی دیموکراسی و کەمگەیەکی کراوەو پلورالیزمەوە، بگرە بەپێچەوانەوە تەواوی ئاسپێکت و دونیابینینەکانی مارکس، بەرەو دروسبوونی سیستمێکی دیکتاتۆریی و تونددەوانە هەنگاو دەنێن.

هەرچەندە ئەمە پێیوندییمان بە کەسایەتی شەخسی مارکسەوە نییە،

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، کە مارکس خاوەنی کۆمایەتییەکی لووتبەرز و زەر باوەڕی بەخۆی بووەو هیچ کەسێکی تەڵەرانس نەبووەو باوەڕی بە ڕەخنەگرتن لە تیۆریەکانی نەبووە. هەروەها لە ناو بازنەیەکی سیاسیی داخراودا بووەو کۆمایەتییەکی « ئەتۆریتەتی، ملهوڕ» ی هەبووە. بەڵام ئەمانە سیمای کۆمایەتیی مارکس بووە، لەو باوەڕدام هیچ پەیوەندیەکی بە دونیابینی و تیۆریەکانیەوە نیە و شتێکی زۆروویش نیە.

بەکارهێنانی تیۆری دیالەکتیکی بە بەیاردانی نابەجێ و توندڕەوانە

مارکسیزم تەروانینێکی دیالەکتیکانەی داهێناوەو پێی وایە، کە گۆشەسەندن و جووڵەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەئەنجامی جەنگ و ململانێی بەردەوامی لایەنە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگە دروست دەبێت.

گەر کەسێک بیەوێت سوود لەم مەعریفەیە وەربگرێت و شرۆڤە و ئەنالیستی جیاوازی دەستبکەوێت، ئەوا دەبێت ناوەڕۆکی تێزی دیالەکتیک باشتر تێبگات و گۆشەی زیاتر بەو تێزە بدات. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەوا کار دەکات بەئەوەی شرۆعیەت بدات بە تێوانینی نابەجێ و دژبەیەکەکان. ئەمەش بەئاشکرا مارکس لەنامەیەکیدا بە ئەنگلس دەیخاتە ڕوو، کاتێک دەڵێت:

پەدەچێت هەندێکجار من هەست بە ئیحراج بوون بکەم، چونکە زۆرجار هانا بە دیالەکتیک دەبەم، بەڵام ئاسایی من تێوانینەکانی خەم وادادەڕژم، کە زۆرجاریش پەدەچێت لە حاڵەتی دژبەیەکیشدا بن، بەڵام هەرخەم لەسەر هەق دەزانم. (MEW, Bd. 29, S. 160f.).

لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بەهەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستەوە نیە بە جووڵە و گۆشەسەندنی کۆمەڵگەکان، بگرە زیاتر پەیوەندی بە پاساو هێناوەوە هەیە بە تێوانین و پێشهاتی ناڕاست و ناتەندروست. هەرئەمەش وایکرد، کە دیکتاتۆرییە کۆمۆنیستەکان کەپاشتر دورست بوون، تیۆری دیالەکتیک بکەنە ئامرازێک بۆ شرۆعیەت دان بە دەسەڵاتی خۆیان.

بەکارهێنانی مەعریفەی « سروشتی ڕاستەقینەی» مرۆڤ

هەمیشە مارکس چ لە سەرەتای توێژینەوە فکرییەکانی یان دواتر کاتێک کە خەریکی بەڵگەنامەی وردی سیستمی ئابووری خۆریک کردبوو، هەمیشە باسی لە ئازادبوونی مرۆڤ دەکرد و هەمیشە داوای دەکرد، پێویستە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ « سروشتی ڕاستەقینەی خۆی». هەروەها هەرخۆشی

بوو کە چەمکی « نامەبوونی مرۆڤ» ی بەکارهێناوە تاشی، بەپێچەوانەشەوە، مارکس هیچ مەعریفەیەکی راستەقینەی لەبارەی دەستەواژەی « جەوهەری مرۆڤ» ەوە نەووتووە، بەتایبەتی لەو کاتەی زرانی پاشتریدا، مارکس هیچ زانیارییەکی ووردی لەبارەی ئەم دەستەواژەی « سروشتی هەقیقی» مرۆڤەوە نەخستبوو.

ئەو خەی بە خاوەنی ئەم مەعریفەیە دەزانێت و بە خەی مانەپەیکردووە، لەکاتێکدا هیچ تێوانینەکی وردو هەسەنگاندنەکی هەمەلایەن و دروستی بە ئەم دەستەواژەیە نەکردووە. لەرشەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە تایبەی، کە تەنها چەند ئامانج و تێوانینیکی سیاسیانە، گوزارشت لە چەمکی « سروشتی راستەقینەی مرۆڤ» دەکەن. نەبوونی زانیاری تەواو دروست لەبارەی ئەم چەمکە مەعریفیەوە، وا دەکات کە نەیارانی مارکسیزم، وەکو هەگری ئایدەلەژیی لاواز سەربکرەن و راوبنرەن و بچەوسێنرێنەوە.

دانانی دەسەاتێکی تاکەو دیکتاتۆر بە گواستنەوە بە کەمەگەیەکی ئازاد

ماوەی چەندین سا بوو مارکس و ئەنگلس ئیداعای ئەویان دەکرد، کە ئەوان هەگری نەمانی دەسەاتی دەوەتیین، ئەویش لەرگەی پرسەی گواستنەوەی کەمەگەکان لە قۆناغی سۆشیالیزمەوە بە کەمۆنیست. کەچی لەهەمانکاتدا، پەیستە بە دەستپێکی ئەم قۆناغە، دەوەتێکی تاکەو ئەتەریەت و دیکتاتۆر دروست بکرەت، بەئەوەی کەتایی بە چینی بۆرجوازی و کەمەگەی کەپیتالیزمی بهێنەت. لەم قۆناغەشدا دەوەت دەبەتە، دەوەتێکی ئەتەریەت و تونداەو تۆقێنەر و سیستم و دەسەاتێکی ناوەندی توند پەەو دەکات.

ئەم رەخنەیەش هەرزوو لەلایەن ئەنارشیستە هاوەکانی، لە مارکس گیرا بەتایبەتی لە یەکەکی وەکو " میشەل باکەنین" چونکە ئەوان پێیان وابوو، کە مارکس کەسەکی تاکەو کەمۆنیستێکی سەنتەالیستە، واتە هەموو دەسەاتێک لە ناوەندێکدا کە دەکاتەوە کە خەی بەسەریدا زاە، کە ئەمەش دەبەتە هەی دروستبوونی حوکمەکی دیکتاتۆری و ستەمکار، کە دەیەوەت کەمەگەیەکی یەکسان دروست بکات. هەربۆیە پاشتر مارکس رەخنەراوی " ئەنتەرناسیەنالی کرێکارانی" کرد دەوەتێکی دیسیپلینی توند و تەواوی دەسەاتکانی بە خەی قەرخ کرد. هەربۆیە زۆرێک لە دەوەتە کەمۆنیستەکان کە پاشتر لەسەدەی بیستەمدا دروست بوون، ئەم رەخنەیەی ئانارشیستەکانی سەلماند، چونکە ئەوان" واتە دەوەتە کەمۆنیستەکان" مارکسیان وەکو

پەخەمبەرێک سەیر دەکرد.

زانیاری تەواو لەبارەی چۆنێتی دروستکردنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی و تەقڵنەر

لەناو کارەکانی ماڕکس و ئەنگلسدا لە زۆر شوێندا بەئاشکرا و بەڵگەنەی داوای دروستبوونی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و ستەمکارو تەقڵنەر دەکەن. بە نموونە لە شوێنێکدا دەڵێن:

پێویستە کرێکار، لەتەواوی کەماری ئەمانیادا، داوای تەواوی دەسەڵاتکان بکەن و دەسەڵاتێکی ناوەندی تەکەم دروست بکەن. چیتریش نابێت خەیان بەو قسەو دروشانەوە بخەڵتێنن کەباس لە دیموکراسی و کەمەڵگەی ئازاد و خەبەرەوبردن و ئەمجۆرە شتانە دەکات. (MEW, Bd. 7, S. 252).

یان لە شوێنێکی تردا دەڵێن:

دەوڵەت تەنها دەزگایەکی کاتییە، کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ خەبات و خزمەتی شۆڕش دەکات، بۆئەوەی بەوپەڕی بەرەحمییەوە، نەیارانی شۆڕش لەناوببەرێت. لەبەرئەوە ئەمە قسەی قەڕە ئەوانەی کە باس لە دەوڵەتێکی ئازاد دەکەن. پرۆلیتاریا دەوڵەتی پێویستی نییە بۆ بەرژەوەندیی و ئامانجی ئازادی، بەڵکە بۆ لەناوبردنی نەیارانی.) MEW, Bd. 34, S. 129)

بەکورتی: لەکاتێکدا کە ئەوان باسیان لەوە دەکرد کە مەزهەبی ئەوان، مەزهەبێکی تاکو تەنیا و هەقیقییە، ئەوا دەبێت مرۆڤ چاوەڕوانی ئەم جۆرە دەرئەنجامە خراپانەشیان لەبکات و شتێکی ئاسایی بێت بۆلامانەوە.

جەختکردنەوە لەسەر ئابووریی و فەرامۆشکردنی پلورالیزم

ماڕکس لە قۆناغی ناوەڕاستی تەمەنیدا، کاری جددی دەکرد بۆ تەوژینەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەی یاسا بنەڕەتییەکانی سیستمی سەرمایەداری. لەوکاتەوە جەختی تەواوەتی لەسەر ئابووری کردەوەو هەر لەو کاتەشەوە گەیشتە ئەوەی کە گرنگی مرۆڤ بە شوێنی لە پرسەی بەرهەمهێنانەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش زیاتر بەپشت بەستن بە مەدەل و تیۆری " ژێرخان و سەرخانی " ئابوورییەوە هەیە.

تەواوی بیرکردنەوەی بەپلەی یەکەم جەختی لە هەلووەرجە ماتریالەکانی دەوروبەری مرۆڤ دەکردەوە. دیارە هەرلەوکاتەوە

تەوانین و پێشبینییەکانی مارکس هەتا دەرچوون، چونکە گەر بەو بڕوانای مارکس بوایە، دەبوایە کرێکاران بەرژەیەکی زەر و هەموومیان ببنە کۆمۆنیست و هەڵگری بیری کۆمۆنیستی بونایە و خەیان لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکاندا ئۆرگانیزە بکردایە، بەڵام ئەمە وا دەرنەچوو.

مارکس هەڵگری ئەم تێڕوانینە بوو **" واتە کە کرێکاران دەبنە کۆمۆنیست.و.ک"** چ پێش و چ لێکاتی شۆڕشدا. لەم دیدگایەوە، پرۆلیتاریا کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، تەنها هەڵگری ناسنامەی کۆمەڵایەتیەتی، بەڵام لەراستیدا ئەوان " واتە پرۆلیتاریا" تەنها هەڵگری ئەم ناسنامە و ئینتامایە نین، بگرە ئەوان ئینتمای ئێتنی و کەلتوریی و سیاسی تایبەت بەخۆشیان هەیە. ئەم دیدگایەش ڕووبەڕوی هەڵەیەکی گەورە بووە، چونکە مرۆڤ تەنها ئینتمایەکی ئابووریی نییە. هەروەها ئەم دیدگایە هەموو تێڕوانین و دیدگایەکی جیاواز بەخۆی ڕەت دەکاتەوە و دژی کۆمەڵگەیەکی پلورالیزمە.

کۆسایەتی تاک و ئینتمای کۆمەڵایەتی

ئەم دیدگا فکرییە پێوەندییەکی توند و تۆکمەی بەوە هەیە، کە بەچوونی پیشوەختی لەبارەی ئینتمای کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە جۆرە تەجانوسکی بە هەژموونی سیاسی مرۆڤکان و ناسنامەی سەرانی سیاسی وەاتەوە هەیە. لەلایەکی تەرەوە گەر باوەڕ بەو لۆژیک و ئەرگومێنتە ڕەهایە بکەین، کە دەبێت هەموو مرۆڤکان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە یەکسان ببن، ئەوا هیچ هەیەک نامێنتەوە بە بوونی جیاواز.

مارکس و ئەنگلس پێیان وایە، گەر هەیەکانی بەرهەمهێنان سۆشیالیزە بکرێن، ئەوە نەک تەنها مەرجەکی گرنگە، بەڵکە تەنها ئەوە بەسە بۆئەوەی بتوانین کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی دروست بکەین. لە ئەوان نەیانزانی کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤکان تەنها لەسەر هەکاری ئابووریی دروست نابێت، بگرە هەکاری تریش هەیە، بە نموونە جیاوازی ئێتنی، هەوەدان بە گێشتن بەدەسەڵات، تێڕوانین و جیاوازی کەلتوری.

لەبەرئەوە لە دوای تێ سۆشیالیستەکاندا کاتێک هەر کۆشێک پێوەندی بە سەرخانی ئابووریەوە هەبووایە" **بوونی کۆشی ئێتنیی و نەتەوەیی و ئایینی و کەلتوریی و فەرهەنگی جیاواز.وک"** ئەوا یەکسەر

وەڵام و ڕوشونی تونديان هەبوو بۆ ئەم کێشانە. هەربۆیە هەر لادانێک لەسیستمی سۆشیالیستیدا، مانای خیانەت بوو لە ئیرادەی گەل و نیشتمان و ئەو کەسە بە خائین و خۆفرۆش وەسف دەکرا.

باوەڕبوونی بە تێزی حەتمیەتی مێژوویی بە سۆشیالیزم

یەکێک لەسەنتەرەکانی بیرکردنەوەی هزری مارکسیزم باوەڕبوونە بە ماتریالیزمی مێژوویی، کە ئاوێش پێی وایە، کە گۆشەسەندنی کەمەگەکان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، سەرەتا قۆناغی کۆیلایەتی، پاشان قۆناغی فیودالیزم، ئینجا کاپیتالیزم و دواتر سۆشیالیزم و دوایین قۆناغیش کۆمۆنیستە.

مارکس و ئەنگلس پێیان وایە، ئەو جیاوازییە ریشەییە کە لە نێوان تواناکانی بەرهەمهێنان" کە سەرمایەی ئابووریی و تەکنەلۆژیەکان" لە خۆدەگرێت، لەگەڵ هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان" **مەبەست لێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە بە پرسەی بەرهەمهێنانەوە.و.ک"** ئەمانە بەشێوەیەکی دینامیکی، کەمەگەکان لەپاش ڕەگایەکی دوور و مێژوویی، دەگەڕێنە دوایین قۆناغی کۆمەڵایەتی کە ئاوێش قۆناغی دورستکردنی کەمەگەیە لەسەر سیستمی کۆمۆنیزم، ئەمەش هەقیقەتێک و زەرورەتێکی مێژووییە.

بەمشێوەیە ئەوان گەیشتنە دەرئەنجامێکی وا، کە دەتوانین ناوی بنێین " یاسای مێژوو" یان " هەستی مێژوویی" ئاوجارە تێگەیشتنەش وا لە مرۆڤەکان دەکات، کە کارو چالاکییەکانی، پێش وەخت دیاری بکات و بیزانێت.

کێشەکێش لەسەردا تەنها پەیوەندی بە میتۆدی هەڵاوە نییە، بگرە زیاتر کێشەکە لاوەدایە، کە تەنها باوەڕت بە بەچوونی خەت هەبێت و پێتوابێت لەبارەی پرسەسی مێژووەوە،هەقیقەت لای تۆیە.

پیشاندانی مارکسیزم وەکو مەزهەبێکی رزگارکەری مرۆڤایەتی

زۆر نین ئەوانەی کە ڕەخنەی ئاوە لە مارکسیزم دەگرن و پێیان وایە، کە مارکسیزم سیمایەکی ئایینی لە خۆگرتووە، بەتام لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە ئایین جیاوازە، چونکە دونیابینی و تێواینەکانی مارکس و ئەنگلس، تیۆریەکی عیلمانی بووە. بەتام لەگەڵ ئاوەشدا لە هەندێک شوێندا، چەند سیمایەکی ئاینیانەی پێوە دیارە، بەتایبەتی ئاوەی پەیوەندی بە پێشبینییەکانەوە هەیە، لەوانە باوەڕبوون بە نەمانی موڵکداری شەخسی هەکانی بەرهەمهێنان و پاشتریش دروستکردنی

کۆمەڵگای سۆشیالیزم، ئەم دووانەی وەکو رەگای " رزگاربوون، خەلاص" پیشانی مرۆڤایەتی دەدرێت.

هەروەها دەستنووسەکانی مارکس، وەکو هیوا و فەرموودەی پێغەمبەرانە سەیر دەکران، نەک تەنها بۆ ئەنالیزکردن و تۆژینەوە لەسەر سیستمی کاپیتالیزمی، بەڵکۆ وەکو رێگا پیشاندەرێکی باش و نزیک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و گەیشتن بە کۆمۆنیزم.

لەلایەکی ترەوە هەمیشە و بە بەردەوامی، لەبیرکردنەوەو تێوانینەکانیدا، لایەنی ئایدیاڵیزی زاڵبوو بەسەر لایەنی زانستیدا. لەهەمانکاتدا مارکس بەناوی زانستی بوونی میتۆدێکەوە، پێی وابوو کە ئەمە راستترین جۆری بیرکردنەوەیە بۆ ئەنالیزکردن و تۆژینەوە لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەروەها ئەوانەشی کە دژی ئەو بیریان دەکردەوە، تەمەتی نازانستی و نالۆژیکی بوونی بیرکردنەوەکانی دەخستنە پاڵ.

دواین قسە و دەرئەنجامی کۆتایی

بەدنیاییەوە نابەت هزری مارکسیزم تەنها لە توانا سیاسییە رادیکاڵەکانی کورت بکەینەوە، هەروەها کاتێک سەیری ئەو ململانێ و شۆڕشە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە لە مێژوودا رووياندا‌وە، شرۆڤە سیاسییەکانی گرنگی خۆیان هەیە.

لەلایەکی تریشەوە هەرچەندە تۆژینەوەکانی مارکس بۆ سیستمی کاپیتالیزم، چەند هەڵەیەکی تێدایە، بەڵام مارکسیزم باسی کاریگەریە خراپەکانی سیستمی کاپیتالیزمی کردووە کە لە ئێستادا لە شێوەی گلۆبالیزمدا خۆی دەبینێتەوە، کە بۆتە هۆی دروستبوونی تەنگژەی ئابووری گەورە، کە مرۆڤایەتی بەرەو هەژاریی و بەدبەختی دەکات. هەربۆیە ناتوانین بەشێوەیەکی گشتگیرانە، تێواوی تێزەکانی مارکس و ئەنگلس رەتبکەینەوە.

خاڵەکی گرنگی تر ئەوەیە، مارکسیزم لەیەک کاتدا راستە سەنگەیەکی ئایدیاڵیزی هەیە، بەڵام سیمایەکی زانستشیانەشی هەیە. بەڵام زۆرجار کۆمۆنیستەکان رەگەزی بابەتی بوونیان بەکارهێناوە، تاوەکو شرعیەت بەدەنە بەچوونە سیاسییەکانیان بۆتایبەتی لەبارەی چالاکی و ڕەوایی سیستمەکیانەوە.

لەلایەکی ترەوە دونیابینی و تێزەکانی مارکسیزم، دەبێتە رەگەزێکی بنەڕەتی بۆ بزووتنەوە تونڕەوەکان و سیستمە دیکتاتۆرییەکان،

بەشێوەیەک چ لە رووی فۆرم یان ناوەڕۆکەوە، دەبنە تەواوکەری یەکتری.

*Prof. Dr. Armin Pfahl-Traughber، پرۆفیسۆر.دکتۆر. ئارمین پفاهل تروا‌گبەر. کۆمەڵناس و پسپۆرێکی سیاسییە، وەکو مامۆستا لەزانکۆکانی کۆن و بۆن،وانە دەڵێتەوە.

سەرچاوە:

Der Marxismus zwischen Ideologie und Wissenschaft.www.bpb.de.
Prof. Dr. Armin Pfahl-Traughber

ئەمانی مرۆڤی هەرزان: جێبەجێکردنی تیۆری ڕەخنەییی مارکسی.. باسی دووەم – گۆران سەباح

خۆزگە ڕەخنەدۆزێک هەبایە ئەم کارەی لەباتی من بکردبا. هیوادارم، ئەم زنجیرە باسە وا لە ڕەخنەدۆزان بکات لەنێو پاش دەقی ئەدەبی بەم تیۆرە ڕەخنەییانە ڕاقە بکەن.
تیۆری ڕەخنەییی دەروونشیکاریم جێبەجێ کرد لەسەر ڕەمانی مرۆڤی هەرزان، ئەمە بەستێرکەی لە وارگەی کۆردەاوم.
https://www.kurdrawm.com/idea/2440/?fbclid=IwAR15mtyfAWfujuW6lMG88fYpdyYKOMWywQ1HUXTFGE4ApILoGbH3fdyOBlI
نۆڕی تیۆری مارکسییە. بە ئەم تیۆرە؟ ئەدی مارکسیزم و کۆمیونیزم شکستیان نەهێناوە؟ وایە، بەڵام دەتوانین لە ڕەگەی تیۆری ڕەخنەییی مارکسی کۆمەڵگەی شکستخواردوو شرۆڤە بکەین. پێش ئەوەی مرۆڤی هەرزان بخەینە بەر هاوێنەی ئەم تیۆرە، دەبێ بزانین تیۆرەکە مانای چییە.

تیۆری مارکسیزم چییە؟

بەپێی تیۆرەکە، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ئابووری هۆکاری هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، تەنانەت هیی بوارێلی پەروەردە، ئایین، زانست، تەکنەلۆژیا، میدیا و هونەر و فەلسەفەیش (لەیس، ٢٠١٥). لەبەرهەندە، پێکهاتەیلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیەلۆژی لەسەر بناغەی هەزی ئابووری دێنە بنیاتنان. بە واتەیەکی تر، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو دەسەڵاتی ئابووریدایە. بەیە مارکسییەکان ئاوەڕکە، کاتێ باسی پێکهاتەی چینایەتی دەکەن، زاراوەی چینی ئابووری/کۆمەڵایەتی بەکار دەبەن، نەک بتەنێ یەکیان.
دوو دەخ زەر گرنگن لە نێو تیۆرەکە: دەخی مەتریەلی (واتێ دەخی ئابووری) و دەخی مێژوویی (واتێ بازنەی ئایدیەلۆژی/کۆمەڵایەتی/سیاسی). ئایدیەلۆژیای چەوسێنەر هەردوو دەخ دەشێونێت و ناهەقیەت تێیان بگەین، چونکە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا نییە. دەسەڵات دە چینی هەژار و چینی ماماوەند تێکبەر دەدات بە ئاوەی هەردووکیان دژی چینی زەنگین نەوەستنەوە. بە نموونە، دەسەڵات باج لە چینی ماماوەند وەردەگرێت و دەیێ ئاوە بە هەژارانە، کەچی زەرکەم دەدات بە هەژاران. چینی ماماوەند کی لە هەژاران دەبێتەوە و دەیێ لەبەر ئاوان ئەمە باج دەدەین. دروستکردنی ئەم دەخە تەنە یەک تێکنیکی دەسەڵاتە، دەیانی تریش هەن.
بەپێی تیۆرەکە، بەرهەم و هوداو و پەیوەندیی چینەیلی ئابووری/کۆمەڵایەتی و چالاکییەکانی مرۆڤ لە هوانگەی دەسەڵاتی ئابووری دێنە شرۆڤەکرن (لەیس، ٢٠١٥). مارکس بەشبەشبوونی خەڵک بەهەی جیاوازیی چینایەتی بەهەندتر وەردەگرێت لەچاو بەشبەشبوونی مرۆڤ بەهەی پرسی ئایین، ڕەگەز، ئیتنی و گەندەریەوە (لەیس، ٢٠١٥). شێ و ململانێکە لەسەر ئەم هاوکێشەیە: کە چی هەیە و کە چی نییە؟ ئەم هاوکێشە سەرچاوەی ململانێی نێوان پرەلیتار (هەژار) و بەرژوازییەکانە (زەنگین) (لەیس، ٢٠١٥).

ڕەخنەی ئایدیەلۆژیا
بەپێی مارکسیزم، ئایدیەلۆژیا واتێ سیستمی باوەڕ، هەموو سیستمێکی باوەڕیش بەرهەمی دەخێکی کولتوریە (لەیس، ٢٠١٥). تیۆرەکە دەڵێ ئایدیەلۆژیا یارمەتی هێشتنەوەی دەسەڵات دەدات. تیۆرەکە پێاوەتە سەر ئەم ئایدەلۆژیانە: نیشتمانپەروەری، ئایین، تاکگەرایی، بەکاربردن (یان شت بکڕە تا دێش دەبی)، هتد.
دەسەڵات لە ڕێی هێستی نیشتمانپەروەری و خێشویستی بە وڵات، هەژار بە گژ هەژار وەدەنێت، هەژارانی وڵاتێک بێشەڕە دژن لەگەڵ هەژارانی

وەاتەکی تر، لە ئەنجامدا، زەنگینی هەردوو وەلات سوودمەند دەبن.
پرسی وجودی خودا لای مارکس گرنگ نەبووە، ئەوە گرنگ بووە خەلکی بە ناوی خوداوە چی دەکەن. سەتا دەی دانیشتووانی هەموو جیهان سەتا نەوەتی سامانی جیهانیان هەیە، بەگومان دەن پشتگیری ئایدیالەژیای ئایین دەکەن چونکە ئایین بە خەلک دەلەت دەبە شوکر بەن و قەناعەتیان هەبەت بەوەی هەیانە، واتە ئایین دەرزیەکە کەمەگە لە خەی دەدات، بە دەنگ دەبەت و قەت دژی دەسەلات و زەنگین هەناستە.
تاکگەرایی: ئەم ئایدیالەژیایە فەە لە تاک دەکات بەوەی بتانە ئامانجکانی بەدەست بەنەت، هەردەم بە دوای ئامانجی قورس و گەورەو بەت، بەوەش تاک خەی داوەتە سەر چەقووی بە ئیش، ئەمەش لە بەرژەوەندیی دەسەلات و زەنگینەکانە. ئەمە دژی کەمەگەیە، چونکە هەر کەس بە خەی کار دەکات. بەکاربردن (یان شت بکەە تا دەش دەبی) لە بەرژەوەندیی زەنگینەکانە. دروستبوونی ئەو هەموو مەلە، خەك بە ئەوەی پەویستی بە شت بەت دەیکەەت.

خەزان و بەرهەم و ەەفتاری مرەف

کارەیلی دواتری مارکس لەسەر کەمەگە بوو، نەک تاک. پەی وابوو کەرتی پیشەسازی تاک دەچەوسەنەتەوە و کەمەگەش تەک دەدات. بە نموونە، ئەوانەی لە کارگەیەک کار دەکەن. ئەو هەموو شتە بەرهەم دەنن، ناویان لەسەر نانووسرەت و پارەیەکی زەر کەمیش وەردەگرن لەچاو ئەو قازانجی خاوەنکەی دەیکات. ئەمەش تاک نەک هەر لە خودی خەی دادماەت، بگرە لە کەمەگەش. سیستمی سەرمایەداری بەهای تاک ناهەەت، هەموو شتەک لە تاک تەنانەت خودی خەیشی دەبەسترەتەوە بە پارە، بەوەی چەندی هەیە. ئەمانەش کار دەکەنە سەر ئەزموون و ەەفتاری مرەف. بنواەە دەوروبەرت، وردبەوە، بزانە ەەفتاری مرەف چەنە.

مارکسیزم و ئەدەب

خەزان تەمایەکە هەردەم لە دەقی ئەدەبیدا دووبارە دەبەتەوە. تیەری ەەخنەییی دەروونشیکاری دەنەەتە دەروونیی تاک وەک بەرهەمی خەزان، بەەام تیەری مارکسیزم دەنەەتە کەشەیلی دەروونیی تاک وەک بەرهەمی دەخی مەژووییی و مەتریەل (لەیس، ۲۰۱۵). سەیری (پارە) بکە، چ تاکەک بەرهەم دەنەەت؟ تاکەکی وابەستەی پارە باشە بە ئابووریی سەرمایەداری، بەەام بە خودی تاک و کەمەگە باش نییە، چونکە تاک دەسوە، هەر غار دەدات و هەر ناگاتە.
بەپەی تیەرەکە (لەیس، ۲۰۱۵)، ئەدەب جیهانەکی ئیستاتیکا و بە کات نییە، بگرە وەک هەر مانیفەستەیەکی تر، ئەدەبیش بەرهەمی دەخی

ئابووری/کۆمەڵایەتییە، بەرهەمی ئەو کات و شوێنەیە لێی دەتە نووسین، جا نووسەر ئاگای لێ بێت یان نا.
خوێندەزانی مارکسیزم بە دوو شێوە دەوانن ئەدەب چونکە پێیان وایە ئەدەب هەنگدانەوەی دۆخێلی مێژوویی و مەتریالییە. یەک، کارێ ئەدەبییەکە هەنگاوە پاشتی ئەو ئایدیاڵۆژییەی ئەم سەردەم بکات؛ دوو، هەنگاوا لە خوێندنەر بکات خوێنە بگرێت لە ئایدیاڵۆژییەکە. زۆر تەکست هەن، هەردووکیان دەکەن. بە شک، ئەدەب هەڵگری ناوەڕۆکی هیچ ئایدیاڵۆژیایەک نییە، بەڵام مارکسییەکان فۆرمەکەی بە ئایدیاڵۆژیا دادەنێن، وەک فرەمی ڕیالیزم، سوریالیزم، مۆدێرنیزم، هتد. لەیس (٢٠١٥) دەڵێ ئەگەر ناوەڕۆک (چی)ی ئەدەب بێت، ئەوا فۆرمەکەی (چۆن)ەکەیەتی.
با بڕینە سەر هەندە لەو پرسیارانەی خوێندەزانی مارکسیزم دەیکەین لەمە دەقەکی ئەدەبی. لەیس (٢٠١٥) دەڵێ ئەم پرسیارانە پوختەی تیۆری مارکسین لەمە دەقەکی ئەدەبی:
١-ئایا دەقەکە پاشتی بەهاگەلی سەرمایەداری، ئیمپریالی یان چینگەرایی دەکات؟ جا بە ئاگاییەوە بە یان نا. ئەگەر پاشتی هەر یەکەکیان بکات، ئەوە کارەکە کارنامەیەکی سەرمایەداری، ئیمپریالی یان چینگەرایی هەیە. ئیشی خوێندەزە بە ئەمە بخاتە ڕوو و خوێنەی لە بگرێت.
٢-ئاخە کارەکە خوێنەیە لە دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و چینگەرایی؟ چۆن کارەکە سەرکەنەی ئەو سیستمانە دەکات؟ چۆن دژی هەژیلی چەوسێنەری ئابووری/کۆمەڵایەتییە؟ ئەگەر کارەکە خوێنە بێت لە دژی ئەم سیستمانە، یان وامان لە بکات خوێنەیان لە بگرین، دەکرێ بڵێین کارەکە کارنامەیەکی مارکسی هەیە.
٣-ئایا کارەکە بە هەندە سەر پاشتی کارنامەی مارکسی دەکات و بە هەندە سەریش پاشتی سەرمایەداری و ئیمپریالی و چینگەرایی دەکات؟ ئەگەر وا بێت، دەکرێ بڵێین کارەکە ململانەی ئایدیاڵۆژی تێدایە.
٤- چۆن کارەکە هەنگدانەوەی باری ئابووری/کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەیە کارەکەی تێدا نووسراوە، یان ئەو سەردەمەی ناو هەمانکەیە، هەروەها هەنگدانەوەکان چیمان پێ دەڵێن لەبارەی مێژووی ململانەی چینەکان؟
٥-کارەکە بە چ شێوەیەک خوێنەیەکە لە دژی ئایینەکی هەکخراو؟ واتە، چۆن ئایین لە کارەکە وا لە کارەکتەرەکان دەکات بڕگەی سیستمی چەوسێنەری ئابووری/کۆمەڵایەتی بگرن و بە دەنگ بن؟
مەرج نییە هەر پێنج پرسیار جێبەجێ بن لەسەر دەقەکی ئەدەبی. مەرجیش نییە خوێندەز تەنە ئەم پرسیارانە بکات. دەکرێ پرسیاری تر بوروژێنێت، بەپێی دەقەکە. مەرجیش نییە خوێندەزان، کاتێ دەقەکی

ئەدەبی بەپێی ئەم تیۆرە شی دەکەنەوە، هەمان بۆچوونیان هەبوو. دەشڵێن ئا و خوێندنەوە و لێخنینی جیاوازیان هەبوو لەسەر دەقێکی ئەدەبی.

لێمانی مرۆڤی هەرزان بە هاوکێشەی تیۆری لێخنینیی مارکسیزم ئایدیۆلۆژیەکان لە لێمانی مرۆڤی هەرزان

تاکگەرایی و بەکاربردن. لە لاپەڕە (٣٢)ی لێمانەکەدا دیارە تاک لێژانێ چواردە سەعات ئیش دەکات. لە لاپەڕە (١٢)دا تاک بە لێبڕتئاسا وەسف دەکرێت. بەهای مرۆڤی نوێ مرۆڤی هەرزان، وەک تیۆری مارکسیزم دەڵێ، بەندە بووی تاک چەندی هەیە و لێژانێ چەند سەعات ئیش دەکات. تاک هێندە هیلاک تام لە ژیانی ناکات، هەرچەندە هیچیان ئەمە بە گرفت نازانن، کارکردن وەک لێبڕت بووەتە شتێکی باو. ئەمەش وات سیستمی سەرمایەداری (کە بانک، کارگێڕیکی نوێ لێمانەکەیە، نوێنەرایەتیی دەکات) تاک بەکار دەبات بە مەرامی خۆی، بەرهەمی تاک ، وەک تیۆرەکە دەڵێت، بە بەرژەوەندیی سەرمایەدارە، نەک خودی تاک یان کەمەگە.

نیشتمانپەروەری. لێمانەکە باسی ساڵی ٢١٠٠ دەکات. هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی دەقەکە خوێنەر دەزانێت لە ئێستاوە تا ٢١٠٠ چی ڕووی داوە. لەشاوی گۆڕی کێچ لە دەیەی ٢٠٢٠ و ٢٠٣٠ بە ئاوەڕۆ؛ تەواوبوونی نەوت لە جیهان لە دەیەی ٢٠٤٠ و داماڵینی سروشت؛ لێشکۆژی لە دەیەی ٢٠٦٠؛ مردنی یەک ملیار مرۆڤ بەهۆی میشوولەیەکی کوشندە لە دەیەی ٢٠٧٠؛ زنجیرەیەک هەرشی گۆڕی چێشنی یازدەی سێپتەمبەر لە دەیەی ٢٠٨٠؛ دەیان شاری تر تێیاندا بەس خەڵکی هەژار لێناو دەچن. کەواتە دەستاتەیلی ئابووری/کۆمەڵایەتی/سیاسی هەردەم بەرنامەی هەیە بە بەکاربردنی هەژاران بە بەرژەوەندیی مەرامەکانی خۆیان. شێوازی بەکاربردنەکە لە ٢١٠٠ دەگۆڕێت. ئەگەر لە دەیەکانی پێشوو بە شێە خەڵکی هەژاریان بەکار بردبێت، ئێوا لە ٢١٠٠ خەڵکیان کردووەتە کەیلەی بەرهەمکانیان. کاتێ لێمانەکە دەخوێنیەوە، دەبینی خەڵک چەن بوونەتە کەیلەی بەرهەمکان (ئارگ، بەردی هەوایی، سکرین، تەپی بکوژ، بەرنامەیلی سافتوەر، هتد). بەرنی لومە، کارکتەرێکی لێمانەکە، دژی بکەیلەبوونی مرۆڤ لە بازنەی تەکنەلۆژیادا.

ئایین. بەپێی تیۆرەکە، ئایین لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و زەنگینەکان، تاک بە دەنگ دەکات لە ئاستیان. بەڵام ئایین لە لێمانەکە، لەسەر دەستی شووشە و ئیمام حەکیم، دەبێتە ئالییەتێک بە بەخەبەرهێنانەوەی مرۆڤ. ئایین لە لێمانی مرۆڤی هەرزان لە

بەرژەوەندیی دەسەڵات و زەنگینەکاندا نییە، بگرە لە دژیانە. لە لاپەڕە (٢٨)دا بانگ دەپرسێت، "دەکرێ سەدیەک بگەڕێنەوە پاش بە . . . ئایین . . .؟" بەتەواوی دژی هەر بڕیارێکی ئایینییە بە چارەسەری خەکوشتن. بەڵام شووشە بیرۆکەکەی لە هەناوی ئایین و زانستدا دەنێتە ئارا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ.
ئاستێ تێڕوانینا دەربارەت ئایین خاڵێک بۆ دەنگ دەکات (هەرچەندە ئاگەر بۆو سەیری خۆپشاندانەکان بکەین لە دنیا، دەبینین چی تر وانییە)، بەس نەپژاوەتە سەر کەنتڕۆڵکردنی نەفس لە بەرانبەر ئارەزووەکان. ئایین لە ڕەهانەکە باشترین ڕێی هەیە بۆ کەنتڕۆڵکردنی نەفس. لەرە دەبینین ڕەهانەکە پڕچەوانەی مارکسیزمە. بە شک، سەرچاوەی هەموو کێشەکان (نەفس)ی بەڕۆڵایە. سیستمێک، ئایدیۆلۆژیایەک، فەلسەفەیەک، بەرنامەیەک، هتد کەم پێ بڕێ لە ئیسلام باشتر بۆ بە کەنتڕۆڵکردنی نەفس لە بەرانبەر ئارەزووەکان.
ئاخۆ ڕەهانەکە ململانێی ئایدیۆلۆژی تێدایە؟
بڕوا. ڕەهانەکە لە یەک کاتدا ڕەخنە لە ئایین دەگرێت و پاڵپشتی ئایینیش دەکات. دەقەکە (میعراج)ی تەوزیف کردووە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەندێ شتی باوی نێو ئایین، بۆ دروستکردنی پرسیار و گومان لە ئایین. کارەکتەری ئیمام، کە سەرەکی فەتوای ئیسلامییە، پێمان دەدرێت مرۆڤ نیە هەموو نوێژکەرێک بچێتە بەهەشت. هەروەها کارەکتەری مێتاڵ، ناموسڵمانە، پێمان دەدرێ مرۆڤ نیە هەموو ناموسڵمانێک بچێتە دۆزەخ. بەڵام پارادۆکسەکە لەرەدایە کە شووشە، موسڵمانێ و پاڕێزانی ڕەهانەکەیە، بیرۆکەکەی تەکفیرەکە لە ئایینی ئیسلام و زانست بۆ چارەسەرکردنی خەکوشتن. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە لاپەڕە (٤٣)ی ڕەهانەکە:
"شووشە کتێبەکانی فرانکلی خوێندووەتەوە، هی باوکی (لۆگۆسەرەپی)ش، ئیدیت وێسکۆفجێلسن. شووشە پێی سەیرە دەستەی لۆگۆسەرەپیی زەوی ئەمەیان پشتگوێ خستووە. ئەو ڕەتی دەکاتەوە بە تەواوی پشت بەو فەیلەسووفانە ببەستێ چونکە شکستیان هێنا لە ڕزگارکردنی مرۆڤ، پێی وایە، ئەم خەکوزییە بەری ئەو فەیلەسووفانەیە چەندان سەتەیە مرۆڤ داڕێن. شووشە زاناکانی ڕۆژئاوا دەتاسێنێت کاتێ دەڵێت ئەم بیرمەندانە مرۆڤیان گەوجاندووە، کاتێ دەڵێت دەروونشیکاریی فرۆید بەند بوو بە ئیرادەی خۆشیەوە، فەلسەفەی ئادلەر پڕوەست بوو بە ئیرادەی دەسەڵات و گرنگبوونی تاکەوە، کانت و نیچە و فۆکۆ و مارکس و ئەوانی تریش، پێش ئەوانیش ئەفلاتوون و سوقڕات و ئەرستۆ، هیچیان نەیانتوانی مرۆڤ ڕزگار بکەن، ئەوانە مرۆڤیان بەرەو پەپووتیی ئەخلاق و پووچگەرایی برد." .

کەواتە ئەمانەکە نەیتوانیوە خۆی لە ململانێی ئایدیۆلۆژیی ئایینی دەرباز بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باکگراوندی ئایینی و فیکریی ئەمانووس. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بگەڕێوە سەر باسی یەکەم لە بارەی جێبەجێکردنی تیۆری ڕەخنەییی دەروونشیکاری لەسەر مرۆڤی هەرزان، لە سەرچاوە لینکەکەیم داناوە.

خەزان

بۆچوونی تیۆری مارکسیزم، دەخی مەتریاڵ (پارە) کاریگەری هەیە لەسەر خەزان. لە ئەمانەکە، لە خەزانی (سامی سەرەکی)ەوە تێدەگەین کە پەرستنی پارە لایەن سامی دەبێتە هۆی تێکدانی خەزانەکەی. تەنانەت ناوی باوکی سامی (سەرە) واتە فرۆشتن بۆ ئینگلیزی، هەر بۆیەستی سامی هاوسەر و کچەکەی و دایکیشی هەڵاج دەکات لە پێناو ئیش و بەرژەوەندییەکانی.

لە خەزانی (بەرنی لوم)ەوە تێدەگەین پێکهێنانی خەزان هیچ بۆهایەکی نەماوە. بەرنی ناهێمەت منداڵیان ببێت، ئەویش بۆهەی ئەو دەخە مەتریاڵەی لە ٢١٠٠دا هەیە کە ژیانی قورس کردووە بۆ تاک. لەبەرهەندە خەزانی (بەرنی)یش تێک دەچێت.

با بڕین ئەمانی مرۆڤی هەرزان لە ژێر ئەم پرسیارەی تیۆرەکە ڕاڤە بکەین: ئاخە کارەکە ڕەخنەیە لە دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و چینگەرایی؟ چۆن کارەکە سەرکەنەی ئەو سیستمانە دەکات؟ چۆن دژی هەژیلی چەوسێنەری ئابووری/کۆمەڵایەتییە؟

بەڵێ ئەمانەکە دژی ئەو سیستمانەیە و ڕەخنەیەکی تونڕە دژی بەڵێبەتکردنی مرۆڤ، فێکردن لە تاک، دژی هەر دەستاتێکی چەوسێنەر. پەتای خۆکوشتن لە ئەمانەکە دەرهاویشتەی ئەو سیستمانەیە کە وا لە تاک دەکەن نەفسی بەڵێلا بێت. بانک، سیمبولی سەرمایەداری لە نەو ئەمانەکە، هانی خێڵ دەدات خۆیان بکوژن و دژی هەر چارەسەرکیشە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ.

مادام وایە، با ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ئەمانەکە کارنامەیەکی مارکسیزمی هەیە؟ نەخێر، لەبەرئەوەی شووشە، پاڵەوانی ئەمانەکە، دەبێ زانست و ئایین بیرکەکەی خۆی دەستەمۆنێت. لەسەرەوە باسم کردووە.

با ئەمانەکە لە ژێر هاوێنەی ئەم پرسیارە دابنێین: دەقەکە دژی ئایینە؟ نەخێر و بەڵێ. ئەم وێنامە بەگشتیە لەسەر ئاسبوونی نووسەر لە ئایدیۆلۆژیای ئایین، کە لەسەرەوە باس کراوە.

سەرچاوە

Lois Tyson (2015). Critical Theory Today: A user-friendly guide. Routledge.

فەلەستینی ئازاد: یانی چی؟* مازن کەمالمازن.. و: زاهیر باهیر

ئازادیی بە فەلەستین!! کە دەتوانێت بڕۆ ناو تەنانەت مستەر بایدن-یش بە گوڕەی بەچوونی تایبەتی خۆی ئەم داخوازییە پەسەندەکات … بڕۆام بەچی بە تەنها بە فەلەستینییەکان؟ وەڵامی ئەوەش ئاسانە: چونکە خۆکەکی سەرکوتکراون … بڕۆام لە ئاستییدا ئەمە یانی چی؟ ئایە ئەمە یانی ئەوەی کە حوکمی خاکدەکات دەبێت فەلەستینییەکان بن نێك ئیسرائیل: حوکمەانانی: پۆلیس ، پاسەوانی بەندیخانەکان، دادوەرەکان، لە سەدارەدەران، ئەوانەی کە گەمە بڕۆای گشتی دەکەن، دەستبژێرانی ئابووریناس و ئەوانەی لە بەشی دارایی دا کاردەکەن…. تەد دەبێت فەلەستینی بن … ئەوەش " دەستاتکی شەرعیانەیە" کە پەسەندی عەرەب بەسەر " هاووەاتیانی" دیکەدا دەکات، کە عەرەبن، بە تایبەتیش موسەمانن، کە دەتوانن خراپکاریی و کەڵگایی بەسەر غەیرە-عەرەب و دراوسێیانی غەیرە موسەمان یاخود تەماشاکەران، بکەن….

مرۆیانە نییە داوا لە فەلەستینییەکان بکەیت دوای چەند تەمەنێك کە خراپیان بەرانبەر دەکرێت و تا ڕادەیەك لە لایەن هەموو کەسکەوە یاریپیان پێدەکرێت، ئیتر جوولەکە یا موسەمان بێت ، ئیسرئیلی یاخود عەرەب بێت، کە ئاوا بیرنەکەنەوە…

وەسفی تە بە ئەم بارودۆخە، دەکرێت ئازادیی بوونی دەوڵەت بێت ئەگەر تە یەکەك لە سوودمەندەکانی ڕەکخستنی نوێی بەرتەلەکان بیت. بڕۆام ئەوانەی کە لە بەندیخانەکاندان، لە خانووە سەر بە پووش و لەوحگیراوەکانا دەژین ، لە جەرەکانی کامپە زۆرەملێیەکانی وەکو خستەخانەکانی نەخشی دەرونی و عەقڵیی، ئایا هەمان شتە یاخود خراپتر…؟

باوەڕت بێت یا نا، سەرکوتکردنی خۆکی لە لایەن حەماسەوە خراپترە و زۆر دەندانەتر لە هی ئیسرائیل..... فەلەستینییەکان دەتوانن نازایی دژ بە سەرکوتکردنی ئیسرائیل بکەن، بڕۆام نێك دژ بە حەماس .

پاش قوربانیدانی یەك ملیۆن كەس بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، وەكو گەنجەكی جەزائیری وتی، ئەم گەنجانەی جەزائیر زیاتر قوربانیدەدن بە دەربازبوون لە دەوڵەتە سەربەخۆیەكیان، تاكو بگەنە خاكی سەركوتكەرەكەی پێشتریان و دووبارە ببنە فەرەنسی.
ئەوە خاڵەكی كۆنالیزم نییە، خاڵەكی گەورەیە دژ بە دەوڵەتەكە، هەموو دەوڵەتەكان، هەموو جەرەكانی ، لەگەڵ یان با " ئازاد" بێت یا نا، " كۆنی" بێت یا نا ….
ئیسرائیل دەوڵەتی داگیركەرە؟ كە هەیە نكۆی ئەوە بكات!!
بەڵام ئایا كەسێك دەتوانێت خەیاڵی ئەوە بكات یاخود ئەوە بڵێت كە دەوڵەت داگیركەر نییە، كۆنیال نییە؟ بێ گومان دەتوانین …. هەموو دەوڵەتە " لاوازەكان" خەیاندەپارێزن لە هەڵشكردنە سەر دراوسێكانیان و خەیان دەگرن لە داگیركردنی نەتەوەكانی دیكە كە دەتوانن سەركەوتوانە بەرگری لە خەیان بكەن ….بەڵام بە بەدبەختی كەسێك ناتوانێت بڵێت و دنیابێت كاتێك كە بەهێزتر دەبن لە دراوسێكانیان، چۆن ڕەفتاردەكەن…..كە دەتوانیت دنیابێت لەوەی پیاوانی دەوڵەتی ئازادی فەلەستین، یاخود جەنراڵەكان هەوڵی داگیركردنی درواسێیانی عەرەب و غەیرەعەرەب، ئەگەر بتوانێت، نادات.
لە وشەیەكدا: دەوڵەتی فەلەستینی یانی ئازادیی نییە، تەنانەت خۆشگوزەرانی باشتریش نە بە فەلەستینییەكان، هەتا بە دراوسێكانی هەموو كەسی دیكە، نییە ….
دواوشە بە خەڵكانی گەنج كە عاشقی نەژاد، نەتەوە، دین …تد ی دایك و باوك و باپیرانیانن و ئاوا بیردەكەنەوە كە باشترە لە وانی دیكە و شایستەی سەركەوتن و كۆنترۆكردنی هەموو كەسێكی دیكەن، تە زەر ئەلتەرناتیفی گونجاوت هەیە كە لەیان هەبژێریت، بەڵام ئەناركیزم یەكێك نییە لەوانە!!!
مازن كەمالمازن

- ئەمە وتارێكی مازن كەمالمازنە، ئەناركیستێكی چالاكی سوریایە كە سەبارەت بەم شەڕەی دوایی لە نێوانی فەلستینییەكان و ئیسرائیلد لە 06/05/21 ڕوویدا، نوسیوێتی. منیش بە هەی بەهەزیی و باشی وتارەكەوە لە ئینگلیزییەوە كردومە بە كوردی.

24/05/2021
و: زاهیر باهیر

بەسەرکردنەوەیەکی کورت بە ڕۆمانی قسمەت.. شەماڵ بارەوانی

یەکەم دیمەنی ڕۆمانی"قسمەت" بەرە دەست پێدەکات
"هەندێک لەو کەسانەی لەو کافێیەی نزیک ئەو شوێنەی کە قسمەت خەکوژ"انتحار"ی تێدا دەکات. دەیگێڕنەوە کە" شەو بوو. قسمەت بەختیی و منداڵێکی تەمەن دووساڵانو دانیەکیری شیرخۆرەو بەختراپی بەرەو ئاستەی ڕووبارەکە نزیک بوویەوەو نەعلەکانی و دووانتر ئەو ماکسیمەکەی بەری داکەندن و سکەکەی کە دووگیانی پێوەدیاربوو وەدەرکەوت. منداڵە شیرە خۆرەکەو ئینجا ئەوەی دوو ساڵانە و پاشان خۆیشی خستە ناو ڕووبارەکەوە".

قسمەت

کەنووسەر ڕۆمانەکەی بەناوی ئەمەو ناوناوەو لەسەرەتای چیرۆکی ڕۆمانەکە تا کۆتایی ئامادەگی و ناو وجودی دەبێت،
ئەو ژنەکی کوردی فەیلیە. بەو چەشنە شەوەک بەیار دەدات کۆتایی بەژیانی خەی بنەت ، بەیارە مەترسیناک و هەڕەکەی دەکاتە کردار و کچەکەتەمەن دووساڵ و منداڵە شیرخۆرەکەیشی لەسەر پردی دیجلە داوێتە ناو ڕووباری دیجلەو دواتر خۆیشی دەهاوێژێتە ناو ئاوەکەوە،

ڕۆمانی "قسمەت". ڕۆمانەکی تری ژنە نووسەری عەراقی"حەورا ئەلنیداوی"ە، یەکەم چاپی لەساڵی٢٠١٨ لە بەاو بووەو.نووسەر ڕۆمانەکەی بەسەر سێ بەش دابەشکردووەو چیروکی ژیانی ژیانی خانەوادەیەکی کوردی فەیلی تێدا باس دەکات و لە مێژووی ژیانی عەراق دەدوێت لەساڵی١٩٥٠،تاوەکو٢٠٠٩.
ئەو خانەوادە کوردە فەیلیە، کە لەساڵی١٨٧٣ لە هەرەمی لەرستان لەترسی والی ڕایانکردووەو لە بەغدا گیرساونەتەوە. پشەوی ڕۆزا شای پەهلەوی بێت و ئەو هەرەمە بخاتە ژێر حوکمڕانی خەی وبیخانە سەر ئێران و هەوڵی سینەوی ناسنامە نەتەویە کوردیەکەی و سیمای کوردبوونی هەرەمەکە بدات و بە پارسی و ئێرانی بوونی بکات.

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، ئازار و موعاناتی کوردە فەیلیەکانی دەبینێت، کە چ شەوازەکی هەڤانەو نامرۆڤانە لەلایان بەعسیزمەوە ڕوو بەڕووی چەوسانەوەو ئیبادەو ڕەشبگیری و مەرگ و

دەربڕی دەبنەوە.
کوردە فەیلیەکان لە سەردەمی بەعسیەکان و لەلایان ئەحمەد حەسەن بەکرو دواتر سەدامی گەورە بەگشتی توشی چەوسانەوەو ئاوەدوونانکی زۆر هەمەجیانەو کوشتن و عیدام کردن و دەرکرد بوون، لەساڵی١٩٧٠ ئەو کاتەی بەعیسەکان حوکمەانی وڵاتیان دەکرد، تاوەکو ٢٠٠٣و کاتی ڕوخانیان، دەیان هەزەمەتی پاکتاوی و چەوسانەوەو لەناو بردنی کوردانی فەیلیان ئەنجامداو ناچاریان کردن وڵات جێ بهێڵن و بەزۆری و لەژێر فشار و تیرۆر و تەقاندندا . لە زەدی هەسەنی باو باپیرانیان دووریان دەخستنەوەو حزبی بەعس بەیاری بە بەشکردنی کوردە فەیلیەکانی لەناسنامەی عەراقی بوون دەرکرد و بە ئیرانی هەژماری کردن و بە شێوەیکی بەرنامە داڕێژراوانەو هەڤانە کەوتە کوشتن و عیدام کردنی کوردە فەیلیەکان،
لەشارەکانی بەغداو خانەقین لە١٩٧٩ دوای ئەو دوو شارە ، ئەو هەڵمەتە بەربەریەی گواستەوە بە شارەکانی تریش و لە دەرەنجامی ئەو کارە وەحشیگەرانەی بەعسیە فاشیەکاندا ٣٥٠کوردی فەیلی ئاوارەی ئێران بوون و زیاتر لە پانزە هەزاریشیان ون و بە سەرو شوێن بوون و حزبی بەعسی عەرەبی کەکوژو ئیبادەی کردن و تەنانەت تا ئێستا تەرمەکانیشان نەدەزراوەتەوە.”ساڵی ١٩٨٠زۆرترین ئاوەدوونانەی ساڵی١٩٧٥، لەسەردەمی سەرکەی ئەوساتە”ئەحمەد حەسەن بەکر”دەستی پێکرد…دواتر ساتان خانەوادەی عەراقی کەکرانەوەو دەکران و نەدرانە سنووری ئێرانەوە بە بیانووی تابعیەت و لایانگری ئێران… بەڵام من نەم دەتوانی لەوە تێبگەم بۆچی ئەمە ئێرانین خۆ ئەمە پێش هەموو شتێک کوردین، ئەگەر هاوڵاتی عەراقیش نەبین سەرەڕای ئەوەی هەموو ژیانی خەمان وا بەسەرکرد بەڵام بەگشتی چیە لەسەر ئێرانی بوونی ئەمە ئەو ئێرانەی هەرگیز پشتوێی لەژێرکی ساردو سێی بەفراوی زستاندا بمانترەنجێنێ سنورەکانی و بە خۆشکەبمان خزێننە ناوییەوە نەمان بینی بوو”.

بەو چەشنەی کوردەکان ڕووبەڕووی هەڵمەتی کوشتن و ئاوەدوونان و زەوتکردنی ناسنامەدەبنەوە.
لەوڵاتێک لەوتەی دروست بوونییەوە کورد دەچەوسێنرێتەوەو هەوڵی سینەوەی کورد بوونی دەدات و کورد بوون وەک تاوانێک سەیری دەکات و بەردەوام گەورەو بچوک و جەوان و دان عەمرو ژن پیاو منداڵ و تاکی کورد دەکات بە سوتەمەنی و قوربانی ئاژدەهای بیری عروبەی شۆڤێنی و هەگەز پەرست و لەسەر نیشتمانی هەسەنی خۆت. داگیرکەرانی و مەژوو و خاک و کلتورت. دەرت دەکەن و دەتکەن بە پەناهەندەو

سەرگەردان و پەرش و بڵاوی دنیات دەکەن و وەک ئاژەڵێک دەت ئاخنە ناو پاشووی ئۆتۆمبیل و ئادەستی چارەنوسکی نادیارو دەوزمەیکی دە ڕەق و سنووریکی مین ئاژکراو بە بۆمب و مەرگت دەکەت و بە غەریبی و نامەیبت دەسپێرن "لەو شوێنەی کە یەکەم وەستگەی ئاگواستن و دەرکردن و کۆچکردن مان بوو،ئەفسەرو سەربازێ دە ڕەقکانی ژێمی بەعس کەیان کردینەوەو دەیان بە ڕەزی و جوێنی ڕەگەز پەرستانەیان ئاماستەکردین و هەندێک لەخانەوادەکان بە جێی نووستنەوە هێنرابوون بۆ ئەو شوێنەو کچێک بەجێی خۆتنەوەبوو، جڕکی نیمچە ڕووت و هەموو ئەعزای بەدەنی بەدەرەوەبوو... یەکێک لەژنەکان سەرپۆشکەی خۆی وە دا تاوەکو جەستەکەی خۆی داپۆشێت و لەسەرنجەکان بەدووری بگرێت. لەوانەیە ئەو دووایین شەوازی پێشینی ئەو شەوازەی جە و بەرگ بەت بۆ شەوازە وروژێنەرو و پاژنەی پێاوەکانی بەرزبەت ئیتر دوای ئەوەی دەگەین بە ئێران. لەوە بەشوێیکی ڕەهاو بەپێی یاسای مەزهبی لەچک و باڵا پۆشی بەسەر ژن و کچەکاندا دەسەپێندرێت...لەسای یاسای باڵاپۆشی زەرداری و ناچارکردنی ژن و کچەکان . لە ئێران ژن و کچەکان بوونەری ئەویان نەدەکرد بەشکی قژیشیان دەرخەن وەک دوایی دەبینن چەن ژنەکان جاێ یاخی بوون و پێ گیری نەکردن دەدەن لەدژی ئەو حوکم و یاسایێ بەزەر سەپاندنی باڵاپۆشی و لەچکی کەماری ئیسلامی ئێران...

بەو شەوێیە دەستیان کرد بە دەرهێنانی یەکێ یەکێ لەخانەوادەکانمان و پاشان فەرمانیان کردین سواری پاشووی پیکابەکان بین. کە پێشووتر بەمان ئامادەکرابوون...لەگەڵ کۆتایی کاژەکانی بەیانی گەیشتینە ئەو خاڵەی ئەوان دەیان ویست.ئەفسەرەکانی ئەمن و ژێمی بەعس دابەزین...ووی چەکەکانیان ئاماستەکردین... یەکێک لە ئەفسەرەکان گوتاندی و بەدەست ئاماژەی کرد:
ئەو چیایە لەوە دەبینن، بڕەن تەی بپڕێنن و لەو دیوی دەگەن بە خومەینی و ئەو چاوەڕێتانە...ئەمەیان لەسەر سنوور بێ بە حاڵ و ماڵی و سەرگەردانی لەناو کەبەی موشەک و مین و برسیەتی و ساردی جە هێشت...
هەزاران مرۆڤی بەتەمەن و ژن و منداڵ لەو کێڵ و دەرکردنەدا. زەربەی لەڕگە بوونە قوربانی بە ئەوەی تاوانکیان ئەنجام دابێ، تەنها ئەو ڕەگەوتە بایەلۆجیە نەفرەتیە نەبێ کە لەدەرەنجامی دا بەکوردی فەیلی لەدایک بوون".
ئەو ڕژێمە دەندە شەقنیەی بەعس تڕ و وشک یپەکەوە دەسوتان و ڕەش و سپی پارەزراو نەبوون لەدەست دەسەاتە دەندییەکەی و هەر کەسێک بە پێی ئایدۆلۆجیا عروبە ڕەگەزپەرستیەکەی بەعسیزم نەجوابایەوەو

بەعسیەتی نەکردبا بە ڕەباز و ئەقیدە،هەمان چارەنووسی کوردی دەبوو و مردن و دەرکردن و تراژیدیا چاوەڕێی دەکرد" دەرکراوان هەموو کوردانی فەیلی نەبوون. تەنانەت زەربەی بە بنەچە ئێرانیش نەبوون وەک ئەوەی حکومەتی عێراقی بانگەشەی دەکرد و زەرەکیان خانەوادەی بە بنەچە عەرەبی بوون و ژمەی بەعس دەیویست بەهەر هەکارێک لە هەکارەکان لەیان ڕزگاری بێت".
ئێرە بۆچی دەبێ لەسەر بیرو باوەڕو ناسنامەی کورد بوونت ووبەووی جینۆسایدو تەرحیل و ئاگواستن و کوشتن ببیتەوە؟
بۆچی دەبێ بەو شێوە دەندەیە کورد لەناسنامەی هاوڵاتی بوونی بەبەشکرێت و نەتەوەیتر خۆی لە بکات بەسەردار و کوردی تەنها وەک پاشکۆو خزمەتکارو سەبارو جاشی فیکرەی عروبەو عەرەبە شۆڤێنیەکان قبوڵ بێت و هەر کوردێک بێ نەخێر من کوردم و کولتور مێژوو و فەرهەنگ و هەموو شتەکم لەهی عەرەب جیاوازم و ئەو کاتەی من لەسەر ئەو خاکە دێژیام و خاوەن خاک وماڵ بووم کە پەی دەڕەن عەراق ، حوشترەکی عەرەبیش لە نەبوو و ئێرە هەزاران ساڵە کوردی لە دێژیت و ماڵی کوردەو عەرەب بەشێوەی شەڕو داگیرکاری و کۆچەری و لەقەوماوی و چەندین شێوەو سیاسەتی تروە هاتوون و ئەوە خۆیان کردووە بە خاوەن ماڵ و کوردیش بە میوانێکی ڕەزاگران یا خود بێگانەیەکی نەخوازراا!!"بۆچی دەبێ کەسێکیتر بێیار لەبارەی شەڕو ووی نیشتمانم بدات؟ چۆن ئەو دەسەڵاتەی بە پێیدا بوو من لە نیشتمانەکەی دابەنێت...کاتێک منیان لەڕێگی خۆم دەرهێناو فڕێی کەناری غوربەتیان دام و لەناسنامەو تەمەنی خۆمیان داچەاندم، کفرم کرد بە هەموو مێژووەکەیان،سنوورەکەیان، ئێتیماو شانازییە پەو پۆچکانیان ، ئەو دیکتاتۆرە دەڕەقانە ئەمەیان بەتەواوی فڕامش کرد. لەڕاستی دا من خودی نیشتمانم کە لەسەر دوو پێیکانی دەڕوات".

بەوچشنە کورد لەناو ئەو وڵاتەی پەی دەڕەن عەراق جگە لە دەرکرن وزەوتکردنی ماف و لەسەندنەوەی ناسنامەو ماڤەرانی و ئێنفال و هەڕەکست هیچیتری نەبینیوە
دواجارو لەساڵی ٢٠١١لە پەڵەمانی ئەو وڵاتەی تائێستاش دەمان چەسێنێتەوەو ماف و کەرامەت و خاکمان پشێل دەکات، دان بەوەدانەدرا کە لەسایەی ئەو عەراق و سەدام و بەعسی عەرەبی شۆڤێنیەوە لەساڵی١٩٨٠دا کوردانی فەیلی لەلایان حزبی بەعسەوە ووبەووی پاکتاوی ڕەگەزی و کەمەکوژی بوونەتەوەو کەکوژکراوان.

ڕەمانی قسمەت، چیرۆکێکی ئەفسانەیی یاخود حەکایەتێکی خەیاڵی

وفەنتازی نییە و نووسەر لەخەیاڵی خۆیەوە دایشتبێت و هەنیبێتەوە، ئاستە هەموو داستان و ڕۆمان و چیرۆکێک هەرچەند واقعی بێت و حەقیقەتێکی بە هەبێت، بە گومان نووسەر خەیاڵ ئاوێتەی چیرۆک و گۆرانەوکان دەکات، نووسەری"قسمەت"یش بەتەکنیکردنی فەنتازیا بەمەبەستی تەشویق و زیاتر ئازانەوە ڕۆنقدارکردنی گۆرانەوکەو بەتەواو کردنی چیرۆک و ڕووداوکان ئەو شێوازی ئاوێتەکردن و تەکنیکشکردنی فانتازیاو واقع. هەرئەو تایبەت مەندی و شێوازیشە کە نووسینکی ئەدەبی لەگۆرانەوێکی مەژووی وشک و ڕووت و بێ گیان جیا دەکاتەوە.

خاتوونە نووسەر ئەوەی باسی دەکات مەژوو و ڕووداو چیرۆکی ئاستەقینەی ژیانی هەموو کوردانی فەیلیە،کە بەدەست ژەمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر، دەیان تاڵی و ناسۆری و دڕبەری و چەوسانەوەو تراژدیایان چەشتووە،

بکەین. هەشتا ئەنجامگیری ماوە و ئەنجام نەدراوە. (هەردووکیان ئەچنەوە لای مێزەکە. بایرەن قاپەکە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و فووی لەدەکات و تێزەکەی سەری پاک دەکاتەوە و بەرەو لای کیتس پاڵی پێوە دەنێت. کیتس بە هوانینەکی نیگەرانیانەوە لێی دەڕوانێت. لەناو گیرفانییەوە هەستی پەدەکات. پاڵ بە قاپەکەوە دەنێت بە بایرەن. بایرەن ئاوڕ دەداتەوە و دەیبینێت. تێزیک شەرمەزار دیارە)…ئێستا بە دوا ئەنجام …جارێکیتر خەمان نوێ کردەوە. ئەمە بەوامان وایە وەک هونەر بین.

کیتس : ئەوە زەر جوانە.

بایرەن : سوپاس. ئەوە ئەمە کەتاییمان پێهێنا. وەرە باوەشم پێدا بکە. ئەوە ئەزموونێکی جوان بوو.

بایرەن : بەڵێ.

بایرەن : تا ساڵێکی تر؟

کیتس : ساڵێکی تر.(بایرەن پێدەکەنێت و بەرەو دوورترین گۆشەی ژوورەکە لە دەرگاکەوە دەڕوات. پاڵ دەکەوێت و دەخەوێت. کیتس تەماشای دەکات و پاشان لە دەرگاکە دەڕوانێت. دەچێتە لای بایرەن و ئەبینێ نووستووە. تەماشای دەرگاکە و ئینجا بایرەن دەکات. بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات. دەست دەداتە دەسکی دەرگاکە و دەرگاکە دەکرێتەوە. ئاوڕ لە بایرەن دەداتەوە. لەدەرگاکەوە دەچێتە دەرەوە. لەگەڵ کزبوونی هوناکی بایرەن دەست بە پرخەپرخ دەکات)

کەتایی

تێبینی : مەسەلەی جێندەر لەهەڵبژاردنی کارەکتەرەکان بە ئەم دەقە کۆشە نییە. کارەکتەرەکان چ نێر بن یا مێ یانیش نێر و مێ بن پێکەوە هیچ کاریگەرییەک لەسەر دەقەکە و تەکنیکی دەرهێنان و نمایش دانانێت.

دەربارەی ئەمەر هانسن
شانانامەنووس و شاعیر و نووسەر و ئەکتەر ئەمەر هانسن وانەی دراما لە کەلیژی سەنت لەیک کەمینیتی دەیتەوە .ئێستاش بە وەرگەڕانی شانگەریەکانی فرانز گریلپارزەرەوە خەریکە. شانگەری کەمەگە لەساڵی ١٩٩١ لەسەر شانە لە وەرکشەپی پرگرامی گۆشەپەدانی شانانامەنووسان خوێنرایەوە کەلەلایەن کەمەڵەی شانە لە خوێندنی

باڵا لە شاری سیاتە ەکخرا. لەکەتایی ئەو ساەش خەاتی پریمیەر پڕداکشنی کارە شانۆیەکانی خەرئاوای شاری سەت لەیکی وەرگرت. ج. ئەمەر هانسن حەوت شانۆگەری نووسیوە لەگەڵ چەندین ەمان و چیرەک و شیعر بە منداڵان و مەردمنداڵان.

سەرچاوەکان :

Play It Again -1
By Norman A. Bert & Deb Bert
U.S.A. 1993 Pages 141 – 148

2-
http://normanbert.files.wordpress.com/2011/02/curriculumvita1.pdf

3-
https://www.meriwetherpublishing.com/AuthorsDetails.aspx?CatID=18

تەبینی : ئەم شانۆنامەیە لە گەڤاری وانەر ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٢١ باڵاو بەتەوە.

رۆژێك لە ناو شیوعییەكان نەبووم.. شاعیری گەورە: عەبدولستار نور عەلی

وەرگێران لە عەرەبییەوە بەكوردی: ئەحمەد رەجەب

لە 6/3/2011 بە پێی بریارێك لە سەرۆك وەزیران هەڵزكی سەربازی چووە سەر بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لە گەڕەپانی ئەندەلوس و بارەگای رۆژنامەی تەریق ئەلشەعب لە شەقامی ئەبو نواس لە بەغدا بە مەبەستی چەكردنیان و، ئەو بریارە رێگا بە حزب نادات چالاكی بنوێنت وخەكەكی زۆر سەبارەت بەو بریارە دەستیان بە نووسین كرد ومن پێشتر ئەمەم نووسیبوو ئێستاش بە باشی دەزانم جارێكی تر باڵاوی

بکەمەوە. (یەکشەممە : 13/6/2011).
وتیان شیوعی ، وتم :
هەرکەسێ تیشکی خور لە ناوچاوەکانی بدرەوشێتەوە ،
گەرمی زەوی لە دڵیدا لە زمانیدا، پڕا ش ئاو دەدات و،
پەروەردگاری شیعرو گوفتارو بیرو راستگۆیی وتن و
خۆشەویستی خەڵك و سەرکردەی خەڵك
رۆگای گەل لە تەکۆشان بە دەست و بە زمان و بە دڵ و،
مافی نیشتمانی دزراو لە ئازادی سورو روحی گۆرانییەکانی ،
ئاشتی دونیا ، ئاسایشی گەل بەشکی زۆری ئاواتەکانیەتی
رۆپیشاندەرێ چڕبووونی وەاتەکی پەککەوتە لە سینەو
لە برسێتی ، لە هەژاری
لە نەخوێندەواری تەشەنەکردوو
دەڵێن : شیوعی !
من کە لە سوچێکی باکوری رۆژئاوای زەوی دەژیم
من هەڵگری ئەم لێدانەم
من لە سەر هەردوو پێم وەستاوم
بتەو جێگیر
لە قوڵاییی رەگ وریشەی زەویدا
رۆژێك لە رۆژان لەناو شیوعییەکان نەبووم بەڵام چاومان بەیەك کەوت
و. جیاوازیش بووم
رۆژێك لە رۆژان شێوەیەك ، ئاڵایەك ، یان فیشەکێك نەبووم
بەڵام
بە هەموو دەنە ئاسایی و ناسکە بۆنخۆشەکانی
خۆشمویست
لە چاوانمدا جێی ئەستێرەم کردووەتەوە و، خواردمەوەو ،
بەرزبوومەوە
هەوری شاخ و دڕ و دەشت وباران و روبارەکان و
دارخورماکان و هێرەکان و
شارە گەورەکان وبچکۆلەکان و،
کۆانە تاریکەکان و برسێتی ،
ماڵە قورو تەنەکەو چێەکان ، یاسایی نین
لە نەخشەی جیهان لە رۆژهەات و لە رۆژئاواو
لە باکورو باشور
لە گەرکی هەموو هەژارانی بۆهێزو ، بەهێزەکان بە شێرش و، بە
خۆشەویستی
بە خەونی نیشتمانێکی ئازادو بەختەوەر
بە *یوتوبیای (1) مرۆقایەتی

هەرگیز ڕۆژێك لە ناو فایلەكان نەبووم و
هەروا لەوەی چاوی گێڕارەكان باسی بكەن
بینم و، گەرام و، چاودێریم كرد، هەوەستەم كردو، خوێندمەوە
ئەوەی سەرمایەو بەیان و، چیرۆك و شیعر دەیەت
گۆركی ، مایكۆفسكی ، لۆركا، ئاراگۆن ، نیرۆدا و كازانتزاكیس،
بورگیس و، ماركۆزو
هەموو ئەدیبە بەشەرفە گەورەكان بە پیت و بە روناكی
بە ئەقین و، بە ئارەزوو ، بە یەكسانی ، دادپەروەری و
دارمانی دیوارلە نێوان رەنگ و رەنگداو،
لە نێوان ئاین و ئایندا،
لە نێوان كۆمەڵك و كۆمەڵكدا و دەركەوتم
لە دونیای پر لە خەبات ، بە گوفتار،
بە خەونەكان ،بە كۆتر ، بە ئاشتی ،
بە برین ، بە ئاگر ، بەڵ ئەقین و ،
بە روح و دڵان
قەت ڕۆژێك لەناو مۆژوودا نەبووم بەڵام خوێندمەوە.
لە بارەی پاریس و، كۆمۆنەیەكی میللی و خەونێكی شۆرشگێری و
لە بارەی شۆرشی ئۆكتۆبەرو
ئەو دە ڕۆژەی حیهانی ئارام وجۆگیری هەژاند
گەندەڵ، ستەمكەر، ترسنۆك ، وەستاو لە سەر ئاگرو ئاسن و،
خنكاو لە ستەم و كۆت زەنجیرو جەنگ و خوێن و چڵك.
لە بارەی لورکا و ئیسپانیا خوێندمەوە
لە سەر فەهدو مانگرتنەكەی گاورباغی و
لە سەر هەڵمەتەكەی كانونی 1948 و
ڕاپەرینەكەی تشرینی 1952 و
شۆرشی تەموزی 1958 و
قەسابخانەكەی شوباتی و1963 و
لە سەر بەرەكەیان
لە سەر جیاب ، هوشی منە ، چیقاراو دوبریە خوێندمەوە
سانتیاگۆ و ئەڵندی
هەروا گورباتشوف ، یەلتسن ، شیقارنادزەو بەرلین
من حەزم
لە دەنگی ئەلسەیاب و، ئەلنەواب و، ئەلئەخزەر كوری یوسف والریفی
مەحمودو
روشدی ئەلعامل ، ماجد ئەلعامل ، خصباك و، شەمران و فەرمان و
دەرویش ،سەمیح ئەلقاسم ، معین بەسیسو ، ئەمیل حبیبی و... حەننا
مینا ، نەجیب سرور ، سەڵاح عەبدولسەبورە.

گەشتم کرد
بە ناو دەریای گۆڤارەکان کە بە سور ناونران
نە زەردو نە رەش ،
سور !
بە
کۆ گوێی سوری خۆش ناوێ
بیبەخشێت بە دایك ، بە هاورێ و خۆشەویست
ئەو حزبەی کە رۆژێك نەدەنگی بووم نە سێبەری
بەرام یەکتریمان دی
(جیاوازیش) بووین ؟!

26/5/2021

_____ _ _ _ _ _.

تێبینی :
*یوتوبیا (1) : جیهانی خەیاڵ

هاتووم بۆرۆو لای تۆ.. قەسیدەی: ستیڤان شەمزینی

هاتووم خۆم هەڵسووم لێ بڕنی پرچەکانت
تاکو ببمە شووشە عەترەکی رژاو بەرووی دنیادا
هاتووم وەک نامەک لێ کەشی تێدا بڕوم
تا وەک شەڵبیەک بەسەر خەیاڵەکانتا بڕاوببمەوە
هاتووم لێ سینگی تێدا سەراخی چۆڵەک بکەم
تاکو لێ ئاسمانی تێدا لێ شەقەی باڵ بدەمەوە
هاتووم جێستەی نەرمت بێ ئاسپایی هەڵکرێزم
تاکو لێ دڵتا وەک سنەوبەرەکی شەرمن بمنێزیت
هاتووم دەستەکانم بخەمە نێو دەستی ماندووتەوە
تاکو راددەی توانەوە و ئاوێتەبوون هەڵیانگرفم
هاتووم لێ کانیاوی چاوەکانتا تینوێتیم بشکێنم
تاکو مەمی کزی تەنانم بەسەر هەستتا بتووێتەوە
هاتووم بێ دوای خوێنکی گشت ژیانما ئۆگرم

تاکو لافاوی ماچم مەراقی دەروونت بشواتەوە
هاتووم وەک شوێنکەوتووی دەوانەیەکی دەرین
تاکو لە بناری مەمکەکانتدا منداڵ ببمەوە
هاتووم لەشت بکەمە پیانۆی ئاوازەکی دڵگمەن
تا پەنجەکانم بە سمفۆنی ئەوین ئاشنا بکەمەوە
هاتووم بولبوولی ڕەحت لە قەفەز دەربێنم
تاکو دەستەملان و ئاوەزانی باڵات ببمەوە
هاتووم پێ بە سیپەکانم هەناسەت هەڵمژم
تاکو نەفەسی ژیانم سەرلەنوێ بە بگرێتەوە
هاتووم بەرەو ئەو شوێنگەیەی تێدا رواویت
تا وەک هەنگوێک شیلەی لەوەکانت بنێشمەوە
هاتووم سەمای چاوت لە ئێنگوستچاوەکدا بدزم
تا دیدەی تاریکی ڕەحمی پێ ڕۆشن بکەمەوە
هاتووم لە سپێتیتا خەم لە گوناه پاک بکەمەوە
تاکو لەنەو برژانگەکانتا دووبارە بەسکەمەوە
هاتووم بەرەو گوستانی چۆ و پێ جێشی تۆ
تاکو گوێی ماچەکانت نەنەم هەرگیز ناهێمەوە
هاتووم لەئاگری ئەوینتا ببمە قەقنەز و خەرمانەش
تا ڕۆشبایەک بەسەر تێدا پەڕش و بڵاوم بکاتەوە
هاتووم قژی ئازارەکانت بە پەنجە شانە بکەم
تا نەمرم هیچ کات لێوم لە لێوەکانت ناکەمەوە
هاتووم بتکەمە قیبلەی هەموو نوێژەکانم
تاکو لەسەر بەرمایی دامێنت سەربنەمەوە
هاتووم دەستنوێژم بە بارانە فرمێسکت هەڵگرم
تاکو کورەی عەشقم، تەزیویت گەرم بکاتەوە
هاتووم لە پەووی چاوەکانتدا ببمە چرایەک
تا حەرف بەحەرف لە شیعرەکانما بتنووسمەوە
هاتووم قورسایی خۆشەویستیت لە کێ بنێم
تاکو لە نەو دەممدا شەکری دەمت بتوێتەوە
هاتووم کەدی هەموو نهێنییەکانی ژیانم بکەمەوە
تاکو لە بوخچەی نهێنییەکی نوێدا بتشارمەوە
هاتووم رازی نەبیستراوی ڕەحم بە تۆ بدرکێنم
تا لەحەسرەتی باوەشی پێ سەزت سڕنەنەمەوە
هاتووم شەبەقی تەنهاییت بە عەشق پێ بکەمەوە
تاکو وەک بەفر بەسەر بڵاریەکانتا بتوێمەوە
هاتووم دڵاقێیەک بە ماچ و باوەشت بدزمەوە
تاکو لەگەڵ خەری تێدا هەموو ڕۆژە هەبەمەوە

هاتووم لێگەڕێت بم و بە هەمیشە لات بمێنمەوە
تا شەربەتی ماچەکانت بژێتە گەرووی تامەوە
هاتووم تەر بە بینایم لێ جوانییەکەت بەوانم
تا قومە لێ پێکەنینی پە ئەفسوونت بخەمەوە
هاتووم لێ گەمی گریانتا بە سەرو شوێن ببم
تا ببمە بارانی عەشقێک سەرتاپا بتخوسێنمەوە
هاتووم مژووی سووتانی دەمت بە بگەمەوە
تاکو لێ باوەشێکتا هەستی بزەکاوم بژێتەوە
هاتووم ئومێدە وەریوەکانم لێ تەدا بدەزمەوە
تا بەهیوای راموسانێک وەک ژیلەمە بگەشمەوە
هاتووم دڵی خەم بە تاڵی زوڵفت لێ سەدارە بدەم
تاکو دوای تۆ وەک بە دڵێک لێ ژیاندا بمێنمەوە

ستێکهۆڵم – سەلنا

ئەمڕۆی سینەما و ئەکتەری سینەمای کوردی.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەوانەی لەکوردستاندا ئەکتەری سینەمان ژمارەیەکی سنووردارن، بەڵام پە دەچە بەپەی تێپەڕ بوونی کات، ئەو ژمارەیە بەرەو زەر بوون هەنگشە .
تا ئەو دەمەی ئێستا، ئەو هەڵومەرجە سەخت و دژوارەی کوردستان، ئەو دەرفەتەی نەڕەخسانەدووە، بزاڤێکی سینەمایی و فیلمسازیی لەکوردستاندا سەرهەڵ بدا، یان ئەکادیمیا سینەماییەکان کاریگەرییەکی ئەوتەیان هەبە بە دروست کردن و پەگیاندنی کادیری سینەمایی، بەتایبەت ئەکتەرو دەرهێنەر.
ئەو بەشاییەی سینەماش کە هەبووە، زۆتر بەپشت بەستن بەسینەماکارەکانی دەرەوەی کوردستان پە کراونەتەوە، ئەگەرنا زەرینەی ئەو بەرهەمانەی ئەنجام دراون، بەهۆی لاوازی توانستی

دارایی و کادیری سینەمایی و تەکنیك و ئامڕی تەقلیدی، نەیان توانیووە بنەمایەکی متمانە پەکراو بۆ پیشەسازی فیلمسازیی لەکوردستاندا دامەزرێنن.
زۆرینەی ئەو لاوانەش کە ئارەزووی فیلمسازییان هەبووە، ئەو توانا دارایی و هونەریی و تەکنیکییان نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی بازرگانی، بەڵکو زۆرینەیان بۆئاراستەی بەرهەمهێنانی کورتە فیلم بۆ فیستیڤاڵە جیهانیەکان کاریان کردووە، ئەم حاڵەتەش نەیتوانیووە شتێ لە واقعی سینەما لە کوردستاندا بگۆڕێت بۆئاراستەی دڵزینەوەی شوناسەك بۆ فیلمسازی لەکوردستاندا.
تەنانەت ئەو چەند فیستیڤاڵە سینەماییانەش کە ساڵانە لەکوردستاندا ئەنجام دراون، راستە کە فاکتەرێکی هاندەر بوونە بۆ بەکولتوور بوونی سینەما لە کۆمەڵگای کوردی دا، بەڵام چونکە بژاڤێکی سەقامگیرو بەردەوام نەبووە، ئەو کاریگەرییەیان نەبووە بۆ گەیشتن بۆئامانجە سەرەکیەکە، کە هەنانە کایەوەی پیشەسازی فیلمسازیی بووە لەکوردستاندا.

ئێستا ..تەنیا شتێك کە جێگەی ئومێد بێت لەکوردستاندا، هاتنە پێشەوەی کۆمپانیای بەرهەم هێنانی فیلمسازین.
ئەو کۆمپانیا بازرگانیانە پەیوەندی راستەوخۆی هونەریان لەگەڵ کۆمپانیا دەرهێنەر هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژە سینەماییانە.
کاتێ ئەو کۆمپانیانە گرێ بەست لەگەڵ دەرهێنەرکاندا دەکەن، مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ پرۆژە سینەماییەکان، ئەویش ئەوەیە کە چۆن بتوانن وەك دراماو فیلمێ تورکیەکان بینەر لەدەوری ئەو شاشە تەلەفزیۆنیانەدا کە بکەنەوە،لەوانەی وەك سپێنسەر بۆشداری لەبەرهەمهێنانی فیلم دەکەن .
دەرهێنەرکان هەموو ئازادییەکیان پێ دەدرێت و هەموو پێداویستیەکی ماددی و هونەرییان بۆ فەراهەم دەکرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت، ئامانج و ستایل و ئاراستەی سیناریۆی فیلمەکان دەکەوێتە دەست کۆمپانیاکان، بۆیە زۆر لەدەرهێنەرکان ناتوانن بپرژێنە سەر پرسە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، لەوەشدا دژ بەخواستی زۆرینەی بینەران دەوەستن، تەنیا گۆنجەکان نەبن کە گوتاری سینەماییان بەلاوە گرنگتر نیە لە شێوەو تەکنیك و ستایل و روخساری جوانی ئەکتەر.
لێرەوان ئەو دوو هاوکێشەیەی خواستی کۆمپانیاکان و خواستی بینەران کامیان لەبەرژوەندی سینەمای کوردی دایە؟
بەگومان دروست بوونی بناغەیەك بۆ فیلمسازی و بەبازرگانی کردنی فیلم لەسەرووی ئامانجەکانێ، چونکە تا تۆ بنەماکانی پیشەسازییەکە

دانەمەزرێنی، ناتوانیت بڕەهەم و بازاڕت هەبێت، کە پێشسازیشت هەبوو دەتوانیت لە ئایندەدا ئاراستەکانی بڕەهەمهێنان بگۆڕیت، بەو شێوەیەی بازاڕ خواستیەتی .

هەمیشە هەبووونی بازاڕ رکابەری نوێ دەهێنێتە پێشەوە، کە لەئەنجامدا بەقازانجی سینەمای کوردی دەشکێتەوە.
ڕەنگە ئەگەر ئێستا دووسێ کەمپانیای فیلمسازی لەکوردستاندا هەبێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا بەهۆی بە بازاڕبوونی بڕەهەمەکان، بەبێتە خاوەنی دەیان کەمپانیای زۆبەڵاحی تر، کە پشبڕکێ دەکەن لەسەر باشترین دەرهێنەر، باشترین سیناریۆ، باشترین ئامێرو کادیری تەکنیکی پشکۆتوو، باشترین ئەکتەری سینەمایی.
ئەو کاتە گرێ بەستی دەرهێنەرو ئەکتەرو کادیرێ سینەماییەکان بەشێوەیەك بەرز دەبێتەوە، کە هەموو هونەرمەندان ئاواتی ئەوە بخوازن لەکارتی سینەمادا کار بکەن و ببن بەروخسارێکی سینەمای کوردی لە جیهاندا .
ئەوەی باسی دەکەم نیشانەکانی دەرکەوتن و لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان دەبێتە خاوەنی سینەمای خۆی، بە ئەوەی پێویستی بەکادیری دەرەوەی کوردستان هەبێت، لەوانەش ئەکتەری سینەمایی .
ئەوەی فەکسی دەخەمە سەر هەر تەنها سینەما نیە، بەڵکو دراماو زنجیرە دراماى کوردیش بەهەمان شێوە دەکەونە نێو چوارچیوەی هەمان بازنە.
هەمیشە هەڵومەرجی ئابووری و بازرگانی پەرەسەندوو لەهەموو دنیادا، دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، ئەو هەڵو مەرجە هونەریە بازرگانیەش کە لە کوردستاندا هاتۆتە پێشەوە، دەرهاوێشتەی ئەو زەمەنە خراپ بە پەڵەیە، کە تێیدا بتوانێت و نتوانێت زمان و ئامرازو ستایلی تایبەتی خۆی بەسەر واقیعدا دەسەپێنێ، ئەگەر لە دەستپێکا ئەو تەوزمە نوێیە جەرە دژایەتیکیشی لەگەڵ کولتوورو داب و نەریتکی دیاری کراوی کۆمەڵایەتیدا هەبێت ، ئەوە بەکاتکی کەم، بینەری کورد، ئاوێتەی زەمەنە نوێکە دەبێت و بەناچاری قەبوڵی دەکات .
بە شك کە سینەماو کەمپانیای سینەمایی لەکوردستانا نەبوون، ئەکتەری کوردیش ئەگەر مومارسەیەکی پیشەیی و پراکتیکی لەگەڵ هونەری فیلمسازی دا نەبێت، ناتوانێت لە بازنەیەکی بەتاڵدا بێتە بەردەم کامەراو ببێت بەئەکتەرێکی سینەمایی، چەند ئەوەندەی خاوەن توانست بێت .
پاشان ئەگەر ئەکتەری باش بیت و لەگەڵ دەرهێنەری شارەزا کار نەکەیت، کە بێت ببێتە راهێنەرێکی زیندوو بە کاری نواندن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کامەرا، ئەوە ناتوانیت ببیت بەئەکتەری

سینەمایی ، گریمان ئۆگەر دەرهێنەریکیشت هەبوو، ئۆگەر بەردەوام نەبوویت لەکاری سینەمایی دا، ئەوە بە بەرهەمێك و دووان و سیان ناگەیتە ئەو ئامانجەی کەبینەر وەك ئەکتەرێکی سینەمایی تێ بناسێ .
خۆ ناساندن وەك ئەکتەری سینەمایی سێ ئامانج دەپێکهێنێ:
1.خۆ ناساندن بەمانا بەردەوام بوون لەسەر کاری سینەمایی و دەوڵەمەند کردنی ئەزموون، چونکە تەنها وەك ئەکتەرێکی سینەمایی نەناسرێ ی نابیتە جیگەی سەرنج راکێشانی بەرهەمهێنەرو کەمپانیاکان .

2. نواندن لەکاری سینەمایی، سەرچاوەیەکی زۆر نزیك کەرەوەیە بۆ پەیدا کردنی ناوداریەتی، لە ماوەیەکی کەم دا، لەبەر ئەوەی سینەما بەرفراوانترین و خەراترین گەپانە بۆ خۆ ناساندن، لە سەر ئاستی وڵات و پاشان لەسەر ئاستێکی ئیقلیمی و جیهانیی دا.
3.پەیدا کردنی داهات و بازاڕی گەرم، چونکە داهاتی سینەما بۆ ئەکتەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ داهاتی دراماو شانۆ، بەتایبەت لەو فیلمانەی کە سەرکەوتن بەدەست دێنن و زۆرترین بینەریان دەبێت .
4.ئەکتەری سینەما کە گەیشتە قۆناغی ناوداریەتی، وەك ئەکتەری دراماو شانۆ بۆ کار نابێت و ڕەنگە لە یەك کاتدا خاوەنی کەمپانیا گری بەست بێت و لەیەك کاتدا لەچەند بەرهەمێك کار بکات .
5.ئەستا بازرگانی سینەما لەکوردستاندا خەریکە سەرهەڵدەدات و کەمپانیاکان دەروازەیەکیان کردەتەوە بۆ فیلمسازی، تا ئەستا ئەو بەرهەمانە وەك ئەزموونێکی سەرەتایی و بەپشت بەستن بەچەند گەنجێکی سینەماکار لە دەرهێنەرو ئەکتەر لەرووی داهاتەوە، وەڵای ئاریشا هونەرییەکان و کەم و کوڕیەکان گەڵانکاریان پێوە دیارە، کە ڕەنگە ئۆگەر پەڕەی پێ بدرێت و ئەزموونەکە فراوانتر بکرێت، ئەوە قۆناغێکی نوێ بۆ پیشەسازی سینەما لە کوردستاندا سەرهەڵبدا .

ئایا هەموو ئەکتەرێك دەتوانێت ببێت بەئەکتەری سینەمایی؟
زۆرینەی ئەکتەرانی سینەما لەجیهاندا تەنیا کاری سینەمایی دەکەن و لەو بوارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندییان هەیە، لەوە ڕاهاتوون کە چۆن هەلسووکەوت لەگەڵ کامەرا بکەن و چۆن پارێزگاری لە جەستەو پەرفەرمانسی خۆیان بکەن.
دواتر ئەو داهاتەی بەهۆی ناوداریەتی و وەرگرتنی خەڵات لە

فیستیقاڵ جیهانییەکانەوە بە دەستیان هێناوە، هەروا ئەو هەموو عروزاتەی لە لایەن کەمپانیاکانەوە بۆیان دەخرێتە روو، ئەو کاتەی بە دەستەوە نادەن، دەرفەتێك بدەزنەوە بە کاری درامی یا شانۆیی .
ئەو ئەکتەرانە چەند ئەوەندەی ناوداریەتیان زۆرتر دەبێت،کرێ ی کار کردنیان گرانتر دەبێت، ئەوەندەش بەپراکتیك کار بە سینما دەکەن، بەشەویەکی سروشتی رۆچکەی راستقینەی نواندنی خۆیان ئەنجام دەدەن و ئەو نواندنە دەکەن کە سینەما دەیەوێت .
بەڵام واقیعی فیلمسازی لەکوردستاندا بە ئەکتەر شتێکی ترە، لە بەر ئەوەی پیشەی ئەو ئەکتەرانەی لە سینەمادا کار دەکەن، تەنیا سینەما نیە، بەڵکو بە هەندێکیان شانۆ بووە، بە هەندێکی دیکەیان دراما، یاخود ئەکتەرێکی کەکتیل بوونە، بەشەویەکی میللیانە دروست بوونە، بەتایبەت شانۆکارە کلاسیکیەکانن کە لای ئەوان فۆرمی نواندن و پەرفۆرمانسی ئەکتەر ، لەنێوان هونەری شانۆیی و دراماى تەلەفزیۆنی و سینەمادا ئاوێتەی یەکتر بوونەو زۆر لەئەکتەرانی کورد لەکاتی کار کردن لەو هونەرانە تایبەتمەندی خۆیان نادەنە پاڵ هەر یەك لەوان ، بۆیە زۆر جاران لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاو بوونەو جیاوازی پێ نەکردنیان، هەندێ لەو ئەکتەرانە دووچاری شکست هاتن بوونە وەك ئەکتەر، لە هەمان کاتیشدا ئاسوارو کاریگەریەکی نەگەتیفانەیان بەسەر بەرهەمیشدا بەجێ هێشتووە..
فاکتەری سەرکی ئەو تێکەڵاو کردنە لەوە دایە، کە زۆرینەی ئەکتەرانی کورد بەگشتی لە سەر بونیاتێکی ئەکادیمی پەروەردە نەکراون و لە هونەری شانۆ پێیونتەوە سەر دراما، پاشان لە دراماوە بازیان داوەتە سەر سینەما، خۆیان و ئەو فۆرم و ستایلە تەقلیدیانەی پێیانەوە نوساوە، بە گوێنی هونەرکان لێیان جیا نەبێتەوە لە هەر سێ بواردا، بە یەك فۆرم نواندنیان کردووە .

رووکی دیکەی فاکتەرکان ئەوەیە کە ئەزموونی زانستی و پیشەیی ئەکتەری کورد لەگەڵ سینەمادا ئەزموونێکی زۆر لاوازو هەرگیز وەك ئەکتەرێکی پرۆفیشنالی پشتی پێ نابەستریت، ئەوەی هەیە کەمێك بەرهەمێکی لاوازە کە نە لە گەڵ تەکنیکی ئەمڕۆی سینەما دەگونجێ، نە لەگەڵ فۆرمی جیاوازکانی ئەمڕۆی پشکەوتنی سینەمادا هاوکوفۆ.
بۆیە دەرهێنەر ناچار دەبێت کە هەندێ جار سەرکەشی بکات و ئەو ئەکتەرە کلاسیکیە بە ئەزموونانەی بواری شانۆو دراما بە سینەما بکاربێنێ کە بەزۆقی پەرفۆرمانسی شانۆییان پێوە دیارەو هەمان ئەکشن و ئیلقاو دەنگی شانۆیی و دەرخستنی جەستە بە سینەماش بکار دەهێنن.
ناکرێت هەندێ دەرهێنەر بتوانست و ئەزموونی هیچ ئەکتەرێکی شانۆیی

فریو خواردوو بۆ و وای بۆ بچێت، کۆ ئەو ئەکتەرە هەمان ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بێنێ کە لێشانێ یا دراما بەدەستی هێناوە، نەخێر هەندێ لەو ئەکتەرە جیاوازانە دەبێنە باڵکی گران بەسەر شانی سینەماوە.

ئەوەی بۆ سینەما گونجاوە هیچ لەو ئەکتەرانە نین کە قالبکی شانیان وەرگرتووە، بەڵکو تەنیا ئەکتەرە خاوەن ئەزموونکانی سینەمان، کە لە چەندین ئەزموندا توانای خۆیان لە بەرهەمکاندا دەرخستووە ، یاخود کاراکتەری سروشتی شەقامن، لەوانەی نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری هیچ فەرمکی تەقلیدی ، کە هەندێ لەوان هیچ جۆرە نواندنکیان نەکردووە ، بەڵام دەرهێنەر لە کاتی وێنەگرتندا بۆ شەوێ دروستی دەکات، کە ئەو دەیخوازێ ، ئەوەتا زۆر لەو ئەکتەرانەی لە شەقامەوە هیندراونەتە ناو سینەما، هەندکیان ئێستا بوونەتە ئەکتەری جیهانیی و چەندین خەڵاتی سینەماییان لەجیهاندا بەدەست هێناوە، بە نموونە کاراکتەری (وەحشی) کە لە فیلمی (رسالە) ی مستەفا عەقاد حەمزەی مامی پێغەمبەر بە چەم دەکوژێ ، ناوی عەلی سالم قەدارێیە، خەڵکی لیبیایە، لە ژیانیدا کاری نواندنی نەکردووە، کاتێ مستەفا عەقادی دەرهێنەر لە هوتێل چاوی پێی دەکەوێ ، بە ئەو ڕۆڵە هەڵی دەبژێرێ .
عەلی سالم لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەنووسی دا دەربارەی ڕۆڵکەی لە فیلمی (رسالە) گوتی : دوای ئەوەی دایکم فیلمکەی بینی ، لە ماڵ دەری کردمە دەرەوە هاواری دەکرد بە سەرما، چۆن تۆ پێ دەنێیتە ماڵکم تاوانباری بە کوشتنی ئیمام هەمزەی مامی پێغەمبەر .
ئەو جۆرە ئەکتەرانەی سەرشەقام کە لایەن دەرهێنەرەوە بژار دەکرێن بە بینینی ڕۆڵی هەندێ لەو کاراکتەرانە ، تەنیا روخسارو ڕەنگ و شەوەی لەکچونیان لە کاراکتەر دەبێنە هەکاری ڕاکێشانی ئەو کەسایەتیانە بۆ دنیای سینەما .
ئەزموونی ئەکتەری کورد لە گەڵ سینەمادا ئەزموونکی کورتە بە قەد کورتی تەمەنی سینەمای کوردی ،
نک هەر ئەکتەر هەموو ڕەهەندە هونەرییەکانی سینەما بگشتی لەدەستپێکدان و تا ئێستا نەکەوتونەتە سەر پێ، کە خاوەنی شوناسکی سەربەخۆ نەبێت .

چینایەتی لە کورتە ڕۆمانی کارەکەر دا.. هەشیارجەمال

کورتە ڕۆمانی " کارەکەر" لە نوسینی " گەلاوێژخان"ە و لە دووتوێی (١٠٤) لاپەڕە دا نووسراوە، کاتی نووسینی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٧)ی زایینی، کاتێک نووسەر لە تاراوگە ژیاوە. بەڵام بۆ شەوێکی هاوین لە کورتە ڕۆمانەکە ئاماژەی نەکردوە بۆ کاتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک یان زەمانێک. نووسەر شاری بەغدادی وەک شوێنی ڕووداوەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکە هەڵبژاردوە، کە زۆربەی کارەکتەرەکان بۆ نێتەوە کوردن. هەروەها دیالۆگ و کارەکتەرە سەرەکیەکانی زۆربەیان ڕەگەزی مێینەن، کە ئەمەش زیاتر نزیک دەبێتەوە لە ڕۆمانی "بووکی ئاتەخان"ی هەمان نووسەر. دەستپێکی ڕووداوەکان بوون بە خزمەتکاری کچێکی خوار هەژدە ساڵە بەناوی"گوڵە" کە بانێتەوە کوردە و نیشتەجێی خانەقینە، بەڵام باوکی بەهۆی ئاوی لۆگۆ دایکی ناژی تا تەمەنێک توانیوێتی بەخۆی بکات، ناچار دێباتە شاری بەغداد و دێیکات بەکارەکەری ماڵێکی دەوڵەمەندە کە ئاوانیش هەر بە نێتەوە کوردن. لەروە ئازار و سەختیەکانی ئاو منداڵە دەستپەدەکات کە چۆن کارەکەری ماڵێکی پە دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە. هەروەها وەک کێلێیەک ماماڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە ئەمەش سەلمێنەری ئاوێیە ئاو دابەشبوونی چینایەتی و کێلایەتیانەی کە بە درێژای مێژوو ڕوویانداوە و لە وڵاتێک بە وڵاتێکی تر بە جۆری جیاواز بوونیان هەبووە، ئەگەر لە لایەکەوە ڕۆهەندێکی سیاسی هەبێت و نێتەوە سەردەستەکان و زلهێزەکان دانیشتوانی وڵاتە هەژارەکانیان ناچاربکردبێت بۆی دانیشتوانەکەی بکەینە بە کێلە لە پاش داگیرکردنی وڵاتەکەیان یان دانیشتوانەکەیان گواستبێتەوە بۆ وڵاتانی تر و بە کێلە کرابێت، ئاوا ڕۆهەندێکی تری بریتیە لەوەی زۆربەی مرۆڤ لە ناخی خۆیدا کاتێک دەگات بە پلە و پێستێک یان سەروەت و سامانێکی زۆر حەز و ویستی خۆ زاڵکردن بەسەر ژێردەستەکانی هەیە. وەک کێلە ماماڵەیان لەگەڵ دەکات و ئازاری جەستەی و دەروونیان دەدات وە هیچ پاوەرێکی (یەک زمانی و یەک نێتەوەی و یەک ئاینی) ئاو دوو مرۆڤ کاریگەرێکی ئاوەتەی نیە لەسەر ئاوەی کەسی سەردەستە و دەوڵەمەند تا لە ئازار و سەختیەکانی کەسەکەی تر تێبگات.

ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمانەکە جگە لە نیشاندانی ئازارەکانی کچێک بە

ناوی "گوڵ"، نیشاندانی ئازاری چەندین ژن و کچی تر لە کۆ لە ماڵە دوورماندەکانی تر دژین و ستەمیان لێ دەکرێت، تەناتەت دەستدرێژی سێکسیان بۆرامبەر دەکرێت.
هەر لەم کورتە ڕۆمانەدا ئاشنا دەبین بە ژنێک بە ناوی "شوکریە" کە ئەویش هەر خزمەتکاری ماڵانە و پاش ماوەیەک دێتە هەمان ماڵ کە "گوڵ"لێی دژی بە کارەکەری، بەڵام ڕوحی یاخی بوون لە جەستەی ئەم ژنەدا نێک هەربووونی هەیە، بەڵکو بۆشکی دانبەداوە لە جەستە و دەروونی ئەم مرۆڤە یاخیەدا کە دەبێتە هۆنی چەند ڕووداوێکی جیاوازی ناو کورتە ڕۆمانەکە، ئەویش لە پاش ئەوەی خاوەن ماڵەکە وەک کارەکەری خۆی کە بە میوانی دەچن بۆ ماڵان لێگەڵ خۆی دەیبات، ئەویش لەوە وەک ژنێکی وریا دەگەڵێت و دەپرسێت هەتا بۆ ئازارەکانی کارەکەرێکی تر ئاشنا دەبێت کە خاوەن ماڵەکە پلەدارێکی سەربازیە و چەندین جار دەستدرێژی سێکسی کردۆتەسەر، ئەویش سەرەڕای مەترسیەکان ڕزگاری دەکات.

لە کۆتایشدا نووسەر ڕووداوەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکەی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت کە شوکریە بەیاری هاوسەرگیری دەدات لەگەڵ باوکی "گوڵ"دەدات. کە بەم بەیارە خۆی و کەسێکی تریش لە کارەکەری ماڵان ڕزگار دەکات و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەن. کە دەکرێت بڵێن ڕاستە نووسەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمانەکەیدا هەندێک ڕاستی ناخی مرۆڤی بە باسکردین کە چەند وێنەی خەبەگۆرە زانین و بوون بە ستەمکار و بینینی خۆکە وەک کێلە، کە خوێنەر توشی دەتەنگبوون دەکات، بەڵام لە کۆتایدا پەیامی ئازادی و ڕزگار بوونی مرۆڤی نووسیوەتەوە کە لە هیچ بارودۆخێکی ژیانیدا ناکرێت بە هیوابڕێت، بەڵکو پێویستە هەردەم ڕوو لە ئاسۆی ڕووناکی بێت، پەیامی ژیان دەستی هەڵگرتبێت.

مرۆڤ نابێ فڕیبکرێت.. ئاراس سەعید

فڕکردن کەبتکردن و کوشتنی توانای تەئامان و تەفکرینی تاکە، بە کەسێکی پاسیڤ و وڕگر.

سیستمی پەروەردەی کارخانەیەکە تەواوی ئینەرجی و تواناکانی مرۆڤ دیسپلین دەکات لەلایەن دەسەڵاتەوە. کاتێک "فرێد" دەربارەی سەردەمی "قەڵەقی شارستانیەت" دواوە، لەدیدی منەوە، لە ئێستا ئێو هەڵەی ئایین لەمێژوودا، وەکو دەزگایەک لەبەرژەوەندی دەوڵەت "دەسەڵات" خۆی تەدا مومارەسە دەکردەوە، لەسەردەمی نوێدا ئێو هەڵە گەورەتەوە بە ناو دەزگا پەروەردەیەکانی وەکو (خوێندنگا، زانکۆ، پەیمانگا). دەسەڵات ڕایەڵەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو بەشێوازێکی قووچکی لەسەرەوە دێتەوە بە خوارەوە، کاتێک دەسەڵات لەلایەن مامۆستاوە خۆی مومارەسەدەکات، کاردەکات بۆ "نامۆ"کردنی مرۆڤ، لەجۆهەری خۆی.
مامۆستا لەلایەن مومارەسەکردنی دەسەڵاتەوە، تاک ناچار دەکات بۆفڕبوون و ووتنەوەی شتانێک کەهەرگیز خۆی قەناعەتی پێ نیە، ئەمەش فاکتەرێکی بۆ دروستبوونی شێزانێک لەدڕوونی تاکدا تا هەدی هەدی لەخۆی "نامۆ" دەبێت و دەبێتە هەبێت وتووتی. ئاڵەڕوویی "قەڵەقی شارستانیەت" و هەرس هێنانی بۆهاکان دێتەئاراوە، چیتر مرۆڤ ناهاتوە لەلایەن پێشینی ماسک و شاردنەوەی هەستەکانی.
مرۆڤ دوونیایەک مەتیفی چەپێنراو کەبتکراوی لەژێر ئێو ماسکانەدا حەشاردراوە کە هێزانە دیپەشێت. مرۆڤ چیتر ناهاتوە بۆ نەگووتنی ڕاستی و لەجۆهەری خۆی نامۆ دەبێت و، ئینتما و شوناسێک لەوانی تردە وەردەگرێت و ئێو هەڵە نمایش دەکات، کە کەمەڵگا و سیستەم بەسەریدا سەپاندوویەتی.
سیستەمی پەروەدە، (تاکی هەشمەند- تاکی یاخی) لەلایەن سەپاندنی یاساو داشکاندنی نمرەوە دەگەڵێت، بە تاکێکی گوێڕایەڵ و توتی، فەرگە ئاگایی و توانای تێڕامانی تاک دیسپلین دەکاتو، (کەمەڵێک پرسیار و وەڵامی ئامادەکراوی پێ لەبەردەکات) ئاڵەڕوویی، بەرهەمهێنانی مرۆڤی مشەخۆر و پاسیڤ و دروستکردنی گاڕان و مەگەلێک بە دەسەڵات، کە هەرچەنکی بوێت لەیان دەخوێت.
فەرگەو پەروەردە کارگەی بۆ بۆهاکردنی مرۆڤ و خەساندنی تواناکانی مرۆڤ، فەرگە هەزە خودیەکانی مرۆڤی کارا دەچەپێنێ، مرۆڤ لە کارخانەکانی پەروەدەدا وەکو ماتیاڵی خاو، دەبێتە ئوبکتی بەرهەمهاتوو، لەقاڵب دەرێت. (مامۆستا) لەلایەن فەرکردنەوە تایپێک لەمرۆڤی کارا دەگەڵێت بۆ مرۆڤی پاسیڤ و کارلێکراو. تاک وەکو سوژەیەکی ئاگا بەشدارنابێت لەپڕۆسەی فەرکاری و بەرهەمهێنانەوەی خۆیدا، بەڵکو دەبێتە ئوبکتیی فەرگەو، توانای ئامان و تێفکرینی لێ و پڕۆسەیدا لەقاڵب دەدرێت و دەبێتە تایپێک لە مرۆڤی ئامکراو لاسایی کەرەوە. ئەوە تاک نیە ئادەمێنی و گومان لەئاستی شتەکان

دکات، بەکو تاک بەپەسەیکی لەسەرخدا ادەهنرێت لەسەر لەبەرکردنی وەامە ئامادکان. فرگ پمان دەێت؛ تە مافی بیرکردنەو و ەخنەگرتن نیە، بەکو ئمە پێت دەێن چن بیربکەیتەو چی بەتەو. فرگ دزگایکی کوشندەیە کە خزمتی سیستم دکات، بە بەرهمهنانی نوەیکی امکراو و گوایە.

کاتک گرانی بە ناخی رحتدا ردچتە خوارە.. نووسینی: ستیفان شمزینی

مرۆف لە بوونی خیدا چندین زمانی جراوجری بە گوزاشت لە خکردن و دربینی هستە شاراوکانی خقاندوو، لە چرکساتکدا مرۆف لە بردم ژانکدا بە چکدا دێت یان لە برامبر خشویستکیدا بتە پارچیک لە کریستاڵ تنیا دتوانێت بە شێوە و ریتمکی مسیقیانە بئاخفێت، زر جار مرۆف هست و وشە پنگخواردووکانی بە سینتاکسی پ چژ و بە فرمکی شیعرییانە دردەبڕێت، رنگبە هر ئوەش بووبتە هی سرهدانی گرانی وک رگزکی گرنگی هونر. گرانی کوردیی کە بشکە لە کولتوور و رشنبیریی ئم نتوەیە ئگر نەبین لە شێوە فلکلرکیدا لگەڵ لە دایکبوونیدا هبووە ئوا سرهدانی گرانی کوردیی نکوتتە کاتکی درنگی دوای وجودی کورد وک نتوەیک لە دیرکدا. زربی جاران هندی گرانییک یان پارچە موزیکایک کاریگریی هیە لسەر مرۆف رنگبە شێوشک ئوەندە کاریگر نبە، یان کاریگریی شێوشک بە هی چند گرانییکەو بێت.
لە یادمە لە راپڕینی ئازاری ساڵی 1991 سروودکانی هونرمند (ناسری رزازی) وک شیپوری ئازادیی لە ئستگی دنگی گەلی کوردستانەو تنانەت دروونی مندانیشی دهژاند، منک کە نمدتوانی چکدار بم و وک پشمرگیک رۆ ببینم، ئو سروودانە نیگرانیان لەلا دروست کردبووم، چوونکە کفوکۆی دروونم تنیا بە هەمەت بردن و روبەووبوونەوی داگیرکران دادمرکایەو. بش بە حاڵی خم لە بواری هونردا ئوەندی بە گرانی کاریگرم و

ئاوەزانم لەگەیدا هیچ کات (شانە- شەوکاریی) هەندێ پەلکەشیان نەکردووم بە لای خۆیاندا (بەبێ ئەوەی لە بایەخی ئەو دوو لایەنە گرنگەی هونەر کەم بکەمەوە) هەر بەیەک ئەم چەند دێڕە لە بەرامبەر گرانی کوردیی و هونەرمەندانداە رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە زۆرەیە.

حەسەن زیرەک

کاتێک گوآ لە گرانییەکانی (حەسەن زیرەک) دەگرم دەم پێ دەبێت لە ئیرەسییەت و غەریزەی ژیاندۆستی هوژمم بە دەنێت و کەتم دەکات لەناو خۆیدا، گرانییەکانی حەسەن ئەوەندە کاریگەرن مەحاڵە گوێم لە یەکەکیان بێت تێنانێت لەناو ئاپۆرای دەیان هەزار کەسیشدا بێت ئیستەکم پێ نەگرێت و نەمخاتە دنیای جوانیپەرسی و ئەویندارییەوە (بە مانای رووتی وشەکە)، بە راستی (حەسەن زیرەک) موعجیزەی هونەری کوردییە و گەورەترین سیناتۆری ئیمپراتۆریای هونەری گرانی کوردیە.

عەلی مەردان

کاتێک گوێ رادەدێرم بە (عەلی مەردان) دەچمە نێو دنیای خەیاڵ و لە فەنتازیاکانی خەمدا نووقم دەبم و بە فلاشباگ گەشتێک بە رابردوودی خەمدا دەکەم، وای لێکردووم تا سەر مەخ نوستالیژی بم و پابەندبم بە رابردووەوە. عەلی مەردان بە چریکەی بولبول ئاسای کەشکی قورس دەخاتە سەر مەشکت و کەنترۆڵی دەکات!، لە ئاوها حاڵەتێکیشدا ناتوانی چ کاردانەوەیەکت هەبێت جگە لە رامان لە پیاوێکی ناسکی، دە بریندارێ وەک خۆی.

ناسری ڕەزازی

ئەو دەقیقەیەی ڕەزازی بە دەنگی زوڵاڵ و شەشگەڵانەی لە بەردەم گرانی یان سروودێکی خۆیدا رامەدگرێت، ئیدی ستەملێکراویی نەتەوەیەک و ئێش و ئازار و ناسۆرەکانی جارێکی تر دەخاتەوە ناو زاکیرەم و بەردەوامی پەدەبەخشێت لە چینی یادەوەرییەکانمدا، ئەو کاتەی سروودەکانی لە دێت دەدەن دەبێتە منداڵێکی ئێنفالکراو کە لەگەڵ حەشامات و کاروانی ئێنفال بە زیلێکی سەربازیی بەعس بەرەو نوگرە سەلمانت دەبەن و لەوێ عەرعەر چاوەڕێیە بە خۆێکی هەتا هەتایی لە ژێر لمی بیاباندا.

نەجمەدین غوڵامی

سەزی دەنگ و دەربەینی نەجمەی غوڵامی تنۆک تنۆک فرمێسک بە چاوانماندا دەنێتە خوارێ، گرانی (پایز پایز) بیری هەوڵەرینی گوڵکان و فەینی جاویدانی پەروانەکان و کەچی ناوادەی ئازیزانم دەخاتەوە، دەمباتەوە بە گازینۆی شەعب تا لەگەڵ شاعیری پایز و گۆرانیبێژان (محەمەد عومەر عوسمان) پیاڵەیەکی دی چا بخەینەوە و

دواتر لە پەنا بە بادانی سیگارەکەماندا بەرەو ماڵ ملی ڕێگە بگرینە بەر. غوڵامی سوکنایی بە دەدا دەهێنت و زەر جاریش لە خەکوشتن ژیوانم دەکاتەوە و بە بزەی گەرانی (خانومان) دەمباتەوە نێو دنیای بەرائەت و عیشق و پەم دەەت هەشتا ژیان بایی ئەوەندەی پەوە ماوە ئافرەت یان هەر شتێکی دیکەت تێیدا خوشبووەت.

عەدنان کەریم

بەیانیان کاتێک لە خەو را دەبم و بەر لەوەی دەموچاوم بشم گوم لێیە باوکم بە دیار گەرانییەکی (عەدنان کەریم)ەوە سیگار دەکێشت و دەست دەهێنت بە قژە ماش و برنجییەکەی خێیدا و نوقمی دەریای خێیاڵ بووە، ئیدی (عەدنان) بەم جۆرە دەتە بەردەم دەرگای دە و ناچارت دەکات دەروازەی کەمدراوی لێبکەیتەوە، بەم جۆرە عەدنان وەک شنەبایەکی فێنک خێی دەکات بە دەروونتدا و دەیکاتە هەڵانەی خێی و ئەوسا لە سەردەمی ونبووونی گەرانی کوردیدا بەوپەڕی ڕەسنایەتییەوە لەگەڵ ڕەحت دەدوەت و پەت دەەت یەکەم و دواکاری ئەمەت تەنیا خەشویستی و پیاسەیەکی لای ئەوارانە لەگەڵ دلبەرەکدا، ئەو بە ڕەحی نالی و وەفایی و مەحویەوە لەگەڵتدایە و هیچ کامیشیان نییە.! ئەو نالی نییە بەڵام (عەدنان کەریم)ە.

مەزهەری خالیقی

تا ئێستا نازانم بۆچی هەندە خووم بە گەرانییەکانی (خالیقی)یەوە گرتووە. بە ئەوەی بتوانم بەسەریدا زاڵ بم هەگری ئەو سەز و دەنگە پە لە هەستەم. هەر کە گەرانییەکی (خالیقی) هات، تەرکیزی هەموو بیرکردنەوە و تەنانەت هەموو نیگاکانیش لە خێیدا کەدکاتەوە، سیحری ئەو دەنگە ئەوێیە هەرچەند گوێی بە رادەری و لەگەڵی بژیت جار لە دوای جار نوەترە!! بە رادەیەک بە موبالەغەی نازانم بەەم یەک جار ژیان کەمە بە ئەوەی بتوانی تینوەتیت لە کانیاوی چریکەی خالیقی بشکەنیت. تەنیا یەک ژیان کەمە لەگەڵ ئەو هەستە ناسکە ئاه هەبکەشی، تەنیا یەک جار ژیان کەمە بە ئەوەی بتوانی بە تەواوەتی تەرکیز و بیرکردنەوەت ڕەبچیتە نێو دنیای ئەفسانەیی خالیقی.

دیاری قەرەداغی

ئەی لەو نەگبەتییەی کەسەک (دیاری قەرەداغی) خێی دەکات بە ژیانیدا، ئەو کاتەک گەرانی دەچەت ئەز ئارەزووی کوشتن یان ئازاردانی دەکەم! ئاخر ئەو سەرتاپای ژیانمی کردە ئازار، ئەو گەرانییەک دەچەت ڕەحت هەپرون هەپرون دەکات؟ وشەکانی حەلاج و مەعەیەت وەک گوڵاو بەسەردا دەپرژێنەت، ئەو پەت دەەت ئەم نیشتمانە سوتماکە سەر لەبەری برین و ژان و دەردداریە، ئەو شەو نایەەت بخەویت چوونکە پەت دەەت ئەی کوێی ئەم نیشتمانە تە (پاەوانەکی بە شمشێری)ت، پەت دەەت تە شێرە بەفرینەیت، ئەو

بانگەوازی رابوون دەکات کەچی هەر خۆی حەقیقەتە تاڵەکان وەک گوللە دەنێت بەسەر سینگتەوە، دیاری فڕی کردین خاک چ بەنکی هەیە، نیشتمان چ ئازارکی هەیە، ژیان چ ڕەنگکی هەیە، ئەو فەرمان دەکات غروب و ئاوابوونی خۆر و کەچی باڵندەکان تەفسیر بکەین.

کەمال محەمەد

سەزی دەنگی کەمال ئاوازکی غەریبە لە ئاسمانەوە هاتووە تاکو خەمکانی سەر زەوی رابژێنێت. ئەو لە یەک کاتدا گەرانی بە عیشق و بە ئازادیی دەچڕێت. لەنەو ئەو هەموو دەنگە لەکچووەدا سەدایەکی جودایە و غوربەت و تەکشکان و هەرەسی خەونەکانمان بە دەگەڕێتەوە. دەنگکی مەحزون، بەهام پڕ لە ژیان، دەنگکی پڕ لە ژیان، بەهام نائومێد. گەرانییەکانی هەر یەکیان خەیان قەسیدەیەکی غەمگینن، هەنسکەکانمان دەچڕن، فرمێسکی وشک نەبووی چاوەکانمان دەسڕن. بە قەدەر بەهیوایییەکان ئومێدمان پڕەدەدەن، بە قەدەر هەموو ئومێدەکانیش پەمان دەکەن لە گوومانی بە هیوایی. گەرانییەکانی جیاوازترن لە گەرانی هەموو کەسی تر، کوەکە قاسپەی لە هیچ کوەکی تری سەر ئەم زەمینە ناچڕێت، وەک وتم ئەو نوێنەری هەسارەیەکی تر لەسەر زەوی.

خالید ڕەشید

خالید ڕەشید وەک دیاردەیەک لە بەردەمتدا دەتەقێتەوە، لە تاراوگەکیدا لە سەزی نیشتمانکیدا هەدی هەدی دەتوێتەوە، مانیفێستی غەریبان وەک سەمفەنیایەک بە گوەماندا دەدا و غەمکانی تاراوگە و ژیانی غەریبی بە حنجە کردین، کاتک خۆی و عودکەی گەرانی (بوکی ئەوارە) بە دەست ئاڵاستە دەکات، ئیدی هەروەک قەدەر پێتەوە دەلکێت و پێت دەڵێت ئەمە چارەنووستە و ناتوانیت لەم گەرانییە قووتار بیت، ئەو گەرانی کوردیی بە ڕەنگ و بۆن و تامی خەیەوە دەبژێت و قسە لەگەڵ ڕەحی کوردیت دەکات، فڕی کردین بوکی ئەوارە و نیشتمان و ڕەسەنایەتی ئەم گەلەمان خەشبوێت، گەرانییەکانی مەحکومی کردین دەزەخی وەاتمان لە بەهەشتی مەنفا لا شیرینتر بێت و تاڵاوی نیشتمان لە دەمماندا وەک هەنگوین بێت.

بەهجەت یەحیا

هەر دەنگی (بەهجەت) دەگاتە گوێت، خێت دەبینی لە کەی دەروەشاندا چەن زیکر و عەشقی یار دەبێتە هەموو ژیانت، فڕت دەکات چلەن لە بەردەم مەعشوقدا وەک مەم بسووتێیت (ئەو فڕی سووتانمان دەکات)، بە گەرانییەکانی دەتباتەوە بە سەر کانیاوە ڕوونەکان و پێت دەڵێت فەرموو پڕ بە کامی دەست تێری لە بخڕەوە، دەتگەنێتەوە بە ئاوپەی پاکیی و ئاوێنەیەک دەداتە دەستت بە ئاوەی پاکێتی خۆتی تیا وەدیبکەیت. (بەهجەت) ناینی عاشقان و ڕەگی سەختی ئەقیندارییە

و فەینی دیدالەوسیانە و سەرکەشی پرەمیسیەست بیر دەخاتەوە، پێت دەڵێت بە ئەوەی بتوانی عاشق بیت پێویستە وەک پرەمیسیەس یاخی و سەرچە و لەوشاوە بیت، بە ئەوەی بتوانیت لە مەعشوقەکەتدا فەنا بیت دەبێتە وەک (ستێفانی دیدالیەس) بتوانی بفڕیت!!. بەهجەت وانەکانی عیشق راڤە دەکات و بێت شرۆڤە دەکات بەچی شێخی سەنعان بە کچی دیان لە دینەکەی وەرگەڕا؟، پێت دەڵێت بەچی نالی هەندە عاشقی حەبیبە ببووە؟ بەچی مەولەوی خەی لە عیشقی عەنبەر خاتوونەدا ون کردبووە؟ بەهجەت ناچار دەکات لە دوای گوێگرتن لەی بچی یەک دوو جام مەی بنۆشی تا بتوانیت ئامادەیی وەربگریت بە ئەو فەین و عیشقە قورسەی وی باسی دەکات.

کەریم کابان

هەر (کابان) بە ڕەحە گەنجەکیەوە هاتە ماڵی ڕەحتەوە، دەبێت دەست لە دنیا بشۆیت و بە دوای دنیایەکی یەتەپی بگەڕێی کە لەوانلەوە لە سەز و میهرەبانی، ڕەگات نیشان دەدات مەملەکەتی عیشق و ئەڤین بدەزیەوە، دەتباتەوە سەر سەرچاوەکانی دە و پێت دەڵێت فەرموو جێگای مرۆڤ و ژیان و هەموو بوونەوەران لەم دەڕە بچووکەتدا بکەوە، پێت دەڵێت وەک عیسای مەسیح ژیانت لە پەناوی ئەوانی تردا خۆشبووێت، دەتنەرێتەوە بە رابردوویەکی دووری بگەڕد تاکو لە پەنا مەلای جزیری یان وەلی دەوانە عاشقی کچە کوردی نازدار بیت، ئەو مەبەستیەتی پێت بڵێت هەر چەندە جەستە پیر و لاواز دەبێت، بەڵام دە شتەکە نە پیر دەبێت و نە لاوازیی دەناسێت، دە هەر بە گەنجی دەمێنێتەوە، عیشقیش هەر عیشقە چ لە لاوی یان پیریدا بێت. ئەوەش پارچە شیعرەکەی "فرانسواز ساگان"م وەبیر دەخاتەوە:

انت كنت في العشرين تستطيع ان تحب
وانت كنت في الثمانين تستطيع ان تحب
هناك دائما مناسبة لأشتعال البرق

کەریم کابان.. پێت دەڵێت دەروازەکانی ژیان جگە لە جوانی و ئافرەت و ئەوینداریی هەموو کەم دراون، پەویستە بە پێینەوە لە ناهەمواریەکانی ژیان بە دەرگای عیشق و سووتانی ڕەحتدا تێپەڕیت.

دوا وشە

نەمتوانی ئەم چەند دەڕە کە کاریگەریی گەرانی هونەرمەندانی ناوبراون لە دە و دەروونمدا بەرهەمی هێنا بوو لە دەی بچووکمدا جێگەی بە بکەموە، ئەمەش ناچاری کردم دەست بدەمە خامە و ئیحساسی خەم بخەمە بەردەمی خەڵکی تریش. بەیە ئەم بابەتە لەکۆڵینەوە نیە بە قەدەر ئەوەی پەخشانکی سادەیە.

هاوینی 2004

ئازادی و فەزای ئاوەڵای سیاسی لە کوردستان.. نادر عەبدولحەمید

سەرکوتگەری هێزەکانی پەکھەنەری دەسەڵات و هێکخراو لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستانداء، لە هەوڵندێکی هێکشاندایە، نێک هەر لە چەند مانگ و چەند ساڵی ڕابردوودا، بەکو بەدرێژایی دەسەڵاتدارەتی هەردوو حزبی قەومی "پارتی" و "یەکیەتی" و ئیدارەی جیای هەولێر و سلەمانی و حکومەتی هاوبەش و بنکەفراوانیشیان بەبەشداری حزبە قەومی و ئیسلامیەکانی تریش.

ئەم هەوڵندە لە ساڵانی نەوەتەکاندا نێک هەر بە شێوەی ناوخە و کوشتوکوشتاری هەپاوەوو لە هێزەکانی یەکتر و هێنانی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە (ناوەڕاستی ئابی ١٩٩٦) و سوپای تۆرکی بەعس لە (٣١ ئابی ١٩٩٦) و سوپای تورکیا لە (ناوەڕاستی ئایاری ١٩٩٧)ەوە بە کوردستان دەستی پێکرد، بەکو بەرلەوەش هەر لە (١٩٩٢) بەدواوەوە بە تراری بەپەردەی هەسوەاوانی سیاسی دەستی پێکردبوو (لە: حزبی شیوعی عەراقی، زەحمەتکێشان، هێکخراوی تێکۆشانی هەنجدەرانی کوردستان، هەوتی کۆمەنیست، حزبی کار، پەکەکە، ...) و تێکشکاندنی ئەو هێکخراوە جەماوەریانەی کە لەسەرەتای شکێگیریدا بوون لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا.

هەریەک لەو دوو حزبە سەرەتا کەوتبوونە پاکتاوکردنی سیاسی ناوچەی "زەرد" و"سەوز"ی ژێر نفوزی خۆیان، دوای ئەنجامدانی ئەم "ئەرکە"یان ئینجا دواتر کەوتنە گیانی یەکتری بە بوون بە سورەی بەرلەشکری وەاتە فاشیست و دیکتاتۆرەکانی ناوچە.

بەجیا لەوەی کە بەینبەینە شل و نەرمیەک هاوەای ئەو سەرکوتگەریە بووبە، بەتایبەت لە چەند ساڵێکی کەمی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە (٢٠٠٣) بەدواوە، بەهەام لە ئێگەستی (٢٠٠٦)وە بە سەرکوتی خەپشاندانەکانی سلەمانی و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری هاتوە هەواڵی نەمایی پە زەبروزەنگی خۆی و خوێنشتنەکانیان دەستی

پێکردەوە (لە: ١٧ شوباتی ٢٠١١، ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ و دەسەمبەری ٢٠١٨)دا.
گەرچی سەرکوت و تەنگپێهەڵچنین و تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بەدرێژایی ئەم دەساتە هەربەردەوام بووە بە ڕەگرتن لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و تاڵانیکانی دەسەڵات، بەڵام لە دوای (٢٠٠٦)ەوە تا ئێستا بۆتە دیاردەیکی بەرچاو، بەڕادەیەک ئۆگەر لە ژێرەوە تیرۆر نەکرێن وەک (سەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، ویداد و ...) ئەوا بە ئاشکرا بەناوی دادگا و یاساوە دەستگیر دەکرێن و حوکمی سەنگینیان بەسەردا دەسەپێنن، وەک لە ئێستا لە کەسی گیراوەکانی دەڤەری بادینان و بەناو دادگاکردنیاندا دەردەکەوێت.
ئەم ڕەوەندە لە هەڵکشانی سەرکوتگەری و خوێنڕێژی و دەمکوتکردن، هاوەڵای پەرەسەندنێکی زۆر خێرای سەرمایەداری بووە لە کوردستاندا، کە تۆڕگەلێکی سەرمایەدار؛ لە ملیاردێر و ملیۆنێر، لە بازرگانانی دەرەکی و بەڕێوەبەران و خاوەن کۆمپانیا و پڕۆژە ئابوریەکان، ... بەرژەوەندیەکانیان لەکەڵ هاوەڵگەلێکی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندی ئێردوێک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و پەرلەمانتاران و خاوەنانی پست و پلەی باڵا لە پیاوانی ئایینی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و ئەو بانگەوازخوازە دینیانەی بەهرەمەندن لە گەندەڵیکانی دەسەڵات.
ڕەگی مەکتەب سیاسی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆگانەکانی سەرکردایەتییان و بنەماڵە دەستەپیشتووەکانی ناویان، بریتیە لە هاوئاهەنگکردنی بەرژەوەندیە ئابوری و ستراتیژیکانی ئەو چینە سەرمایەدارییە لە کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی کە خودی ئەو ئۆگانە سیاسیانە و ئەو بنەماڵانە خۆشیان لە ملیاردێرەکانی کوردستان و خاوەنانی پڕۆژە هەر گەورە و زەبەلاحەکانن بەتایبەت لە بواری نەوت و گاز و پاڵاوگەکانی بەنزین و خانوبەرەسازی و بازرگانی دەرەکی و قاچاخی خاو گومرگیەکاندا، وە زوربەی ئەو بوارانیان بە خێیان قۆرخ کردوە.
بەم پێیە ئەم سەرمایەی مەنپەلە کە هەم دەسەڵاتدارە و هەم سەرمایەداری کوردستان، پێیوەندی بەشە جواروجۆرەکانی سەرمایە و تۆڕە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی کۆنتڕۆڵ دەکات و بەڕێوەیدەبات. دیارە ئەمەش ناڕەزایەتی بەشێک لە سەرمایەدارانی هەناوەتئاراوە کە لەو ئازادیە بە مانایەک موتەقەی تۆڕی مەنپەڵە بەهرەمەند نین لە وەبەرهێنان و کەڵکەڵەی سەرمایەدا.
پێیوەندی ئەم سەرکوتگەریە زۆر ڕون و ئاشکرا دیارە بە بنەمای ئابوری سەرمایەدارانەی هەرەمەکی و ناوەڕۆکی چینایەتی بوژوازیانەی

ئەم دەستاتەوە کە لێئارادایە. ئەمە پەداویستی ئەم سیستەمە ئابوریە نیولیبەرالیزمە و سەقامگیرکردنی ئەم دەستاتە چینایەتیە و مسۆگەرکردنی ئیمتیازاتە ئابوری و سیاسیەکانیەتی کە ئەم دەمکوتکردن و سەرکوتگەری و خوێنڕژیەی کردەتە دیاردەیەکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەیە.
بەدواداچوون و شیکاری بۆ ئەم مەسەلەیە شوێنی باسی ئێستامان نیە، ئەوەی جێگەی مەبەستمانە لێرەدا، ئەوەیە کە ئەم هێرشانی سەرکوتگەریە بۆ مانایە نییە هێرشی کوردستانی عێراق کۆمەڵگەیەکی دامەزراوەیی یاسایی بووبێت لە ماوەی نزیک بە سی (٣٠) ساڵی ڕابردووداو دەستاتەکەی خۆریکی وێرانی دامەزراوە یاساییەکان و هێڵەچانی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان بێت.
ئەو بە ئازادی و مافانەی کە خەڵکی کوردستانی عێراق لە بەهرەمەند بوون بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و کشانەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس، ئاکامی بەشایی سیاسی و ئەو فەزا ئاوەڵا سیاسیە بوو کە کوردستان بەخۆیەوە بینیوە. مێژووی سیاسی هێز و حزبە جەماوەرەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، مێژووی بەرتەسکردنەوە و هێڵەچانی هەرچی خۆراتر و زوتری ئەم فەزا ئاوەڵا سیاسیە بووە کە ئازادیەکانی خەڵکی تیا هاتەتەئاراوە.
چ لە ڕۆگەی شەڕ و پێکدادانی چەکداری نێوان حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و ئیسلامی سیاسیەوە، وە چ لەڕۆگەی حکومەتی هاوبەش و بنکەفراوانیانەوە بووبێت ئەم هێزانەدە لە تەنگبەرکردنەوە و هێڵەچانی فەزای ئاوەڵای سیاسی بەرەو پێش براوە.
ئەگەر ناسیونالیزمی کورد، وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بورژوازی، لەسەردەستی "پارتی" یا "یەکێتی"، بیتوانیایە لە کوردستانی عێراقدا کۆتایی بە ناتەبایی ڕیزەکانی بەنەت و هەرەمەکە بکاتە ئیدارەیەکی سیاسی یەکگرتوو، ئەوا ئەو نمونەیە لە خەڵقان و سەرکوت کە ئەمڕۆ لە شار و شارۆچکەکانی دەڤەری بادینان دەیبینین لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم هەرەمەدا پیادە دەکرا.
ناسەقامگیری دەستاتی سیاسی بورژوا ناسیونالیستی کورد، وەک فاکتەک بەدەوری خۆی، ڕۆگەی نەداوە ئەو فەزا ئاوەڵا سیاسیە لەگەڵ هەموو بەرتەسککردنەوەیەکیشدا، بەزوویی و بەخێرایی هێڵەچڕێت، دەنا خودی ناوەڕۆکی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە لەووی فاکتی مێژوویەوە سەرکوتی سیاسی و فکری هەر جۆرە موخالیفەک هەتا لەناو ڕیزەکانی خۆیشدا بووە. ئەم ناوەڕۆک و ئەم مێژووە "درەخشانە"ش لە سەرکوتی سیاسی زۆر هاوئاهەنگ و لەبارە و ڕۆکەدتەوە لەگەڵ پەداویستیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانی بورژوازی لە

کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری وەکو کوردستاندا.
بزاڤی بورژوا ناسیونالیستی لیبڕاڵ لە دەسەڵاتی ئێستای هەرێمەکە، لەناو خودی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و لەسەر هەمان بنەمای ئابوری و سیستمی نیولیبرالیەوە دەستپێدەکات و خێی وا نیشاندەدات کە لە هەوڵدایە بەدیلێکی سیاسی شکڵ پێبدات ئازادی و مافەکان و خۆشبژێوی ئابوری بە هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکات. ئەمەش دووجار ئێستەمە، چونکە نە بزوتنەوەکە ئەوەی لەبارداید و نە پیداویستیەکانی کێبڕکێی سەرمایە و بەرژوەندیەکانی بورژوازیش ئەوە دەخوازێت، بە پێچەوانەوە داسەپاندنی بەبەشی و برسیەتیەکی هەرچی زیاتر و بەمافیەکی هەرچی زەرتر دەخوازێت، کە ئەمەش واتا سەرکوتی سیاسی و فکری و ڕواجدان بە خواڤاتی دینی و دەمارگیری قەومی.
ئەوە شکڵگرتن و پەرەداربوونی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی کرێکاری و حزبی بەهێز لە دەرونی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا کە لە هەنگاوی یەکەمیدا دەتوانێ ئەو بەڵێ ئازادی و مافانەی کە لە فەزای ئاوەڵای سیاسیەوە پاشکەوت بوون، پەرەیان پێبدات و دایانسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا، وە لە پەرەسەندنی خودی ئەو بزوتنەوەیەشدا، وەک بزوتنەوەیەکی سەراسەری کە سنوری هەردوو زۆنی "زەرد" و "سەوز" دەبڕێت، دەتوانێت پاشکشەیەکی جدی بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئیسلامی سیاسی بکات لە هەرەمەکدا و کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنێ و کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی دابشنبوو بەسەر چەند زۆنی ڕەنگاوڕەنگدا و لە ژێر دەسەڵاتی جەماوەری ڕێکخراو لە شەڕاکاندا شکڵبدات.
هەر ئەم پێسپێشە کە لەناوەڕۆک و لە سیاسەتە عەمەلیەکانیدا، وە هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیەوە، خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی کوردستان گرێدداتەوە بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی عێراق و بەشدار دەبێت لە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی و حزبی بەهێز لە سەراسەری عێراقدا بە جەنگ دژی دەسەڵاتی بورژوازی ناوەند.
٢٠٢١-٥-١٦
تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی (ڕێوت) مانگی ئایاری ٢٠٢١، چاپی وەرەق لە کوردستان بڵاوبۆتەوە.

دوایین غەزەلی مائاوایی..
شیعر: ستیڤان شەمزینی

من کە بە خەندەیەک ئەمرم
تۆ بۆ بۆ فرمێسک ئەمکوژی؟
من کە بۆ شەوقی مەمک ئەمرم
بۆ لە تاریکترین شەودا ئەمکوژی؟
من کە بۆ تیشکی هەتاو ئەمرم
بۆ بۆشاردنەوەی مانگی تابان ئەمکوژی؟
من کە بۆ وشەیەکی زبر ئەمرم
تۆ بۆ بۆ قاموسێک لە دڕقی ئەمکوژی؟
من کە بۆ مشتێ ئاو ئەمرم
بۆ بۆ تینوێتی لە سەحرای دڵتا ئەمکوژی؟
من کە بۆ پەپوولەی باڵی فریشتەیەک ئەمرم
بۆ بۆ چەقۆی کولی ئەهریمەن ئەمکوژی؟
من کە بۆ خەونێکی کریستاڵی ئەمرم
تۆ بۆ لە بۆتەی کابووسدا ئەمکوژی؟
من کە بۆ نیگایەکی گەرم ئەمرم
تۆ بۆ لە بۆستەڵەکی غەریبیدا ئەمکوژی؟
من کە لەنەو حەشاماتی خەڵکدا ئەمرم
بۆ لە کونجی تەنیاییدا ئەمکوژی؟
من کە لە ساتی تەماشای پەلکەزێرێنەدا ئەمرم
بۆ بۆ هەورێ بروسکەی دابەزان ئەمکوژی؟
من کە بۆ تنۆکێک باران ئەمرم
تۆ بۆ بۆ رەهەڵە و بۆران ئەمکوژی؟
من کە بۆ دەنگی ناسکی موزیک ئەمرم
بۆ بۆ ژاوەژاوی دەمی رێیشتن ئەمکوژی؟
من کە بۆ گەرانییەکی شاد ئەمرم
تۆ بۆ بۆ سروودی دڵتەنگیی ئەمکوژی؟
من کە بۆ شەکراوی ماچێک ئەمرم
تۆ بۆ بۆ قاوەی تاڵی تووڕەیی ئەمکوژی؟
من کە بۆ دڵۆپێک ئاوی چاوەکانت ئەمرم
بۆ لە نەو ئاگردانی بەزاریدا ئەمکوژی؟
من کە بۆ شیعرێکی ڕۆمانتیک ئەمرم
تۆ بۆ بۆ قەسیدەی فیراق ئەمکوژی؟

من کە لەنو تەمی یادەوەریيدا ئەمرم
تۆ بۆ بۆ گریانی ئایندە ئەمکوژی؟
من کە لە پەناوی جوانیتدا ئەمرم
تۆ بۆ لە مەنفای هەستکانتا ئەمکوژی؟
من کە بۆ چرکەیەک خۆشی لەگەڵتا ئەمرم
بۆ لە دەریاچەی غەم و ناسەردا ئەمکوژی؟
من کە بۆ شنەبایەکی ڕۆژهەڵات ئەمرم
تۆ بۆ بۆ گۆ و دوکەڵی باشوور ئەمکوژی؟
من کە بۆ دیدارێکت لە کەنانی پەروانەکان ئەمرم
تۆ بۆ بۆ خنکاندنی ئارەزووکانم ئەمکوژی؟
من کە لە دەمی نووسینی چامەی عەشقا ئەمرم
تۆ بۆ بۆ دواین غەزەلی ماڵئاوایی ئەمکوژی؟

ئەڵمانیا – کەڵن
کەنار رووباری راین – یونی 2017

گەشتێک بۆ ئەندەشتا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

تەنها تیشکێک لە تۆ،
بەسە تا تاریکی گەردوون…
بکاتە خەرستان!
.....
ڕەنگاڕەنگ هەور،
مزگێنی لە پەی هاتنکە،،
پردێک، لە شەونمی مەست،
ڕەی ئەفسوونمە ..
بەرەو ئەو شارانەی..
نەوان خەونک .. و..
ئەستێرەیەک لەت دوورن!..
.....

مەیخانەیەکئی بەندی عاشقتە!
دارستانە مەستەکان..
بە خەیاڵی سیمایەکی تەپڵەبووت~!
چی کەنارەک ، ئەمشەو …
دە ئەگرتە خەی،،!؟
چی ڕۆگەیەک لە تەم،،
ڕوخساری ووونت بکاتە نوور!؟
.……
باخەک جگە لە مەڵەک،
هیچی تر شک نابا…
پەیامە کانی جوانی ساتە وەختەکی..
لەدەستچووی پەبنەر،،
داستانی خەیاڵی شۆنەک،،
جگە لە ڕۆبوارەکیش، لە لم ،،
نایئنوستەوە، فەرهەنگ،،،
لەشیعری نمە!
.……
لە شۆنەکا،،،
بەردەک وەک نیازەکان،،
زەردەمەکە، ناگاتە جە!
کورسیەک لە نەوان هاتن…و..
و نەهاتنی ئە وا،،
تا نەمری..
لە بەدەنگیدا، جە ماوە!
.……
چاوەڕێتم!
هەر وەک پرسیارەک،
لە پەرداخەک وەڵاما،
قەتیسمابە،،،!
.……
هەموو بەیارەکان ..
لە نەوان چوون و نەچوونا،
خەشبەختیەکی ڕۆها…
نەوان مەرگەکی وویستراو..
..و..
مەستبوون بە عیشقەکی تر! ،،
……

لە باخچەیەک لە سەرابا،،
وەک بریندەکانی جەستەی با،
بەزامن ، دەنگی زەنگی ..
گوڵە هەڵاڵە خوێناوییەکانی لەوت!
.....
هەموو ئەو هیوایانەش،،
لەسەر هاتنی بەڵەمەک،،
بە گوڵە و کازیوە و گەلاسی پەمەیی ئەڤینەکی کەمتەمەن،،،
هەمان چنی ، هەر نەگەیشتەجە..
بەهام ، با پەکە شرابی ..
نەمریەکی تر، لە سەمایەکا، ،،
لە ژێر پروشە ئەڤینی پایزەکی درەنگ!
یان هەسوتانەکی خەشبەخت،،
وەک سەمای کچی ئاگر،،
لەسەر کەناری ئەرخەوانی ئەندەشەیەکی تر!
.....

.....
وەنەکە کارەکی هونەری فەتگرافەر
(.Jilan. K.O)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگیراوە

خەونەم چەە زەیتەوونەکە.. ستار ئەحمەد

چەی زەیتوونەك لەدەم گیربوو
زامەك چوون نیگات
لەرەحما شین بوو
بە یە لەتیلەی دیدەی تەوە
لەرەنگەکان دەەوانم
شەپەلەکان شی دەکەمەوە
کەچمکی وشەیەك دەگرم

دەمە شیعرەکی کەسك و
لەجوانیتا دەتومەوە
هەناسەی گوڵك
سەبەرت ماچ دەکا
بولبولەك بەسەر تەرمی وەرینەوە
دەتکەن بەژوانگەی هەڵەك
دەست دەخەیتە
تابلۆی مەرگی ئەوینەوە
شەوانە
حەز بەماچی لاسکت دەکەم
حەز بەمژینی چڕت و
بەژنی نەشاوی
شاگوڵەای کەسکت دەکەم
من دەسووتەم
بە ئەوەی تۆ
زیاتر زیاتر باڵا بکەی
توندتر بەنەو ڕەحما بچی
زەر راماوم
نازانم بۆ
لەلوتکەی بەندی خەون و
ئاڵای شەنگی عەشق دەچی

دژ.. فەرمیدوون سامان

سەرتامان
کۆتایی بوو
کۆتاییەکانیش، سەرتای دیکەن
پێینەوە
گەشتی مەحاڵ،
خەڵەمشە
خەونکانی بە یەک گەیشتن،
نەوانمان دەریایەکی قوواڵی حەسرەت
پردەکی ئاگرین.

منم بارستەیەک خوێن
تەپڵەک خەمەش
تارمایکی بە سەرو شوێن،

من لە بەرکانی جەنگیشدا نیم
رۆژانە سات بە سات ژینی پە ئازارم
دەکوژرەم،
بە مەرگێکی دیکە زیندوو دەبمەوە
لە نێو کوانووی ئاگەیشدا نیم
دەسووتەم
دەبمە تەپڵەک خەمەش
بە ئازاری شوانێکی دی دادەیسەمەوە،
بە پەتی سەدارەش هەڵنەواسراوم
دەخنکەم
زیندە بەچاڵ دەبم
وەنەی تارمایکی بە سەرو شوێن.

من لە ژێر چەتری کاغەزی شیعرەکانمدا
لەبەر وروژمی تۆفانی نائومێدی
گەردەلوولی خەباوی نامۆیی..
ماڵچکۆیەکم بنیات ناوە
رازی گوڵکی سوورم
لە نێو خانەکانی جەستەم حەشاردارە..
تەش لە خەیاڵی تۆلاری ئاڵتون
باخی گوڵک، پەڕەی ئەڵماس روبارێک هەنگوین..
لە دوورەوەش بە ئەستێرە ماتەکانی بەختم دەڕوانی
داخە کەهە هاوزای ئەوین و
مەرگی منە..

ئەوی لە یادەوەریکانم جەماون
دەفتەرێکە، ئەدرەسی ئەو هاوڕیانەی
(کوژران، شەت بوون، ئاوارە و شونبزر)،
جادەیکی چەق
کەڵانکی بنبەست..
ئاخ نیشتمانیش دەمامکەکە
بە دوکەڵی ڕەشی چەکن
خەی پەشیوە...
ئیدی چەن ئەو دەڵ شەتەم

بەو درەختانە خەش بێ
کە گەلاکانی، تەرم ئاسا
بە سەریەکدا کەوتوون
ئیدی سەبەری سەبووریم
پێ نابەخشن.

من هەمیشە لەخەیاڵی سەفەر بووم
گەشتێک بەرەو روئیا
ڕەنگ ئیدی گیانەوەی بێ نەبێ
هەوارێک،
کەسێک ڕەنگم، دەنگم
نەناسێتەوە،
ئەڤین، هەناسەم هەڵدەمژێ
تراویلکە، تینوویەتیم..

مەتەڵی بوون و نەبوون بوو
یان ڕەنگی پەچەوانە
بە یەک نەگەیشتین
مینا جەمسەرکانی موگناتیس
لە یەک دوور بووین..
دوو زمانی
دوو سەردەمی جیاواز بووین
هەرگیز لە یەک نەگەیشتین..

لە نەو هەزاران شەپۆلی دەنگدا
ناکۆکیمان تەبایە
کە سەرتامان کۆتایی بێ
کۆتایەکانیش سەرەتا
ئاخر چی ئەفسانەیەک
بێ هەشت بێ تێ
دەزخ بێ من..

فەریدوون سامان
1995
Fereydun Saman
*لە کۆشیعری (پەم لەعیشقی تێ)دا
چاپی دەزگای ئاراس ـ 1996

دەربارەی شەڕی ئیسرائیل-فەلەستین.. ئدریس مستەفا

لە وەڵام بە مەریوان وریا قانیع و ئاراس فەتاح

حەقدەی ئەم مانگە لە سایتی دروو میدیا هەردوو نوسەر وتاریکیان بەناوکردنەوە بە ناوی "جەنگی ناکۆتای فەلەستین و ئیسرائیل یان کۆتایی خۆن بینین بۆ ئاشتیەوە." لە سەرەتادا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین بۆچی شەڕی ئیسرائیل-فەلەستین یاخود ئیسرائیل-حەماس دەبێتە سەرنجێکی گشتگیری میدیا جیهانی و ناوچەییەکان و باسوخواسێکی گەرموگوڕی دونیای سیاسی و ڕۆشنبیری لە کاتێکدا هەمان شەڕی وەرانکاری لە وڵاتی تر هەن و کوشتنی منداڵ و خەڵکی مەدەنی لە چوار دەورمان ڕووددەن کەچی نابنە ئەو باسە گرنگەی وەک ئیسرائیل-فەلەستین. بە نموونە یەمەن، هەرشی بەردەوامی تورکیا بۆ سەر هەر چوارپارچەی کوردستان، و جەندان کارەساتی شەڕ و ماوەرانی تر. سیاسیەکان چی دەڵێن و نالێسن با بیکەن بەڵام کاتێک ڕۆشنبیرێک یان بیریارێک و نوسەرێک دەکەوێتە ئەو تەڵەیەوە ئەوا دەبێ هەلوەستگیریەکی لە بکرێت. ئەو تەڵەیەی کە هەموان دەهێنێتە سەر خەت کاتێک سەردەمی هەوالەکانی دونیا دەبنە هەرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە. سیاسەتی دژە ئیسرائیلی لە مێژە جەکەوتەیە لە نیو دونیای غەیرە ڕەسمی ڕژئاودا. لە دونیای ڕەسمی و نا ڕەسمی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، هەرچەندە هەندە دەوڵەتی عەرەبی ڕەکەوتتنامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە و لە سالی پارەوەش چەند وڵاتێکی تری عەرەبی هاتنە ریزی ئەو ڕەکەوتنامە ئاشتیەوە، دژە ئیسرائیلی بوون مانای هەموو ناسنامەیەکی سیاسی و فکری و ڕەکخراوەیی و نەتەوەیی و ئاینی دەردەخات. دیارە واخەریکە لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتی و جەماوەریەکەشیدا ئەو عەقڵە بڕەو دەسەنێت کە ئیسرائیل وەک هەر وڵاتێکی تری ناوچەکە و جیهانە و دەبە لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێ و ئەم ئاوەزە لە وڵاتانی نیجە دوورگەی عەرەبیدا لە گەشەدایە چونکە مێژووی حەفتا ساڵ لە بایەخت کردنی ئیسرائیلی درواسیان هیچ سەمەرەکی نەبوو بگرە بە زەریش کەوتەوە بیان. بەهەرحاڵ...

لە ئاستی جەماوەری و ئەکادیمی و میدیایی ڕژئاودا و هەروەها لە

دونیای ئیسلامیدا، لە نیویدا کوردستان، دژە-ئیسرائیلی بوون یان دژە جولەکە بوون لە پێش دروستبوونی دەولەتی ئیسرائیلەوە بوونی هەیە. ناسنامەی مەسیحیەتی بوونی غەرب و دواتر رۆژئاوا چەپێتی لیبرالی دژ بە ئیمپریالیستی هەردەم چالاک بووە و هەر دەورەیەک لە بەرگێکدا خۆی دەرخستووە و دەورەی نازیزم یەکێکە لەو دەورانە. وەک مەسەلەیەکی دینی هەردوو دیدی ئیلاهجی ئایینی مەسیحی و ئیسلام، ئەوە رەتدەکەنەوە جولەکە دەسەلاتی هەبە. وەک ئایدیۆلۆجیاش چەپەکان و لیبرالە رادیکاڵ و تەنانەت رەشنبیرە مەدەرنیتەکان ئیسرائیل بە نمونەیەکی ماناوەی دونیای ئیمپریالیستی دەبینن گوایە ئیمپریالیشتی بەریتانی ئەو کیانەی دروست کردووە. وەک مەسەلەیەکی نیستمانی و نەتەوەپەرستیش ئیسرائیل وەک داگیرکەرێک وێنا دەکرێت. شیعرەکەی عەبدوڵلا پەشێو (سەزەک بە فەلەستین) لەسەر ئیسرائیل نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو تێکەڵییە لە پاشخانی ئایینی و سیاسی و مێژووییی ناحەز بە جولەکە.

هەوێنی نوسینی وتاری هەردوو نوسەر لەو پاشخانەوە تووشووی گرتووە کە عەبدوڵلا پەشێو چەند دەیەیەک پێش ئێمان بە شیعرێک سەرتوشکەی هەڵداوەتەوە؛ لە لایەکی تریش وەک باس و خواس کەتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو مەشینە گەورەیەی عەقڵی غەربی و میدیای لیبرال دیموکراسیکەیەوە کە هیچ کات و ساتێک بە دیدێکی بابەتیانەوە سەیری هەموو کێشەکانی دونیا ناکات بەڵکو ئەوەی خۆی دەیەوێ ئەوە دەڵێ و دەیکات. رزگاری تیبەت لە چین و سەربەخۆیی فەلەستین و یەکراین و تورکە ئوزگورەکان و موسەمانە رۆهینگیاکانیشی هاتە سەر لەم سانەی دواییدا ئەو کێشانەن کە رۆژئاواییەکان هەمیشە دەیانەوێ لە کاتێکدا جەندان مەسەلەی بەرهەقی تر هەن نێک هەر خەیانی پەوە خەریک ناکەن بەڵکو باسیش ناکەن وەک مەسەلەی کورد لە چوار وڵات، هەرەمی کەتالۆنیا و باسک و سکۆتلاند و ئێرلەندا لە ناو دڵی ئەوروپاکەی خەیاندا. لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتانی رۆژئاوا پشتگیری کردنی ئیسرائیلە، تا ئەم ساتە وەختە، بەڵام بە دیوێکی تردا دژە ئیسرائیلیە و لەم سانەی دواییدا شێلە ئەنتی-سەمیتیزم، رق بوون لە جولەکە، لە بڕوادایە و جوگرافیای پشت ئەم ڕەوتە ترسناکە عەقڵی مەسیحیەتە بە بگشتی کە خۆی گرمەڵە کردووە لە نیو هەزە ڕاستەو و ڕەگەزپەرستیەکان و گروپە ئایینیە تووندەوە مەسیحیەکان و دەوڵەتکانشیان باش ئاگاداری ئەم بارودۆخە ترسناکە هەن و پلەجە هەڵەکەستی تر لە ڕەگەبن بەڵام ئەمجارە یەک هیتلەر نابە بەڵکو دیان هیتلەر دەبە. رق بوون لە جولەکە لە مێژە لە نیو دەماری مەسیحیەتدا بە هەر سێ باڵەکییەوە دێت و دەچێ و مێژوو

شاهیدێکی زیندووە لەو بارەیەوە. لە لای خۆشمان بە تەکنیکێک لە نیوان ئەو عەقڵیەتە غەربیە و باکگراوندی موسڵمانبوون و بیری چەپەتی دژە ئیمپریالیستی ئەو ڕووتە لە دژە ئیسرائیلی یان بەم دژە جولەکە لە ئارادایە و نوخبەی ڕۆشنیر و خوێندەواری کورد هەمان هەڵەی مژووییی ڕۆشنبیران و نوسەرانی دەمانی جەنگی جیهانی دووەم دەکەنەوە بەرامبەر بە جولەکە. ئەم باکگراوندە موسڵمانێتیە لە نیو توژی ڕۆشنبیر و سیاسی ئەمڕدا بە ڕوونی دەبینرێ.

هەندێ بەرئەنجامی ئەو عەقڵیەتە ئەوەیە کە لەم چەند دێڕەی وتارەکەی کاک مەریوان و کاک ئاراسدا دەبینرێ: "کرۆکی مەسەلەی فەڵەستین و کۆشەی سەرکیی فەڵەستینییەکان لەدەستدان و داگیرکردنی خاکەکەیانە. فەڵەستینییەکان گەلێکن خاکەکەیان داگیرکراوە و خۆشیان بە زەر لە نیشتیمانەکەی خۆیان دەرکراون. ئەمەش ئەو تاوانە گەورەیەیە کە بەرامبەر بەوان کراوە." " مەسەلەکە نە مەسەلەی دینێ، نە مەسەلەی بوونی ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیای تایبەتێ، نە مەسەلەی بوون یان نەبوونی ڤەکی مژووییی و دەرینێ، بەڵکو مەسەلەی داگیرکردن و کۆلۆنیالیزمە." جا بە ئەوەی ئەو کۆشەیە بە ئاشتیانە جارەسەر بێت دەبێ، هەردوو نوسەر وتەیەکی بیرمەندی فەرەنسی ئالان بادیو دەهێننەوە، کە پێی وایە دەبێ "جەرەکی نوێ لە جولەکە و جەرەکی نوێ لە عەرەب دروست ببێت." و ئەمانیش ئیزافەیەک دەکەنە سەر ئەو وتەیە و دەڵێن "دەبێ موسڵمانەکی نوێش دروست ببێت." بەڵکو هیوایەک بە جارەسەری ئاشتیانەی ئەو کۆشەیە لە داهاتوودا دروست ببێت.

خاڵی یەکەم: من پرسیار لە هەردوو نوسەر دەکەم بەوەی کە کام دەوڵەتی دونیا هەیە لەسەر داگیرکاری خاکی نەتەوەیەکی تر و ماڵ و حاڵی خەڵکەکی تر دروست نەبووبێ؟ زەربەی دەوڵەتکانی جیهان وەک ئیسرائیل دروست بوون گەر خراپتر نەبووبن بە تایبەت دروستبوونی وڵاتە زلهێزکانی وەک ئەمریکا و چین و ڕوسیا و تورکیا و کەندا و ئەورووپا و کیشوەری ئەمریکای لاتین. مژوی دروستبوونی وڵات و دەوڵەتکان بەشێوەیەک لە شێوەکان وەک ئیسرائیل دروستبوون بەڵام ئەوانی دی مژووییکی دەرینتر یان کەمێک کەنتریان هەیە لەوەی ئیسرائیل. یاخود کام دەوڵەتی هاوچەرخ هەیە بە پلان و پاپشتی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی و ئەمریکی دروست نەبووبن؟ تێگەیشتن لە حوکمی مژوو بە دروستبوونی دەوڵەتکان ئەوەمان پێدەڵێت کە هیچ وڵات و دەوڵەتێک لەسەر خاکی خۆسک یاخود خاکێک نەبووە ئەبەدی بێت بە خەڵکانێک و وڵاتی لەسەر بنیاتبنێن بەڵکو گەلان و پەلاماردان و داگیرکاری و پاوانخوازی و چاوچنۆکیەکان ئەم فەرمە لە کیانی سیاسی و دەوڵەتی و وڵاتیان پێ بەخشیوین کە هەیە.

لەرەو بەمان دەردەکەوێت کە چەمکی خاک لە دەستدان و داگیرکردن ناتوانێ وەک چەمکی بابەتی بێت بە تێگەیشتن یاخود لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین و بگرە ئەوە دیدەکی کۆنە و مەحکومە بە نا مەوزوعی.

دووەم: لەجیکی داگیرکردنی خاکی فەلەستینیەکان و ئاوارەکردنیان لە لایەن ئیسرائیلەوە لەو عەقیدەتە باوەوە هاتووە کە جەندان دەیەیە لە لایەن عەرەب و ئیسلامیەکان و چەپەکانیش بە تایبەت لە دەورەی شەستەکان و حەفتاکاندا دەوترێت و دەوترێتەوە. بە چەپ و ڕەشنبیرە لیبراڵە ڕۆژئاواییەکانان ڕق بوون لە ئیسرائیل لە ڕوحێکی دژە-ئیمپریالیستیەوە دێت کە ئەمڕۆش لەو ڕقە ئاینیە مەسیحیەوە دێت دژ بە جولەکە. عەقیدەتێکی ئاوها کە وتاری لەوجۆرەی پە دەنوسرێ باکگراوندێکی ئاینی یاخود موسەمانبوونێکی ئاوهای لە پشتەوەیە کە بە ئاشکرا پەردەکەی لە ڕووی هەر ڕەشنبیرێک لە نیویدا ڕەشنبیرانی کوردیش دادەماڵێ وەک چۆن کاک مەریوان و کاک ئاراس باس لە ئۆفراندنی "موسەمانێکی نوێ" دەکەن وەک حەقیقەتێکی چارەسەر بە ئایندەی ئەو کێشەیە. عەقیدەتی دژە جولەکەیی یاخود ئیسرائیلی ڕەشنبیری کورد ڕەگەکەی لە باووپایرانەوە هاتووە. کاتێک هەموو جولەکانی کوردستان دەربەدەردەکرێن و سەردەبڕین و ماڵوموڵکیان داگیردەکرێ هیچ یەکێک لە ڕەمزە ڕەشنبیریەکانی ئەمە لەوانە باپیری کاک مەریوان، قانیعی شاعیر، نەک هەر هەوڵست بەکەو یەک وشەش چیە لە زاری نایاتە دەر لەو بارەیەوە. خۆ ئەوەش "تاوانێکی گەورەیە کە بەرامبەر بەوان کراوە." عەقیدەتی باپیر چونکە موسەمانی بوونە و جولەکە ئاینێکی تر بێە ئەو ڕووداوە گەورەیە لە مێژووی وەاتی ئەمەدا ڕووددات بە ئەوەی شاعیران و نوسەرانی ئەمە یەک قسەی لەوبکەن و بگرە دژ بە جولەکەش وەستاونەتەوە و ماڵکانیان کردە موڵکی خۆیان و ئێستاشی لەگەڵدا بە نەوەکانیان یەک شتی لە بارەوە نازانن هەروەک چۆن وشەیەک نیە لە لایەن ڕەشنبیرانی ئێستاوە سەبارەت بەو مێژووە پە شەرمە. بۆیە من خۆریکە گومان دەکەم لەوەی گەر جولەکە لە شوێنی فەلەستینیەکان بوونایە و فەلەستین دەسەڵاتداری دەوڵەتی بوایە و جولەکە دەربەدەر بکرایە ئەوا هیچ یەکێک لە کاک مەریوان و کاک ئاراس و ئەو جۆپانشی خۆیان کردەتە ماڵ بەسەر مارکس و سۆشیالیزمەوە ئەوێیان نەدەگوت کە ئێستە دێن. کەواتە مەسەلەکە ئەو باکگراوندە ئاینیە کوردیە موسەمانچێتیەیە کە جولەکەی پە دەبینە و لەرەوێیە دەڵێ جولەکەکان داگیکەرن و خاکی فەلەستینیان داگیرکردووە و ئەو حومکە مێژوویە فەرهەم دەکەن کە زەربەی کیانە سیاسیە دەوڵەتی و وەاتیەکانی تری

لەسەر دروست بووە.

لەم خالەدا قسەکردن نیە لەسەر ئەوەی کە بەرهەمی یان نا بەکو قسەکردنە لەسەر دروستبوون و دامەزراندنی دەولەت و وەاتە هاوچەرخەکان کە ئیسرائیل یەکێکە لەوان و گەر بەتوو لایەنی مێژوویی دروستبوونی ئیسرائیل رەتبکەیتەوە ئەوا دەبە هی هەموان رەت بکەیتەوە یان هەموان بدەینە بەر تانە و تەشەر. ئا لەرەوەیە ئەو وشانەی لە زاری کاک مەریوان و کاک ئاراس دێنە دەرەوە ئاگایی مێژووییەکەی لە ئاستێکی لاوازدایە چونکە لەبەدا وەامی ئەو خاەی خەیان دەدرێتەوە کە دەەن لە هەموو لایەکەوە جولەکە رووی لە ئیسرائیل کرد و بووەهی دەربەدەری عەرەبی فەلەستین. دەربەدەر کردنی جولەکە لە هەموو ولاتانی دونیا و بە تایبەت ئیسلامی لەوانە کوردستان، بریتی بووە لە ١) پەلامردانی کەمایەتیە ئاینیەکان هەردەم هەدەفێکی ئاسان بووە لە لایەن زەرایەتیە ئاینیە دەسەلاتدارەکەوە و مرۆقی ئاینیش پەلامار بە سەر غەیرە دینی خەی بە ئەرکێکی خودایی دەزانێ. ٢) لەرەوەش دەستگرتن بەسەر مالە و موڵکەکانیاندا و ئەمەش کرا لە هەموو شوێنێ. ٣) پاککردنەوەی کەەگەی مەسیحی و ئیسلامی لە جولەکە و بە زەر ناردنیان بە ئیسرائیل. ٤) سەلماندنەوەی ئەو راستیە مێژووییەی کە ئاینەکان بە خوێنی سەری یەک تینوون بەتایبەت ئەوەوی لە دوای ئەوی تەرەوە بەت یاخود سەرجاوەکەی ئاینەکە کەنەکەی پەش خەی بەت. ئاینی جولەکە، سەرجاوەی هەردوو ئاینی مەسیحی و ئیسلامە. یەکێک لە هەکارە سەرەکیەکانی رق لەبوونەوەی هیتلەر لە جولەکە رقە مێژووییە مەسیحیەتەکەی بوو، بە سەدان سا پەش هیتلەر ئەمە رووێدا لە جەندان ەاتی رەژئاوایی. گرنگترینیان دەمانی خاچ پەرستەکان بوو کە خەیان ئامادە دەکرد بە شەەی رزگاری قودس لە سااانی ١١٠٠کاندا. یەکەم کاروانی بەەکەوتنی خاچ پەرستەکان پەلامار دانی ژن و منداە و پیاو و پیری جولەکە بوو لە ناو دەی ئوروپادا. ئەو کەمەکوژیە بە کەمەکوژی رێنلاند ناسراوە. لەوەدا هەر لەگەە دەستی خەیاندا زیاتر لە پەنج کە تێیدا پەنج هەزار جولەکەیان قەتوعام کرد و هەموو ماەاتیان بە خەیان بردن. ئەمە لە یەکەم کاروانی بەەکەوتنی خاچ پەرستە ئوروپیە مەسیحیەکان بوو بە شەەی رزگارکردنی قودسی رەمزی کەرامەتی ئاینی مەسیحی کە خودی جولەکەش لە قودس دەژیان و جولەکەش ئازاد دەبوو گەر قودسیان رزگاربردایە.

بەهەرحاە، دەربەدەرکردنی جولەکە لە هەموو ناوجەکانی ئوروپا و رەژهەەاتی ناوەاستەوە عەقڵیەتێک و سیاسەتێک بوو کە خزمەتکی

زۆری بە بیری زایۆنیستی گەیاند و ئەنجامەکەشی زۆربوونیی دانیشتوانی جولەکەی لەکەوتوو لە ئیسرائیل. جولەکە لە هەموو وڵاتانی دونیاوە دژبەدەکران بە تایبەت ئەورووپا بۆرو ئیسرائیل دژیان دەپەراندن، بگرە رەکەوتنامەی وڵاتان هەبوو بە ئاوەی جولەکەی وڵاتکانیان دژبکەن و روو لە ئیسرائیل بکەن و ئەم سیاسەتە تاکو ساڵانی نەوەدەکان برەوی هەبوو بە تایبەت ناردنی جولەکەی روسیا بە ئیسرائیل بە بەرنامەی داڕژراو و ئیسرائیلیش بەپێی سنگفراوانیەوە ئەمەی قبوو دەکرد. عەقڵی دژە مەسیحی لە رژئاوا و ئیسلامی لە رژهەڵات وڵاتی ئیسرائیلیان بەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانەوە دروست کرد ئەگەرنا جولەکەی هەر وڵاتێکی تر ئامادە نەبوو زەدی خۆی بەجێ بهێڵێ و رووبکاتە فەلەستینێک کە هەرگیز نەدیبوو. چەندان ژیانناما و یادەوەری نوسراوی جولەکەکانی ولاتە جیاوازەکان هەیە کە پەیان وابوو کۆچ کردنیان بە ئیسرائیل وەک دوورخراوەیەک بە دوورگەیەک بووە. دەوڵەتی ئیسرائیل پرۆژەی بەردەستی بن گرێن بوو کە خودی جولەکەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بوونە قوربانی پرۆژەیەکی ئاوها و جولەکەکانی کوردستان بەشێک بوون لەو قوربانیانە.

سەهام: پێش فەلەستین، چەند شوێنێکی تر مەترەح کران لە کیشوەرەکانی تر تاکو ئەم دەوڵەتەی ئیسرائیلیان لە دروستبکردایە لەوانە ئۆگەندا لە کیشوەری ئەفریقیا. ئەفریقیا لە زۆر رووەوە ئاسانتر دەهاتە دەست گۆر بن گرێنەکان لەو کیشوەردا ئەویان بکردایە بەڵام بە نەکرا و بەچی فەلەستین هەبژێردرا ئەوا لەردا دەمەوە ئەو دیدەی کاک مەریوان و کاک ئاراس بەتاڵ بکەمەوە گوایە مەسەلەی ئیسرائیل نە دینیە و نە خوێنکی مێژوویی جولەکەیە بەڵکو داگیرکاری و فراوانخوازیە. لە رووی ئایدیۆلۆجی ئاینی جولەکەوە سەیری بکەین، جولەکە هەردەم باوەڕیان بەوە نەبووە دژگای بە جولەکە بوون بکەنەوە بە هەموو کەسێک لە جیهاندا و بیری زۆربوونی ژمارەی کەسانی ئاینکەیان لە مێشکی خەیاندا سڕیوەتەوە ئەویش بەو هۆیەی کە ئەمان کۆمایەتیەکی میللەتێکی تایبەتن لە لای خودا و گۆر زۆر بە ئەوا بڕ دەبە واتە ئەو ئەفزەڵەتیەی لای خودایان نامێنێ و خودی کۆمایەتیەکەی مانای ئەفزەڵەتیەکە دەبەخشێ. لە رووی جوگرافیەوە، فەلەستین مەدای قوتری زۆر کەمی هەیە بە ئەو پاوانخوازی هەردوو نوسەر باسی لەوەدەکەن کە ئیسرائیل بە تەمای بیکات بە فراوانکردنی خاکەکەی. ئەمە لە کاتێکدا دراوسێ عەرەبەکانی ئیسرائیل هەموو وڵاتی بەهێزی سەربازین و سەنگی سیاسی خەیانیان هەیە بە پشت بەستن بە ناسنامەی عەرەبوونیشیان، ئومێدی

ئیسرائیل بۆ فراوانخوازی ئەجگار لاوازە. لە ئەفریقیا هیچ یەکێک لەو دەربەستانە دروست نەدەبوو گەر ئیسرائیل لەوە دروست ببوایە بۆ حوکمی هەژاری کەشوهەوا لە هەموو رووەکی ئابووری و سیاسی و سەربازی و مرۆیی و فەرهەنگی و ئاینی و شۆنگیەوە. بەڵام بۆچی فەلەستین هەبژێردرا لە کاتێکدا چ بن گرێنەکان و چ راوژکارە سیاسیەکانی ئیمپریالیستی بەریتانیا دەیانزانی بەرەو رووی چ قورسایەکی مژووویی و ئاینی و جوگرافی و مرۆیی دەبنەوە. کارامەتی مژووی، کە تەنها خۆ کردنە چاوی خۆک و لەباربردنی هۆشیاری خۆکە، چ بە بیری زایەنیستی و چ بە ئیمپریالیستی مەسیحی بەریتانی دەوری هەبوو لەو هەبژاردنەی فەلەستیندا لەگەڵ ئاوەی جولەکە هەمیشە لە ژێر هەرشی مەسیحیەکاندا بوون. مەسیح کە لە بنەڕەتدا جولەکەیە لەوە لە دایک بووە و جولەکەش بە (الارض المیعاد)ی دادەنێن و دیواری البراقی یەهودیەکان و پاشان بوونی جگەی دەرینی دەسەلاتدارەتی پاشا داود ئەو خاڵە هاوبەشانەن کە جولەکە و مەسیحی کەکردەوە. کارامەتی مژووویی یان سیاسی جگەیەکی ئەجگار باڵای هەیە لە لای دەسەڵاتدارەتیەکان و دەوڵەت و میللەت و هەزکانیان و بەشکە لە ستراتیجیەتی بوونیان. مزگەوتی ئەقسا و دیواری البراقی یەهودیەکان و کەنیسای پیرۆزی شۆنی لە دایبوونی مەسیح هەندێک لەو کارامەتە مژژوویانەن. لە رووی جوگرافیشەوە، ئیسرائیل دەبە بە چقڵی جاوی رژهەڵاتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند لە هەموو رووەکەوە و خڕیک کردنی مرۆقگەلی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە بەو کەشەی قودس و دروستبوونی ململانێی ئاینی لە نیوان نەتەوەکان هەموو دەسەلاتداران قازانجی لەدەکەن و وەاتانی عەرەبی لە پێشی هەموویانەوە سوودەکی بۆ ئەندازەی لە مەسەلەی فەلەستین کردووە.

دەربارەی یەکخراوبوونی کرێکاران.. موئەیەد ئەحمەد

یەکخراوبوونی خەباتی کرێکاران چەندجەکی گرنگ و مەسەلەیەکی هەرە گرنگ و دەستبەجێیە کە ئەم چینە لە ئەستای عیراق و کوردستاندا ڕووبەڕوەیەتی.
چینی کرێکار لە کەمگەدا، بەهەردوو گەزی ژن و پیاو، و هەردوو

بەشی لەسەرکار و بێکار، زەربەی دانەشوانی کۆمەڵگە پیکئەهێنن، و هەژمکی گەورە و کاریگەری کۆمەڵایەتین، وڵە خەبات و کەشمەکەشی بەووچاندان لە بەرامبەر سەرمایەداری و دەوڵەت و چەوسێنەرانیاندا. ئاشکرێە کە هەزی سەرکی بزوتنەوەی ناڕازایەتی جەماوەرین و بەبەپشتی "ئاپەرینی ئۆکتۆبەر" ی عەراق و خەپشاندانکانی کوردستانن.

لەگەڵ هەموو ئەو کارکتەرانەیدا، هێشتا ئاستی ێیکخراوبوونی سەربەخۆی ئەم چینە و یەکگرتوویی خەباتی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیی بە شێوەیەک نیە بتەوە نە لەگەڵ جگە کۆمەڵایەتیەکیدا، و نە لەگەڵ ئەو سیاسیەی کە ئێگەڵە لە ێوداوەکاندا. کۆشەی ێیکخراوبوونی چینی کرێکار و بەرجەستەکردنەوەی سەربەخۆیی سیاسی چینایەتی و فیکریی، بوەتە چەقی کۆشکانی خەباتی ئەم چینە و خاڵی دەستپێکردنی هەر هەوڵەوتەقڵایەک بە بەهێز بوون و پشەوێی.

باسکردنی کۆشەی ێیکخستنی خەباتی چینی کرێکار یەکسەر و هاوکات کێشە و چەڵەنج و میکانیزمەکانی یەکانگیرکردنی هەرسە لایەنی خەباتی ئابووری و سیاسی و تیوری ئەم چینە ئاهەنیەتە ئاراوە، و بە ناچاری ئەمانباتەوە سەر ئەوەی کە هەرسە ئەم لایەنانەی خەباتی کرێکاری ێچاو بکەین و لە یەکێکی دانەپچاودا بیانبینین و مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. ئەبەتە ئەم شێوە مامەڵەیە ئەوە ێت ناکاتەوە کە هەریەک لەم لایەنانەی خەباتی کرێکاران، سەربەخۆیەکی ێژەیی و شیواز و میکانیزمی بەرەوپێشچوونی خۆیانیان هەیە.

بە هەر حاڵ، لە هەر شێنیکەوە دەستپێبکەین بە باسکردنی کۆشەی ێیکخراوبوونی کرێکاران خۆمان لە بەرامبەر چینکی کۆمەڵایەتیدا ئەبینین کە لە جووڵە و خەباتی بەوچاندایە بە دژی سەرمایە و سەرمایەداری و دەوڵەت و دامودەزگا و هێز و حزبکانی بورژوازی. ئەمەش یانی لەبەرامبەر کۆشەی ێیکخراوبوونی تێژیک یا کۆمەیک ئینسان نین کە خاوەنی بەرژەوەندیکی تایەژی و سێکتەری و یا سیکتاریستی بن، بەکو لە بەرامبەر کۆشەی ێیکخراوبوونی چینکین کە کاریگەری لە سەر سەرجەم ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرخانی سیاسی و فیکری و پرسەی گەرانکاری شەرشگێرانە و ێوەندی پشرەوی کۆمەڵگە هەیە، نک هەر ئەمەش بەکو پەتینسی ابەرایەتی سەرجەم ئەم پرسەیەی هەیە.

لە ساڵی ١٨٦٤ دا و لە دیبەیت لە سەر نوسینی پێگرامی ئینترناسیونالی یەکەم (کۆمەڵەی جیهانی کرێکاران) و بەدیاریکراوی لەسەر ئەوەی کە چ خیتابکی پرگرامی (programmatic Statement) ئەتوانێ گونجاو بێت بۆ پێناسەی ێیکخراوی ئینترناسێونالی یەکەم،

وەک "بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران"، بە بۆچوونی بناسرێتەوە بە هیچ یەک لە مایلە ئایدیالیزمکانی ناو چینەکە و دەروەی چینەکە(1) . لە ئاکامی ئەو دیبەیتەدا بەم دەستەیە گەیشتن کە مارکس نووسی: "بەدیهینانی ئازادیی چینی کرێکار بەدەستی چینی کرێکار خۆیەتی"(2) ، و ئەمە کرایە دەستپێکی دکیومینتی پێرەوی ناوخۆی ئینترناسیونالی یەکەم.
هەر بۆیە ئەبینین لە سەرتاوە هەوون بووە، بۆ تایبەت پاش ئەزمونی تاڵی کرێکاران لە گەڵ حزبە سیاسیە بورژواز دیمکراتەکاندا لە شۆرشی ١٨٤٨ لە فەرنسا، کە ئازگاربوونی چینی کرێکار بەدەستی خۆی ئەنجام ئەدرێ و نابێ پاشکۆی هیچ حزب و هێزێکی سیاسی بورژوازی و وردە بورژوازی بێت، و دیارە ناشبێت تاقیگای هیچ یەک لە پرۆژە ئایدیۆلۆژیە سۆشیالیستەکانی دەروەی خەبات و میکانیزمەکانی ناوخۆی ئەم چینە بێت.
ئەو هەستە بەرنامەیی سەروە بەهەموو هێزی خۆی لێکدایە لە ئیستاشدا و لەم سەردەمی گۆشەی سەرمایەداریدا. ئەمش یانی پێویستی ئازگاربوونی چینی کریکار لە واقعدا بزوتنەوەی چینایەتی کرێکارانە و خەباتی چینایەتی ئازگاریخوازانەی ئەم چینەیە. هەر لەم ڕاستایەشدا، ئاشکرایە کە ئازگاربوونی چینی کرێکار پرۆژەیەکی دەرکی خەباتی ئەو نیە تا کەمێک چاکخوازان بۆن و پرۆژەی ئایدیۆلۆژی خەیانی تیا تاقیبکەنەوە؛ سۆشیالیستی یا ئانارکیستی یا ئانارکۆ سەندیکالیستی و …هتد. هەر بۆیە، ئیکخراوبوونی چینایەتی کرێکاران شتێکی ئەبستراکت و دامەزراوەیکی خۆ لە خۆدا نیە، بەڵکو دیاردە و پێداویستی بەرەوپێشچوونی ئەم بزوتنەوە چینایەتییە کرێکاریەیە. هەر لەم دیدگایشەوەیە کە ئەتوانری بەدروستی لێکبدرێتەوە و ئەنجام بدری لە بەرژەوەندی ئەم چینە و خەباتی ئازگاریخوازانەی سۆشیالستیی.
ڕوتە سیاسی و فیکری و حزبیەکانی بورژوازی و ئینتیجنسیای بورژوازی و ووردە بورژوازی، هەبوونی چینی کرێکار لە عیراق و کوردستاندا حاشا لێناکەن بەبیانوی ئەوەی کە ئیژی پرۆلەتاریای پێشسازی و گواستنەوە و دامودەزگا خزمەتگوزاریە گەورەکان کەم، و ووڵاتیکە بەزری لەسەر ئەنتی (ئیعی) نەوت ئەژی و چەندها بیانوی تری لەم بابەتە. بەڵام لەواقعدا و لە دەروەی چوارچیوەی ئەم چەوشکاریانەدا، چەندین ملیون ئینسان لە سەرتاسەری عیراقدا شتیکیان نیە پێی بژین جگە لە هیزی کاری خۆیان و فرۆشتنی بە خاوەندارانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دامودەزگا خزمەتگوزاریەکان و کەمپانیاکانی کەمونیکەیشن و هەموو سیکتەرەکانی تری بەرهەمهێنان، لە کشتوکاڵی و پیشسازی و لە سیکتەرەکانی

گواستنەوە و خاونوبەرە و بازاڕ و بازرگانی و... هتد، جا دەوڵەتی بن یا سەرمایەی تایبەت. هەروەها بەشیکی تریان گوزەرانیان لە ڕێگەی کاری ناچیگیر و دەستفرۆشی و کولەمەرگی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بچووک و کار بە دامودەزگای دەوڵەتی و ئیداری و ماشینی گەورەی سوپا و پۆلیس و هەموو هێزە چەکدارەکانی بورژوازی، بەیوەئەبن.
پڕۆلیتاریا ئەمڕۆ لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەشی لاوی ئەم چینە، نزیک هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرین و بەهێز و دینامۆی ژیانی ئابووری کۆمەڵگەیە، بەڵکو بەبێ پشتی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان و ئاپڕینەکانە. نزیک هەر ئەمڕۆش، هێوەندی سیاسی و هاوسەنگی هێزی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕ و پایەی دەسەڵاتی هێزە سیاسی و فیکرییەکانی بەرژوازی ئیسلامی و قەومی لەرزاندووە. لەم کەشمەکەشە سیاسیەدا سەدان لاوی پڕۆلیتاری لە کچ و کوڕ گیانیان لەدەستداوە لە خەباتیان دژی ژیم و دژی بێکاری و هەژاری و بەمووچەیی و دۆیان موسیبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تر و لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادی ڕیشەیی لە ژیانیاندا.

خەباتی سەندیکایی کرێکاران

بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی لە دەخێکی میژوویی دیاریکراوی پڕرسەندینداە زیاتر خەباتی سەندیکایی بووە، هەتا ئیستاش و لە داهاتووشدا پایەیەکی هەرە ئاسەی خەباتی چینایەتی کریکاران و بزووتنەوەی کرێکاری پێکئەهێنێ، هەم لە مەیدانی خەباتی ئابووری وهەم لە مەیدانی خەباتی سیاسیان. ئەم خەباتی سیاسیان، چونکە کاتێک ئاڵەری سەندیکا ڕیفۆرمیستەکان ئاسەی سیاسی پڕڵەمانتاریزم و ڕیفۆریزمیان گرتەبەر و گوایا دوورن لە سیاسەت، لە ڕاستیدا، بەو کارەیان خەباتی ئابووری کریکارانیان لە قاڵبداوە لە چوارچیوەی سیاسەتی ڕیفۆرمیستی بورژوازیدا.
ئەبەتە بزووتنەوەی کرێکاری کۆنسێپت و واقعێکی فراونترە لە بزووتنەوەی سەندیکایی کرایکاران، چونکە هەموو شۆڕشگانی تری خەباتی ئابووری و سیاسی و تیوری چینی کرێکار ئاگرتوون. هەروەها لایەنگانی ڕیکخراوبوونی جەماوەری و حزبی و خەباتی بەکۆمەڵیان ئاگایتوون، هەر لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی و شورا کرێکارییەکان و کۆمیتەکانی کارگە و سەندیکا و کۆنفیدراسیۆنەکان تا خەباتی سیاسی-فیکری وحزبی پڕۆلیتاریای سۆشیالیست، و تراديسیۆنی خەباتکارانەی هەموو مایەل و ڕەوتە سیاسی و فیکرییەکانی تر، لە مارکسیزم و ئانارکیزم و سندیکا – ئانارکیست تا سۆشیال دیمکرات و ڕیفۆرمیستەکان، و بزووتنەوەکە هەردەم پێ لە کەشمەکەشی ئەم لایەن و مایل و تراديسیۆنانە.

لە هەرقەناغیکی گرنگی بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا کە کۆی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکە، واتە سەرمایەداری، بڵاوزبنەوە، دەوری هەموو ئەم ڕووت و خۆت و ترادسیونە سیاسی و فیکری و خەباتکارانەیە بەتیژی دەرئەکەوێت، وە ئەکەونە ململانێیەکی مانونەمان و توندوتیژەوە بۆ یەکلاکردنەوەی بزوتنەوەی کریکاری یا بزووە. ئەمە شیوەکانی لەوانە فاشیزم، یا بزووە چەپ و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، و یا بزووە زۆلکاوی ئۆپۆرتیونیزم و کوشتنی وزەی شۆڕشگێرانەی بزوتنەوەی کرێکاری بە چاوەوانی.
سیاستە بورژوا ئیمپریالیستیەکانی حزبە سۆشیال دیمکراتیکانی "ئینتیرناسیونالی دووەم" و سندیکا کریکاریە ئیفڕەمخوازەکانیان، لەبەرامبەر جەنگی جیهانی یەکەم و لەبەرامبەر خەباتی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و سۆشیالیستەکانی ئۆکاتی ئۆرپا، بە تایبەت لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ووڵاتانی تر، نمونەی بەرجەستەتەی ئەو جەمسەرگیریەن لە دژی هەڕەشەیارەکانی کەشمەکەشی چینایەتیدا، کە چەندین ملیۆن ئینسان کرانە قوربانی ئەو سیاسەتە ڕاستەوانە و سازشکارانەیەی ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بورژوازیدا و بەشداریان لە تۆڕەفکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا.
لە مێژووی خەباتی سیاسی چینایەتی کرێکاران و زەحمتکێشان لە عێراقدا، هێڵی حزبە بەناو کۆمۆنیست و چەپەکان و ڕابەرانی سندیکا حزبیەکانیان، بە لە قاڵبدانی بزوتنەوەی کریکاری و ڕاکێشانی بە ژێر سایەی بەرنامەی "بورژوازی نەشتمانی" عیراق، و لە قاڵبدانی بزوتنەوەکە لەچوارچێوەی ئاسۆی سیاسی و ئایدۆلۆژی بورژوا پۆپۆلیستی دژە ئیمپریالیزم و "دیمکراسی شەعبی"، کارەساتی بەسەردا هێنان. نەک هەر ئەندامانی (حزبی شیوعی عیراق)، بەڵکو چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمکراوان بوونە قوربانی شاڵاوی وەحشیانەی بورژوا ناسیۆنالیستی-عەرەبی و فاشیزمی بەعس و ٣٥ ساڵ لە دەسەڵاتی فاشیەت و جەنگ و کوشتن و بڕین.
لە ئیستاشدا بورژوازی ئیسلامی و قەومی لە ٢٠٠٣ وە خەریکی سەپاندانی سەندیکای حوکومەتیە بەسەر کرێکاراندا. سەندیکا کرێکاریەکانی سەر بەسەدریەکان و حەکیمیەکان و مالکیەکان و میلیشا ئیسلامیەکانی تر، و هەوڵەوتەقەلای بورژوا ئۆپۆزسیۆنی قەومی-عەرەبی چێشنی ئیاد عەلاوی، و حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی رژێم و گەورە سەرمایەداران و کاربەدەستانی، هەردەم بەردەوام بووە بە کۆنتڕۆڵی خەباتی سندیکایی کرێکاران لە چوارچیوەی ئیجینێ و ئاسۆ و سیاسەتی بورژوا قەومی و ئیسلامی و سەرمایەداری نیۆلیبرالیزمدا.
لە کوردستانیش کرێکاران بە جارێ بەمافکراون لە دروستکردنی

سەندیکای سەربەخۆی خەیان، و خەباتی سەندیکایی کریکاران لەمژە کۆنترۆلکراوە و خراوتە چوارچیوەی سەندیکاکانی سەر بە حزبە بورژوا ناسیونالیست و میلیشیاکانی دەسەلات.
سەرباری هەموو ئەمانە و بەبەردەوام لە ٢٠٠٣ وە، هەوڵ و تەقەلاکانی یەکخراوی ئەی ئیف ئیە – سی ئای ئۆ AFL-CIO" " ی ئەمریکا لە پێگەی هاوپشتیوە (التضامن)، وە هەروەها پرۆژە و ئەجیندەی (یەکخراوی کاری جیهانی) بە لە قالبدانی بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی سەندیکایی لە چوارچیوەی یەفەرمیزی بەورژوازی و قبوڵکردنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری لە عێراقدا، ڕانەوەستاوە.
سەرباری هەموو ئەم هەرشانە لەسەر کرێکاران و خەباتی سەندیکاییان، تا ئیستاش کرێکارانی کۆرتی گشتی یاساکانی سالی ١٩٨٧ ی ژێمی بەعسی فاشیست بەسەریاندا جێبەجێ ئەکرێ و بەبەشکراون لە پێکهێنانی سەندیکای کرێکاری سەربەخۆ، بەڵام هەموو ئەم فشارانە نەیانتوانیوە بەربگرن بە خەباتی سەندیکا کرێکاریە سەربەخۆکان و بەتایبەت (یەکیەتی شورا و نەقابە کرێکاریەکان – اتحاد المجالس و النقابات العمالية في العراق) لەمەیدانی بەرگری لەمافەکانی کرێکاران لە بواری فڕۆزکردنی یاسای کار، و ئازادی یەکخراوبوونی سەندیکایی کرێکاران. ئیستاش هەموو ئەو سەندیکا سەربەخۆیانە و نوێنەرانی کریکارانی سیکتەری پێشەسازی لەهەوە و تەقەلادان کە هەڵیست و دەنگی سەندیکا کرێکاریەکان و کرێکارە چالاکوانەکان یەکخەن بەرامبەر "لاپەڕەی سپی" دەوڵەت و سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری و پەیڤتایزەکردنی کۆرتی پێشەسازی و خزمەتگوزرێکان و..هتد.
خەباتی کرێکاران لە پێگەی سەندیکانیانەوە بە خەی لایەنگری خەباتی چینایەتی کرێکارانە و ئامرازی خەباتی ئابوریانە لە بەرامبەر سیستمی سەرمایەداری و چەوسێنەرانیانداە، و زەرورەتێکە بە بەرگری کرێکاران لە خەیان، و هەوەتەقەلای بەکۆمەڵیانە بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان، و ئامرازی خەباتیانە بە وەرگرتنەوەی بەشیک لە زیادەبایی کە خەیان بەرهەمیانهێناوە، لە چنگی سەرمایەداران و دەوڵەت و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.
ئەمش پێچەوانەی هەموو ئەوانەیە کە لەهەر دیدگایەکی ئایدۆلۆژیەوە بەت و بەتایبەت ئەوانەی بەناوی بەرژەوەندی شۆرشگێرانەی کرێکاران و شۆرشی سۆشیالیستیەوە خەباتی سەندیکایی ئەکەنەوە. ئەو ڕاوت و ڕابەرانەی کە خەباتی سەندیکایی کریکاران قفڵ ئەدەن لەچوارچیوەی یەفەرمیزمی بەرژوازی و سازشکاریدا و ناهێنین کرێکارانی یەکخراو لە سەندیکاکانیاندا تەکۆی خەباتی سیاسی ببن و ببنە بەشیکی ئۆرگانیکی بزوتنەوەی چینایەتی سۆشیالسیتی کرێکار، ئەوە کەشمەکەشی سیاسی بورژوازیە بە

ڕووياندا و زاڵكردنى ئاسۆى بەرژوەزيى بەسەرياندا وە پەيوەندىكى بەخەباتى سەنديكايى كرێكارنەوە نيە.
خەباتى ئابورى كرێكاران قوتابخانەى يەكخستنى ڕيزى خەباتى چينايەتى كريكارانە و لە پەيوەندىكى ئەرگانيكدايە لەگەڵ لايەنى خەباتى سياسى و فيكرى ئەم چينە. ئەمەو خەباتى سەنديكايى كرێكاران دەرگيرى چەنگ و كەشى هەمەلايەنەيە لە تەواى جيهانـدا و لە عەراقدا بە تايبەت و نەيتوانيوە نێك هەر كرێكارانى ناڕيكخراو و بێكار ڕيك بخات، بەڵكە خەشى وێك سەنديكا و يەكيەتيە كرێكاريكانى كرێكارانى لەسەر كاريش، دەرگيرى كەسپ و تەنگەشەى قورس و قەبەيە. لەگەڵ چوونە پێشەوەى بزوتنەوەى كرێكارى بەگشتى و دريژەى ڕەوەندى كۆمەكەى سەرمايە و مـوديلى ئـابورى نيوليـبراليزم لە عـراق و كوردستاندا، ئەم لايەنەى خەباتى كرێكارى بەرجەستەتر دەبيتەوە و زياتر و زياتر ڕەلى لە بزوتنەوەى كريكاريدا بەهێزئەبيت.

خەباتى كرێكارانى كەرتى ناجێگير و گرێبەست و كرێى ڕۆژانە، و بێكاران
ڕيكخراوونەبوونى كرێكارانى كارى گرێبەست و كارى كرێى ڕۆژانە و كاتيى، و كرێكارانى كەرتى كارى نا جێگير (العمالة الهشة)، وە جەماوەرى فروانى بيكاران، كەشێكى هەرە گەورەى ئەم تێزانەى چينى كرێكارە بە ژن و پياوەوە. ديارە بەهەى هەموو ئەو هێكارانەى كە خەباتى سەنديكايى لە مەنگەنەداوە لە سەرتاسەرى عيراقدا، وەهەروەها بەهێكارى تايبەت بە خەباتى ئەم تێزگەلەى كرێكاران، تائێستا لە چوارچێوەى خەباتى سەنديكايدا خێيان ڕەكنەخستووە.
فەرم و شيوازى تايبەت بەريكخستنى خەباتى ئەم تێزانە لە ئيستادا جوراوجۆرە و زياتر لە ڕەگەى تەرى ئينتيرنێتى و گروپى سۆشيال ميديايىەوە بڵيوە ئەچى، و زياتريش لەكاتى كەمپەنى خەباتكارانە و خۆپێشاندان و ئاكسێنكان و مانگرتنكاندا بەرجەستە ئەبێتەوە. داوكاريكانيان لە بەرامبەر بينينى كرێ و موچە، يا داواى زيادكردنيان، و يا لەسەر بەرزكردنەوەى پلەى وەزيفى ... و هتد، وە لەسەروو هەمويانەوە بە دەستهاگێيشتنيانە بە كار. خەباتى ئەم تێزانەى كرێكاران لەڕێگەى مانگرتن و خۆپێشاندان و "اعتصام" وە ئەنجام ئەدرى. نمونەى بەرجەستەى ئەم خەباتكاريە كرێكاريە، مانگرتن و خۆپيشاندانكانى ئەم دوايىەى كرێكارانى گريبەست و كريى ڕۆژانە بوو كە زەربەى شارەكانى ناوەراست و خوارى عيراقى گرتەوە.
خۆپيشاندانى وانەبەژانى خەبەخش و دەرچوانى زانكۆ و ئينستيوتكان، كە بێكارن، و "اعتصام" و كەبونەوەى ئەندازيارانى بيكار، كە نزيك بە سـاڵ نيـوەكە لە بەغـدا بەردەوامە، و نـاڕەزايەتى و

خەباتی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایانی کوردستان بەدڵی نەدانی مووچە و بینی، هەمووی دیاردەی خەباتی بەکۆمەڵی ئەم تێیژانەی کرێکاران و کارمەندان و بێکارن.
هەڵبژاردنی سەرۆکی ئاپارینی ئۆکتۆبەر، کە پترۆل لە ساڵ و نیویکە بە شیوازی جوراوجۆر بەردەوامە، ئەم تێیژانەی کریکاران بووە، بەوانەی کە کاری کاتیی و هاوژنیان هەبووە وە ئەوانەی کە بێکار بوون بە کچ و کوڕەوە ، ئەمە جگە لە تەڕێکی بڕینی زەحمەتکیشان و نەداران.
لە باری سیاسیەوە ئەم بڕیە لە چینی کرێکار یەکسەر دەستیدایە خەباتێکی سیاسی و ئادیکاڵ بە دژی سەرجەم ڕژێمەکە، وە خەباتی ئابووری و داواکاریە ئابوریەکانی بە باشبژێوی و بەدستهێنانی کاری گونجاو و گوزەرانێکی ئاسوودە چووە دەخی خەباتی سیاسی ئاستوخەوە بە دژی ڕژێم و بە کۆتایهێنانی. لەم هاوچوونە جەماوەریدا دایلەکتیکی پەیوەندی خەباتی ئابووری و سیاسی کرێکاران لە یەکێکدا یەکانگیربووە بەکردەوە، بەڕام بەهەی نەبوونی هێزی یەکگرتوویان و نەبوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆیان کە ئاسۆییەکی ئازادیخوازانەی سۆشیالیستی کرێکاری گرتبەتەبەر، خەباتیان کوتە ژێر فشار و پاڕاپەستەی سەدویەک باڵ و هێوت و حزب و گروپی جوراو جۆری بورژوازی، بە ئیسلامی و قۆمیەوە، بە بورژوا لیبڕال و ئیفڕمیست و ئایدیای "نەشتمانی" بڕژوازیەوە، ئەمە جگە لە لەشکری پان و بڕینی هەلپەرستان و نەینەڕانی حزبەکانی دەسەڵات و سیخوڕانیان. هەر هەموو ئەم لایەنانە لەسەرتاوە کوتنە پڕپاگەندەی "دژە سیاسی بوونی" ئاپارین، و دژە سۆشیالیزم و دژە ڕێکخراوبوون و حزبی بوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەدارن.
لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ئاپارینداا ژیان و گوزەرانی کەسکی کرێکار و بیکار و نەدار باشترنەبووە و خەباتی ئابوری کرێکاران و ئەم تێیژانە کوتە ژێر باری قورسی سیاسەتی بورژوازی و فڕاهەمهێنانی گڕانکاری شکڵی لەدەسەڵاتدا لەسەرەوە و کۆشمەکۆشی نیوان باڵەکانی ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆنی بڕژوازی. ئەمەش زیاتر بەهەی ڕێکخراونەبوون و زاڵنەبوونی ئاسۆی سیاسی و سۆشیالسیتی کرێکاری.
کۆشەی ڕێکخراوبوونی ئەم تێیژانە لە چینی کرێکار، گرێکوێرێکی سەرەکی مەسەلی ڕێکخراووبوونی خەباتی چینی کرێکارە لە سەرتاسەری عیراقدا. هەر هەنگاوێک لە ڕێکخراوبونی ڕیزی خەباتی ئەم تێیژانە لە چینی کرێکار لە فەرمی ڕێکخراوەیی جوراوجۆردا، بەخێی پشرەویەکە لە سەرجەم خەباتی چینایەتی کریکاراندا. وەڕامدانەوە بە کۆشەی ڕێکخراوبوونی کریکارانی لە سەر کار و بیکار، وەڕام دانەوە بە کۆشەی ڕێکخراوبوونی ژنانی کرێکار وەک تێیژکی دوو جار چەوساوەی کریکاران، و وەڕام بە کۆشەی ڕێکخرابوونی پرۆلیتاری لاو،

کچ و کۆ، و شیوازەکانی بەرەو پێشچوونی خەباتیان، ئەو چەپینج و ئەرکە دەستبەجێیانەن کە پرۆلیتاریا سوشیالیست و هێزی مارکسیستی بزوتنەوەی کرێکاری هەوبەرەوەیەتی.

٢٠٢١-٥-١٦

SOCIALISM FROM BELOW Copyright ©2001 ،net ISBN -1 0–916695–10-7 E-Book ISBN: 978-1-61397-422-3 Second Edition Editor: E Haberkern Page 365
2- البيان الشيوعي – مقدمة ف. انجلز الطبعة الالمانية -عام 1890- ماركس انجلز مختارات في ثلاث مجلدات المجلد 1الجزء 1 دار التقدم 1980 ص 117

کۆنفرانسی یەکێیزی و دەستور و چەند سەرنجێک.. سامانی وەستابەکر

یەکێیزی و دەستور ئەو دوو دەستواژەیەی کە چەندین ساڵە کوردی گرفتار کوردوە، هاوڵاتی باجی نەبوونی ئایات و بەرپرس و سیاسیە باڵادەستەکانیش سودمەندن لە نەبوونی و بەروبوومەکەی ئێچنەوە.
پێش ساڵی ١٩٩١ کورد یەکێیز بوو وە دەستوورێکی نەنوسراویشی هەبوو بەڵام لەدوای ئەو کاتەوە کورد بوو بەچەندین ئیز و دەستوورە نەنوسراوەکەشی لەدەستدا و ماوی ٣٠ ساڵە خەو بە یەکێیزی و دەستورێکی نوسراوەوە ئەبینێ و هەر پێشی نەگەشت.
دەستورە نەنوسراوەکەی خەڵک ئەوە بوو کە زەرینەی هەرە زەری لەسەر چەند شتێک پانەبد و ژێد بوون لەوانە "خاک، نیشتمان، کوردایەتی، پێشمەرگە، نەتەوە، ئاڵا، شەش، یەک ڕەنگ، یەک کوردستان، ڕەوشت، دەسەزی، ڕەزگرتن... هتد"
حیزبەکان لە شاخ هاتنە خوارەوە ئەو دەستورە نەنوسراوەی خەڵکیان لە خەوێکی شیرین و خۆشەوە کرد بە خەوێکی پچپچە و ناخۆش "کابوس"، هەرچی بەها جوانەکانی کەمەگەیەخراپ و سەرەو ژێریان کرد، خەڵکیان

فەری دووبارەکی و چەند بارەی کرد، شارو شارۆچکە و گوندەکانیان کرد بە دوژمنی یەک، خەڵکیان لە یەک هەڵنگاوت کرد بە چەندین هەڵنگ، باشوری کوردستانیان لە یەک ناوچەی جوگرافی یەکگرتوو کرد بە دوو ناوچەی جوگرافی دوو هەڵنگ و دوو بارە و دوو حکومەت و دەسەڵات، خەڵکیان بە یەکتر و خاک و ئاسا و شەڕش و نەتوو و کوردایەتی و پێشمەرگە و نیشتمان گەڕی بە دژایەتیی یەکتر و گاتەجاڕی و بە بەاوی بەیەکتر و هەرچە بەها پیرۆز و نیشتمانی نەتوویەکانە لای خەڵک بە ئەرزش و فەڕیان کردن، کەچی ئێستا پاش ٣٠ ساڵ و لەدوای دوو هەوڵی سەرنەکەوتووی پێشتروو هاتوون و ئیانووە دەستور بنوسنووە تا جارێکیتر خەڵک یەکەیزبەت.
یەکەیزی خەڵک تەنها یەک هەنگاوی پێویستە کە ئەما ن هەرگیز ناچنە ژێرباری، ئەویش دەستهەڵگرتنی ئەمانە لە دەسەڵات و کوردایەتی، ئەگەر ئەمان وازبهێنن ئەوا خەڵکی بەبە بوونی دەستوریش یەکەیزئەبەت و لەگەڵ کاتا ئەگەڵتووە سەر دەستورە نەنوسراوەکەی خەی.
با ئێستا لەمگەڵین و بەنە سەر خودی کەنفرانسی یەکەیزی و دەستور لە هەولەر.

سەرنج:
ناکرێ ئەو پەرشیەی سەرکی هەرەم بە سەرخستنی ئەو کەنفرانسە نادیدە بگیرێ، بەڵام لەوە گرنگتر ئەویە کە ئایا بە نەچیرقان بارزانی هەندە پەرشی سەرکوتنی ئەو کەنفراسە بوو.

پرسیار:
*ئایا ئەگەر ئەو کەنفرانسە لەلایەن زانکۆکانیترە بەتایبەت زانکۆکانی ناوچەی نیلی/سوزووە بکرایە هەردوو سەرکی هەرەم و سەرکی حکومەت ئامادەئەبوون؟ ئەی ئەگەر ئامادەبوونایە بە چەند خولەک ئەمانەوە؟
*ئایا دابەشکردنی داهاتی هەرەم و پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان و بەتایبەتی ستراتیجیەکان بەیەکسانی و بەبەش نەکردنی سلەمانی لەی ئامدەکاریەکی گرنگ نیە بە سەرخستنی پڕۆژەکە؟
*ئایا کەسی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری نەکرد؟
*هۆی ئدریس نەچیرقان بارزانی چی بوو؟
ئەوەی ئاشکرا بوو بە هەمووان بەستنی کەنفرانسەکە بە یەکەیزی و دەستور بوو، ئەمە کارەکی باشە و بەواناکەم کەسیش دژایەتی کارەکی وابکات ئەگەر بەڵاستی مەبەست لە جەبەجەکردنی ناو و ناوەرەکی کەنفرانسەکەبەت بەڵام…

ئەو هەڵوێستانەی لەپاڵ هەڵوێستی ئاشکراکەی بەستنی کۆنفراسەکەیا بوو چەند شتێکیتر بوون کە پ.د.ک لایەک و خودی نێچیرڤان بارزانیش لایەکیترەوە مەبەستیان بوو وەک پەیامێک بیگەیەنن بە حیزبە جیاوازەکان و خەڵکی کوردستانیش لەوانە...

***هاتنە ژورەوەی هەردوو نێچیر و مەسرور بارزانی لایەک کات و بایەکەوە:**

ئەو دوو بڕیارکی و دەنکیەی نەوان نێچیر و مەسرور بارزانی گشتە ئاستێک کە لە هەردوو کەناڵی ووودا و کوردستان 24وە بەئاسانی هەستی پێدەکرێت و چیتر پارتی دیموکراتی کوردستان بەی پەردەپۆش ناکرێ بایە پۆستی بڕیارێک لە "شێ" نمایش بوو کە لایەککاتا وەڵامی خەڵک و لایەنگرانی پارتی و حیزب و مەدیا جیاوازەکانیش باتەوە بەبە ئەوەی یەک ووشەش بڵێ.

مەبەست لە هاتنەژورەوەی هەردوو ئامۆزا و خەمیراتگرەوەی باوک یان مام وەک سەرکی پ.د.ک وەڵامێک بوو بۆ ئەی گشتی کە گوایە ئەوان هێک و تەبان و هیچ ناکەکی و باڵبانێک لەنێوانیانا نیە. لەڕاستیا ئەمە وەڵامکی زیرەکانە بوو تا ئاستێکی باش بۆ زەرەک لە خەڵک نەک بۆ هەمووان، چونکوم ئەوەی شارەزای زمانی جەستە و ئەتەکەت و شێوازی جووڵەت لەوە تێئەگشت کە شێوازی ناوهێنانی یەکتر و ئاماژەکردن بۆناوهێنانی پەست و پلە بۆتایبەتی کاتێ سەرکی هەرێم چەندین جار بەبە هێ ناوی سەرکی حکومەتی دووبارە ئەکردەوە، ئەتوانرا لەوە تێبگەی کە ئەو ناوهێنانە زەرە بۆ ئازی کردنی خودی کەسەکەیە نەک پەستەکەی.

خەڵکی بەگشتی وە بۆتایبەتی هێشنبیر و بیرمەندان باش لەوە تێئەگەن کە ئەوە جەرەکە لە تەمسیل و نواندنکی کاتیە و ئەو تەبایەی کە نواندیان هەر هەمان تەبایەکەی نێوان کەانی مام جەلال و ئامۆزاکانیانە ئەگەرچی ئەوەی ناو ماڵی تاڵەبانی تا ئاستێکی زەر لەوەی ماڵی بارزانی هەورترە.

***دەرکەوتنی ئەدریش نێچیر بارزانی وەک کارەکتەرێکی سەرکی کۆنفرانس:**

دەرکەوتنی کوڵەزایەکی مستەفا بارزانی لە کۆنفرانسکی ئاوا گەورە و گرنگا بۆتایبەتی کە مەبەستی ئاشکرا لێی یەکەیزی و دەستوربەت تەنها ئەوەمان پێئەڵێ کە نەوەیەکیتری ئەو خەڵکە بەڕەوەن بە سەرکایەتی تا خەڵک دەستوپەنجەیان لەگەڵا نەرمبکات.

هەرئەوەش نا بەڵکو زیرەکی باوکی ئەدریس لەوەیا بوو کە بڕیارێک هەڵبژێری دابەشکردبوو کە کوڵەکەی وەک کارەکتەری سەرکی و هەڵسوڕێنەری

کۆنفرانسەکە نمایش ئەکرد، بەمەستی ئەوەی هەموان لەوە تێبگەن کە ئەو ئدریسی کۆیەتی لەپشت ئە کۆنفرانسەوەیە، هەرواش دەرچوو کاتێک ئەمانبینی کە چەن سەرکی حیزبەکان وەک هاوتایەکی خیان و زیاتریش ڕەفتاریان لەگەڵا ئەکرد.

بەشداری نەکردنی سەرکی پ.د.ک:
ئاشکرایە کە کەی بەیارە سیاسیەکان بگرە هەر بەیاردان لەناو پارتیا لای خودی سەرکی حیزبەکەیە، بەیە ئەکرە بەشداری نەکردنی کاک مەسعود وەک گەرەترین کەسپی سەرنەکەوتنی ئەو کۆنفرانسە لا داهاتووا تەماشا بکرە ئەگەر…
ئەگەر مەبەستی مەسعود بارزانی پەراوێزخستنی خەی نەبە بە پتەوکردن و جێگرکردنی ڕەڵی کوەکەی مەسرور وەک سەرکی داهاتووی حیزب.
ئەگەر ڕازی نەبوونی کاک مەسعودبووبە بەو هۆیەی کە لە کۆنگریا بەی دیاری ئەکرا، چونکە ئاشکاریە ئەو لە ناوخیا نەک دەرەوەی وڵات ناچێتە شوێنکەوە کە تایتەی کەسانیتر لەسەرو تایتەی ناوی ئەوەوبێت ئەگەرچی لە خزانکەی خەشیبێت.
ئەکرە کاک مەسعود تا ئاستەکیش بە ئومید بووبە لە پرسەی چاکسازی و دەستور و یەکەیزی هەموو ئەو تایتەانەیتریش، چونکە لەسەردەمی حکومەانی ئەویشا چەندین هەوەی لەو جەریران، لەکاتەکا کاک نەوشیروان و مام جەلالیش لە ژایانا بوون بەڵام هیچی سەرینگرت و سەرکەوتوو نەبوو.

جێنین پلاسخارت:
نوێنەری فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عەراق ئەو خاتوونەی دایکانە ئاگاداری لەدەستدانی قەوارەی هەرەمی ڕاگەیاند، ئەگەر دەسەڵاتداران بەخەیانا نەچنەوە "دەست ئەتگرنە و دوژمن ئەتخاتە پەکەنین" ئەمە ئەو پەندە کوردییە بوو کە زەر هەشیارانە و لەکات و شوێنکی زەر گونجاوا خاتوو پلاسخارت بەکاریهێنا ، زەرجار ئەو پەندە کوردییە بەکارئەهێنرە بەڵام کاتێک لەدەمی کەسکی بگانە و کات و شوێنکا بەکارئەهێنرە کە سەرکی سە دامەزراوەی گرنگ و سەرک و بەیاردەری شەش حیزبی کارا و چەندین ڕاوێژکار ووەزیر و ئەندام پەرلەمان و پلە باڵا ئامادەئەبن واتایکی پە بەپەستی پەندەکە ئەگەیەنە، کە ئەویش ئەو وەک دەستێک هاتووە هەواڵی لەناوچوونی قەوارەی هەرەمی کوردستانیان پەڕاگەیەنە پەش ئەوەی کار لەکاربترازە.
پلاسخارت قسەی خەی کرد و دەستایەتی خەی پشانی ئامادەبووانی پانێلەکەیا، ئەوەی ماوەتەوە ئەکوێتە لای توانای هەڵسەنگاندنی

ئامادبووانی پانێلەکە بۆ ئەو ئاگادارکردنەوە پێشوەختە. خۆزگەم خاتوو جێنین پلاسخارت پێشی بووتنایە (قد أعذر من أنذر) چونکە ساسیەکان فێرن دوای ئەوەی کە هەڕەشەکەن هەڕەشەیەن تاوانەکە لەخۆی دوورخەنەوە بیسون بێشانی خۆلکانیترا.

سامانی وەستا بەکر

٢٠٢١-٥-٢٠ سوید-ستۆکهۆڵم

دوو کتێبی نوێی ستیڤان شمزینی لە چاپ دران

کتێبی یەکەم: "قوتووی عەتار – بەرگی سێهەم" ئەم کتێبە بریتییە لە دریژکراوەی هەردوو بەرگی پێشووی کتێبەکە کە ساڵی 2018 لە دوو تۆمی 1000 لاپەڕەدا باڵوکرایەوە. ئەم بەرگەش بەشێکی تری کۆکراوەی ئەو وتارانەی نووسەر لە خۆ دەگرن کە لە نێوان ساڵانی 2004-2021 باڵوکراونەتەوە لە دوو تۆمی 560 لاپەڕەدا. بە تێکڕای هەر سێ بەرگەکەی ئەم کتێبە 1560 لاپەڕەیە.
کتێبی دووەم: "بە ئۆینت رابردووم بسووە" ئەم کتێبەش بریتییە لە کۆمەڵێ شیعرێکی نوێی نووسەر لە نێوان ساڵەکانی 2015- 2020 لە دوو تۆمی 158 لاپەڕەدا.
ئەم کتێبانەش لەلایەن چاپخانەی کارێ چاپ کراون و لەلایەن "هەڕەم عوسمان"ەوە کاری دیزاینی بۆ کراوە.
وا بۆیاریشە کتێبێکی تری نووسەر بە ناوی "خەندە گرینۆکەکان. مەراقنامەی پیاوێکی سوریالی" لە دوو تۆمی 200 لاپەڕەدا بەم زووانە لە ژێر چاپ بێتە دەرەوە. هەر سێ کتێبەکەش لە چەند مەراسیمێکی جیاجیادا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان باڵوبکرێنەوە.
جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم سێ کتێبە و کەی کتێبەکانی تری نووسەر لەسەر ئەرکی دارایی و تایبەتی خۆی چاپکراون.





چیرۆک بۆ منداڵان.. شەلەمەکی زۆبەلاح.. ڕزا شوان

پیاوەکی پیر شەلەمەکی چاند. شەلەمەکە سەوزبوو. گەورە و گەورەتر بوو. کاتی ئەوە هات کە هەبکەشرێت. پیاوە پیرەکە لاسکە بەرزەکانی شەلەمەکەی گرت و رایکێشان و ڕاکێشان، بەڵام نەیتوانی شەلەمەکە لە ڕگەوە

هەبکەشەت.
پیاوە پیرەکە بانگی پیرەژنەکەی کرد. پیرەژنەکە هات و پشتی پیاوە پیرەکەی گرت. پیاوە پیرەکە لاسکەکانی شەلمەکەی گرت. رایانکەشا و رایانکەشا.. بەڵام نەیانتوانی شەلمەکە هەبکەشن.
پیرەژنەکە بانگی کچەزاکەی کرد. کچەزاکەی هات و پشتی پیرەژنەکەی گرت. پیرەژنەکە پشتی پیاوە پیرەکەی گرت. پیاوە پیرە لاسکەکانی شەلمەکەی گرت. رایانکەشا و رایانکەشا.. بەڵام نەیانتوانی شەلمەکە هەبکەشن.
کچەزاکە بانگی سەگەکەی کرد. سەگەکە هات و پشتی کچەزاکەی گرت. کچەزاکە پشتی پیرەژنەکەی گرت. پیرەژنەکە پشتی پیاوە پیرەکەی گرت. پیاوە پیرەکە لاسکەکانی شەلمەکەی گرت. رایانکەشا و رایانکەشا.. بەڵام نەیانتوانی هەبکەشن.
سەگەکە بانگی پشیلەکەی کرد. پشیلەکە هات و کلکی سەگەکەی گرت. سەگەکەش پشتی کچەزاکەی گرت. کچەزاکەش پشتی پیرەژنەکەی گرت. پیرەژنەش پشتی پیاوە پیرەکەی گرت. پیاوە پیرەکەش لاسکەکانی شەلمەکەی گرت. بە ئەوپەڕی هێزیانەوە، رایانکەشا و رایانکەشا.. بەڵام شەلمەکەیان بە هەنەکەشرا.
پشیلەکە بانگی مشکەکەی کرد. مشکەکە هات و کلکی پشیلەکەی گرت. پشیلەکەش کلکی سەگەکەی گرت. سەگەکەش پشتی کچەزاکەی گرت. کچەزاکەش پشتی پیرەژنەکەی گرت. پیرەژنەکەش پشتی پیاوە پیرەکەی گرت. پیاوە پیرەکەش لاسکەکانی شەلمەکەی گرت. رایانکەشا و رایانکەشا.. شەلمە زبەلاحەکەیان لە رەگەوە هەڵکەشا.
ئەوارەی ئەو رەڤە شەلمە گەورەکەیان کوشاند و پەکەوە خواردیان.

( ) ئەم چیرۆکە بە منداڵانی باخچەی منداڵان گونجاوە. منداڵانی (٤ ـ ٦) ساڵان.
(*) ئەو پێندەی لەم چیرۆکەدایە " هێز لە یەکێتی دایە" پێویستە ڕێی کەسانی بچووکەش بە ئەنجامدانی کاری گەورە، بە هێند بزانرێ و لێبڕچاوبگیرێ.
بە هاوکاری و بە هاهاهۆنگی و بە یەکهێزیش، گەورەترین کار ئەنجام دەدرێت.
ڕزا شوان
نەرویج: ٢٠٢١

هاوپشتیی نێونەتەوەیی زامنی سەرکەوتنی بەرەنگاریی خەڵکی فەڵەستینێ دژ بە کوشتار و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل

سەسیالیستێ شۆشگێڕان

جارەکی دیکە جەنگ، خەڵکانی بێتاوان و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان و هەموو مرۆڤێک بە گشتی دەکاتەوە بە سووتەمەنیی خۆی. کۆشتی مژووویی فەڵەستین و ئیسرائیل، دیسان چووە قۆناغێکی ترسناکەوە. دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئیم جەنگە، بەرئەنجامی خەسڵەتی و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی ئیسرائیلە دژ بە خەڵکی فەڵەستین، لە ژێر ناوی گەلانەوە بە سەر خاکی خۆیان و دەرکردنی فەڵەستینییەکان. سوپا ئەتەمیەکەی ئیسرائیل لە هەرشەکانیدا بە سەر خاکی فەڵەستینییەکان، دەست لە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی ناپارێزێت. لە سەرەتادا وەڵامی ئاستەقینەی ئیم هەرشانە، بەرەنگاریی جەماوەریی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی قودس بوو کە هەرشیان کرایە سەر، پاش ئەوەی گرووپە فەڵەستینییە ئیسلامی و نەتەوەپەرستەکان، ئیم هەڵە بقۆزنەوە و لە پەناو ڕەوایەتییدان بە مانەوەی خۆیان، دەست بدەنە چەند کردەیەکی سەربازی، کە بە ڕووکەش گوایە بە بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیلن، بەڵام لە ئاستیدا ئامانجە سەرەکییەکەیان ئەوەیە بیسەلمێنن دووژمنەکیان هەیە و لەم ڕێگەیەوە شەرعیەت بە وجودی خۆیان بدەن وەک بەرگریکار لە خەڵک و خاکی فەڵەستین. ئەگەرچی دەندەیی سوپای ئیسرائیل و چەکە قەدەغەکراوە کۆکوژ و ئەتەمیەکانی، هەرگیز جێگەی بەراورد کردن نییە بە موشەکی گرووپە فەڵەستینییەکان، بەڵام شاراوەش نییە کە ئیم ململانێیە بە دەر نییە لە بوونی سیاسەت و ئاجێندای دەرەوەی جیۆگرافیای ئیسرائیل و فەڵەستین.

ئەمە بە بە هیچ سەمینەوە و دووڵیەک دژ بە دەوڵەتی ستەمکاری ئیسرائیل و سوپا دەندەکەی دەوستینەوە، لە هەمان کاتیشدا پشتیوانی لە خەبات و بەرەنگاریی جەماوەریی خەڵکی فەڵەستین

دەکەین. نە دژایەتیمان بە دەوڵەتی زایۆنیستی و سوپای ئیسرائیل بە مانای دژایەتیی نەتەوە و ئایینی جوولەکە دێت، نە پشتیوانیشمان لە خەڵکی فەڵەستین بە مانای پشتیوانی لەو گرووپە ئیسلامییانە دێت کە بە ئاژەندای هەڕەمی و نەودەوڵەتی ئاگری ئەم شەڕە بە گەشاوەیی دەهێنەوە.
پەیمان وایە ئەرکی هەموو مرۆڤێکی سۆسیالیست و ئازادیخوازە پشتیوانی لە خەڵکی ستەملێکراوی فەڵەستین بکات، کە هاوشێوەی نەتەوەی کورد، دوو جار لە ژێر ستەمدایە، ستەمی نەتەوەیی و ئایینیی دەوڵەتی ئیسرائیل، ستەمی ناوخۆیی دەسەڵات و حیزبە فەڵەستینییەکان و نەبوونی ژیانێکی شایستەی مرۆڤانە. بانگەواز بە چەپ و سۆسیالیست و ئازادیخوازانی وڵاتی ئیسرائیلیش دەکەین، کە وەک هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی شەڕشگێڕانەی خۆیان بن و دژ بەم جەنگە نابەرانبەر و وەرانکارە بوەستنەوە و هەوڵی هاوپشتیی نەونەتەوەیی بدەن لەگەڵ جەماوەری فەڵەستیندا.
چارەسەری ئەم کێشەیە، کە کێشەیەکی سیاسی، مێژوویی، جیۆگرافی، ئایینی و نەتەوەییە، تەنها لای دانیشتوانی فەڵەستین و ئیسرائیل خۆیانە. دەبێت ئەوان بە ئازادانە و بە دەر لە هەر زەبر و زۆرێک مافی خۆیان بە کار بهێنن و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن لە داهاتوودا. هەموو ئەتەرناتیڤێکی شەڕشگێڕانەش، دەبێت بەرئەنجامی ویستی خەڵک بێت، نەوەک حوکوومەت و دەوڵەتکان. هاوکات پێویستە هاوسەنگیی هێزەکان لەبەرچاو بگیرێت و پێنا نەبڕێتە بەر ئەتەرناتیڤێک کە لە داهاتوودا داگیرکاری و پاشکۆیەتیی لە بکەوێتەوە.
جەگەی خۆشحاڵییە کە جەماوەری کوردستان بەرانبەر ئەم پرسە هاتوتە دەنگ و هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە. ئەگەر چی بەشێک لە هەڵوێستەکان ئایدیاڵیزین و بنەمای ئایینی بە سەریاندا زاڵە نەوەک بنەمای مرۆڤایەتی و هاوپشتیی نەونەتەوەیی، هەندێک لە هەڵوێستەکانیش جەگەی ڕەخنەن کە بە مەرج و تەوانینی تەسکی نەتەوەیی پشتیوانیی خەڵکی فەڵەستین دەکەن، بەڵام ئەگەر تارمایی نەتەوە و ئایین ئاگایی جەماوەر نەشێوێنێت، ئەوا هەڵوێستی ئاستەقینەی خەڵکی کوردستان وەستانەوەیە دژ بە کوشتار و وەرانکارییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانییە بە خەڵکی ستەملێکراوی فەڵەستین.
خەباتی بەردەوامی مەدەنی و جەماوەری، وەک ئەو مانگرتنە گشتیەی بڕیار لە شارەکانی فەلەستین ئەنجام بدرێت، شانبەشانی پاپشتیی ناوخۆیی خەڵکی ئازادیخواز و چەپی ناوخۆی ئیسرائیل و هاوپشتیی نەونەتەوەیی زامنی سەرکەوتنی دیموکراسیانەی ئەم دژەن.
نا بە جەنگ و کوشتار

نا بە جیاکاریی نەتەوەیی و ئایینی
بەرە بە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئازووماندانە
هاوپشتی خەباتی خەڵکی فەلەستین دەبین دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل
هەوتی سیاسیستە شەڕشگێڕکانی کوردستان

ئایاری 2021

ژیانی موزیکژەنەکی کورد لە ڕمانەکی سعودیدا.. ئەردەڵان عەبدوڵا

خوێندنەوەیەك بۆ ڕمانی زریاب

بەگشتی ئەم وێنەیەکی باشمان بۆرامبەر عەرەبستانی سعودیە نییە، هەکاری زۆریش لەمەدا ڕەچاو هەیە، لە پێش هەمووانەوە لەوانەیە ئەمە هێندە زانیاریمان لەبارەی ئەم وڵاتەوە نەبێت بەتایبەتی ئاگاداری ڕەوشی ئەدەبیی و هونەری نین، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆشەی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا کەمەك نووسەری زۆر باشییان هەیە، بەرهەمەکانیان بە زۆربەی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕدراون. لەو نووسەرانە " مەقبوڵ ئەلعەلەوی" یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی سعودیە و خاوەنی دنیابینییەکی زۆرجوانە. یەکێك لە ڕمانەکانی بەناونیشانی " زریاب" کە باسی ژیانی موزیکژەنی ناوداری ئیسلامی "زریاب" دەکات، کە بە ڕچەڵەك کوردە و لە سەردەمی هارونە ڕەشیدا ژیاوە. ئەم ڕمانەش لەلایەن وەرگێڕی هێژا سەباح ئیسماعیل کراوە بە کوردیی و ناوەندی ڕەهەندە چاپی کردووە.
لێرەدا پێمخۆشە کورتەیەک لەبارەی ئەم ڕمانەوە بنووسم و بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەم.

ژیانی موزیکژەنەکی داهێنەر
لە مێژووی هونەری وڵاتانی ئیسلامییدا " زریاب" یەکێکە لەناوە پرشنگدارەکانی موزیکی خەرهەڵاتی و ئیسلامی. ئەم پیاوە لە موزیکدا

بەتایبەتی ئامێری "عود" داهێنانەکی گەورەی کردووە، ئەم ڕەمانەش بە وردی باسی ژیانی ئەم موزیکژەنە دەکات. زریاب لە ئەستێرەناسی "عەلی کوڕی نافیعە و نازناوێشی " ئەبوئەلحسەن" بەناو کاتێك دەبێتە کۆیلە، ئیسحاق موسڵی موزیکژەنی ناوداری سەردەمی هاورێ ڕەشید دەیکڕێت و ناوی دەنێت " زریاب" کە لە عەرەبیدا مانای " باڵندەیەکی ڕەشی جوان" دەگەیەنێت. پاش ئەوەی ئیسحاق موسڵی لە موسڵەوە زریاب دەهێنێت لە کۆشکەکەی لە بەغدا لەگەڵیدا دەژی و فێری موزیکی دەکات.

لە سەرەتادا ئیسحاق موسڵی زۆر دڵی بەم کۆیلە خوێندکارە گەنجەی خۆش دەبێت و گرنگی پێدەدات، فێری موزیکژەنی دەکات. هەر لە منداڵییەوە موزیك دەبێتە خەونی گەورەی زریاب، مەشکی داگیر دەکات، ئەمەش وا دەکات داهێنانەکی گەورە بکات و تەواوی مەژووی موزیك بگۆڕێت و ئامێری "عود" بەتایبەتی دەگۆڕێت. زریاب لە بەغدا دەچێتە لای دارتاشێك داوای لێدەکات عودەکی تایبەتی بۆ دروست بکات بە جۆرێك لە جیاتی چوار "ژە" پێنج ژەی هەبێت، ئەمەش گەورەترین شۆڕش دەبێت بەسەر ئامێری عودا دەکرێت.
ئەم گەڕانکارییە بلیمەتی و توانای زریاب دەردەخات، دەبێتە مایەی سەرنجی دەروروبەر. کاتێك ئیسحاق موسڵی دەیباتە کۆشکی هارونەڕەشیدەوە، ئەویش زۆر شەیدای ئەم کوڕە گەنجە دەبێت، بەناو ئەمەی دەبێتە سەرەتای نەهامەتییەکانی ئەم کوڕە گەنجە و ئاگری ڕق و کینەی لە ناخی ئاغاکەیدا دەچێنێت، هەربۆیە پاش گەڕانەوەیان لە کۆشك بە بیانییەکەی ئیسحاق موسڵی بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە ناخی خۆی هەدەڕژێت و پێی دەڵێت: دەبێت لە بەغدا نەمێنیت. ئەم کوڕە دەبێتە ڕکابەرێکی تەقنەر بۆ ئیسحاق موسڵی، ئەویش سەرەتا دەیەوێت دژی ئەو بیارێ بوستێتەوە، بەناو دواجار ناچار دەبێت و بەغدا بەجێدەهێڵێت. خەیی و سۆفیەی ژن و منداڵەکانی، بەغدا بەجێدەهێڵن بەرەو ئەندەلوس دەڕۆن، دواجاریش لەوێندەر جێگیردەبێت. کاروانی سۆفەری زریاب بۆ موسڵ و حەڵەب و شام و میسر و پاشان تونس تەدەپەڕێت و پاشان دەگاتە ئیسپانیا، لە هەموو ئەو شوێنانەدا زریاب لەگەڵ پادشا و نێیارانی حیکایەتی خۆی هەیە.
جگە لەوەش ئەم ڕەمانە گەشتێکی کورتە بەناو جوگرافیا و مەژووی وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی لەسەردەمی هارونە ڕەشید و کۆشکانی، وەسفێکی جوانی شارو گوند و ناوچەکانمان بۆ دەکات و تیشکیش دەخاتە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی لەو سەردەمدا.

موزیك و ئامێری عود

لەم ڕەمانەدا موزیك بە گشتیی و ئامڕی عود بەتایبەتی پانتایی گۆڕە داگیردەكەن، چونكە لەڕەدا باسی ژیانی كەسێكی موزیكژەن دەكات، كە تەواوی ژیانی بە موزیك تەرخانكردووە و لەسەرەتای ژیانییەوە تا كۆتاییەكەی عودەكەی دەبەتە هاوڕێیەكی گیانی بەگیانی و لەی جیا نابەتەوە. هەرچەندە لەسەر ئەم ئامڕەش ژیانی تەكدەچەت و لەگەڵ خەڵكی تردا ڕووبەڕووی ململانێ دەبەتەوە. وەكو خۆشی دەڵەت: ” ئەو عودە چاوەڕوانكراوە هەكاری گۆڕەی بەدبەختییەم بوو. ل50″

ڕەحی ڕق و كینە و ئیرەیی

خاڵەكی گرنگی تری ئەم ڕەمانە باسی هەستی ئیرەیی و ڕق و كینەی ناخی مرۆڤ دەكات. كاتێك ئەم هەستە بەسەر كەسێكدا زاڵ بەت، ئیتر بەتەواوەتی لە هەموو شتە جوانەكانی ڕادەماڵەت و دەبەتە مرۆڤێكی دڕندە. باشترین نموونەش ئیسحاق موسەیە، تا هەستی ئیرەیی بەسەریدا زاڵ نەبوو، وەكو باوكێكی میهرەبان مامەڵەی لەگەڵ زریاب و تەواوی كەیلەكانی دەكرد، بەڵام كاتێك هەستی ئیرەیی و ڕق و كینە بەسەریدا زاڵ دەبەت، دەبەتە گۆڕەترین دڕندە و دوژمنی سەرسەختی زریابی داهێنەر. لەڕەدا نووسەر باش توانیویەتی ئەو هەستە باس بكات و دیمەن و هەڵسووكەوتە ناشیرینەكانی ئیسحاق موسەیمان بە بگوازەتەوە. بەتایبەتی لە پاش گەڕانەویان لە كۆشكی هارونە ڕەشید، ئەم هەستە دەردەكەوەت:

“لە جڤاتی خۆشی و ڕابواردندا بووین، جڤاتێك دەبوو ڕەحەكان تێیدا لە شەقی باڵ بەدەن و دووربكەونەوە لە چێشاوی دەروونە نەخۆش و ناساغەكان و بە ئاسمانی خاوێنی ڕووحی بەرز ببنەوە. ل 95

بەڵام ئیسحاق موسەی ڕق بەسەریدا زاڵ دەبەت بە بەیانییەكی یەكسەر پێی دەڵەت: لە ئەمڕە بە داوەوە جگەت لەڕە نابەتەوە.

“لە دونەوە من گۆڕەی تە نیم، ڕاست و ڕوون دەبم لەگەڵتدا. ئەی نازانیت ئەڕەیی دەردەكە لە كۆنترین دەردەكان و لە هەموویان پتر كار لە ناخ دەكات و قووڵترین زام لەسەر دە جەهدەهەڵەت، دنیا وایە. ناخەشییەك بەردە و جەستە و ئاوەز دەكوەت، ململانێش لەهەمان پیشەدا، دووبەڕەكی و ڕق دروست دەكات” ل 97و98

ژیانی كەیلەكان

لە ڕەگەی باسكردنی ژیانی تایبەتی زریابەوە، ئاگاداری ڕووشی خراپی ژیانی ئەو كەسانە دەبین، كە بە زەر لەو سەردەمەدا كراون بە كەیلە و سەودا و مامەڵەیان پێوە كراوە. چۆن هەموو سیفاتی ئینسانی لەو كەسانە سەندراوەتەوە.

“ئەوانەی دی لەبەری من بیریان دەكردەوە و چارەنووسیان دیاری

دەکردم، تەنانەت من ناوەکەی خۆم هەندەبژاردووە. خۆم کەیلایەتیم هەندەبژاردووە. ئەوان هەڕی ژیانیان بە کەشام و لەسەری ڕیشتم، پێیان گوتم گەرانی بێ. گوتم. پێیان گوتم. لابە، لا بووم"ل 16.15

شاری بەغدا

هەرچەندە نووسەر سعودیە، بەڵام کاتێك ڕەمانەکە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت کەسێك نووسیویەتی خۆکی بەغدایە، زەر عاشقی بەغدایە و لە سەردەمی هارونە ڕشیدا ژیاوە، لە هیچ کتێبکی تردا، هەندە بە جوانی وەسفی بەغدای کەن نەکراوە. ئەمش گوزارشت لە زیرەکیی و توانای نووسەر دەکات، چونکە ئەو کەسە خۆکی عیراق نییە و باسی سەردەمکی شارکیش دەکات کە ئەو نەیبینیوە. لە زەر شوێندا وەسفی بەغدا دەکات: "بەغداد پایتەختی جیهانی نوێ بوو، خەریك بوو ڕووناکییەکی دەگەشایەوە و ئەوانی دیی دادەپەشی." ل 56
لەبارەی وشەی بەغداوە نووسەر دەڵێت: بەغداد مانای " بەخششی پەروەردگار" دەگەیەنێت. ل 73
"بەغداد لەو دەمەی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور بناغەی دانا، بووە پەناگەی گشت توێژەکان، لە هەموو لایەکەوە ڕوویان لەکرد، بەغداد پەبوو لە عەرەبی ڕەوەند، کورد، دەیلەم، فارس، عەبەش، تورکمان... تا ئەم ساتەش بەغداد شارکە ئامادەی هەموو شەمانەیکی چاك و خراپە." ل 74

موسڵ

بەپێچەوانەوە لەم ڕەمانەدا وەنەیکی جوانی موسڵ نابینین، نووسەر هەوێیداوە لە پاش بەغدا باسی موسڵیش بکات، کە لەو کاتەوە تا ئێستاش دووەم شاری گەورەی عیراقە. لەبارەی موسڵەوە دەڵێت:
"موسڵ شارکی گەورە و دێرین بووە، دەتگوت هەمیشە بە ڕووبەرووبوونەوەی ئاژاوە و خراپکاری ساز و ئامادەیە، لەراستیدا نزیکتر بوو لە قەڵایکی سخت وەك لەشار" ل 16و 17
بەداخەوە لە مێژووی نوشدا لە موسڵدا کەمەك ڕووداوی ناخۆش ڕوویدا، دوایینیان داگیرکردنی بوو لەلایەن چەتەکانی داعشەوە. جگە لەم دوو شارش، نووسەر وەکو کامەرامانەك باسی کەمەك شار و شارچکەی تری وەاتانی خەرهەات و خەرئاوا دەکات.

سەردەمی خەلافەتی هارونە ڕشید

خەلیفە هارونە ڕشید یەکەکە لە فەرمانەوا ناودارەکانی مێژووی ئیسلامی، ساەانی حوکمی ئەم پیاوە، بە ساەانی زێینی بەغدا و گەتی عەرەبی و ئیسلامی دادنرێت. نووسەریش زەر بە جوانی مەلی هزری خوێنەر دەگەنێتەوە بە ئەو قۆناغە، دیارە ئەمش کارکی سختە،

چونکە ئەم بابەتکی مژووییی گرنگ و هەستیارە، دەبێت نووسەر شارەزایی زۆر باشی لەبارەی مژووەوە هەبێت. کاتێکیش دەرکانی دەخوێنیتەوە، وەکو خوێنەرێك هەست دەکەیت نووسەر زۆر شارەزایی لەبارەی ئەو سانانەوە هەیە کە هارونە ڕەشید فەرمانڕەوای بەغدا بووە. بەگشتیش ئەمە وێنەیەکی جوان و باشی ئەم قۆناغە دەبینین، هەرچەندە لە مژوودا زۆر ڕەخنە لە هارونە ڕەشید دەگیرێت، خۆشکانێك پێیانوایە حاکمێکی زاڵم بووە و زیاتریش خۆریکی ڕابواردن و خۆشی ژیان بووە تا فەرمانڕەوایی، بەڵام ئەم خەلیفەیش وەکو خەلیفەکانی تر، کەمێك خاڵی جوان و ناشیرینی هەیە.
نووسەر لە وەسفی ئەم فەرمانڕەوایەدا دەڵێت:
"هارونە ڕەشید شای شایانی جیهان و ڕزگارکەری وڵاتانی دوور و نزیك. سەروەری مەزنان و بزێنەری فارس و ڕەم.
لە وەسفی کەشکەکەشیدا دەڵێت:
"لای ڕاستی ریزێکی درژ لە زانا و شاعیر و ئەدیبان درژبووبوون. لای چەپیشی فەرماندە و سەردارانی هەرەمان و لە پشتیشیانەوە سەربازانی مەن وەستا بوون."ل84

خۆشەویستی

بابەتکی گرنگی تری ئەم ڕەمانە "خۆشەویستییە" کاتێك زریاب"سەفیە"ی کەنیزە دەبینێت، کە ئەویش وەکو ئەو کراوە بەکیلە، عاشقی یەکتردەبن. حکایەتی زریاب و سەفیەش، جۆڕی زیاتری بەم ڕەمانە بەخشیوە و هێندەی تر ڕەمانکەی ڕازاندۆتەوە.
جگە لەم باسانە، نووسەر لەم ڕەمانەدا کەمێك باسی گرنگتر دەکات لەوانە " هاوکێیەتی، شێوەنگێزی ناخی مرۆڤ، شێوەی دەستپاك، کەمێك باسی گرنگی تر".

تەکنیکی نووسین

یەکێك لەخاڵە جوانەکانی ئەم ڕەمانە تەکنیك و شێوازی نووسینیەتی. نووسەر شارەزاییەکی زۆرباشی لە بواری بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ڕەماندا هەیە، ڕەگەزەکانی"دروستکردنی پاڵەوان، کوتوپڕ و گرێی ئەدەبی و دیالۆگ و دروستکردنی ڕووداوەکان" زۆر بەباشی بەکارهێناوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەم ڕەمانە دەچێتە قاڵبی ڕەمانی مێژوویی، کەم نووسەریش هەیە بتوانێت لەمجۆرە ڕەمانەدا سەرکەوتووبێت، دەبێت ئەو کەسانەی ئەمجۆرە ڕەمانانە دەنووسن، شارەزایی زۆرباشیان لەبارەی ئەو مژووەوە هەبێت کە باسی لێوە دەکەن، لەمشدا نووسەری ئەم ڕەمانە زۆر سەرکەوتوو بووە، کاتێك ڕەمانکە دەخوێنیتەوە، هێندە بە جوانی وەسفی ئەو کاتە دەکات،

هەست دەکەیت کەسێک نووسیوێتی لەوسەردەمدا ژیاوە. ئەمش دووبارە خاڵکی بەهەزی تری بەم ڕمانە بەخشیوە.

دوا قسە

بەدنیایییەوە ئەم ڕمانە چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە، جوانی و داهێنانێکی گەورەی پێوەدیارە، بەحوکمی ئەوەشی کە باسی کەسایەتییەکی مێژوویی دەکات، خوێنەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زوو، کەمێک زانیاری لەبارەی سانی فەرمانڕەوایی هارونە ڕشید دەستدەکەوێت، جگە لەوەش ئەم ڕمانە مرۆڤ دەکاتە سەنتەر و چەنێتی ڕفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەر دەبێتە مایەی گرنگی پێدانی، لە پێش هەموویانە مەسەلەی"رق و ئرەیی پێبردن"دەبێتە کرۆکی سەرەکی ڕمانەکە و بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان، دزێویی و ناشیرینی ئەم هەستەی مرۆڤ باس دەکات.
لە کۆتاییدا جگەی خۆیتی دەستخۆشی لە بۆ هۆزامان سەباح ئیسماعیل بکەین، بە وەرگێڕانی ئەم دەقە جوانە ئەدەبییە و هیوای لێشساخی و کاری جوانتری بە دەخوازین.

ئەردەڵان عەبدوڵا

سەرچاوە:
مەقبول ئەلعەلەوی. زریاب. وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل. چاپی یەکەم. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند. سلێمانی. 2020.

خوێندنەوەیەکی (مەسعود محمد) یانە بۆ ڕمانی مرۆڤی هەرزان.. باسی دووەم- گەران سەباح

وەک لە باسی یەکەم ئاماژەم پێی دا، ئەم زنجیرە باسە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییە بە دیدگە و فەلسەفەی خەمایی. باسی یەکەم خوێندنەوەیەکی (ڕبوار سیوەیلی)یانە بوو. بەستەرەکەی:

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=43508
ئەم خوێندنەوەیە بەپێی کتێبی (مرۆڤ و دەورووبەر، بەشی یەکەم)ی (مەسعود محمد)ە. هیوادارم ڕۆخنەدزانی تر بێن بەشی دووەم و سێیەمیش تێکهەڵکێشن لەسەر ڕێمانی مرۆڤی هەرزان. مەرجیش نییە کار لەسەر مرۆڤی هەرزان بکەن، هەر ڕێمانێکی تر بۆ ئاسایی، گرنگ ئەوەیە دەست بەوە بکەین لەنەو پاش ئەم جۆرە خوێندنەوە خەماڵییانە بۆ دۆقی خەماڵی بکەین.
ڕێمانی مرۆڤی هەرزان ئاماژەیە بەوەی بۆ باشتربوون مرۆڤ دەبێ لە بازنە سنووردارەکان بێتە دەرەوە. مرۆڤ لە هەر بازنەیەک گیری خوارد، بەرەو دواوە دەچێت. جا ئەو بازنەیە هەرچی بێت. چونکە دواجار خودی بازنە واتە سنووردانان و نەچوونە دەرەوە. شووشە لە بازنەکە هاتە دەرەوە بەیە توانی باشتر لە زانایانی تر بیر بکاتەوە و بگاتە سەرداوەک بۆ کۆتاهێنان بە پێتای خۆکوشتن.
مەسعود محمد (٢٠١٤) لە بەشی یەکەمی (مرۆڤ و دەورووبەر)دا جێخت لەسەر بەسنوور و سنووردار دەکاتەوە. لە لاپەڕە ١٢ دەڵێ، "... جیهان و پرسیارەکانی بەسنوورن ... پەوانی ئەو نامەحدوودانە بە عەیارەی مەحدوود گەپکی سافیلکانەیە." زانایانی نەو فەزای مرۆڤی هەرزان بە پەورێکی سنووردار دەیانەوە ڕووبەڕووی خۆکوشتن بوەستنەوە، مەسعود گوتەنی، ئەوە گەپکی ساویلکەیە. لە فەلسەفەیەکی تەسکدا دەیانەوێت لە دنیایەکی بەرین بنڕێن. ئەمەش وەک مەسعود دەڵێ، "فەلسەفەی تەسک و دنیای بەرین دوو لایەنی یەکجار پێچەوانەی (موعادەلەی فیکری)ن." هەر زانایەک دیلی فەلسەفەیەکە بەیە دەش دەبێت لە هزر، بەڵام هەشی شووشە دیلی هیچ فەلسەفەیەک نییە، بەیە داهێنان دەکات.
بیرمەندانی نەو ڕێمانەکە و بیرمەندانی ئەم سەردەمەی ئێستە بوونەتە دیلی بیرمەندانی پێش خۆیان. دەبینین هزر لە یەک بازنەی سنووردارداە دەخولێتەوە. بەیە ناتوانین هیچ فەلسەفەیەک تێپەڕێنین. مەسعود دە ئەم قسەیە بە کەمێنیستەکان دەڵێ، "من هەرگیز پێت ناڵێم قەناعەت بە هیچ کەس و هیچ شتێک مەهێنە. من دەڵێم حورمەتی (قەناعەت)ت بگرە بەوەدا کە هەوڵەت ببیتە سەر ئەو چوونە و چوونییەی لەو فەلسەفەیەدا دەیدزیتەوە کە کردووتە بە نەرتکی قەناعەتت... من دەڵێم مەبە دەروێشی فەلسەفەی سەدەی بیستەم." (٢٠١٤، لا٦).
بەداخەوە، ئەمە بووینەتە دەروێشی بیرمەندانی ڕێژاوا. تا وا بین، نابین بە خاوەنی هزری خۆمان.
مرۆڤی هەرزان ئەوە دەردەخات مرۆڤ بووەتە کێڵەی ماددە. سامی و ئیمام و بەرنی و مێتال و ئام و هەموو ئەوانەشی خۆیان دەکوژن وەک

ماددەن. مرۆڤ لە نەو مرۆڤی هەرزاندا حاڵی باش نییە لەبەرئەوەی ناتوانێت لە بازنەی ماددی بێتە دەرەوە. مەسعود لە لاپەڕە شەشدا دەڵێت نابە بیروباوەڕی (ماددی) زاڵ بێت بەسەر مرۆڤدا.
هاتنە دەرەوە لە بازنەی ماددی و بازنەی فەلسەفەی تەسک ئیدیۆکی ئازادی دەوێت. شووشە ئەو ئیدیۆی هەیە بۆیە بەو تەمەنە گچکەی خەی پەشەوی زانست و فەلسەفە و ئایین و دەروونناسی دەکات. مەسعود دەڵێ، "مرۆڤی ئیدە ئازاد یەکجار زەحمەتتر و درەنگتر دابین دەبێ لە مرۆڤی گیرخواردوو بەدەست قودسییەتی نەزەریانەوە." (٢٠١٤، لا٦٠). تەواوی زاناکان هووبووی شووشە دەبنەوە، دژی بیرکەکەی دەوەستنەوە، هەوە دەدەن بیسەلمێنن هەڵەیە، بەڵام لەبەر ئیدەی ئازادی، شووشە بۆیان دابین نابێ.
چ چەرکەمەڵگەیەک وەبەچ تایبەتمەندیەک دەتوانێت وەسامی ئەو کیشانە بداتەوە کە بەرەکی بە ئینسانەکان گرتوە ؟هەندێک پێیان وایە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەدەست هێنانی بە بەیاننامەی مافی مرۆڤ بەس بە ئەم کارە.دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکان سەرباری کۆموکۆتیەک کە هەیانە بە نمونەی کۆمەڵگای دڵخوازیان دەهێنێوە.هەندیکیش لەناویاندا کۆمۆنیزمی کرێکاری بەچارەسەری ئەو کێشەیە چارەیەکی تر پێشکەش دەکات،کۆمەڵگای ئینسانیە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا چەوساوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە هەڵدەوەشێتەوەو یەکسانی نیوان ئینسانەکان نێک هەر لەووی یاسایەوە بەڵکو بکردەوە و لە روی ئابوریشەوە مەیسەر دەبێت.ئەوانە خوازیاری کۆمەڵگای سۆسیالیستیشن،هەر لەم بارەیەوە گفتوگۆکەمان لەگەڵ حەمید تەقوایی دەست پێدەکەین.

خەلیل کەیوان:ڕەخنە لە کۆمەڵگای مەدەنی بابەت وباسکی کۆنە.لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووتک لە سۆسیالیستەکان دەستیان بە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای مەدەنی بردوو خوازیاری لەوە باشتر بون.مارکس لە تێزەکانی فیورباخدا دەڵێت "دیدگای ماتریالیزمی کۆن کۆمەڵگای مەدەنییە".ئەوش لە نوسین وقسەوباسکانتاندا چەندین جار باسی هەمان بابەت تان کردوە پیداگریت لەسەر کۆمەڵگای ئینسانی و حکومەتی ئینسانی کردوەتەوە.بەچی کۆمەڵگای ئینسانی؟

حەمید تەقوایی:کۆمەڵگای مەدەنی ئینسانی نیە.بەو مانایەی کە شوناسی ئینسانی شتێکی کۆمەڵایەتیە و کۆمەڵگای چینایەتی لەگەڵ ئەم شوناسدا ناکۆکە.
ئینسانەکان نێک تەنها لەلایەنی پەیوەندی و بەنکان و زمان و کەلتورو بیرکردنەوە و بگشتی لە ڕووی زهنی و دەرونییەوە بەڵکو تەنانەت لە ڕووی بایەلۆجیشەوە زادەی کۆمەڵگەن.ئینسان بەبێ کۆمەڵگە ئینسان نیە.ئەمە ئاگەر بکۆمەڵایەتی نڕیابین

نە مەشکمان بۆ ئاستە کامە دەبوو و نە توانای قسەکردنمان دەبوو و نە ئۆگری بون و مانەوەمان هەبوو لەبنەڕەتدا.مانەوەی ئینسان منەتباری بەکۆمەڵایەتی ژیانکردنی.ئۆگر بەشتێک ناڵێی ببین وەک خودی ئینسان،ئەم خودە کۆمەڵایەتییە.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەدژی ئەم خودە ئینسانیە ئادوستە بەهەی ئەوەی کە شناسی چینایەتی ئینسانەکان دەکاتە بنچینە.لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەسەر چینەکاندا دابەشکراوە نایەکسانی کارەکی بەدامەزراوەی کراوە.و ئەم نایەکسانیە دەبەتە هەکارێک کە شوناس گۆڕێک جگە لە شوناسی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان بەرجەستە ببەتەوە و ببەتە پیۆر.شوناسە دروستکراوەکانی وەک شوناسی میللی و شوناسی ئاینی،شوناسی قەومی و ڕەگەزی وتەنانەت جەندەری ،هەڵاواردن کە لەنیوان ژنان وپیاواندا کەلە هەموو کۆمەڵگاکاندا بونی هەیە.هەڵاواردنکی ڕەگەزی کە هەر ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەمریکا لەنیوان سپی پێستەکان وسپی پێست وهەموو پێست ڕەنگینەکانی تردا هاوار دەکات،یا هەڵاواردنی نەتەوەی و ئاینی کە بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارساتی خولقاندوە،ئەمانە هەموی دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی مەدەنیە.
ئۆگرچی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوی حقوقیەوە مافی هاوڵاتی بونی یەکسانی بەڕەسمی دەناسێت بەڵام لە ڕوی کۆمەڵایەتی وئابوری و بەشەوەی واقعی و کردەیی یەکسانی ئینسانەکان پشێل دەکات و ئەمڕۆ دەبەتە هەکاری ئەوەی کە تایبەت مەدەنی وشوناسی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان،شوناسی جیهانداگری ئینسانی،لەناوببرێت،ئیوە ئەمە لە کردەوەدا لە سیاسەت و لە ئابوری و کەلتور و ڕۆشنبیرکان و لە ئاین و ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا بە ئاشکرا دەبینیت.لەهەموو ئەم لایەنانەوە تاک وەک بونەوەریکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا بە شوناس و پێوستیەکان و ئاواتی یەکسان و جیهان داگری بە ڕەسمی ناسرێت.ئینسانەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا پیش هەموو شتیک بەسەر چینە جیاوازەکاندا دابەش دەکرێن و دواتر بە ئاین ومیللەت و نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز،هەموو ئەمانەش سەرچاوەی جەرەها زوڵم و هەڵاواردنن لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا.لەم ڕوەوە کە مارکس دەڵێت ئەبەت لە کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر باسیت و بگرێت بە کۆمەڵگەی ئینسانی.کورتەی باسەکە ئەوەیە کە خودی چینایەتی بونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەتە هەکار بۆ ئەوەی کەکۆمەڵگەیەکی ئینسانی نەبیت.
ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەمانەوێت کۆمەڵگەیەکە کە چینەکان لەناوچون و ئەمەش پێویستی هەڵوەسانەوەی هەرجۆرە ستەم و چەوسانەوەیەکی

ئابوریە. ئەم کویلایەتی کرێ و خاوەندارێتی تایبەت بەسەر هەیکانی بەرهەمهێنداوە هەندوەشێنێوەو ڕژمی ئابوری بەدوری دابینکردنی پێوستیکانی هەموو هاوڵاتیاندا ڕێکدەخەین و ئەم بنەمای کۆمەڵگەی ئینسانی جگێ سەرنجی ئەمەیە.واتێ کۆمەڵگەیکی سۆسیالیستی. خەی وشەی سۆسیالیزم دەلالەتکی لەسەر ڕێسەنایەتی کۆمەڵگێ تەدایە.ڕێسەنایەتی کۆمەڵگێ بەو مانیەی کێ شوناسی کۆمەڵاتی و جیهانداگری ئینسانکان پێوانیە نەک شوناسی میللی و ئاینی و نەتەوەی کێ بەسەریاندا دابیون .کۆمەڵگەی ئینسانی ناتوانێت جگڵێ کۆمەڵگێ سۆسیالیستی مانایکی تری هەبێت.

خەلیل کێوان:وادیارێ ئەم ڕاستیکەیە.کۆمەڵگەی ئینسانی هەمان کۆمەڵگەی سۆسیالیستیە.بەڵام ئەم بەرهەستکارانکی لێ ناو چەپ و کۆمۆنیستکان و تەنانەت لێناو کۆمۆنیزمی کرێکاریشدا هەیە.چەپکان دژێن"کۆمۆنیزم ڕێبازو مەرجی ڕزگاری پرۆلیتاریایە""نگەیشتن بە کۆمەڵگەی ئینسانی بەو شێوەی کێ ئێوە دەیڵێن.بە بەشێک لێ کۆمۆنیزمی کرێکاری کێ مانسور حکمەتیش سەرچاوەیانێ ئەم بیرکەیکی تەواونیە،مانسور حیکمەت باسی ئێوە دکات کێ 'بناغەی سۆسیالیزم ئینسانێ".لێ قسەوباسکیدا لێ ستکهەم تەنانەت دژێت:زنجیری هەر ئینسانکی ڕاستگێ بکەیتەوە بەڵشەفکک-سۆسیالیستک-کی توندڕەوی لێ دەتەدەرەوە.بەڵام کاتک تێ تێکید دکەیتەوە کێ کۆمۆنیزمی کرێکاری خەبات دکات بێ کۆمەڵگەیکی ئینسانی وحکومەتی ئینسانی،لێگێ تەدا هاوڵا نین.بۆچی؟بۆچی ئێوانێ بۆچونکی تریان هەیە؟

حەمید تەقوایی: بۆهەی ئێوەی کێ لێ سەدەی ڕابردودا جگرێ چەپک بوێ ئێقڵەی بنەڕەتی کۆمۆنیسزم کێ بەجیاوازی نیوان کۆمۆنیزم وئینسانیەت ڕازی بوو.چەپک کەڵ ڕاستیدا تێگەشتنکی هەڵەی لێ چینایەتی بونی کۆمەڵگێ هەبوو.ئێوێ ڕاستێ کۆمۆنیزم ڕێبازی ڕزگاری چینی کرێکارێ بەڵام ڕزگاری چینی کرێکار بەستراوەتەوە بەڕزگاری هەموو ئینسانکانەوە.ناوەرکی مارکسیزم ئەم باوەڕەیە کێ چینی کرێکار بۆبە ڕزگارکردنی هەموو کۆمەڵگێ ناتوانێت کێ ئازاد بێت،ئازادی چینی کرێکار لێ گرۆی لێناوبردنی پێگەی چینایەتی خەی و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدایە.لێ بەچونی سیاسی و لێ پراکتیکی خەباتکارانەی کۆمۆنیستکاندا ئەبێت بتوانن بەشی زۆری ئێو خەڵکەی کێ بەرژەوەندیکی ڕاستەوخۆیان لێ دەسەڵاتی سەرمایەداریدا نیە لێگێ خۆیاندا هاوڵابکەن.ئیوێ ئەبێت ئاسۆیک لێبەردەم کۆمەڵگەدا دانین کێ تیدا نەک تەنها ستەم وکۆیلایەتی کرێ بەڵکو هەموو جگرێ

هەڵسوڕاندنێک لەناو دەچێت.هەموو جۆرە نایەکسانیەک لەناودەچێت.نایەکسانیە میللی وئایینی و ڕەگەزی و قەومی جیندەری وهیتر وهیتر کە هەر ئێستا لە هەموو جێگایەکی دونیا و بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەدادەکات.چینی کرێکار ئامای لەناوبردنی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆرژوازی وهەموان لەم کارەدا سودمەندن .هەروەشاندنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی واتە لەناوبردنی هەموو ئەو جیاکاری ونایەکسانیانەی کە دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی چینایەتی وپێوستن بەمانەوەی ئەو.
لەسەر ئەم بنەمایە ئەبێت بەدیل ڕزگاری چینی کرێکار واتە ڕزگاری کۆمەڵگە.و ئەم بنەمای سۆسیالیزمە کە ئایدۆلۆگەکانت لەگەڵ ڕزگاری چینی کرێکاردا مێژوی نوێی واقیعی کۆمەڵگە دەست پێدەکات.بەو مانایەی کە ئینسانەکان لە کۆت وبەندی هەتا ئێستای کۆمەڵگەی چینایەتی ڕگار دەبێت و وەک ماڕکس دەڵێت"کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یان ئینسانیەتی کۆمەڵایەتی بووە"جەبەجێ دەبێت.کۆمەڵگەی چینایەتی بناغەی لەخەنامەبونی ئینسانەکانە.ئینسان گەلێک لەبەر ئەوەی کە شوناسی کۆمەڵایەتیان لەناوچوە و یەکسانی و بەرانبەری لەگەڵ ئەوانی تردا نابینن لە پرسەی بەرهەمهێنان ولە هەموو کۆمەڵگە و لە پێوەندیەکان وکارو کاردانەوەی کۆمەڵایەتیدا خۆیان بەنامە دەبینن.هەر لەڕوەیە کەئاین دێتە ناوەوە.ئەبێت بەڕێنی بەهەشت لە دونیایەکی تردا بە ئینسانەکان بدەیت بەئەوەی بە دڵزەخی ئەم دونیایە ڕازی ببن.بنەماو جەوهەرو ڕیشەی ئەم دڵزەخە دابەشکردنی ئینسانەکانە بەسەر چینەکاندا.
چینی کرێکار داوای ئەوەناکات کە هەموان دەبێت ببنە کرێکار،خواستی ئەوەیە کە هیچ چینێک بونی نەبێت.چینی کرێکار بەڵەناوبردنی سەرمایەداری لە ڕاستیدا بونی چینایەتی خۆشی لەناودەبات.
بەڵام بەداخەوە لەناو زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان و یان بانگەشەکارانی کۆمۆنیزم لە سەدەی ڕابردودا هەم ڕوانینە دروست بوو کە هیستاش لەناو هەندێک لە هێزە چەپەکاندا بونی هەیە کە کرێکاری یان پڕۆلیتاری بونی سۆسیالیزم و کۆمۆنیسزم لەگەڵ ئینسانی بوندا بەناکۆک دەبینن.مەیلێک کە پێوەندی بەنبەرێک وئۆرگانیکی نێوان خەبات لە پێناو ڕزگاری چین وخەبات لەپێناو رزگاری هەموو کۆمەڵگەدا نابینێت و هەر بەوهەیوەیە کە ناوەرکی ئینسانی سۆسیالیزمی قبوڵ ناکات..لەکاتێکدا کە بنەمای کۆمۆنیزم ومارکسیزم هەر ئەمەیە.جەوهەری ڕزگاری بەخشی مارکسیزم و کۆمۆنیزم وئەوەیە کە ئێوەیت هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاربکات.
هەر ئەو بارودۆخی ئەمڕۆ لەبەرچاو بگریت.یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لەگەڵ بەرەوەو پیسبونی ژینگە و

مەترسی لەناوچونی گەی زەوی. وەک هەموو ئەو سۆسیالیستەکان هەیانە. تەنانەت بیرمەندانی واقیع بینی بەرژوازیش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە سۆسیالیزم دەتوانێت ڕێگەچارەی لەناوچونی گەی زەوی بێت. تەنانەت کۆسانکی وەک ئاغای بیل گیتس بەئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەوکاتە کۆسانک کە خەیان بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست ناودەبەن و ڕزگاری ئینسان شتێکی پێوەندیدار بەخەیانەوە نازانن. جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە کە تەنانەت ئەگەر کۆسێک باوەڕی بەوەیە کە تەنها ئەبێت چینی کرێکار ئازاد بکەیت ئەبێت ئەو ڕاستیە ببینێت کە چینی کرێکار بەبێ ئازادی هەموو کۆمەڵگەی، ئەوەی کە ئەمڕۆ بە لۆسەدا نەوەدو نەکان ناویان دەبەن ئازاد نەبن و ئەم مانای ئەوەیە کە چینی کرێکار خەبات بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی دەکات.
ئەو کە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی وەکۆمەڵگەیەکی ئینسانیە و شێشی سۆسیالیستی شێشێکی ئینسانیە نیشاندەری قوڵی ڕادیکالیزمی سۆسیالیزمە. لە ڕوانگەی منەوە سۆشیالیزم وئینسانیەت بەتەواوەتی هاوواتان. بەتایبەتی ئەمڕۆ ئەگەر کۆسێک قسەلە ئەمانیزم و ئینسانگەرایی دەکات ناچارە کە سۆسیالیست بێت. هیچ ئەمانیستێکی جدی ناتوانێت باوەڕی بەوە هەبێت کە لە سەرمایەداریدا ئەتوانێت بە ئامانجی خۆی بگات. وەک ڕۆژ ڕونە کە ئەبێت سەرمایەداری تەک بشکێنیت، ئەبێت سەرمایەداران لە دەسەڵات بهێنیتە خوارەوە تا بتوانیت ئەمانیزم بەمانای واقیعی وشەکە واتە ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری ئینسان مەیسەر ببێت.

خەلیل کەیوان: بەڵێ بەرچاوگرتنی بارودۆخی وەاتی ئێران کە حکومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست تێیدا باڵادەستە خودی عەمەلی کردنەوەی بەیاننامەی مافی مرۆڤ و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەرەوپیس چون نیە؟ وەهەر بەو دەلیلە بەرگری کردن کۆمەڵگەی مەدەنی نابێت ئەرک وئامانجی دەستبەجێ بێت؟

حەمید تەقوایی: ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاستی کە پشت بەستوە بەدەسەڵاتی ئیسلام و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناوبردوە. بەڕام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەبێت ئەمڕۆ بەکۆمەڵگەی مەدەنی ڕازی ببین؟ ئامانج و ئاسۆی ئازادی ویەکسانی واقیعی بخەینە لاوە و بەکۆمەڵگەی چینایەتی و کۆیلایەتی کرێ وازی ببین بەو هەموو جیاکاری و کارەساتەی کە ئەو هەکارکەیتی؟ بەدنیاییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەزەخێک کە کۆماری ئیسلامی خولقاندویەتی پشکوتوتر بەڕام بە ڕاونینی من ئەوە ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵگە نیە. ڕێک هەر لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی

دەندەترین و خراپترین جۆری حکومەتی بەرژوازی نوێنەرایەتی دەکات ئەبەت بە واتاترین و ماکزیمالیستی ترین ئامانجکانەوە بچینە جەنگیەوە. لەهەمانکاتدا کەماری ئیسلامی لەبەرانبەری خۆیدا کەمەک بزوتنەوەی شکۆ پێداوە کە داوای پشکۆوتوترین و ئینسانی ترین پێوەندین. بەنمونە لە ووبوونەوە لەگەڵ دەستاتی ئایندا تەنها داوای سیکولاریزم بەس نیە. خەک داوای پچانەوەی دەزگاو دوکانی ئاینن لە ژیانی کەمەایەتی خۆیاندا، لە دەستیوەردان لەژیان و پێوەندیە کەسی و تایبەتیکانی خۆیان و لە کولتور و ئەخلاقیاتدان. ئەمە ئاین تەنانەت لە کەمەگێیکدا کە خۆی بەسکولار دەزانێت، لە زۆر لایەنەوە هەناوەتە پیشەوە. کەشمەکەش و جیاوازیکان و شەڕە ئاینیکان و بگشتی فەلسفەیک کە شوناسی ئینسانی بەرجەستە دەکات لە سیاستی وەاتانی ەڕ ئاوادا جێگای بەرجەستەی پێداکردوە. لەکاتێکدا کە زیاتر لە چل ساڵە حکومەتی ئیسلامی بوتە هۆکاری ئەوەی کە خەک پێبەرن بە بنەمای کۆنەپەرستی و دژی مرۆڤانەی ئاین و داوای ەامایینی ئاین بن لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بە کەمەگەی مەدەنیش ەازی ببین، ئەران لەگەڵ هەبونی دەستاتی سەرمایەداریدا هیچ کاتێک وەک کەمەگە ەەژئاوایەکانی لێنایەت. لە شەڕشی مەشروتەوە تا ئەمە خواستی کەمەگەی مەدەنی باسکراوە بەبام هیچ کاتێک بەئەنجام نەگەیشتوە و دیکتاتەر دوای دیکتاتەرمان هەبوە. هۆکاری ئەم کارە دەگەیتەوە بە پێداویستی قازانج هێنەری سەرمایە لە کەمەگە دواکەوتوەکان لە ەوی تەکنەلەجی بەرهەمهێنانەوە. لە بارودۆخێکی وەهادا کەمەگەی سەرمایەداری بە ئەوەی کە بتوانێت لە بازاڕی جیهانیدا بەربەرەکانێ بکات ئەبەت نزم بونی ئاستی تەکنەلەجی وبەرهەمهێنەری کار بەسپاندنی کۆیلایەتی ترین بارودۆخ بەسەر چینی کرێکاردا قەرەبوو بکاتەوە. ئەبەت قایش لەگەردنی کریکاران تونێدبکات و بەو ئامانجە ئەبەت هەموو کەمەگە داپشێت. لەو لایەنەوە پێویستی بە دیکتاتەریەت و لەناوبردنی سەرەتایی ترین مافی خەڵکە. بەڵێ بەرچاو گرتنی ئەو بارودۆخە سەرمایەداری لە کەمەگەیکی وەکو ئەراندا ناتوانێت کەمەگەی مەدەنی بەمایەک کە لە ئەوروپای ەەژئاوا دەبینین ەەک بخات.

لەکەتایدا بەگەی سەهەمی من ئەوەیە کە ئەمە لە خودی ەەژئاواشدا بنەماکانی کەمەگەی مەدەنی لەلایەن دەوەتەکانەوە براوەتە ژێر پرسیار. لە فەلسەفەی باوو باەدەست لە ەەژئاوادا کەبە پێست مەدەرنیزم ناسراوە. بنەماکانی کەمەگەی مەدەنی لەناو دەبرێت. کەمەگەی مەدەنی بەوشەوەیەی کە بەرژوازی لاوی ەەژئاوا لە سەدەی حەقدەو هەژدەدا مژدەدەری بون، ئەو بنەمایە بوو کە هاوەاتیان

سەربەخۆ لە ئاینەوە و میللەت یەکسانن. لەوی ماف ویاسای هاوڵاتی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. جگەلە جیاوازی چینایەتی جیاوازی تری، لانی کەم بەشێوەی یاسایی و لەفەلسەفە و جیهان بینی کۆمەڵایەتی بەرژوازی، بەڕەسمی ناناسرێت. بەڵام ئەمە بەردەوامی هەمان جیاکاری و دەستکاتی چینایەتیە، بەرژوازی ناچار کردوە کە دوبارە پەنابباتەوە بە شوناسی نەتەوەیی و ئاینی ڕەگەزی. جارێ تیئۆریەکی مەزائیکی لە کۆمەڵگاکان بخاتە ڕوو. بەجۆرێک کە گوایە هەر کەس لەسەر بنەمای پەگەزی میللی وئاینی وقەومی وجێندەرێکەی مافی جیاوازی هەیە. گوایە هەموو شتێک ڕێزەییە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە "خەڵکی مسوڵمانی ئێران" بە شایستەی کەماری ئیسلامی دەزانن. و لەو باوەڕەدان نابێت هیچ داوەرێکت لەبارەی کەلتوری ئیسلامیەوە هەبێت چونکە بەبەوای ئەوان پیوانە یەک نیە بە هەڵسەنگاندن. لە دیدگای پۆست مۆدێرنیتیدا هەموو شتێک ڕێزەییە. گفتوگۆی شارستانیەتکان لەڕەوە هاتوە. کەنەپەرستی دژی ئینسانی لە دەستاتدار بەسەر ئێراندا: بە شارستانیەتیک"دەزانن کە بەلایەنی زەرەوە ئەبێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت! لەکاتێکدا کاتێک لە خەڵکی ئێران خەیان دەپرسیت هەموو نەفرەت لە حکومەتی ئیسلامی دەکەن و خوازیاری پشکۆوتوترین پەیوەندی و پیوانەی ئەخلاق و کەلتوری و کۆمەڵایەتین.

ئەمە تەنانەت لە خودی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاواو ئەمریکا بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی واتە مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون لەبارەی ژنان، ڕەش پێستەکان، پەنابەران، تەنانەت پاش بونە هاوڵاتی و چەند ساڵ ژیان کردن لەو کۆمەڵگایانە- بەکردەوەو تەنانەت لە بابەت گەلەکدا بە ڕەسمی و یاسای لەناو چوەو پیشێل کراوە.

کەوایە بەو شێوەیە نیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی وفادار ماوەتەوە بەرانبەر بە بیرەکە شەشگەڵانەکەی سەدەی هەژدەهەم. بەتەواوەتی پاشکشەی کردوە. لایەنکی تری پرسیارەکەتان ئەوەش بوو کە ئایا مافی مرۆڤ بەس نیە؟ بەڵای من لەبارەی ئێرانیشەوە بە هیچ شیوەیەک کافی نیە. لێرەدا تەنها ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەم لە بەیان ننامەی مافی مرۆڤدا هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان باس نەکراوە و سکۆلاریزم یان جیای ئاین لە دەوڵەتیش بە ڕەسمی ناناسراوە. واتە پەیوەرکانی مافی مرۆڤ وەک دوو کیشەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی ئێران نادەتەوە. بەڵام جیا لەمانەش ئەوەی کە مافی مرۆڤ بە ئیران وهەموو کۆمەڵگەکان بەنگونجاو و ناعەقڵی دەکات ئەو مەسەلە بنەڕەتیەیە کە یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئینسانەکان هیچ جاگایەکی لە مافی مرۆڤدا نیە. تەنها یەک وشەش لە دژی چەوسانەوە و لە دژی کۆیلایەتی کرێ و لەدژی هەڵاوادنی چینایەتی لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا

نابینیت و لەم لایەنەوە مافی مرۆڤیش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا و هەندێک وڵاتانی ئاسیا بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە و ئەم بابەتە لە ئەجێندای کاری زۆربەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و هەروەها لە ئەجێندای کاری هەموو حکومەتێکی دیموکراتدا جێگەی تایبەتی هەیە.

**بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم بابەتە هێشتا وەک پێویست جێگەی خۆی نەکردۆتەوە و ڕەنگە بەشێکی زۆر لە خەڵک هەر بە تەواوی ئاگادار نەبن لە گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتە و هەر بۆیە ڕەنگە ئەم بابەتە بە شتێکی سەیر و سەمەرە سەیر بکەن و بە شتێکی نامۆ و دوور لە کەلتوری کۆمەڵگەی خۆیان بزانن. بۆیە پێویستە لە سەرەتادا ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی ئەم بابەتە گرنگە و بۆچی پێویستە ئێمە وەک ژنانی کورد و وەک ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی و بە گشتی بە ئاگا بێینەوە و ئاگادارتان بکەینەوە لە مەترسی و زیانەکانی ئەم دیاردە نەشیاوە و نەخوازراوە؟ بۆچی دەبێت ئێمە وەک ژنانی کورد و وەک ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دیموکراسی ئەم بابەتە بە گرنگ بزانین و

بەڕەسمی نەناسرابوو. یەکەم جار کە مافی دەنگدان خرابوبە ڕووی ژنان لەو مافە بە بەش بون. تەنانەت لەپێوەند بە پیاوانیشەوە سەرەتا خاوەندارێتی مەرجی دەنگان بوو. نەک تەنها کاندید بون بەڵکو دەنگدان و هەڵبژاردنیش مەرجەکەی ئەوە بوو کە ئەبێت تەخاوەنی موڵکیکت بیت. واتە کرێکاران وزەحمەتکێشانی شاری لەو مافە بە بەش بون و یا بە نمونە مافی پێویست بە خۆشگوزەرانی گشتی وەک ئەوەی کە ئەوە ئامانجێتان پێدا لەبەشی شەشەکانی بەرژوازی لە سەدەی ١٨دا باس نەکرابوو بەڵکو پێپە بەپە و لە ئەنجامی خەباتی کرێکاران و ژنان دەدەست هاتون. بەتابەت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکان دەوری چارەنوس سازیان هەبوو لە بەدەست هێنانی ئەم ئەرکەدا. یەکێک لە یەکەمین ئەو وەتانەی کە مافی ژنانیان بەڕەسمی ناسی یەکێتی سۆڤێتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. زۆرێک لە وەتە ڕۆژئاواییەکان پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر-دەستبەجێ یا بە ئیلهام وەرگرتن لەو یا لەترسی "مەترسی سور"-و یان دەیان ساڵ پاش ئەو شۆڕشە مافی دەنگدانیان دابە ژنان. وەتەکانی بەریتانیا ساڵی ١٩١٨، ئەمەریکاساڵی ١٩٢٠، فەرەنسا تەنها لە دەیەی٤٠ی سەدەی ڕابردودا و سویسرا لە دەیەی ٧٠دا ئەم مافەی بەڕەسمی ناسی.
لەو لایەنەوە کاتێک بە تێگەشتنی ئەمرۆوە مافی مەدەنی، واتە یەکسانی هەموو هاوەتیان، مافی دەنگدانی گشتی و یان خزمەتگوزاری گشتی قسەوباس دەکرێت.
نابیت ئەوە لەبیر بکریت کە ئەو ئاڵایە تەنانەت لەدەست بەرژوازی شۆڕشگێڕی سەدەی ١٨هەمدا نەبوو، یەک بزوتنەوەی سۆسیالیستی بوو. و بزوتنەوە و خەباتی ژنان و کرێکاران بوو کە بە ئیلهام لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو مافانەی هێنگاو بەهێنگاو بەسەر دەوڵەتاندا سەپێندرا.
بەڵام ئەمە نەک تەنها ئەم دەستکەوتانەی بزوتنەوەی کرێکاری وسۆسیالیستی بەڵکو تەنانەت ئەیانەوێت بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مانای هاوەاتی بون و بنچینەی یەک هاوەاتی و یەک یاسا لەناودەبەن، وەری دەگرنەوە. بەچی بەو شێوەیە؟ لەبەر ئەوەی کە سەرمایەداری بازاڕی ئازاد هەموو کەجیهانی خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئیتر لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەدان و فیئودالی و نیوە فیئودالەکاندا ڕوبەڕو نیە، تا بیەوێت پارە بە ئاڵای شارنیشینی بەدات وبازاڕەکان بکات و بیەوێت وەرزێرەکان بکاتە کرێکار و پێوەندیەکانی سەرمایەداری لە هەموو دەوڵەتکاندا دامەزرێنێت. ئیستا هەموو وەرزێرەکان بونەتە کرێکاری کرێ و لەهەموو جێگایەکدا ئێستا پێوەندیەکانی سەرمایەداری پارەی گرتوە. لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی سەرمایەداری لەسەرتاسەری دونیای ئەمەدا ئیتر

یشی هموو کشکان و نهامتیکانی دونیای ئمە سەرمایداریە وئیتر بە سەرمایدارکان و دەوڵەتکانیان پەوست نەبوو کە بەناو ئاڵای مەدنیەت و مافە مەدنیکان تانەت بەمانای سەدی ١٨هەمی وشکە بەرزکەنەوە.چونکە خەیان دەدرێنە دادگا و ئاماژەی پێنجکان بەرەو نەزمی سەرمایداری دەڕۆشت.

خەلیل کەیوان:ئیوە باس لە شوناسی هاوبەشی ئینسانی دەکەن.بەڵام زۆرێک شوناسی چینایەتی،میللی،کەلتوری،جێندەری و نەژادی و هتد بەرجەستە دەکەنەوە.لەگەڵ ئەم شوناسە جەراوجەرانەدا چۆن دەکرێت کۆمەڵگەیەک کە شوناسی ئینسانی چارەنوس سازو بەرجەستەیە.ئەمەلی بکرێتەوە؟کۆمەڵگەی ئینسانی جگە مەبەستی ئەوە لە هەوی کەلتوری،لایەنی سیاسیەوە و لایەنی ئابوریەوە چ تایبەت مەندیکی هەیە؟

حەمید تەقوایی:پایەی کۆمەڵگەی ئینسانی هەمان لایەنی سەرەکی واتە تایبەتمەندی ئابوری.کلیلەکە لێرەدایە.تە ئەگەر چەوساندنەوە لەناوبەریت،خاوەندارێتی بەسەر هەیەکانی بەرهەمهێنانەدا هەڵوەشێنیتەوە و بەڕێوەبردنی کارخانەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بخرێتە بەردەستی هەموو کۆمەڵگە و ئابوری لەسەر بنەمای دابینکردنی پێویستی هەموو خەڵک،و نەک کەردنەوەی قازانج،ئەکبخرێت ئەوکاتە بناغەکانی هەموو هەڵاوەردن وجیاکاری ونایەکسانیەک لەناوبردبێت و تەشوەت لە هیشی هەرجۆرە جیاکاریەک دابێت.
ئاشکرایە کە رژێمی سەرمایداری،هەرچەندیکیش مافی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرێت،لەسەر تەوەری قازانج هەنانەو لەسەر خەشگوزرانی هاوڵاتیان ئیک نەخراوە و ئەمەش تانانەت سەرمایدارانیش نایشارنەوە.بەڵایەنی زۆرەوە ئابوری بە مەبەستی قازانج بوجۆرە پاساو ئەدەن کە چالاکی بە بەدەست هەنانی قازانج چۆرخەکانی بەرهەم هەنان دەسوەنێت وکارو پیشە دروست دەکات و لەگەڵشی سەرمایەدا هەموان سودمەند ئەبن.ئەمە ئەفسانەیەکە.نیزامی سەرمایداری لەگەڵ تەنگژە بونیادیەبەردەوامکانی و هەژاری وبێکاری وگرانی درێژخایەندا بەرەو ەوە و بەردەوام.تانانەت لە قەناغە کورتەکانی ەونەقیشدا،قەەشتی چینایەتی و کەلێنی نێوان هەژاری وسەروەت بەردەوام قوڵتر دەبێتەوە.
کەوایە یەکەمین تایبەت مەندی کۆمەڵگەی ئینسانی ئەویە کە ئابوری لەسەر بنەمای وەامدانەوە بە پێوستیەکانی هەموو هاوڵاتیان ەکدەخرێت و ئەمەش ن=مەرجی لەناوبردنی چەوساندنەوەی ئینسانە

لایەن ئینسانەوە.
لایەنی کلتوریەوە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی کۆمەڵگەیەکە کە لەسەر بنەمای بەهای هاوبەش و جیهان داگری ئینسانەکان بنیات نراوە.واتە تێیدا هەوڵێک چەقبەستوی و تابۆکان وپیرۆزیە ئاینی ونەتەوەیی وەگەزی و جێندەری و میللی-نیشتیمانی و شوناس داتاشینی میللی ئاینی نەتەوەیت نیە بەکو بارودۆخێکت دروست کردوە کە هەرکەسێک بتوانێت لە ژێر داروپەردوی ئەم شاوناسە داتاشراوانەدا ڕزگاری ببێت و بگەڕێتەوە بۆ هەمان شوناسی هاوبەش و کۆمەڵایەتی خۆی،هەمان ئینسانیەتی کۆمەڵایەتی بوی جە مەبەستی مارکس،ئیتر کەسێک خاوەن کار نیەو کەسێک کرێکار و ئەوی تر ژنی ماڵەوە کە کاری ناوماڵەکەی لەبەرچاو نەگیرێت و یەکێک بەهائی و یەکێک ڕەش پەست و یەکە کرێکاری پەنابەرو هتد وهتد نیە.لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا،تەنانەت لە پشکۆوتوترینەکانیاندا،لەسەر بنەمای هەموو ئەوانە بەکردەوە،و لە زەر بابەتدا بەڕەسمی ویاسایی،هەڵاواردن و نایەکسانی هەیە.
ئەگەر ئیوە دابینکردنی پێداویستی ئینسانەکان بکەنە ئامانج و ئەمە دیاری بکەیت ئەوکاتە خێرێک ئەو بوارو و توانایەیان ئەبێت کە خۆیان وەک ئینسانی یەکسان لەگەڵ ئەوانیتردا سەیربکەن و کاتێک هەڵاواردنی چینایەتی نەبێت میللی ئاینی و ڕەگەزی و جێندەریش کە دەرهاویشتەی ئەون هەروەها دەسڕێتەوە. نەک تەنها لە ئاستی کۆمەڵگەیەکدا بەکو لەمودای جیهانیدا.هەر ئەمە دەبینن کە لە سۆسیال میدیادا چۆن خەڵکی جیهان هاوخەمی یەک دەکەن،چۆن لەپنایەکدا دەوستن.بۆ نمونە لەدژی سزای لە سێدارەدانی نەوید ئەفکاری ملیارەها ئینسان لە جیهاندا لە میدیا کۆمەڵایەتیەکانەوە ناڕازایەتیان دەربڕی.
سەرئەنجام لەلایەنی سیاسیەوە کۆمەڵگەی ئینسانی و یا سۆسیالیستی دەوڵەتی سەرو خەڵکی دەخاتە لاوە.
لە هەموو کۆمەڵگا چینایەتیەکاندا نەک تەنها سەرمایەداری،هەر لەسەرەتای دروست بونی چینایەتیەوە هەتا ئەمڕۆ،دەوڵەت لەدەست چینی خاوەن هەیکانی بەرهەم هێناندا بوە؛لەدەستی چینی چەوسێنەردا بووە و وەک ئەرگانێکی سەرکوتگەر لە خزمەتی چینی دەسەڵاتداردا کاری کردوە.دەوڵەت لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا ناتوانێت ئەو تایبەت مەندیەی هەبێت. لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا دەوڵەت دامەزراوەی سەرکوت لە خزمەتی هیچ چینێکدا نیە بەکو ئەرگانێ بۆیوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگەیە بە بەشداری و دەخالەت و ئیرادەی هەموو خەڵکە.کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لە لایەنی سیاسیەوە لەسەر بنەمای کارو ئیرادەی جەماوەری خەڵک لە شوراکاندا دامەزراوە.نیزامی سۆسیالیستی نیزامێکی شورایی و بەیەکەمین جار لە مێژودا لە شێوەی ئەرکێکی

سیاسیدا پاراستنی دەسەڵات لەلایەن کەمینەیەک بەسەر کۆمەڵگەدا دژ ئەهەنەت و ئیکاتە کاری بەرەوپێبردنی کۆمەڵگە.
کۆایە لەلایەنی سیاسیشەوە تەنها کۆمەڵگەی سۆسیالیستی،کۆمەڵگەیەک کەلەسەر بنەمای شوراکان بونیادنراوە دژچەت،دەتوانەت کۆمەڵگەیەکی ئینسانی بێت.
ئەم سێ تایبەت مەندیە ئابوری و کەلتوری و سیاسیە کە ڕونم کردەوە ئەبەتە بەتاوەتی بەیەوەک پەیوەندیدارن و مەیسەر بونی یەکێکیان بەبێ ئەوانی تر ئیمکانی نیە.هەر بەو شێوەی کۆتم پایەی تەواوی ئەوانە لەناوبردنی چەوسانەوە وەزگاری ئابوری ئینسانەکان لە کەت وبەندی کۆمەڵگەی چینایەتیە.
نیشانەی ئامانج و ئیستراتیجی کۆمۆنیستەکان بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی لەو شیوەیە.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بێ ئەم ئامانجە دژجەنگەت و ئیمە بیردێکینەوە کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەلومەرجکی ئاواوە دەتوانیت ڕوزساری ئازادی وێکسانی وخۆشگوزەرانی ببینێت.

٢٠٢١\٤\٢٨
وەرگێڕانی کاوە عومەر

مانگرتن و ناڕازایەتیی کرێکارانی ڕێژانکار و گرێبەست و وانەبێژەکان لە قەزای شامیە

سەرکەوتن بە مانگرتن و ناڕازایەتیی کرێکارانی ڕێژانکار و گرێبەست و وانەبێژەکان، و بەتوندیش سەرکەنەی سەرکوتە خوناویەکانی حکومەت دەکەین.

دە ڕێژە شەپۆلێکی نوێی مانگرتن و دەستلەکارکێشانەوە و ناڕازیەتی کرێکارانی ڕێژانکار و گرێبەست وڕێکەوتووە، بە دەستپێشکەری کرێکارانی ژینگەپارێزی شارەوانی قەزای شامیە لە پارێزگای دیوانیەی ناوەڕاستی عێراق، کە خوازیاری بەرزکردنەوەی کرێ و تەرخانکردنی دارایین بۆ بەیاری (٣١٥)ی حکومەت و جێبەجێکردنی. ئەم خەباتە کرێکاریە بەخڕایی سەریکێشا بە فەرمانگەی ئاو لەو شارە و

بە زەرەک لە قەزا و ناحیەکان و بە ناوەندی پارێزگای دیوانیەش.
هاوکات لەگەڵ ئەم شێوەدا، شارەکانی نەجەف و حلە و کوت و ناسریە و بەسرەش ناڕازایەتیان بەخێرانەوە بینی لەلایەن کرێکارانی ڕەژانەکار و گرێبەستی فەرمانگەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی، ئاو، کارەبا و تەندروستی، کە خوازیاری جێبەجێکردنی هەمان بڕیار و دژی بڕینی موچەی کرێکاران و کارمەندان بوون.
کرێکارن لەم شێوەیە تازەیە لە خۆباتیاندا، ئامادەیی خۆیان هەر کاریگەری خۆیان، مانگرتن لە کاریان بەکارهێنا، کە بە هۆونی بایەخ و کاریگەری ئەم توێژەی لە کرێکاران لەسەر کەی خزمەتگوزاری ڕەژانە دەرخست. لە ماوەی ئەم کردە خۆباتکارانەیدا کرێکارانی مانگرتوو هووبڕووی چەندین ئاڕک و چەنجی جەراوجەر بوونەوە و تا ئێستاش هەر هووبڕوویانە، وەک بەڕەوبردنی مانگرتنەکە و پاراستنی یەکەیزی کرێکاران و بەدەستهێنانی ڕای گشتی و پاڵپشتی دانیشتوانی شارەکان بە مەسەلەکەیان و خواستەکانیان.
ڕۆژی پێنج شەممە (٢-٥-٢٠٢١) لە بەغدای پایتەخت، کرێکاران و کارمەندانی گرێبەست و کرێکارانی ڕەژانەکار و وانەبێژانی خەبەخش، خۆپیشاندانەکیان ئەنجامدا لەبەردەم باڵەخانەی وەزارەتی دارایی، کە لە دامەزراوە جەراوجەرەکانی حکومەت و لە گشت پارێزگاکانەوە بۆی هاتبوون، وە خوازیاری جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٣١٥) بوون. هێزەکانی ئاسایشی حکومەت هەڕەسان بە گوللە بارانکردنی خۆپیشاندەران و ژمارەیەکی لە بریندارکردن.
چەندین ساڵە کرێکارانی گرێبەست و ڕەژانەکار لە کەرتەکانی کارەبا، ئاو، تەندروستی و هێزەکانی دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت، دەستلەکار دەکێشنەوە و خۆپیشاندان دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام بە بەدەستهێنانی خواستەکانیان، بە دامەزراندنی هەمیشەیی و گەیینی کرێکارانی ڕەژانەکار بە کرێکاری گرێبەست. ئەمە و زیاتر لە ساڵ و نیوەکیشە لە بەغدا و پارێزگاکانی تردا، ناڕازایەتی و گردبوونەوەی ئەندازیارانی بەکار بەردەوامە لەگەڵ خۆپیشاندانی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵا و وانەبێژانی خەبەخش و کارمەند و کرێکارانی گرێبەست.
لە هەرێمی کوردستانیش، لە چەند ساڵی ڕابردووەوە، هەر ماوەناماوەیەک خۆپیشاندان و ناڕازایەتی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان بەڕێوەدەچێت، بەدژی پێندانی موچەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، هێزەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەشیان لە کانونی یەکەمی (٢٠٢٠)دا لە پارێزگای سلێمانی بووبە ڕاپەڕینێک و تیایدا چەندین خۆپیشاندەر بە تەقەی هێزەکانی ئاسایشی سەر بەدەسەڵاتدارانی هەرێمەکە کورژران.

ئەم ناڕازایەتی و مانگرتنە کرێکارییانەی ئێستا، لە جۆرگەی پرۆسەندنی خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی شەوانەی زۆرێک لە گەڕەک و ناوچەکانی بەغدا و پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارودا بوونەوەدێت، دژ بە خراپی خزمەتگوزاریەکان و دەرئەنجامەکانی کارەساتی کۆنا و بێکاری و هەژاری و گوزەرانی پڕ لە کوێرەوەری داسەپاو بەسەر زوربەی هاوڵاتیانەدا. ئەم ناڕازایەتیە لەکاتێکدا پرۆسەندنێکی جۆراوجۆری پێکدەهێنن لە خەباتی سیاسی جەماوەریدا دژ بە دەسەڵاتداران و بەردەوامی (ئاپۆینی ئۆکتۆبەر)ن، بەڵام ئەمجارەیان لە گەڕەپانەکان، بەڵکو لە گەڕەکان و لە شوێنەکانی شاردا کە خۆپیشاندەران دروشمی زۆرتری سیاسیش بەرزدەکەنەوە.
خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێکارانی کچ و کوڕ لە ماوەی زیاتر لە دەیەک لە عێراقدا خەریکە بە هەنگاوی پتەو و بە ئاڕاستەیەکی هەوڵسەر دەچێتە پێشەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ هەوودەات درێژکراوەی ئەم هەوڵوتەقەلا و خەباتەیە.
ئەرکی هەرە بە پەلە و پەویست لەبەردەم کرێکاران و زەحمەتکێشان و کچان و کوڕانی بێکاردا لە ئێستادا پایەڕێژی هێکخراوی سەربەخۆی جەماوەریە بە کرێکاران و یەکخستنی هێزی خەباتی ئێستایانە لە چوارچێوەیدا بە شێوەیەکی یەکگرتوو لەسەراسەری وڵاتدا. سەرکەوتنی خەباتی کرێکاری جەماوەریانەی ئێستا، زەحمەتە بەبێ یەکخستنی هێزەکانی خەباتیان و دامەزراندنی هێکخراوێ و سەندیکا و تەشکیلاتی کرێکاریە جەماوەریە سەربەخۆکان لەسەراسەری وڵاتدا، کە سەربەخۆیی چینایەتی و سیاسی بە کرێکاران دەستەبەر دەکەن.
هەر سەرکەوتنێک کە بزوتنەوەی مانگرتن و ناڕازایەتیە کرێکارییەکانی ئێستا بەدەستی بهێنێت لە هەنانەدی خواستەکان و داسەپاندنیدا بەسەر دەسەڵاتداراندا، ئەوە هەنگاوێکی بەرەوپێش لە جەنگی چینایەتی کرێکاران و پتەوکردنی ئیرادەی سیاسی سەربەخۆیاندا، ئەم دەستکەوتە نێک هەر بە کرێکاران دەبەخشێ باشترکردنی ئاستی گوزەرانیان، بەڵکو دەشبەخشێ توخمێک بە توندوتیژکردنەوە و ئاڕاستەکانی قۆناغی ئەم شۆڕشە سیاسیەی ئێستا، وە بەم پێیە دەبەخشێ سەرواندی کۆتەکێکیش لەسەراپای ئەم شۆڕشە، لە گەندەڵیەکانی و لە سیاسەتکانی خەرجکردنی دارایی گشتی لە پێناو سیاسی و سەربازیە سەرکوتگەرکانی.
هێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، تاوانی کوشتنی خۆپیشاندەرێک لە ناسەیە و بریندارکردنی ژمارەیەک لە وانەبێژان لە بەغدا، بەتوندی سەرکۆنە دەکات، کە هێزەکانی ئاسایشی حکومەت ئەنجامیداون. هەروەها سەرکوتگەری ئەو هێزانەش لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا لەبەرامبەر ناڕازایەتیەکاندا سەرکۆنە دەکات، وە حکومەت بە بەرپرس

دادنەت لە دەستگیرکردنی ئەوانەی ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە، بەوانەشەوە کە لە پشتیەوە وەستاون.
هەروەها ەکخراوی بەدیلی کەمەنیستی هاوپشتی کرێکارانی گرێبەست و ەژانکار و وانەبێژان و ئەوانەش خەبەخش کاردکەن، وە شانبەشانیشیان خەبات دکات بۆ هەنانەدی ئامانج و خواستکانیان.
وە هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی ئازادی و خۆشگوزەرانی جەماوەر لە عێراقدا بانگواز دکات بۆ هاوپشتیکردن لەگەڵ کرێکارانی مانگرتوو و ناڕازی بۆ هەنانەدی خواستکانیان.
هەروەها سەندیکا و یەکیەتیە کرێکاریەکان لە جیهان و حزب و ەکخراوە چەپەکان و هەموو لایەنگران لە مافەکانی کرێکار بانگواز دکات بۆ هاوپشتیکردنی چینی کرێکاری عێراق و خەباتکەی، و سەرکەنەکردنی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەسانیان بۆ سەرکوتی خەپشاندەران و نەهاتن بەدەم خواستە ەواکانی کرێکاران و کارمەندان و وانەبێژانی خەبەخشەوە.

ەکخراوی بەدیلی کەمەنیستی لە عێراق
٢٠٢١-٥-٤

جنەودان وتەشهیرو ناوزڕاندن، لە بەندگەی مزگەوتکانەوە!.. تاهیر عیسا

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی پسپۆڕی دەرونی و مامەستای زانکۆ لە حەفتەی ڕابردووداو لە لەدوانکدا بۆ زەربەی سایدو دەزگا میدیا کوردیەکان، ڕایگەیاند، لەبەرانبەر ئەو قسە نەشیاوانەی بەرانبەر خەم و پلەی زانستی و خەزانکەم کردویەتی بەیارمداوە سکاڵای یاسایی دژی مامەستا هەڵە مامەستای ئاینی تەمار بکەم لەکاتکدا ئەو مامەستایە لەناو مزگەوت ئەو کارەی
بەرانبەر من کردووە.
باسی لەوەشکردووە، بەهەی ئەو بەچوونانەی لە ڕابردوو لە ئیستاشدا لەسەر دینی ئیسلام و دینداری هەیبووە زەر جار بۆ "مەلا کەریم بانگی

کراوە".
هەروەها، لەدرێژەی سکاڵاکەیدا دەڵێت، پێشتر مامۆستا هەژە لە وتارێکی تایبەتی لەناو مزگەوت باسی لەوە کرد کە گوایە د.کەریم شەریف قەرەچەتانی باسی لە ئایەتێکی سورەتی کەهف کردووەو کە دەڵێت "هەرکەس دژایەتی با باوەڕبەهێنێت هەرکەسیش دژایەتی با کافر بێت" بەڵام ئایەتەکەی تەواو نەکردووەو باسی لەوە نەکردووە کە ئەوانەی کافرن سزای ئاگر چاوەڕوانیان دەکات و ئەوەشی بە هاندان داناوەو بە ئەوەش تایبەتی تونڈی گرتووەو بە "تەفسیر" و "فەتوا" ناوی دەبات.
بەڵام دکتەر شەریف، ئەمە لەدوانەکەی دیکەی باوکردەوەو ڕایگەیاند، سکاڵا لەدژی مەلاهەژە، تەمار ناکات.چونکە گوایا، مەلاهەژە پەیوەندی پەیوەکردووەو پێی گووتوە، کە قیدیەکە کەن بووەو دەستکاری کراوەو مەبەستی لەمامۆستاشەریف، نەبووە، بەڵام لەڕاستیدا، مەلاهەژە درێ دەکات و مامۆستا شەریفیش، دەزانێت کە مەلاهەژە، ڕاست ناکات، بەڵام مادام تەلەفۆنی بکەردووە و بەمجۆرە عوزری بۆهێناوەتەوە، ئەمیش سکاڵاکەی کشاندەتەوە، دەنا لەڕاستیدا وەک لەڕاگەیاندنی سکاڵای مامۆستا شەریفدا، هاتوە، تەشهیرو قسە نەشیاوەکانی هەژە بە مامۆستا شەریف، بەڕەشنی باسکراوە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوەی من دەمەوێت و مەبەستمە، لەپەراوێزی ئەم لەدوانانەدا، شتێک بنووسم ئەوەیە، کە من نازانم مامۆستا شەریف خۆی دەیزانێت و باسی ناکات، یان هەر نایزانێت، کە هەکارەکانی پشتی ئەم جنێوو قسە نەشیاوانەی مەلاهەژەمان بۆوونکاتەوە؟!
خۆ ئەگەر دەیزانێت و پەمان ناڵێت، ئەوا بۆای خەم، کەمتەرخەمەو گەشەیەکی گرنگی ئەم بابەتەی جنێوو قسەی ناشیرین و تاوەین وحیقدو قینی ئەم جەمعە لە ئایینزاو مەلاکانی پشتگوێ خستووە، کە بەجۆرێکی بەرفراوان، لەئاستی سایکۆلۆجیای گشتی کەمەگاشدا کاریگەری داناوەو دواجاریش، پەیوەست دەبێتەوە بە پسپۆرێکی مامۆستا شەریفەوە.
لەکوردەواریدا، پەندێکی زۆر باو هەیە، کە دەڵێت، گوڕە ئاو دەژێت و بچوکیش پێی تاوەردەدات!
واتە مەلاهەژە و هاوپیشەو هاو فکرەکانی، پێ لەئاوێک وەردەدەن، کەلەبنەڕەتەوە، لەلایەن، ئایینەکیانەوە بیان ژێندراوە!
ئەو نەفسەی مەلاهەژەکان، قسەی پەدەکەن و لەدوانی پەدەدەن، لە تێکست و دەقە بنەڕەتیەکانی قورئانەکیانەوە، وەرگیراوە.
زمانێک کە لەزۆر جێگادا، بەناوی اللەوە لە دەقی جۆراوجۆردا بیانکراوە، ئەمەکە لەناو فەرهەنگ ومەڵای ئینسانیماندا، بەمامۆستای بەڕێزیشەوە، قابیلی قبوڵ نییەو مایەی لەسەرمینەویەو

بەکارهێنانیان کە بە مزگەوتەکان وهاوشێوەکانیان ئاسایی و بەتەنها بۆشایی لەفڕەهەنگ وئەخلاقیان، سەرچاوەکەی ئەم دڕقانەن کە لەخوارەوەدا ڕیزیان دەکەم:-
يا ايها الذين امنوا انما المشركون نجس فلا يقربوا المسجد الحرام بعد عامهم…التوبة/28
واتە ئەی باوەڕداران موشریکەکان گڵاوو پیسن بانزیک کەعبەی پیرۆز نەکەونەوە بە هیچ عیبادەتێک، (کە دیارە ئەوانیش حەج وعیبادەتی خۆیان کردووە و هاوشانی محەمەدو هاوەڵانی بووایان بەپەرستنی بردە بەشێکی کەعبە هەبووە، بەڵام باوەڕیان بەمحەمەد وەک پێغەمبەر نەبووە، بۆیە پێیان گووتون گڵاوو پیس، واتە سەگ وبەراز…)
أَم تَحسَبُ أَنَّ أَكثَرَهُم يَسمَعونَ أَو يَعقِلونَ ۚ إِن هُم إِلّا كَالأَنعامِ ۖ بَل هُم أَضَلُّ سَبيلاً..الفرقان/44
ئایا وادەزانیت زۆربەی ئەوانە ئاستیەکان دەبیستن، یان بیرو هۆشیان دەخەنە کار؟ ئەوانە جگە لەمەوماڵات هیچی تر نین، بەکو گومڕاتریشن لە مەوماڵات.
مامۆستاشریف، باش نییە، مەلاهەکان بەمەو ماڵاتی نەچواندووی، دەبێت شوکرانەی بژێربیت؟!
قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ ۚ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ
پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە کردارێک کە تۆڵەکەی لای خوا خراپترە لە تۆڵەی لەکەدارکردنی موسڵمانان، ئەوەش کرداری ئەو کەسەیە کە خوا نەفرینی لێکردوە و جامی خەشم و ڕقی خۆی ڕژاندووە بەسەریداو هەندێکیشی کردن بە مەیمون و هەندێکیشیان بە بەراز و هەندێکیانیشی کردە تاغوت پەرست و بت پەرست، (مەبەستی لێ جووەکانە)؟! ئا ئەوانە خراپترین جێگە و ڕێگەیان هەیە و گومڕاترین کەسن لە ڕێبازی ڕاست و دروست.المائدة/60
وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ ۚ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ۚ فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ
خۆ ئەگەر بمانویستایە بەرزمان دەکردەوە(واتە سەرباری ئەوەی خوا خۆی ویستی بووە کە وابێت، کەچی دواتریش دیقەت بدەن، چەن جنێوو تەوهین وتەشهیر دەکات)، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە شوێنی

ئارەزووی خ‌ی کەوت، جا نموونەیان وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەبشاخ‌یت هەناسە بک‌یەتی ، یاخود ئەگەر وازی ل‌ بهێنیت ئەوە هەر هەناسە بک‌یەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئ‌مەیان بەدر‌ زانیوە و بڕوایان پ‌ی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگ‌ێڕەوە بۆ ئەوەی ب‌ابچ‌ێک‌ن و بیربکەنەوە،(لەرەشدا هەر مەبەستی لە جووک‌انە، واتە، ئ‌م ئایینە لەبنەڕەتەوە، هیچ جۆرە گۆڕانک‌اری و گووم‌انێک هەڵناگرێت و هەرک‌س‌ک‌یش، پرسیاری هەبوو ڕەتی کردەوە، کەڤ‌ەکان خودایی نین، ئەوا لەڕوانگەی خودای داتاشراوو پ‌ێغ‌مبەر‌ک‌ی، وەک سەگ وای)الاعراف/176

مَثَلُ الَّذينَ حُمِّلُوا التَّوراةَ ثُمَّ لَم يَحمِلوها كَمَثَلِ الحِمارِ يَحمِلُ أَسفارًا ۚ بِئسَ مَثَلُ القَومِ الَّذينَ كَذَّبوا بِآياتِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ لا يَهدِي القَومَ الظّالِمينَ
وەنەی ئەوانەی کە باری تەوراتیان لەهەڵدراو هەڵیان نەگرت، وەک گوەدرێژ‌ک وان کە بارە کتێبک‌ی هەڵگرتبێت، ئای کە چەندە ناشیرینە وەنەو نموونەی ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوایان بەدر‌ زانیووە و بڕوایان پ‌ی نەبوو، بگومان خوا هیدایەت و ڕێنموویی ستەمکاران ناکات(لەرەشدا، بگ‌ژ جووک‌اندا چ‌ێتەوە و جنێوباران و تەشهیر بارانیان دەک‌ات، (بەڵام لەچ‌ند جۆگایەک‌ی دیک‌ەش فەرزی بۆنی ئیسرائیلی داوە، بەسەر هەموو گەلانی دیک‌ەی جیهاندا:- يابني إسرائيل اذكروا نعمتي التي أنعمت عليكم و أني فضَّلتكم على العالمين، 122/البقرة، ئ‌م پەیڤ‌ە لەک‌ەشکەڵ نەبێت لەهیچیتر ناچ‌ێت، ئ‌م هەموو جنێودانەو لەچی ئ‌م هەموو فەرزدانە بۆ بۆنی ئیسرائیلت لەچی؟). الجمعة/5
وَأُتبِعناهُم في هٰذِهِ الدُّنيا لَعنَةً ۖ وَيَومَ القِيامَةِ هُم مِنَ المَقبوحينَ
هەر لەم دنیادا نەفرین و لەعنەتمان خستە شوێنیان، لە ڕۆژی قیامەتیشدا ئەوانە زۆر ناشیرین و ڕەزاگرانن. القصص/42
وَلا تُطِعْ كُلَّ حَلّافٍ مَّهِينٍ. هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ. مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ. عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ، سورة القلم/
ئەوەی لەرەدا شایانی باسە، بگ‌ەی..
عُتُلٍّ بَعدَ ذٰلِكَ زَنيمٍ،،،ە کە قسەیک‌ی زۆر ناشیاو و تەشهیر ئامێزو زۆر بازاڕیە، کە لەبەرامبەر، "وەلیدی کوڕی موغیر" دا لەژێر ناوی ئایەتی ئیلاهی، واتە نیشانەی ئیلاهیدا دابەزێندراوە، کە

بەمانای
ڕۆژاگران و هەوشت نزم و ناکەس بەچەو باوك نادیارو کۆی زینا، دەت،، (بەڵام بابزانین بۆچی ئەم تەشهیرات وبڵاوکزیەی پێکراوە؟؟) چونکە:-
إِذا تُتلیٰ عَلَیهِ آیاتُنا قالَ أَساطیرُ الأَوَّلین..واتە کاتێک ئایەتەکانمان بۆدەخوێندرێ دەیگوت ئەوانە لەئەفسانەو ئستوورەکانی پێشینانن!
(بەڵام بابزانین بۆپێی زانیاریە زانستییە بەردەستەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەهەمبەر گەردون و فراوانیە بەکۆتاییەکەی، ئەم دەقە چەندە، مایەی پێکەنینە!
واتە ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن، کە خودای خاوەن ئەم تەکستە، کە جنێو بەوالیدی کۆی موغیر دەدات، ئافڕێنەری زەوی و ئاسمانەکانە، ئەو ئاسمانەی بۆپێی نوێترین زانیاری، دوورترین ئەستێرە کە لە ئەمەوە هەتا ئێستا دەزرابێتەوە، 9ملیارو 300 هەزار ساڵی ڕووناکییە، کە ناونرا، "ئیکاروس" بەڵام بابزانین، ساڵێکی ڕووناکی چەندە، دەبێت لەچرکەیەکەوە دەست پێبکەین، واتە یەک چرکەی ڕووناکی 300 هەزار ساڵی ڕووناکییە، کە بەکورتی دەکرێت بەمجۆرەی خوارەوە لەکی بدەینەوە:-
1سەعات=3600 چرکە
1ڕۆژ=86400 چرکە ، واتەتەکەای خڕایی ڕووناکی لەماوەی ڕۆژێکدا دەکاتە:
86400×300000=25920000000 واتە زیاتر لە 25 ملیار کیلەمەتر.
واتە، بە بەینی هەمان ڕێگا، ئەمە لەماوەی 102 ساڵدا، پۆیستیمان بە هەمان ئەو ساڵانەی چین هەیەکە لەکەنتەڕە دەرچووە و دەوترێت سبەینێ دەکەوێتە خوارەوە، کە خڕاییەکەی لەسەعاتێکدا، 18 هەزار میلە کە دەکاتە نزیکەی 29 هەزار کیلەمەتر لەسەعاتێکدا، بەڵام ئەگەر دووراییی ئەو ئەستێرەیەی کە 9 ملیارو 300 هەزار ساڵی ڕووناکی، لێمەوە دوورە، بە بەینی هەمان ماوە بەهەمان خڕایی ساڵانە چینیەکە، چەند کاتمان پێویستە؟ کە بەئەم ژمارەیش، پۆیستمان بەڕێز کردنی هەندسفرە هەیە، کە لەلەژمارەنایەن، کە ئەوەش هەشتا دواخانە و دواپنی ئەم گەردونە نییە!).
ئەمەو چەندین ئایەتی دیکەی پێ لە نەفرین ولەعنەتی دیکە، کە لەبەرامبەر ڕۆخنەگران و بیرو بۆچوون وڕای جیاوازی دیکەو ئایینی دیکە وتراوە، کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ گیانی مرۆڤایەتیی ئەمەماندا ناگونجێت و لەگەڵ فرەهەنگی مەدەنیانەو سەردەمیانەی ئەمڕۆدا، سەرلەبەری ناکۆک وناتەبایە!
تێبینی: ناو کەوانەکان، تێبینی وسەرنجەکانی خەمن.

تاهیر عیسا
7.5.2021/

تۆ لە خەونــی منــدا.. شیعــر: ستیڤان شەمزینی

دونیا شەو خەونکی خەشم پێوە بینیت
لە خەونمدا تۆ بوبیتە گوڵی ناو گوڵدانی دەم

لە خەونما تۆ قوم قوم شەرابی لێوی منت ئەنۆشی
منیش ئەکسجینی هەناسەتم بۆ تاسەوە هەڵدەمژی

لە خەونمدا تۆ ماچێ بۆ کەتاکانی منت ئەژمارد
منیش تریفەی ژاوی لێزەتم کێ ئەکردەوە

لە خەونمدا تۆ دەستی حەزکانت خستە ناو مەرگی لەشم
منیش لە دەریای خەزگکانما وەک بەلەمێک نغرەم کردی

لە خەونمدا
تۆ بە پەنجەی میهربانی ختوکەی پیاوەتیت دەدام
منیش لەنێو چیمەنی قژتدا بەدوای ژنەتیتا وەڵ بووم

لە خەونما
ئاوی ژنەتی خەت لەسەر جەستەم دەپ دەپ رژاند
منیش هەستی خەمم وەک نیگارێک لەسەر رەحت نەخشاند

لە خەونما
توند توند دەستت گرتم بۆرەو بەهەشتی لەشی نەرمت
منیش بەو پەڕەی دەخەشیەوە ئاگری دەزەخم لە خەم ئەتەکاند

لە خەونما
تە سەری ئاواتت خستبووە سەر شانی ماندووم
منیش یەک یەک ترپەکانی دەتم ئەنووسیەوە

لە خەونما
تە لە بەهەشتەوە بە راکردن بۆرەو ئامەزی من ئەهاتی
منیش لە دوورگەی خەیاڵەوە بۆرەو دنیای تە ئەپەیمەوە

لە خەونما
سەیری یەکترمان ئەکرد، بە موزیکی بەدەنگی یەکمان ئەدواند
بە ماچە رەژووی بەدەنگیمان بە هەزارانی ماچی تر شکاند

لە خەونما
بەزمانی دەریا قسەمان ئەکرد و شیعرمان بە شێوەل ئەنووسی
سەحرای لەوەکانمان شەقاڵ ئەبوون لە تامی لیمۆی بەیەک گەیشتن

لە خەونما
ماچەکت پێ بەخشیم تەنیا تر لە باران، سەوزتر لە لە سیمای بەهار
گەرمتر لە پشکۆ و رووتر لە ئاو و رووناکتر لە زەردەخەنەی هەتاو

لە خەونما
تریفەی مانگت ئەخوەندەوە و منیش راڤەی کزەبام بە ئەکردیت
بووبیتە ئیلاهەی جوانی و ئەوین، بەتاسەوە کەنووشم بە ئەبردیت

22-12-2016
کەنار رووباری راین

وێنە.. سەردار جاف

لە دوێنێوە
شەش ساڵە خەم ون کردووە
قەڵەم خانەی خوێنم دەخوا
کە لە شیعر یاخی دەبم
نازانم گۆڕم یا سەرکەش
یا دیدەکی تەمتوماویم
وێنەکانم پێ دەگرن
کەیلەم مەکە
کەمە کاتم پێ بدەوە
خەستەکی خەرسکیم و
لە نێو شارا لە دایک بووم
نها یاخی و
هەنگاوم ئولفەتی دەشت و کێ شاخاویم
.....
وا شەواوم … نازانم چۆن
لە گۆڕەوکی دەراندەر قورتارم بێ
هێندێ دەمێنم
زەر شەکەت و ماندووی ڕێگام
کەچی هێشتان لە جێی خەمم
بشێ زوو لێم پەکوتەیە
ڕزگارم بێ
تیقییەکەم پەکردووە و سەیری ناکەم
شنەی گەرانی وتنمە و
ڕێژنەی فرمێسک هەدەڕژم
پێ دەچێ ئافاتی گۆڕبوون
بەدارم بێ
.....
من دەمەوێ هەموو کار و شتێ بکەم

وام تۆ مەگۆ کۆ تۆمبۆم
بۆ مەیلی تۆ بدەم هەوەم
حەزم بۆ نەرسیسیەت نییە
بووم بە یاخییەکی سەرکەش
دەریایەکی هار و هاج و
من ئامۆزی ئاو و سەوەم
نازانم بۆ ..... !! ؟
دەبۆنگەکم لەم دونیایە حاڵی نابم
هەر دوای خاڵ دەمە سەر دەڵ
پاش هەر هەستێکی شەواو
سەرکەشیەکی زەر دەکەم
هەتا سەر بازی لەقمە
بۆ سەر لاشە و پەست و کەوەم
.....
کە سەراغی دەزینەوەی خەیشم دەکەم
زەنگی مۆبایل لە دەدەم
قسە ناکەم
بیرم دەچێ سەعات چەند
کە سەیری کاتژمێر دەکەم
هەموو سپەدەیەکی هەوون
زەنگی هۆشیاری هادەگرم و هۆناسم
لە نەو جێیا گەرە دەکەم
.....
پیس و پەخۆڵ و لەوتاوم
تەنها لە ئاکارا نەرمم
بمدەزنەوە
من لە چ خاڵی گەی زەویم
دەچمە ئاگردانی تەنوور
کە دەردەچم
هەست بە شەک بوونی خەم دەکەم
هیچ بەرز نیم
نە لە تەپک و نە لە دامەن
زەر زەر نەویم
.....
شەوی درێژ
لە خەونکی ئاڵۆسکاوا لوول و گێژم
لە هەوداوی هاستی دەچن

بە هەزاوە
دەست بە ریمەنتەکە دەنم
کچی هەر لە بەر چاومدا
پاتریەکان
سست و لاواز و ملکەچن
دەتوانم خۆ فریو بدەم
مەست مەست ببم
بە بە ئاوەی بخەماوە
لەم تە بگە وەنەی چی
لە عەوداڵی دونەدایە و
لە مشتومڕی یەقینە
بە وەبووەنی ڕاستی دەچن
لە سەراغی راستی دەچن

würges – deutschland
06-05- 2021

تەی ئەفسوونپێش. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

دائەبەم لە شاخی زەمەنی تە، لە هاواری..
بەردی بەدەنگی تە،
پیانۆی ئاو، گیای خوێن، فریشتەی..
گریانی قۆشەنگ، سەمای گوێبەخشینی سەمای ئەستێرە!!،
تروسکەی چاوە داگیرساوەکانی شەوی شار، عەدالەت..
لە کاتەکا ڕەبوارە
پێ بە باوەش ،،
لاسکە گیای شادومانی هەنا،
شماشالی تریفەی زەریا،
کەوانی مانگ،
حەزی خەکوشتنەکی خەش..
لە لایەن دەریاوانە،

کاتێ گوڵی لە فیکەی سوسکەی سەحەرە!
گەلانەوە بە زومردە ڕاوەکانی..
بەردەم میحرابی مانگ،،
نزرگەیەکم بۆ، ئازیز…
خاوەنکەی هیچ خواوەندە نەبە، !
تەنها خۆت نەبە..
تۆ لە کەشکی بارانی خۆتا، مەست بە،،
من بە باڵە گەینە بەدنەفرەتکانمەوە،
تەماشای مەلەکوتە گومڕاکانی مەڕوو ئەکەم،
پەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگی ئیبلیسەکان ،
چەند زەرن، چەند قژەنگیشن!، دڵ نیە..
لە خشتەی نەبەن،،
لەم ساماڵی مەری بەهودەیدا!!
چەژ لە گوناح و سزا، چەژ..
لە سەدارەدانی دە،،
لە ژوانی دوور، دابڕان..
لە تەمتومانی ڕوخساری تۆ،
هەڵەکانم ، لەم مەرگنشینە دوورترە..
لەم هەساری دەرچوو لە پنتی ڕەحە..
بە گەیشتنە بە هەورە ئەرخەوانیەکانی دەنگی سازت!
هەرەوەزی نمەیە،،
ئەڵەی زومردیمان، ئازیز..
هەرەوەزی وشەی پیرەزی خەسوتانە،..
لە تەرزەی فەنا!
چی هاوینەکی بەستەڵەکە،
کە تۆ لەکەنارەکی تری..
چی باهۆزەکی ئەستێراوی تووڕیە..
کە منیش لە دورخەیەکی تری ئەسرینم!
لە تەنیایی دڵا،
چی سەمفەنیایەکی گەگرتوە،
ووشە خوێنە ئەرخەوانیەکان،و،،
وو شە گەردونیەکان،،
ئاهە و ناڵەی ئە و فریشتەباسوتاوانەش،
حەسرەتیان بە داخستنی دەرگای پەناینی تەمەنە!
پلیکانەیەک ، ئەی دەرگاوانە خەرپشەکەی..
ڕەژانی ئاتوونی سەفەر،
پلیکانەیەک، ئەی سەفی سەر بەردی حەقیقەت،،

چەند ناوازەیە زوقمی وەنەوشەیی سەر پەنجەرەی بیرەوەریت،،
چەند عەودالە ،،،
نیگایەکی نامەی دوورە ووڵات،،
وونبە لە نەو گەمی جاوت، !
لە نا میهرەبانی کانی بوون،
سەرکەوتن بەسەر چیای…
گەردەلولی خەمی ئەزەل،
گەیشتن بە ترپکی قەڵای ..
گەڵا مەرکانی بەهودەیی، دانی..
بەیداخی ترس،
لە ئاوازەکی نەبیستراوی ..
ئەهریمەنی سەفەرا،،
لە پیتە قەدەغەکراوەکانی ..
نیوە شەوی شیعرەکی چنگ بەخوێنی ڕەشا!
باخەوانی گزنگ،
لەبەردەم هەرشی سوپای ئەستەرە، و..
ڕەوە ئاسکی میحبەت بەتەوە!
مەستبە ، ئازیز، مەستبە شاعیر،
مەست بە هاوەیی وەریوم،،،
وەک پەلو پەی ئەو دارسنەوبەرەی..
هاوەڵ شەڕشگێڕەکانی تیا تیرباران کران،،،
بە سەر پەی پیانەی نەدا ،،،
سەرئەکەومە باڵەخانەی تە لە فرەسک،
ئەی ئەفسوونپەش…
کەلەبچەکانی تیشک،
لە چاوانتان،،،
. لەکەلەپچەکا نی سەزی تە ،
ەزگاری نابە دە..
لە زەریای لەوتا، نەبە ،نامبینی،،
کەچەکی تر..
تەنها بە بەندەری تەمتومانی ئەڤینت ،،،
شەونخوونی شمشالی ژوانی دوورم..
تەواو نغرەی کردوە،،،
مەملەکەتی شیعر، زوەفی تە،
لە بازووی غوربەت ئاماوە!
گوڵە هەڵاڵەی نەسیمی تە!
شیعڕەکی چنگ بە ئازاری میهرەبانە،،

شەن و کەوکردنی گوڵکانی ڕوناکی،
کاتێ باخەوانی غەزەل ،،
خونچەیەکت لێ پروشێ نیگا بێ دەنێ!
سەبەتەیەک لێ مەسیقای نەمری!
ڕژاوەتە زەردەی کەنار،
لە زەردەپەڕەی غوربەتا..
وەک هەور، پاکژ بومەتەوە!
زەردەی ڕەژگارێک،
کەکەچی دووزەریا بوو..
دوو جەستەی ئاوەزان بە تەم ،
ئەی زەریاوان..
تەبەڵ فرمێسکی دایکە ڕەح سوتماکەکان ..
بڵوەنەتەوە ،،
تەپڵەینی نەو گزنگی پرتەقاڵی ..
ڕەوە سوسکەکانی بیرەوەری؟ ..
لە چەرخانی فەلەکی ئێستا دەرئەچم
و لە نەیزەکی چاوتا،،،
شەونمخەر ئەوەنم،،،
ئیتر هەردەم عاشق بێ..
تۆ ، ئەی ئەفسوونپێش..
تا ئادەی ڕەحیژان..

..……
وێنەکێ تابلۆیەکی نیگارکێشی بەریتانی
John Moore of Ipswich – Moonlit Landscape

دووکتێبی دیکەی (سەدیق سەعید ڕواندزی) چاپ و بڵاو دەکرێنەوە

دوو کتێبی دیکەی (سەدیق سەعید ڕواندزی) کە لە شێوەی نامیلکە دانە، لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە. کتێبی یەکەمیان بیبلۆگرافیای چاکییەکانی نێ ساڵی پەروەردەی ڕواندزە،

که پشتر نووسەر بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی ئەو پەروەردەیە بووە.



کتێبی دووەمیشیان، لێکۆڵینەوەیەکی شیعریی درێژە لە بارەی دژە باویی و شیعری هاوچەرخ.



شایەنی ئاماژەکردنە هەر دوو کتێبەکە لەلایەن کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ لە سۆران چاپ و باڵاو دەکرێنەوە.

زمانی کوردی و زمانی زانست..

فەرهەنگی سامان

ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر زمانی کوردی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە، چەندان هەکاری دڕندەکی و ناوەخۆش هەن کە هەڕەشە لە زمانەکەمان دەکەن، بە هەکارە دڕندەکییەکان ئیتر پێویست بەوە ناکات دووبارە بگەڕێنەوە سەر هەوڵی وەک جاران نەتەوەی سەردەست لە دژایەتی کردنی زمانی کوردی، بە هەی بە سیاسەتکردنی پرسی کەمینەکان لە کوردستاندا وەک پرسگەلی کوردانی ئێزدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک...هتد، و هەوەدان بە پتر لاوازکردنی زمانی کوردی و کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد لە عیراقدا بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کەشە لە سەرکاندا، پلانێکی کارا هەیە بە ناساندنیان وەک کەمینەیکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد، بە ئەم مەبەستەش حزبی سیاسی ودارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دڕندەکی دەکەن، (بەتایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤینی لە ناو تورکیا) دا، بە پلان و بەرنامەی تەکمەکاری جددی بە کراوە، بەئام داخەکە لەوەدایە هەکارە ناوخەییەکان خەریکە دەبنە کەشێکی چارسەرنەبوو کە بە دەستی کورد خۆیەوە بریندەکان قووڵتر دەکەنەوە. هەبەتە هەبوونی زار و بنزار وهەروەها نەبوونی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بە هەموو تاکەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا، ئاگەرچی دیاردەیەکی سرووشتی هەموو زمانێکی زیندووە، بەئام ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بە سەربەخۆ ناساندنی ئەو زارانە و جوداکردنەوەیان لە زمانی دایک، ناتوانرێت نکۆڵی لەو مەترسییە جیددیە بکرێت، وەک هەڕەشەی زمانە بیانییەکان وخوەندنیان لە بوارەکانی پەروەردە و فەرکردندا وهاوکات پەراوێز خستنی زمانی کوردی لەو خوەدنگاهلیانەدا، کە نەوەیەکی نەشارەزای لە زمانی کوردی بارهەم هێناوە، هەبەتە دواتریش لە پاشەڕۆژدا ئەنجامەکەی زۆر بە خراپی دەبینین، کە ئەم نەوەیە سەز و ئینتمای بە زمانی نەتەوەکەی خۆی نابێت، بە چاوەکی سووک تەماشای ئاخەوەرانی زمانەکەی خۆی دەکات.

ئاگەرچی زمانی کوردی هەشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت. بەئام هەبوونی زمانی فەرمی لە کوردستان و ناساندنی لەسەر ئاستی عیراقدا دەسکەوتکی مەزووی گرنگە، بەئام لە رووی پراکتیکییەوە هەشتا زمانەکەمان روو بەرووی جینسایدی فەرهەنگی دەبێتەوە، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییە دابەاوەکانی

وەک دەشتی نەینەوا و کەرکوک و خانەقیندا، چونکە زمانی کوردی لە بەردەم حاڵەتی گۆڕی دەخی جیهانگیریی دایە، یەکەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهان و مەعریفە و زانستی نوێ هەموو هەوڵ و تەقەڵای خۆی دەدات کە ببێتە زمانحاڵی دروست و بەپێی توانای ئاخێوەران و هەموو ئەوانەی قسەی پێدەکەن. دووەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە سەرچاوەی ئەوەی کە بە هۆی داخراوی و ڕەحیەتی دەمارگرژی سنووورەکانی کرانەوە بەڕووی جیهاندا دادەخات، تووشی شۆکێک لە فامکردنی خۆکی و گوندکییانە دەبێتەوە کە درێژەی ئەو ژیانە لەکاڵی و داخراوییە و لەمپەرن لە بەردەم توانستی داهاتن و گەشەکردنی زماندا، لەهەر دوو حاڵەتەکەش جیاواز لە هەموو ئەو کەشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردین، زمان پێویستی بە سیستەمێکی پەروەردەی بەهێز هەیە، کە هەم پێویستییەکانی جیهانی نوێ و قەیرانەکانی بە باشی لێکبداتەوە و بەواتە ناو کایەکەوە و هەمیش سامانێکی گۆڕەی زمانی و ئەدەبی کە هەیەتی ئاراستەی جیهانی کەشف نەکراوی خۆی بکات و "بوون"ی زمان و مرۆڤی کورد بە خۆی مانیفێست بکات. هەر زمانێک پێکهاتی تایبەت بە خۆی هەیە، پێکهاتێک کە لە مێژووی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم سەرچاوەیەی ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی زمانەکان شتێکە حاشای لێناکرێت، ڕاستە کە زمان ڕەهەندی جەراوجۆری هەیە کە هەشتاش لە کەشف و دەرکەوتن دایە، بەڵام زمان بەر لە هەر شتێک مێژوویەکە، مێژووی زمانیش پێکهاتە وهەموو ئەو گەنجینەیانەیە کە بەسەریدا هاتووە و لە داهاتووشدا دێت، لێرەدا نە مەبەست زمانی ئەدەبییە (شیعری، چیرۆکی و...) نە زمانی فەلسەفی و زانستی بە مانای پسپۆڕانەی، بەڵکو ئەو زمانەیە کە ئەم ڕۆژانە کەسێکی لەوەردەگرین بە کاروبار و ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئاساییەکانی ژیان.

دەستنیشانکردنی چەندان هۆکاری گشتی کە زمانی کوردییان خستۆتە ژێر هەڕەشەی بە پێویست دەزانم ئاماژەیان پێ بکەم:

- نەبوونی قەوارەی فەرمی و سیاسی بە بەهادان بە زمان و ئاخیوەرانی.

- شێواندنی پێکهات و فەرمی سروشتی زمان (بە تایبەتی لە تورکیا و ئێران) کە ئەمە زەرتر هۆکاری سیاسی- کەلتوورییە کە لە دیسکۆرسی ئایینی زاڵی دەسەڵات سەرچاوە دەگرێت.

- نامۆبوونی کورد لەگەڵ پێکهات و ماهیەتی زمانەکەی (بە تایبەتی لە ئێران و هەروەها لە تورکیاش، بەڵام هەر کام لە فۆرم و حاڵەتی زاڵی یاسایی و سیاسی ئەو دوو وڵاتە)، چوون هەر کەس یان تاکێک کە بە زمانی گوند وگەڕەکەکەی خۆی قسەی کرد بێ مانایە نییە کە زمان دەزانێت، بەڵکو ئەمە سروشتیترین و سادەترین و لە هەمان کاتدا

"بنەڕەتیترین" حاڵەتی فڕبوونی زمانێ، بەڵام ناتوانێ و نیوچەی، دەتوانین باسی چەندین حاڵەت لەم چەشنانە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین کە هەر کامەیان بەپێی فەزای سیاسی-ئایینی ئەو وڵاتانە کەلتوورەکی شوێنەر و داگیرکاریان لە سەر زمانی کوردی دروست کردووە، بەڵام لە باشووردا فەزا و دۆخەکە شتێی دیکەیە. لەباشووردا لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای هەیە، بەڵام زمان کەمترین بایەخی پێدەدرێت، هەم لە ئاستی گشتی و پەروەردەی سەرەتایيدا و هەمیش لە ئاستی باڵا و خوێندنی دوا ناوەندی و زانکۆکانیشدا.
مخابن ئەو زمانە شیرینە کە ناحەزانی گەلەکەمان بە هەموو شێوازێکی شڤینیانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بە ئاخێورانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی و میدیادا، هەروەها ناساندنی هەندێک لەو دیالێکتە کوردییانە بە زمانی سەربەخۆ و بە پلان و بەرنامە کار بەکردنی .
لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕۆژی 8-3-2017 بەسەرپەرشتی وەزیری خوێندنی باڵا و تەوژمەوەی زانستی بەڕێز یوسف گەران و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەت، کەبووەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتکە لە زانکۆی دهۆك لەسەر ڕەوشی زمانی کوردی بەڕێوەچوو، لە کەبووەوەکەدا بەیاردرا ئۆژمارکردنی نمرەی وانەکانی زمانی کوردی بە دەرچووانی پۆلی دوانزە لە کاتی پێشکەشکردن بە کەڵەژە زانستییەکان (پزشکی و ئەندازیاری) ئارەزومەندانە بێت." ئەم بەیارە چ لە ڕووی ماهییەتی روانینی وەزارەت بە پەروەردە و پلانکی زمانی و چ لەڕووی ئاگاداری لەسەر ڕەڵی زمانی دایکی لە فێربوونی زانست و مەعریفەی نوێ، هەڵگری نیزانی گەورە و کەمتەرخەمی ترسناکە.
ئەمە ئیدی شتێکی سەلمێندراوە کە زمانی دایکی چ ڕەڵێکی گرنگ و بنەمایی و تەندروستی لە فێربوون و پەروەردەی نوێدا هەیە، ئەمە تەنانەت زمانی دیکەش لەڕگەی زمانی خەمان باش فێر دەبین و لەی تەدگەین واتە کلیل و کاوەژنەی تگەیشتنی زمانەکانیتر و جیهانیتر هەر لە ڕگەی زمانی خەمانە، هەر چەند ئەم بەیارەی وەزارەت لەلایەن تاقمێک لە مامەستایانەوە بە نادروست لێکدرایەوە و لە دژیدا خۆپیشاندانیان کرد و سەرکی حکومەتیش فەرمانی هەوەشاندنەوەی دا، بەڵام وەکو لە هەواڵەکاندا لەکاتی خۆیدا باوبوویەوە وتەبژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تەوژمەوەی زانستی رایگەیاند بووە هەشتا بەیارەکە هەڵەوشێنراوەتەوە و وەکو خۆی ماوە. بەهەرحاڵ ئەم حاڵەتە ڕەهەندی زۆری هەیە و من نامەوێت هەموو

لایەنەکانی ئێم کەمتەرخەمی و بێ پلانی و دژایەتییە بێ زمانی کوردی کە لە پێکهاتەکی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت، بخەینە بەر باس، بەڵکو دەماڵەوت بە هەناوەی نموونەیەکی سادە ئێم بێ پلانی و کەمتەرخەمییەی پەروەردەی زمانیی باس بکەین کە خەریکە لە هەناوی تاک وکەی ئاخاوەرو تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش ڕەگئاژە دەبێت و بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە لە فەرکردنی هەڵە و بێ پلانی و کەمتەرخەمیدا چ دەستکی باڵا و بوودجەیکی قەبە لە کارادایە.
ئەگەرچی ئێمە لە باشووری کوردستان چاوەڕێ بووین لانیکەم فەرمانک لە پەروەردەی زمانی بێ پارچەکانیتر بەرهەم بهێنێت، کەچی هەرەم بە خەیشی ناتوانێ ئاوا بکات، ئاو هەموو هەڵە و شواندنی زمان و ڕەزمانییە کە لە کەناڵەکانی میدیا بەتایبەت رادیۆ و تیڤیە ئاسمانییەکان و تابلۆ دیار و گەورەکانی ناو شارەکان دەبینرێن نیشاندەری ئاو پەروەردە سەقەت و بێ پلانییە، کە هەشتا بەشکی خەڵک نازانن بە کوردی بنووسن و لاوەش گرینگتر هەر بەلایانەوە گرینگ نەبێت چۆنی دەنووسن و بۆچی دەینووسن و بێ بنووسن! واتە پەرەشی زمانی لە ئاستکی زەر خوار و نزم دایە. وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو ڕەشنبیری کەمترین کادیری دەسزی شارەزاو پسپۆری زمانیان تێدایە، یان ئەگەر هەشبن هیچ دەسەاتکی بە یار بەدەستیان نییە تا ڕەی کارای خۆیان بگەێن لە خزمەتکردن بێ زمانی کوردیدا.

- زمانی کوردی لە پەرلەمانی کوردستاندا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بێ زمانی فەرمی لە هەرەمی کوردستان بە یاری لەسەردراوە، هاوکات لە دەستووری عیراق لە ساڵی ٢٠٠٦ و لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیشدا لە شووباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی کوردی لەسەر ئاستی عیراقدا بە فەرمی ناسەنراوە، لە ڕژەهەاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری پلەی زمانی پێنجەمی وەرگرتووە.
یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە قەناغی ئاگوزاریی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشان دەستووری عەراقی ساڵی ٢٠٠٥ بە یەکەمجار دانیان ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە سەرانسەری عەراقدا، بە پێچەوانەی دەستوورەکانی پێشوو کە بەدەنگ بوون لەم بارەیەوە یا خود بە شێوەیکی سنووردار و لە بوارەکی بەرتەسک (وەک خوێندن) و تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا دانیان بە زمانی کوردیدا ناوە.
لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤)ی دەستووری عەراقی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عەراق و هەرەمی کوردستاندا دەرچوون، بەڵام هەتا ئێستا ناوەڕۆکی ئێم یاسایە وەک پێویست پراکتیزە

نەبووە.
زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستان پاپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو و، لە ڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی یاسایی بەدیناکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان. زمان وەک بەشێک لە شوناسی هەر نەتەوەیەک گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە کەلەپووری کەلتووریی نامادیی، کە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پاراستنی دەکەنەوە.
لە یاسای زمانە فەرمییەکان، هیچ میکانیزمێکی تەکنیکی و شیاو دانەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکە.
زمانی کوردی هەشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت. بە ئەو مەبەستەش گەرەکە دەزگا ئەکادیمی و زمانناسییەکان سیمینارو کۆنفرانسی زانستی بۆ ببەستن ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی زمانی کوردی و کردنی بە زمانێکی زانستی و شارستانیانە.

*فەرێدوون سامان
سەرۆکی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری

میدیای کوردیی و بەرهەمهێنانی پووچگەرایی.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

هەواڵی درۆ لە خراکی ئێکسپایەر زیان بەخشترە ویکهام ئێستیدی

لە کوردستان دوو جۆری سەرەکیی میدیا هەیە، هەردووکیان بەدوو

ئاستی دژ بەیەک و پچڕانی مرۆڤی کورد دەخزێننە ناو دووڕگەی بێزاریی و نائومێدییەوە، میدیایەک هەیە دەیەوێت کوردستان وەک بەهەشتێک پێناسە بکات و هەموو بەشایی و کەموکوڕییەکان لە بیر خەڵی دەباتەوە و هەر جۆرە ڕەخنەیەکیش بە پیلانی دژەکیی سەیر دەکات. لە بەرامبەردا میدیایەکی تر هەیە، کار لەسەر ڕەشبینکردنی هاووڵاتیان دەکات و سەرقاڵی وێنەکێشانکی دژخیێیە بە کوردستان کە هیچ پەنجەرەیەک نەماوە لەوەی هەناسە بدرێت. ئەم دوو جۆرە ڕوانگەیە هیچکامیان ناتوانن ڕووی میدیایەکی پرۆفیشناڵ و ڕاستگۆ ببینن، کوردستان نە بەهەشتێکی ئامادەکراوە و نە دۆزەخێکی هەتاهەتاییە، ژیان بەم جۆرە تەوزیف ناکرێت، کاری میدیاییش بەو جۆرە ئەدا ناکرێت. کاری میدیا نییە پێناسەی واقیع بکات بەڵکو ئەو واقیع نیشان دەدات، بەڵام نیشاندان بە ئامانجی سیاسیی و تایبەتیی نا، چوونکە بەڕێی ئەپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە کوردستان لەنیشاندانی واقیع لە ڕووی میدیاییەوە، ئامانج و مەرامەکانی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

میدیای کوردیی بە میدیای دەسەڵات و نزیارکانییەوە کەمەڵێک گرفتی ناوەکیی هەیە، نەک لەگەڵ سروشتی پیشەی ڕاگەیاندندا نایەتەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک لە دژیەتی، چوونکە ئەم میدیایە بە ناوی ڕەخنەوە، شمشێربازیی دەکات و بە کەرەستەی جەنگییەوە هاتۆتە مەیدان، ڕەخنە لەکەن ئەم میدیایە نەک مەعریفە و دەرخستنی بەشایەکان نییە، بەڵکو چەکێکە بە ریسواکردن و هەڵاهەڵاکردنی بەرامبەر، لەڕە ڕەخنە مانای شمشێر وەشاندن و ڕووشاندنی کەرامەتی مرۆڤەکانە، بۆیە هەمیشە ئەم میدیایە لە بری ئەوەی بە ڕەخنە بنیات بنێتەوە، دنیا وێران دەکات. لە کوردستان جۆرێک لە ڕاگەیاندن لە نەشونمادایە هەڵگری کەمەڵێک گرووگاڵی دەروونییە و گرفتارە بە نەخۆشیی سادییەت، چوونکە شادییەکانی خەڵی لە ئازارەکانی بەرامبەردا دەبینێتەوە، پێکەنینەکانی خەڵی لەسەر هەژانی فرمێسکی ئەویتر بینا کردووە. ڕاگەیاندنێک لە کوردستان لە بەهەزبوونداییە ژیانی تاکە کەس لەلای وی هیچ بەهایەکی نییە، بۆیە زەرتریین دەستدرێژیی دەکاتە سەر ژیانی تایبەتی تاکەکان، بە پچڕانی شیعرەکەی فریناندە باندینی "بەڵام هەموو شتێک گرانبەهایە"، میدیای کوردیی بە ئەوەی خەڵی گوڕە و گران و بایەخدار نیشان بدات دەست دەبات بە ریسواکردن و بە بایەخکردنی هەموو شتێک، ئەگەرچی ئەو شتانە لە خودی خۆیاندا زۆر گرانبەها و بایەخداریش بن.

میدیای کوردیی لەبری جوانکردنی سبەینێ و داهاتوو، هەمیشە خەریکی

بەرهەمهێنانەوەی ناشیرینییەکانی دونیا و رابردوو، لە بری نیشاندانی ئاسۆیەکی روونناک و گەش، بەردەوام جێی تاریکی و داخرانی هەموو دەرگاکانی ئومێد دەدات، ئەم میدیایە لە بری ئەوەی کار لەسەر بیناکردنەوەی کەستی تێکشکاوی کورد بکات، بە چەشنی داگیرکەرانی کورد هەموو رەگەیەک دەگرێتە بەر بە پتر تێکشکاندن و داووخاندنی ئەم کەستییە. میدیایەک ئێستا لە کوردستان کار دەکات لە باتی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تێندروست و قسەکردن بە نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو، هەمیشە دیرەکە تاکەکان وەک قوربانی دەبینێتەوە و لە نێو زەمانی نەوەکانی رابردوو گیری کردووە و ناتوانێ بێتە دەرەوە. ئەم میدیایە نەک ناتوانێت لەگەڵ زەمانی تازە و رووداوەکانی رۆژدا وەک ئەوەی هەیە بڕوات، ناچار پێنای بردۆتە بەر گێڕانەوەی حکایەتەکانی دونێ و دیسان تەعمیمیان دەکاتەوە بەسەر ئەم ساتەوەختانەشدا. ئەم میدیایە نەک هەز و توانای شیکردنەوەی چەمک و ئەو رووداوانەی نییە لە دەروپشتی روو دەدەن، ناچار فووی بە شێپوری جەنگەکی تاکە کەسیدا کردووە و لەناو کوڕی گەرمی ئەم میدیایە مافی تاکە کەس و ویژدانی تاکە کەس دەسووتێت و دەتوێتەوە، کەسیش رەخنەیەکی لەم سەرگەردانییە گوریە نییە!!.

ئەم میدیایەکمان هەیە بە جوانکردنی خودی خۆی و بیر و ئەندێشە سیاسیی و فەرهەنگییەکەی کار لەسەر نابووتکردنی ئەویتر دەکات، ناچارە لە پێناوی خۆ نواندنەکی فریشتەیی، بەرامبەرەکەی بە ئەهریمەن بکات. میدیایەکمان هەیە بە ئەوەی شوورەیی و کەموکوڕییەکانی داپۆشێ، دەت کەموکوڕیی و عەیبەکانی ئەویدی دەنێتە بەر باس، تەنانەت بە ئەنجامدانی ئەم کارە سەیر لە داتاشینی تەمەتی ئاکارییش ناکاتەوە، وەک ئەوەی لە حاڵەتی گەڤاری "جیهان"دا دەردەکەوێت، وەختێک سەرنووسەری ئەو گەڤارە ناتوانێت بەرگەی رەخنە بگرێت، ناچارە دەست بە ئابووری تاکە کەسێک رابکێشێت، ئەگەرچی ئەو تاکە کەسە گەلێک گومانی لەسەرە و زەر کاری ناپەسەندیشی لە رەی میدیاوە ئەنجامداوە. ئەم میدیاکمان هەیە دنیا و خودا و پێغەمبەر و فەیلەسووفەکانی داوەتە بەر نەشتەری رەخنە و تەنانەت جنێویان پێدەدات، بەڵام وەختە رەخنە دێتە سەر خۆی باڵانسی تێکدەچێت، ئاگر دەگرێت و لە پڕچەکردارداسە لە سووتاندنی تۆ و وشک پێکەوە ناکاتەوە و بە جارێک قیامەت هەڵدەستێنێ. ئەم دەخە، هەمان ئەو دەخەیە پێش دوو ساڵ و نیوێک "بەختیار عەلی" پێناسەی کردووە، وەختێک دەنووسێت "قەناغی ئەمڕۆی ئەم کە لە ئاستی سیاسیدا قەناغی رزامەندیی نوخبەیەکی سیاسییە، کە بە هۆ لە خۆی رازییە، قەناغی تووڕەبوونی خەڵکانێکیش تووڕەییان خاڵییە لە ئاسۆ و خاڵییە لە ئێستەرناتیف، لە ئاستی رەشنبیریدا بێتە ئەو قەناغەی تێکستەکان و

رستەکان و گووتارەکان بە وشەی وبە مانا و بە یاوەر دەسوێنەوە، ئەو قەناعەتە کە پەیامەکان دەگەن و هەرگیز ناگەنە وەرگر و گوێگرەکانیان، نووسین لە بەشایەکی قووڵ و پوچگرایەکی بە ئەندازەوە ئاماژە"(1).

میدیای کوردیی بە تایبەت رۆژنامە و گۆڤارەکان لەبەر بە باباتی و ئیفلاسیی بیرکردنەوە نەک ناتوانن رەنگەکی جوان بدەن بە ژیان و مانایەک بە وجودی مرۆڤی کورد بدەزنەوە، تەنیا ئەویان لە دەست دەت پووچگرایی و ڕەشبینیی بەرهەم بهێنن، ئاخر دروستکردنی ڕەشبینی هەزار جار سووک و ئاسانترە لە گەڕانەوەی هیوا بە مرۆڤ. میدیای کوردیی چوونکە هەمیشە خەی ناڕەنجەنەت و ئاسان کارەکەی بە دەستەوە دەت، پیشەی ڕاگەیاندنی لە دەسەاتی چاودێریکەری گشتییەوە کردووە بە چاودێریکاری تایبەتیی و میکرۆسکۆپی چاودێریی خستەتە تەنانەت سەر پەیوەندییە خەزانییەکانمان، لە چاوی زۆربین ئاسایەوە بچووکترین مافی کەمایەتیمان کە کەس بەی نییە دەستی تەوەردات سەیر دەکات و کەچک دەکاتە گایەک و لەولاشەوە ڕووداوە گەورەکان وەک گەردەلوولەک تەدەپەڕن و چاوی ئەم میدیایە توانای بینینی نییە و هیچیش لەی تەناگات. ئەگەر کەمەک لە هەندەک مانشەت و سەروتار و لیدی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان وردبینەوە، تاکە ڕاستییەک پێش هەر شتەک لەی تێبگەیت ئەوەیە: تاک ناتوانەت خاوەنی هیچ نهێنییەکی تایبەتی خەی بەت، تاک هەمیشە موعەرزە بەوەی مافە تاکەکەسییەکانی لەسەر ڕووپەی ڕۆژنامەیەک وەک تاوانەک پە بفرۆشرێتەوە، موعەرزە بەوەی ممارەسەکردنی مافە سەرەتاییەکانی وەک سکانداەک لە گۆڤارەکدا بە بەاو بکرێتەوە.

ئەم تەکنۆپەکەی و سەرگەردانییە مەزنەی بەسەر میدیای کوردیی هاتووە، هەر تاکی ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکان لەی بەرپرس نین، پێش هەر شتەک حکومەت و حزبەکان بەرپرسی سەرەکین، چوون حکومەت هیچ ڕەوشونەکی نییە بە پرسینەوە لە سووکایەتی بە مرۆڤی کورد، حکومەت و حزبەکان وەختە گوشار دەخەنە سەر میدیاکان باسی خەیان و کارەکتەرەکانیان کرابەت، لەوە بەولاوە مافەکانی تاکەکەس جەگەی بایەخ نەبووە بەلایانەوە، حزبەکان بە جۆرەکی تریش بەرپرسن چوون ئەوان لە پشتی ئەو لافاوە گەورەیەوەن لە ڕۆژنامە و گۆڤار ئەویش بە ئامانجی شەی سیاسیی و تاکە کەسی و دەستگەریی و..تد. لە واقیعی حاڵیشدا بوونی لەشکرەک ڕۆژنامەنووس و لەشاوەک لە ڕۆژنامە و گۆڤار گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، حزب و دەسەاتی کوردیی لە کاتەکدا باسی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی دەکات لە هەمان کاتدا خەی فاکتەرەکی

یارمەتیدەری ئەو بارودۆخەیە و بەشدارە لە بەهاکردنی نووسین و وەرگێڕانی رۆخنە لە مەعریفەوە بە شێوە جنەو، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە "ئەوەی نووسرا، ئەو هێنانە بە هەمیشە دەمێننەوە" (2).

پێڕاوێز:
1-رۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە "313"، رۆژی 14-2-2007.
2- دەربەندکی ژنە رەمانووسی ئەمریکی "تەنی مەریسن"ە.

کۆتایی سێپتامبەری 2009
سوێد – ستۆکهۆڵم

هەوڵێری تیرۆر یان" دوبەی" بارزانی!.. ئاراس ڕەشید

حوکمەانی لە هەولێر لە حوکمەانی " ئەشرەف "* دەچێت! ناوی دوبەی لەم ساەانەی دواییدا، بۆتە سونبوڵی ئارامی سەرمایەگوزاری لە دنیا. واتە هەر شوێنک کە سەرمایەگوزاری زەرک لە وڵاتانی دنیای لەکرا، یەکک لە مەرجە سەرکی و بنەڕەتیەکان دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و سەروەری یاسایە! بە ئەو جۆگایە، تاوکو سەرمایەداران لە گیان و سەروەتی خۆیان دڵنیابن . چەند ساەک لەمەوبەر سەرکی هەرێمی کوردستان(مەسعود بارزانی)؛ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت هەولێر بکات بە " دوبەی"!هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، هەنگاوی یەکەم بە ئەوە، دابینکردنی ئەمن وئاسایش و سەروەری یاسایە لە هەولێر! بەڵام وا پێدەچێت بارزانی و حکومەتەکەی بە شێوەیەکی کە لەو کارە گەیشتبن! بۆیە پێش دابینکردنی مەرجەکانی سەرەوە، هاتوون بیناو تەلار و قیللای لە شوشە دروستکراویان سازداوە، تەنانەت" ئاو و کارەبا" ی تەواویشیان بە دابین نەکردوە چ جای ئاسایش و سەروەری یاسا! ئەوەتانە، پیاوانی زەرقان، بە هەژی هوونەک و لە ناوجەرگەی شوێنی فەربوون و پەروەردە زانست، بە تەنیشت هاوەڵە زەرقانیەکانیانەوە کە پاراستنی حەرەمی زانکۆیان لە ئەستۆیە، سەردەشت عوسمان "سەردەشت" ی لاوی نوک قەڵەم تیژ و دەخەش بە دوا ساەی خوێندنی و دە پراوپڕ لە

هیوا، " سەر سوور ئاساکانی بەعس" بە منەتانە دژەفەنن و بەناو ئاسایش وپۆلیس و بازگەکانی پایتەختی کوردستان و دوبەیکەی بارزانی و کوردستان دگەیەننە ناوچە بەناو کشە لە سەرکانی کوردستان " موسڵ" و ئەو دژە گەرمە بە دوا ژاژ، ئەو وزە گەورە و تروسکەی هیوای کەمگەیەکی خەڵخەندیو، سارد دکەنەوە و دیکەنە دیاری بە ئەوەی سەرکمان بیکات بە دوبەی!!

بەڕاستی شەرم هەنارو قەزوونە، لە کوردستانی خاوەن کارساتی" بکر علی ،نزیر عومەر،ڕووف کامیل ،شاپورو قابیل ،دوعا،سەرانی مامە حەمە، حەمەی حەلاق و...تا دواینیان کە ڕەنگە دوایین نەبێت، کاکە سەردەشت" ناوی شارستانیەت و دیموکراسی ومافی مرۆڤ و سەروەری یاسا وهەبژاردن و ئازادی ڕۆژنامەو بیرو ڕادەربڕین شتی تر بنێ! بەڵام ، وادیارە دەسەڵاتدارانی کوردستان، تاوەکو ئێستاش هەر وەک " ئەشرەف" بیر دکەنەوەو خەڵکی کوردستانیش هەروەک شارەکەی ئەشرەف چاولەدەکەن و بەڵوەی دبڕن! هەربۆیە بەسکردنەوە، ئەشرەف ئاسا حوکم دکەن و دکوژن و دخۆن وگاڵتە بە خەڵک دکەن! بەڵام، دبە دەسەڵتدارانی کوردستان و دوبەی سەرەک، باش بزانن کە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە نمونەی "سەردەشت" چاویان کراوەو زیتە، بیریان ڕەشن وئاسیان ئەوەندە بەووونی لە دیارە، کە نایەڵن ئەم جارە ملهوڕیەکانیان 40 ساڵی وەک حاکمی پێش خۆیان بخایەنێت و تەمەنی ئەو ئەشرەفانەش ناهەدرێت ساڵانی زۆر بردەوام بن! بکوژانی سەردەشت، دنیا بن لەوەی، ئەو کارەی ئەوان کردیان لە " ووداوەکی کوشتنی ئاسایی"یەوە بووبە" مەسەلە و قەزیەیکی کەمە و هەموو ئینسان دەست و پێشکەوتوخوازی کوردستان و دنیا.

سەروەری بە گیانی پاکی کاکە سەردەشت!
ڕیسوایی و زەبوونی بە پیاوکوژان!

ئاراس ڕەشید ٠١ ی مەی ٢٠١٠

- ئەشرەف: زنجیرە دراماکە لە تەلەفزیۆنی کەنالی ئاسمانی کوردستان تیڤی یەوە بەاو کرایەوە،کە بیرکەکەی لە برایم زەبەک ەوە وەرگیراوە.

باج.. پشکۆ ناکام

.....جارێکی تریش بیری تۆزاوی و بۆچوونە نا ئینسانیەکانی ئایین مشت و مۆکی تازەی خستە ناو خۆکەوە و ڕیش خەناویی و دڕچوانی حوجرەکەی" قوڕیش" هەموو پێکەوە کوتنە قیژان و زرمە زڵە وناڕزایی، لەسەر چی ؟.. لەسەر ئاوی نیوەی خاکی هەرێم!! وا لە ژێر کۆفی سوپای تورکیا و سیادەتی ئاو کۆکە تۆ یەی ناویان ناوە "قەوارە" کوتەتە ژێر پەستای ڕەشی جەندرمەوە ؟ یان لەسەر ئاوی بە دەیان ملیارد دۆلاری داهات و قوتی خۆک خۆشنۆش کراوە ، کەسیش نوتق ناکا ؟ لەسەر ئاوی لە هەولێر پەشوازی لە لە کانە ئەفسەر و ئیستخباراتەکانی بەعس ئەکرێ..؟ ئاخۆ لەسەر ئاوی مافی ژنامە نووس و نووسەران بوە بە "پەشمەک" و دەمەکە لە ناو دەمی دەستاتا تواوەتەوە..؟..لەسەر ئاوی مووچەخۆران بوون بە یاری دەستی ئاوی کراسی حکومەتیان پە لەبەر کردوە ؟ ..لەسەر ئاوی ژنان خۆک بە چەکی نایاسایی ئینسانیەت و یاسایی بنەماش و میلیشیاتکان ئەکوژرێن..؟ .. نەخێر لەسەر هیچی ئەمانە نین ، لەسەر ئاوی ئهنسانەک ، کچەک پەی خۆش بوە سەمایەک لەبەر چاوی خۆکا بکا هەم وەک ئارەزوویەکی هونەری خۆی کە تەنیا موکی خویەتی و هیچ کەس و قودرەتەک بۆی نیە لە ی زەوت بکا وهەم بە خستنە ڕووی توانای خۆی بە کەمەگا و خەباتاش کردنەوە لە مشەقت و سەریشکانی ژنان و هیچی تر..نە ئەرز وەران بوو نە ئاسمان تەک شکا نە ژیانی کەسەکی تر بوە کوتە قواوەو..لەبەرامبەرا ئەوانەی خیان بە پەوری ئەخلاق و ڕەوتی ژنانەی خۆک ئەزانن کوتنە لە یانی قەوانە کانە سواوە ژنگاویی ئیکسپایەرەکە : چی بوە؟ بە ئەخلاقی کراوە ، قیامەتە، کەمەگا غەرقی بە دیانەتی بوە ، جەن کچەک"رەنگە پیاو بوایە زەر گرفت نە بوایە،!!" ـ..بۆ کچەک چەن کچەک دوور لە بنەماکانی حەدیس و ئینستگرام و ڤایبەر و ئایاتکان جورئەتی کرد و لە مانگی ڕەمەزانا و لەبەر چاوی خۆک سەمای کرد...!؟ سەما کە یەکەکە لەبەد ڕەوشتیەکانی ئینسانی عەبدی خوا..جا نەخوازێ ا عەبدەکە کچ بە..!

.....پش هەموو شتە هیچ کەسەک ، هیچ گروپەک ، هیچ دیندارەک بۆی نیە دەست نیشانی پەوڕە ئەخلاقیەکانی تاک و کەمە بکا لە کاتکا بۆچوونکانی ئەوان لەسەر ئەخلاق هەزار و یەک نیشانەی پرسیاریان لەسەرە و لە دیدە فەلسەفیە ئینسانیەکانا زەربەیان" گەر نەین هەمویان ، سەرتاپا" دژی مافە سروشتیەکانی تاک و کەمەن ، دیدی ئایین یەک غەرام مەجالی تیا نیە بە مەسەلە ئینسانیەکان و

لەسرووبشانەوە مافی تاک لە هەبژاردنی ستایل و ئیدارە یانی ژیانی خۆی بە دڵی خۆی و بە کەمالی ئیسراحەت بە دەست تەورانی ئەم یەکەمی ووو ، بە چاوسوور کردنەوە کە هەنگاوی یەکەمو دیکتاتۆریەت چوونە و بە ئیرهاب کۆتایی یەت...هەموو جۆرە کۆت و بەندێک دژ بە ئینسان قبوڵ کراو نیە دینی بە یان سیاسی..ئاخر کەسێک چوار ژنی هەبێ ڕەوشت بەرز بێ و کچێکیش سەما بکا بە هۆشت بێ ئەخڵاق و ئەهلی بەهەشتە..! کەسێک سەما بکا گوناهبار و ئەهلی جەهەنەمە بەڵام کەسێک بە دروشمی "أللە اکبر" ئینسانێک سەر بڕە دواپلەی بە ئەخلاق و ئەهلی بەهەشتە..! ژنێک وەک یەکسانییەک بەرامبەر بە پیاو کار بکا و ئەمادە نەبێ وەک سواکەرێک لە گەڵ مەردەکەیا بژی بێ بە ئەخلاقی حیساب بکرێ بەڵام پیاوێک ژنەکەی وەک فەرشی لوول کراو لە تەپڵک قوماش بپێچتەوە و جگە لە جێگای نووستن هیچ شتێکی تر کەیان نەکاتەوە ئەمە لووتکەی بێ ئەخلاق بوونە لەو دونیاش لەجێکی تایبەتیان لە تەنیشت کوپە شرابکەوە بە دانراوە..!!

...ئینسان بە ئازادی لەدایک ئەبێ وعومریش لەوە کورت تر بێ دەیان کەسپ و کۆت و تاسەی لاوەکییەوە ببەستنەوە ، نابێ هێگڵ بگیرێ لە تام و چێژ کردنی ژیان لە ژێر هیچ ناو و دەمامک و وەهمێک بێ، هونەر لای عەمامە بەسەر و ریش خەناویەکان وەک کارەبایێ و ئەیانگرێ بەڵام چونکە مردن بە کارەبا لە هیچ حەدیس و ئایەتێکا نیە خیانی لە لا ئەیێن ، هونەر بەشکۆ لە ژیان و هیچ سەودا و مامەڵەیێک هەڵناگرێ، کە حەزی لد مزگەوتە فەرموو با بچێ حەز ئەکا چادرێکی لە دانێ و خەریکی حیجز کردنی پەنایێک بێ لە بەهەشت ، کەس هەقی نیە ، بەڵام هێگڵ گرین لە خێکی تر کە چۆنیان ئەوێ بژین و "فەتوا"ی دژ دەرکەن ئەچێتە خانەی چەوساوەو و زەریان لەسەر ئەکەوێ..گەر کەسێک سەما بکا ببێ بە کافر ئەو بە کافریەی خۆی ڕازیێ و لەی گەڵێن با چێژی لە ببینێ هەر وەک چۆن کەسێکی تر لەسەر وەهمی ئایین و ئەو دونیا و بەهەشت و جەهەنەم تام لە ژیان وەرئەگرێ ، بەهەماننشەوە ، خۆ ئەگەر سەماکەرێک بە غەڵەت بەر بەهەشت کەوت بەتان هەیێ شکاتی لە بکەن تا بیگواسنەوە بە جەهەنەم ، مولحیدێ کافرکان خیان ئەو ستایلەی ژیانیان هەبژاردوە ، خۆ ناکرێ بەشق و ئیرهاب واز لەو ستایلە بێنن ، خۆ بە شق بە جیاوازی دیکتاتۆری و فاشیست و ئاین چیێ ؟ ئاییبش بە دژایەتی خەڵک و مافەکانی تاک پەناسەی خۆی هەیێ ، لەدیکتاتۆریەت پەیان ئەڵێن تەکدەر یان تابوی پێنجەم ، فاشیستەکان بە کەمێنیست ناویان ئەبێن ، ئایین و پێوانی قوڕیشیش بەکافر و مولحید تاوانباریان ئەکەن ، کە هەر سێ پەناسەکێ شرعیەت دانێ بە چەوساوەی ئینسان و

هیچی تر ، یەکە بە جلی سەربازی و یەکێکی تر بەجلی مەغاویری و ئەوەی ئەو لاش بە کەوا و سەتڵەوە بە ئینسان لە بەسەیان " بە جیاوازییەکی گەورە کە لە دیکتاتۆریەت و فاشیزما سەما قەدەغە نیە وەک لە ئایینا نەک هەر قەدەغەیە هەر زەر قەدەغەیە..." ..خە لە زیکر و مەراسیمە ئایینیەکا جەرەک لە سەما ئەبینرێ ، ئەمەیان حەڵاڵە چونکە بە شمشێرەوەیە ، شمشێریش سیمبولی ئایینە بە چاوترسانی خەڵک و وەک عەسکەری بەزەر داکۆشانی خەڵک بە بەهەشت ، ئەی کاتێک کەسێک حەزی لە حەری و شەراب نەبێ ، قوەی کوە بکا بەسەر خەیا..؟نە بەی هەبێ لەم دونیا تەزە بئارەزووی خەی سەما بکا و نە لەودونیاس بئارەزووی خەی لە کونجێکا ئیسراحەت بکا ئیتر خەشی ژیان بە ئەم داماوە چیە و لە کوە یە..؟

...هەموو توند و تیژی سەلەفی و عەمامە بەسەر و مەشک موحەجەبەکان بە مسۆگەر کردنی بیتاقەیەکی یەک سەری غەیرە مورەجەعە بە بەهەشت، بەڵام باجی بەسەر بردنی شەوێک لەگەڵ حەریەکا پێنجا دەلار(یان لیرەی سعودی) و هەر قاپێک شەراب دە دەلار بێ ، ئاخە هیچ کەسێک لەوانەی لە سەما تەقیوون و خەریکە جەتەی سەما لەیان ئایا حەز بە بەهەشت ئەکەن.!؟ بەبێ شک و بێ یەقینەوە نەخێر ، چونکە ئەوان بەیە ئاینیان هەبژاردوە تا لە هەردوو دونیا بکەن و بخەن بە بەلاش..بە باج

نیو سەد.. فەریدوون سامان

بە گژ مەحابدا چووموە
نیو سەدەم
لە تەمەنی بەدبەختی بە ٢٠ کرد
خەونی منداڵیم هەر لە بەشکەدا هەبزرکا
گەنجەتم خونی چەواوی بەرخەکی سەربەاو بوو
لەبەردەم قوربانگەی نەریت و خورافەدا...
نیو سەدەم لە حەسرەتی زیندان و
داستانی ئاوارەیی بە جەما
نیو سەدە
دەروشانە لە نەو حەلقەی زیکری عاشقاندا حاڵم گرت
بە نەو کەگەی بە مینچەنراوی چەتەکانی سیاسەتدا

تێپەڕیم،
ئەمستاش تارمی خۆنەکانم
لە کۆی خەم ناوە
بارەو ونگێک ڕەم گرتووە
خۆی ریاکاران بەردبارانم دەکەن..

“نانی پیرەز” لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی “هات داکس” لە کەنەدا نمایش دەکرێت

مانسوور جیهانی ـ فیلمی دیکۆمێنتی “نانی پیرەز” لە دەرهێنانی هاوڕێ “ڕەحیم زەبیحی”، لە بەرهەمهێنانی “تووڕج ئیسانی” و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی “ماد موڤی” لە بەشی پشبڕکێی “ڤیترینی جیهان” لە بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی “هات داکس” لە کەنەدا نمایش دەکرێت.

فیلمی دیکۆمێنتی “نانی پیرەز” (نان مقدس) Holy Bread دواین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد “ڕەحیم زەبیحی”، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد “تووڕج ئیسانی” و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی “ماد موڤی” MAAD Movie؛ لە دواین بڵشداری نێودەوڵەتی خۆیدا بە نوێنەرایەتی لە سینەمای ئێران، لە بەشی پشبڕکێی “ڤیترینی جیهان” World Showcase لە بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی “هات داکس” Hot Docs لە شاری تۆرۆنتۆ لە وڵاتی کەنەدا نمایش دەکرێت و لەگەڵ فیلمکانی وڵاتانی جیهان لەم هووداوە سینەمایی گرینگدا کابەریی دەکات.

ئەم فێستیڤاڵە، جێگای متمانەی ئاکادیمیای ئیسکارە و براوەی بەشی پشبڕکێی “ڤیترینی جیهان”ی فیلمە نیوە بینەرکانی ئەم هووداوە سینەماییە، دەچێتە قۆناغی پشبڕکێی خولەکانی ئیسکارەوە.

بەاوکردنەوەی نێودەوڵەتی ئەم بەرهەمە دیکۆمێنتارییە، لە ئێستەی

کەمپانیای "تسویر گستر الهە پارسی" (ئیلی ئیمەیج) Eli Image بە بەرپرسیاریێتی خاتوو "ئیلاهە نەوبەخت"ـەوە.

"نانی پیرەز" کە لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا، لە بەشی پشبڕکێی "فیلمە نیوە بینەرکان" Mid-Length لە سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەمستەردام ـ "ئیدفا" IDFA لە وڵاتی هۆڵەندا نمایشکرابوو؛ لە یەکەمین نمایشی خۆیدا لە وڵاتی کەنەدا، لە بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "هات داکس" لە شاری تۆرۆنتۆ نمایش دەکرێت.

فێستیڤاڵی فیلمی "هات داکس" کە گەورەترین و گرینگترین فێستیڤاڵی بوارگەفیلم لە ئەمریکای باکوور دەتەئەژمار؛ بیست و حەوتەمین خولی بە بەرپرسیاریێتی "کریێستۆفەر مەک دەناڵد" Christopher McDonald ئەکتەری ناوداری ئەمریکی ڕۆژی 29ی ئەپریلی 2021 دەستی پێکرد و بە نمایشی 219 بوارگە فیلم لە دەرهێنەرانی 66 وڵاتی جیهان لە چوارچێوەی بەش، لەوانە: بەشی پشبڕکێی "قیترینی جیهان"، بەشی پشبڕکێی "فیلمە نیوە بینەرکان"، بەشی پشبڕکێی "کورتە فیلمکان" و هەروەها بەشی "نمایشی تایبەت" بە هەی بەاوبوونەی پەتای قایرەسی کۆرۆنا تاکوو ڕۆژی 9ی مایی 2021 بە شێوەی ئۆنلاین لە شاری تۆرۆنتۆ لە وڵاتی کەنەدا درێژەی دەبێت.

ئەم فێستیڤاڵە، یەکێکە لە گرینگترین شوێنەکان بۆ بینین و ئاخاوتن سەبارەت بە بوارگەفیلمە بەرچاوەکانی سالی سینەمای دنیا و بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی فیلمە دیکۆمێنتاریێکان لە جیهاندا دامەزراوە و هەموو ساڵێک، زیاتر لە 200 فیلم لەم ووداوە پایخەی سینەمایێدا نمایش دەکرێن و نزیک بە دوو هەزار دیکۆمێنتساز، بەرهەمهێنەر، کار و بەاوکارەوەی بوارگەفیلمە لە سەرتاسەری جیهان تیایدا ئامادەدەبن.

بۆ زانیاری زیاتر:
https://boxoffice.hotdocs.ca/websales/pages/info.aspx?evtinfo=141686~367cbc04-eb03-453a-90f8-88ca48c4cf79&epguid=9759e3f1-085c-4e15-88c2-&e02a8ee1f1d1

بۆوبەرایێتی ڕاگەیاندنی گشتیی فیلمی دیکۆمێنتی "نانی پیرەز".

جەستەی پەرتبووی ژنژکان..
شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

بە شەرمەوە خەر،،
پەردەی ڕەشی پەنجەرەی شەوی لابرد،
زیندوەکان پێش مردوەکان،
چاڕەنوسی خەیان،،
بە لەواری شوشەی شکاوی مرۆڤبوونەوە تکا،
کام لەمە زەمەنە ،،،
کە نانوسە وشەی عیشق ؟ ،
کام ئافرەتی ڕەنگ هەڵبزرکاوی…
جەستە وەریوە ..و.. ،
لەسەر ڕەخی فشەڵی ڕەح،،
ئەو وشە لمانە کەناکاتەوە؟

سوتماکی ژنژاوی ژنژکان…
ئەکەمە گۆڕی بەردینی بیرەوەری تۆ،
پەڕەسڵکە خەڵەمێشەکانی سەر کەڵاکی نیوەڕۆ،،
بەرەو تونێڵە تاریکەکانی هەتاو ڕەکەوتن،
پەروانە دە،،،
لە مەرگی تەنیایی‌دا خنکا،
سەربەست نین فریشتەکنی ئەندێشە، لە کاتکا..
گەکانی حەز بە نەمری ،
خا..م…ەش ،

شار ژەراوژەری زریانی …
جەستەی پەرتبووی ژنژکانە ،
بای بەهودەیی،
گەیدە بە ڕوخسارەکانی…
نەو تەمتومان دەنە..
خانوە بیرچوەکانی سەر هەورازی…
گەستانی مرۆڤ، هەئەچنەتە..
دارستانی نیوە ڕەش… و..

نیو ژهری ئاسمان

جستی ژکان، ک ب…
ل ئشکوتی مشکی خوتوکان،
کلاویی ئقیننشینک …
ب ئو سربازانی…
حیان ل خاچی در درا !

جادووی بوون، تونی جاجاکی..
ل ملی خوتوکانی دوندای ،،،
سمای ئو تنیایانش …
ل بریسکی مشخی دری..
نزرگ خیاکان، اماون..
تا بس بهار،
نرگز پیماندراوکانی…
خشبختی ها ،
شختی سر دیان،،
بتونتو،،،
بام هردی چی کاکی ب کاکی،
بیابانی سوتاو،، ،
ئودیو دارستانی سپی خیا،
ن بهشت ئودیو خون،….
جگ ل شپی پیربووی…
جستی ژکان،
فیردوس کوان؟!
……..
ونک کارکی هونری فتگرافری ئمانی
(Sussan Mielke)
ب سوپاسو ل پیجی فرمی خی ورگیراو

گەواهیی ماوایی.. ستار ئەحمەد

عەشقت ختووکەی گیانەو.. کۆنە برینی سووتاوە.
کە دەم لە دەریای بیرم دەسووم.. خەم دەمناسۆو ناتبینمەوە
نەرمە کۆوەیەك.. هەرزە حەزك.. ناخم دەجێشنێ بۆ رووت.
گۆی جەرگم سەدای هاوارو فیغانی دایکێکی جەرگ بڕاوە.
لە خەم وێنەت دەکێشمو بەخۆزگەش هێنراوەت بۆ دەهێنمەوە.
کە کۆچبارێك لەبەر نیگا زەردەکانی خۆرا..
لە نێو دەروازەی برینی سپێە ساڵا وەرز دەدوێنێ..
لەبەر نسرمی بەفرێکی بۆ تارای زستانا ,
قوێنگێ هێلانەی کەساسیم.. لە لانەی دەروونا دەمێنێ.
لە شەوانی ووشکە وەرزا تەمەن دەبێ بە خەزانو
هیوا مانگی گۆنای تاریکی شەو دەدرەوشێنێ.
ئەستێرەی بەختی شەیداییم.. پرچی خۆزگەی دادەهێنێ
کە پێم ووتی: من شاعیرمو شیعریش دڵی تۆ ناناسێ؟
کە ماڵاواییت لە تەنهاییو بۆ کەسی ئەم شارەمان کرد..
کۆ لە ڕێگای گوڵاو ڕژت.. فرمێسکی سۆزی دەژان.
کە لە ژانی غوربەتێکی دەروونیا دەتناڵانو
دەستەکانت وەکو تووڵە ڕێگای ئاوارەکان لێت وەس بوو ,
کۆ بوو دڵی دەکرد بە مەم بۆ پێشوازیت دایدەگیرسان.
رقم پێنووسەو.. هەستیشم لاپەڕەی هەبەستی نەدارە.
کە شەوێك خەونی تۆ دەزێنێ , لانکی رایەخیش لە بوونت بۆزارە.
کام سروە لە نیگای ئەستێرە دەئاڵێ.
کوا کۆ یە وەکو من بۆ ژانت دەناڵێ؟!
تەماشاکە.. تەماشای بەرواری یادگاریمان.
بەڕوانگەی ئارەزووی کۆرپەی شادیمان.
وەکو هەژارەکانی گۆشەی پردێ..
بە وێنەی شەم رەوی خۆڵە مەرگی گوندنشینان.
کە هەوری ساڵانی تەنهایی ڕاودەنێن..
کۆ بۆ تۆ پێستەکەی دەکاتە پێخەفو
جگەری بۆ مانت دەبێتە نیشتمان.

ستار ئەحمەد

گوتاری شیعری و واتای واتا، لە وەسیەتەکەی سەباح نەجدەردا..
غازی حەسەن

"شیعر تاوەکو، هەمیشە دەدروشتەوە"

غازی حەسەن
ئەمریکا/ مینیسۆتا ٢٧ی ئازاری ٢٠٢١

کردەی گوتن
زاناکانی زمانەوانی لەدەزینەوە لایەنە نەگوتراو و ئاماژەپێ نەکراوەکانی بواری زمانەوانی و شیکردنەوەی دەق بەردەوامن، کردە قسە، یەکێکە لەزانستە کردەییە نوێکانی زمانەوانی، لەنیو زمانی کوردیشدا تازەیە، کە وەکو بەشێک لەپراگماتیک و بەشێکیش لەکردەی بەکارهێنان زمان لەنێو دەق لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا تیۆریزەکراوە. کردە قسە لەتەک شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان، بایەخ بەلایەنە یاساش وەکو دادوەریی و حوکم دەدات.
پراگماتیک لایەنە شاراوە و ئاڵۆزەکانی زمانمان بۆ شی دەکاتەوە، کە زانستەکانی پێشڕەی نەیانتوانی بەم قووڵی و وردەکارییە پێی بگەن. لەکردەوەدا لایەنە کارکییەکان بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە.
کردە قسە پشت بەئێرکی ئاپێڕاندنی لەبوارەکانی حوکم، هەوا، هوشداری، وریاکردنەوە، پرسیار، بڕیار، سەرسوڕمان و نمایش و پاساو ... تاد دەبەستێت. ئەم کردەیەش بەشێوەی ئاستوخۆ، یان ناڕاستوخۆ ئێرکی پێوەندیکردن و گەیاندن و کارتێکردن ئادەپێنێت.
کردەی گوتن پتر پێوەستە بەگوتارەوە، چونکە گوتاریش وەکو کردەیەکی وابستە بەگوتن و گەیاندن و کارتێکردن و بەرهەمهێنانەوە خودی دەقەکە هەڵسوکەوت دەکات. کردەی گوتن لەنێو گوتاری هەر جۆرە دەقێکدا دەتوانێت ئەو ئێرکە فکری و دەروونی و هونەریی و شیعری و وێناکردن و ڕەوانبێژی و قۆبووڵەوە و واتا و لێکدانەوە بەدی بهێنێت، کە نەرێر وەکو مەبەست ئاراستەی وەرگرەکانی دەکات. جۆرج یوڵ دەڵێت: پرگماتیک بەواتای تاوتوێکردنی پەیوەندی فەرمە زمانییەکان و بەکارهێنەرانیان. قازانجی پراگماتیکی زمان

لەوەدایە، کە شیکار دەتوانێت لە بارەی ئەو واتایەی قسەکەر مەبەستیەتی، ئامانج مەبەستکان و بیرکەکانیان و هەروەها ئەو کردانەی بە نموونە داواکردنکان لەکاتی ئاخاوتندا دەیکەن، بدوێت. (جەرج یول، ٢٠١٦، ١٩).

شیعر، گەمەیەکی هزری و دەروونی و واتایی و ڕوانبژیی و وێناکردنە لەنەو زماندا، بەڵای منەوە شیعر کە وەکو دەقکی پیرۆز و بەرز و بەواتا سواقدراو سەیر دەکرێت، پێش هەر شتێک پشت ئەستورە بە بنەماکانی کردە قسەیی وەکو (داواکردن، ئاگاداری، حوکم، وریاکردنەوە، نمایش، بانگەشە..). شیعر لەتێک ئەوەی پەیامکی دەروونی خودیە، چەکردنەوەی جیهانکی بە سنوورە، لەنەو دەسەڵاتی تەنیا وشەیکدا، لەنەو سنووری تەنیا وێنە و وێناکردنکی هونەریی و فکری و دەروونیدا دەتوانێت بە سنوور شتکان بخەیاڵاندرێت، شیعر تەنیا بە وشە، هەزکی واتایی وروژێنەر و نمایش و هاندەر لەنەو بکارهێنانی وخودی دەقدا وەکو هەز و دەسەڵات و وزەی کارتکردن و هەست و نەست جووڵاندن دروست دەکات.
پراگماتیک لەشیکردنەوەی گوتاردا پتر جەخت دەکاتە سەر لایەنی نەگوتراو و نەنووسراو (تەنانەت نەگەیشتووش) لەنەو ئەو ئاخاوتنەی خەریکە شە دەکاتەوە. ٠جەرج یول، ٢٠١٦، ١٣٦). واتە پراگماتیک هاوکاریمان دەکات ئەو شتە نەبینراوانە بدەزینەوە، کە هەشتا پەمان نەگەیشتووە. لەگوتاری شیعردا هەمیشە هەزی دەق لەو کاتە دەردەکەوێت، کە شتە گوتراوەکانمان هەشا نەگەیشتەتە وەرگرەکانی دەق. نەرەر لەگوتاری شیعردا شتێک دەڵێت، وەرگر بە تەگەیشتن و وەرگرتنی پەیامکەی پەویستی بە لەکدانەوە ئەو کردە و دیاردانە هەیە، کە لەدەرەوەی زماندا هەن.

واتا

زمان لەنەوان واتادا هەر زمانە، واتا دەسەڵات بەوشە دەدات، واتا پگەی دەقنووس و نەرەر و خاوەن گوتارکان دیاریی دەکات، هەر خودی واتاش بەرهەم دەهێنێتەوە. هیچ گوتنک، دەربڕین و جووڵە و تەنیا دەنگک و وێنە و وێناکردن و هەمایکیش ناتوانێت لەدەروەی مانادا هەبێت، وکو چەن واتا ناتوانێت لەدەرەوەی نیشتیمانی زماندا بژیت. (مەرج نییە هیچ هەکارکی سروشتی بە ناولێنانی پشیلە بە پشیلە هەبێت). (ک. آوریکیونی، ٢٠٠٧، ٢٠).
لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین واتاناسی پەوەندیی نەوان فەرمە زمانییەکان و دیاردەکان لەجیهانی واقیعدا تاوتوێ دەکات، هەوە دەدات ڕاستی و ناڕاستی پەوەندیی نەوان وسفکردنی شتەکان لەڕووی

زمانەوە و دەخی کاروباری جیهانی دەرەوە بەبێ ڕاچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو وەسفانەی بەهەمهێناوە (قسەکەر کێیە) بدەزیتەوە. (جەرج یەل، ٢٠١٦، ١٩). ئەمە ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە، کە زمان لەنەو دەقی شیعردا دەتوانێت لەسنووری فەرمە زمانییەکان دەرچێت و پێکهاتە دەرکییەکانی نێو ژیان و جیهانی دەروەی خودی زمانەکەمان بۆ لێکبداتەوە. دەکرێت بڵێین واتای واتاش، یان گۆڕان بەدوای واتا لەنەو واتای شتێکدا، واتای تەواو دەرکەوتنی قسەکردن ناگەیەنێت، بەڵکو فەربوونی ئەو شتەیە، کە قسەکەر مەبەستیەتی. (آدغون و ریتشارد، بدون سنة، ٢٥).

وەسیەت

بریتییە لەشیعرێکی نوێی سەباح ڕەنجدەر، لەسەردەمی کەرەنا نووسیویەتی. وەسیەت هەمایەکی دەروونییە بۆ بەرەو مردن چوون، یان بیرکردنەوەیە لە بەخاوەن کردنی پاشماوە و دەستکەوت و میراتی کەسێک، یان شتێکی تەواو نەکراوی دەرەوەی ئیرادەی خودی ئاخەوەرەکەیە، گریمانەی ئەوەش دەکرێت شتێکمان بیر بهێنێتەوە، کە لای ئەو واتادار و گرنگە.

ئەرکەکانی زمان لەدوو گروپ کورت دەکرێتە (هەماکان و هەڕچوونەکان)، بەکارهێنانی خودی وشەیەک دەتوانێت ڕستەیەکی هەوالی بێت و هەواستەکان بوروژێنێت، ئەمەش دەمانباتە نیو دەخێک کە دەکرێت جیاوازیش بن لەوانەی بزوێنەر و ئامرئاسا، مادیەت و میسالیەت، دین و زانست. (ادغون و رتیشارد، بدون سنة، ٣٤). یەک وشە دەکرێت هەما بێت بە تەنیا شتێک و پتریش لەشتێک، لەهەمان کاتدا دەکرێت واتەکەی پێچەوانەش بێت. وەسیەت هەمایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، نەریتێکی کەلتوریی ئیمان و متمانە و ئاینیشە، لەهەمان کاتدا دەکرێت (بەیار بێت لەبارەی شتەکان، ئامۆژگاریی و ڕێنوێنیش بێت، دەکرێت داواکاریی بێت، یان فەرمان) واتە لەووی هەما و هەڕچوونە دەکرێت واتای جیاواز و ئەرکی فرەجۆر لەخۆی بگرێت.

وەسیەت، یەکسانە بەمردن، لەکاتێکدا مەرج نییە مەبەست لەمردن خودی ئەو مردنە جەستەکوژە بێت، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی بیری لێ دەکاتەوە، ڕەنگە وەسیەت جۆرێک لەگۆڕانەوە بۆ نێو بیرۆکەییەکانی ژیان بێت. وەسیەت واتا زمانییەکەی بەتوندی بەستراوەتەوە بەپرسەکانی پێش مردن لای مرۆڤ، یان هەمایە بۆ ژمارەیەک ئاوات و خواست و ڕێنوێنی و داواکاریی، یان خودی مردن پێناسە دەکات، بەواتای ئەوەی وەسیەتکەر بیری لە مردن کردەتەوە. شیعر واتایەکی دیکە بۆ وەسیەت دەبەخشێت، واتایەک، کە لەواقیعی جیهانی دەرەوەی

زماندا هەیە. وەسیەت هەنگۆ ئامۆژگاریی بۆت، ئاگادارکردنەوە و داواکاریی و نمایش بۆت. تەنیا بیرهێنانەوەی وێنەی ئەو دەخشە، کە مرۆڤ لەئەنجامی (کێلەبوون، پاشکەیی نەبوونی، هەوشتەکی شڵەژاوی خراپ) دروستی دەکات.
دەقی شیعری "وەسیەت"
سەباح هەنجەر
١٦ ئازاری ٢٠٢١

کوڕە نەبەرەکەم شیعر
ئەگەر شەر بمخوات
گەرمایی خوێنم بەلاڵویەوە دەمێنێتەوە
ناسینەوەی مەرد ئاسانە
ئەگەریش چەقەڵی قوونگیراو بمخوات
خوێنم بەلاڵویەوە نامێنێتەوە
چاو مەسووڕێنە
هەزار و یەك هۆشن دەکرێنەوە
چاوی دیوان لەخۆت بەسکێنە و جریوە و جووکەی و دڕە هەڵمژە
گەڕەکە جوانەکان داوات لێ دەکەن بچیتە ناویان و چەتریان هەڵدەی
نالی و
گۆران و
ئەنوەر قادر محەمەد بکوژە
لێکەت نەخستووەتە گەرووی هیچ گۆرانیبێژێکەوە
شاعیری پاشخاپەرك و قۆپیەچی و نانی نانیش
لە کاتی کۆنووشدا مرد (سەباح هەنجەر، وەسیەت، https://dengekan.info/archives/19313).

شیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاری شیعری "وەسیەت"

نەبەر هەواڵی بوون، بوونی یەکەمی هەحی نوێی منداڵێک دەگەیەنێت، شاعیر لەم هەواڵەدا ئاماژە نە بەشوێن و نە بەکات ناکات، بەڵام ئەمە لەئەنجامی شڵەبوونەوە بە نەو خودی دەقەکە، لەو دەخە دەگەین لەنەو هەر کاتێکی ئاشکرادا کاتێکی ئاماژە پێ نەکراوی شاراوە هەیە، تەنیا لەنەو ئەو دەقانەی ئاماژەی ئاشکراش نین، کات و شوێن بوونیان هەیە و لەنەو هەر شوێنکی ئاشکرادا، شوێنکی شاراوە هەیە، واتە لەنەو هەر گوتارێکی هاستەوخۆی دەقدا، گوتارێکی ناهاستەوخۆی نادیار و نابەرجەستەی نەبینراویش هەیە. بە واتایەکی دیکە لەنەو (واتادا واتایەکی) دیکە، لەنەو واتادا دەکرێت واتای واتای واتاش بدۆزینەوە، چونکە ئەمانە پێوەندیان بە ئەرك و

بەکارهێنانی خودی زمانەوە هەیە.
دەقنووسی وەسیەت زمانی بەکارهێناوە، هیچ وشە و نیشانە و هێمایەکی زمانی لەنێو هێستەکاندا بە ئەرک و پەیام نین، ئەم ئەرکانەش وایان کردووە لەهەر وشەیەکدا پتر لەکردە قسەیەک بدەزینەوە، ئەم لەکەینەوەیەش هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەواتای واتا شاراوەکان. کاتێک دەڵێت (لەکاتی کۆنەش مرد) وەسفی کاتی مردنەکەمان بۆ دەکات، کە لەکەنەش بردندا بووە، مرد واتە پێش کاتی قسەکردنە مرد، بەڵام دەقنووس بەشێوەیەک چێتە ناو کات، کە هەموو شتێک لەکاتی ئاخاوتن و ڕووداوەکانی نێو گوتارەکەدا قەوماون. (چاو مەسووڕێنە) داوکاریی و نیمچە فەرمانەکە کاتەکەی ڕێک کاتی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانەکەیە. واتا هەنووکە، بەڵام ڕەنگی ڕەشن دواتر، لەکاتی دوای ئاخاوتنەکە دەکرێتەوە. لەنێو وێنە و دەڵێکی بەیەکەوە بەستراودا (ئێستا و ئایندە) داشتەکان بەرجەستە کراون، بۆ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی تایبەت بەکات لەنێو گوتارەکەدا هەبێت، بەڵام کات هەیە.
ئابوورێنووسین، یان گوتن لەنێو دەقدا، هەڵەکی دیکە، کە مەیلی بەرەو چەکردنەوەی واتا، واتا لەجیکی و واتا گشتیی و واتا دەروونیی و فکرییەکانەوە هەیە، دەبات. فکر لایەنەکی کەمایەتی هەیە و لەهەمان کاتیشدا لایەنەکی کەسی و خودی هەیە.(ادغون و تشارد، بدون سنة، ٦٢). بیر لەنێو دەقدا لەتەک ئەرکی کەمایەتی، ئەرکی خودیشی لەخۆگرتووە. وەسیەت جەندە دیاردە و نەریت و خوێکی کەمایەتییە، لەهەمان گاقدا لایەنەکی کەسی و خودیشی لەخۆگرتووە. ڕەنگە دەقنووس لەهەندێک شوێندا وەکو خوێنەر، کە بەرهەمهێنەوەی خودی دەقەکەیە بیری لەهەمەلایەنی واتا و مەبەست و ئەرکی وشەکان نەکردبێتەوە، یان خوێنەر بەهەی شیکردنەوە لە مەبەستی دەقنووس دوور بکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی وشە ئەرک و هێما و نیشانە جیاوازی لەخۆگرتووە، ئاسایە نەزەر و وەرگریش بەپێی دەوروبەر کەمایەتیی و باکگراوندی ڕەشنبیری و ئاستی چینایەتی و تەمەن و دەخی دەروونی واتای نوێ بە ئەو شتانە دروست بکەن، کە خاوەنی هێما و نیشانەی جیاوازن. بەواتایەکی دیکە (وەسیەت) دەکرێت لای نەزەر و وەگر واتا و مەبەستی جیاواز دروست بکات.
لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین لەنێو هەر واتایەکی ئاشکرا و ئاستوخدا، واتایەکی ناڕاستوخۆی شاراوەی نەبینراویش هەیە، لەنێو هەر هەڵەکی واتایی بەرجەستەی واقیعی و فەرهەنگی، واتایەکی نابەرجەستە هەیە، کە پەیوەستە بەڕەهەندە کەمایەتیی و دەروونی و فکرییەکانی دەروەی زمان، کەمەگا واتای نوێیان پێ دەبەخشێت.
بە نموونە کە دەقنووس دەڵێت: (کوڕە نەبەرکەم شیعر) واتای ئەم

دەربینە ئاشکرا و بەرجەستەیە فەرمی زمانکە دیارە، خوێنەر پەیوستی بەلکەدانەوە و دەزینەوەی واتای شاراوە و کردەی دیکە ناکات.

کۆ= مرۆڤ، منداڵ و گەنج، نێر، هێز لەنێو عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتیدا.
نەبەرە= منداڵی یەکەم، خۆشەویست، خاوەن پلەگەلی تایبەتی و ڕێزدار و لەسەرزاران.
-کەم= نیشانەی زمانەوانی (ئاناوی لکاوی (م) دەگەڵ وشە کۆتاییەکانەوە بە کەسی یەکەمی تاک، واتە قسەکەر، خاوەن گوتار، باوکی کوڕە نەبەرەکە.
(کە) نیشانە و کەرەستەی ناسیاویە لەزمانی کوردیدا. وەکو د. وریا عومەر ئەمین ئاماژەی پێکردووە (جۆر و کاتی فەرمان دەور دەگێڕێت لەهەڵبژاردنی ئاناوی لکاو مەبەست لەجۆری فەرمان تێپەڕ و تێنەپەڕ، مەبەستیش لەکاتی فەرمان ئابردوو و داهاتووە). (د. وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤، ٩٢). بە نموونەی کە دەڵێین (نارد) کە ڕەگی فەرمانە لەووی جۆرەکە تێپەڕ و لەووی کاتەکە ئابردووە. (د. وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٩٣). واتە دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین ئاناوی لکاو لە ڕستە و ئاخاوتندا کاریگەریی زۆری لەسەر دیاریکردنی کات و شوێنی وشە دەبێت.
شیعر= دەقێکی نووسراوی هونەریە. بەڵام لەڕاستدا شیعر بەتە مرۆڤ، کوێ، خاوەن پلەگەلی بەهێزی دەروونی و کەمەڵایەتی و خۆشەویست.
شیعر جەستەیەکی بە خوێن و ڕۆح، لەڕاستدا بەشوێیەکی ناڕاستەوخۆ خوێن و ڕۆحی کوڕێکی پێ دەدرێت. لەبیری نەکەین گوتاری دەق واتە بەرهەمهێنانەوەی دەق لە دەخێکی نوێدا. گوتار و قسەکردن تەواوکاری یەکترن. (هەموو قسەیەک ئامانجی ئاپڕاندنی ئەرکی پەیوەندیکردنی نێوان فکرەکانە. (اوغدن و رتشارد، بدون سنە،٦٥).
واتە، دەقنووس لەهەر قسەیەک و دەستەواژە و دەربینێکدا دەیەوێت فکرەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و کردەی پەیوەندیکردن دروست بکات.
بگشتی واتای پراگماتیکی ئەم دەڕە بریتییە لە:
(من/ م) قسەکەر و خاوەنی گوتارەکەم. واتە دەقنووس لەڕگەی (م)ەوە دەیەوێت فکرەی نێو بابەتەکە بە خودی خۆی بەستێتەوە، لەنیو هەر وشەیەکدا نیشانە و هێمای جیاواز هەن، کە دەکرێت ئەرکی پەیوەندیکردن ئەنجام بدەن. بە نموونە (مرد) کردەی هێواش و گیاندنی زانیاریی و کاتی مردنەکە و شێوەی مردنەکەش نیشان دەدات، فکرەی ئەم پەیوەنیکردنە ئاماژە بە کەسێک کە کۆتایی دێت، مردوو لەدەرەوەی بیرەوەریی و داهێنانە.
(کوێ) و (شیعر) ئاماژەپێکراوی مەبەستدارە، (کوێ) پاساوە بە ئاماژەکردن بەڕۆح و گرنگی و هێز و دەسەڵات و واتای (شیعر)،

لەهەمان کاتدا شیعر لەگوتارێکی نابەرجەستەی ڕەحی دەگەڕێت بۆ واقیعێکی بەرجەستەی هەقیقی هەستپێکراوی بینراو لەشەوی (کۆ)دا. قسەکەر ئینتمایەکی ڕەحی و دەروونی و کەمڵایەتی بۆ شیعر لادروست دەبێت. لەم دەخەدا پراگماتیک هاوکارمان دەبێت بۆ دەزینەوە واتا نادیارەکان، یان ئەو شتانەی لەدەرەوەی جیهانی زماندا هەیە. لەم دەقەدا (کۆ بەهیچ شێوەیەک مرۆڤ نییە) و (شیعریش شتێکی فیزیکی بۆ گیان دەرناکەوێت).
واتا ناڕاستەوخۆکەی گوتاری ئەم دەقە وەسفییە، دەیەوێت شیعر وەکو بوونێکی زیندوو، وەکو بەشێک لەپێکهاتەی (ڕەحی- پێیوەندی کۆ و باوک-، کەمڵایەتی ڕیشەی کەمڵایەتی-، پڵە و پایەی نەبەرێ وەکو- یەکەمین و خۆشەویست و بەهێز- نیشان بدرێت، نمایشکی واتاییە، کە کۆ وەکو پاساو بۆ دەرخستنی پێگە و دەسەڵات و هێزی شیعر بەکاری دەهێنێت).
دەقنووس دەڵێت :

"ئاگەر شەر بمخوات
گەرمایی خوێنم بەلالەویەوە دەمێنێتەوە
ناسینەوەی مەرد ئاسانە"
لەم دەڤانەدا ئەرک و بەکارهێنانی زمان لەنێو گوتاری دەقەکەدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە:
ئاگەر= پێشگریمانە کردنە، دەقنووس دنیا نییە لەوەی شەڕێک بیخوات، بەڵام ئاگەر ئەمە روویدا، چ دەقەومێت؟. کاتی قسەکردن و گریمانەکە ئەستایە، بەڵام بیردەکاتەوە ئاگەر لەداهاتوودا شەر بیخوات، شەڕەکەش دیارنییە چۆن و لەچ دەخێک دایە، بەڵام ئەمە دەزانین ئەمە دەبێت لە (شوێنێک و کاتێک و بەهەکارێک و لەڕێگەی بەکارهێنانی شتەکەوە ڕووبدات).
شەر = گیانەوەرێکی بەهێزی ترسناکە.
ئاگەر= گریمانەیە، ئاگەر ئەم ڕووداوە ڕوویدا، شەر مرۆڤێکی خوارد، شەر شاعیرێکی خوارد، چ ڕوودەدات.
بمخوات= کارەکە کە لە(ب +م+ خو+ات) پێکهاتووە. (ب) وەکو نیشانەیەکی زمان دەبەستێنەوە بە دوو کردەی جیاوازی وەکو (داواکردن) و (فەرمان پێکردن) بۆ نموونە (بمخە/ بمرە/ بگرە/ بخوێنەوە.. تاد) بەمان دەردەکەوێت لەم دەربڕینەدا ئەم (ب)ە نیشانە و هێست و جووڵەیەکی نیگەرانکاری لای دەقنووس لەخۆگرتووە، ئەمەش بەستاوەتەوە بە (ئاگەر)ەکە.
هێروەها (ب)ەکە بەستراوەتەوە بەفەرمانێک لەدەرەوەی خودی دەقەکە دایە. واتە (شەر) لایەن کەسانێکی نادیاری ئاماژە پێنەکراو

فەرمانی پێکراوە خاوەنی ئەم گوتارە بخوات، یان خودی دەقنووس پێشگریمانەی ئەوە دەکات، شەر بەهاندان و فریودان و خاپاندکانەوە بیخوات، ئەو کاتە چ دەقومەت. بگومان لەووی واتایی و مەبەست شتێکی دیکەی شاراوە هەست پێ دەکرێت، ئەویش ئەویە شاعیری گەورە و کاریگەر دەبێت گیانەوەری گەورە و کاریگەر بیخوات.

دەق گەلانە بەدوای گونجان و هاوسەنگی لەنەوان جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا، ئاسایی شەرێک لەدارستانێک کەسێک بخوات، بەڵام دەقنووس لەم دەقەدا مەبەستی پیشاندانی گەورەیی و لەهاتوویی و پلەی بەرزی خۆیەتی، واتە کەسێکی مەزن دەبێت لەلایەن گیانەوەرێکی بەهێزی مەزن بخورێت، ئەمە نەوبانگ و بەها و هێزی ئەو بڕاو سەرەوە دەبات، بەڵام کاتێک چەقڵێی قونگیراو دەیخوات، هیچ شوێنەوارێکی بەڵەوی ئەم گیانەوەرە نامێنێت. ئەو دیاردەیە هاوسەنگی لەنەوان خێی (ناوەوەی دەق) و شەر (جیهانی دەرەوەی دەق) دروست بکات.

(دی سوسەر) یەکێک لەزمانەوانە بەنەوبانگەکانی جیهان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تیۆری بونیاتگرایی دامەزراند، ئەو لەتوێژینەوەکانی پشتی بە زمان دەبەستا، نێک قسەکردن، زمانیشی بەژمارێیک سیستەمی نیشانەدار داناوە. (محمد الشاوش، ٢٠٠١، ٤١). ئەمەش وامان لێ دەکات بیر لەوە بکەینەوە کە شیکردنەوەی گوتاری زمانی دەق پێویستە بە (واتا و کردەی پێوەندکردن و چێنیەتی گەیاندنی پەیام و مەبەست).

گوتاری ناڕاستەوخۆ لەنێو ئەم دەقەدا هەندێک ئاماژەمان بە دەردەخات، (هاریس) پێی وایە لەشیکردنەوەی گوتاردا پێویستە بچینە دەرەوەی دەستە. (ڤان دایک) پێی وایە دەتوانرێت خووەوشتمان لەچوارچێوەی پلانی بنەڕەتی دەق دیاری بکرێت. (زنتسیسلاف وارزنیاک، ٢٠٣٣، ٥٦). لەوانە:

کردەی گیرمانەکە لەنێو دەخێکی دەروونی ڕەخنەگرانەی تەژی لەپرسیار و لەکدانەوە نووسراوە، واتای (خواردن و شەر و ئەگەر) هەمان ئەو واتا ڕاستەوخۆیە ناگەینن، کە ئەمە دەیبینین، واتای نادیاری نێو واتای هەر یەکێک لەم کردە و ناو و لەکدانەوە و تەوانینەی هەیە، هەمان شت نین. (گوتاری، زمان سیستەمێکیەتی و قسەکردن واتا و دەوروبەرێکیەتی). (ابراهیم بشار،٢٠١٦، ١٩). دەقنووس لەنێو (ئەگەر)دا لەکدانەوە و تەوانین و کاردانەوە و بەدواداچوون و گریمانە و وێناکردنێکی دەروونی پێ لەواتا و ورژەنەر و پرسیار بەرجەستە دەکات. لەنێو (شەردا) هەز و دەندەیی و وەحشیگەرایی و خوێن و ترس و نیگەرانی و ڕاپەڕاندنی فەرمانی ئەوانی دیکە و

نەزانین و کوێرەوەریی و نادادیی وەناکراوە. لەبیری نەکەین وەکو (ڕۆلان بارت) ئاماژەی پێ دەکات (دەقی کراوە دەرفەت بەخوێنەر دەدات بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەق بکات). (صلاح فضل، ٢٠٠٤، ٢٧١-٢٧٢). گوتار هەمیشە وەکو دەقێکی کراوە لەبەردەم وەرگر و خوێنەر و بینەرەکانی دەردەکەوێت. وەرگرەکان گوتارەکە وەردەگرن و شی دەکەنەوە و دواتر بیروڕا و کاردانەوەی خۆیان لەبارەیەوە دەردەبڕن. لەنێو (بمخوات) (من و ئێو و خواردن) وەکو کارەکتەر و کردار و پرسیار و وەناکردن نمایشکراوە. لەزماندا وشەیەک واتای هەیە، یان بڕەی کەمەوە واتایەکی چڕسپوی هەیە و لەنێوان خۆکدا بەکاردێت. (ک. آوریکیونی،٢٠٠٧، ٢٠). مەبەستمان وایە ئاگەر شێر یەک واتای فەرهەنگی هەبێت لەنێو زماندا، بەڵام لەبەکارهێنانەدا بۆپەی تایبەتمەندی دەوربەرەکە واتای دیکە وەردەگرێت.
لەنێو واتای (بمخوات)دا ، چەندین واتای دیکەی نادیار و ناڕاستەوخۆ هەیە. گوتاری ئێم وەنێ شیعرییە، ئێو گوتارە ڕاستەوخۆیە نییە، کە ئێمە دەیبینین، واتای هەقیقی نێو دەقەکە نادیارە، منی خوێنەر دەبێت بەدوایدا بگەڕێت، چونکە من باش دەزانم مەرج نییە هەموو (من)ێک، واتای (من/ خۆم) بگەیەنێت، گریمانەی ئێوە دەکرێت (من) وەناکردنی (تۆ/ ئێو) بێت، دەکرێت من کەسێکی دڕندە، بەخشندە، دادپەروەر، زالم، کێلە، ئازاد، پاشکۆ، سەربەخۆ، خاوەن بڕەهەم، گەندەڵ، ساخ و سەڵامەت، قۆپیچی، ڕاستگۆ، درۆزن... تاد) بێت. شێر دەکرێت مرۆڤێکی دڕندەی کێلەی جەبەجۆکاری فەرمانی ئێوانی دیکە بێت، یان دڕندەیێکی ترسناک بێت. لەم چەند نموونەیەدا واتای نێو دەقەکە، کەدەکرێت هەڵگەڕاوەبن، لەواتا ڕاستەوخۆ و بینراوەکان جیا دەکەینەوە:
یەکەم:"مانەوەی گەرمایی و ناسینەوەی مەرد بەئاسانی" دوو واتای ئەرێنینە.
دووەم: "هەزار و یەک ڕەی ڕەشن دەکرێنەوە" واتایەکی ئەرێنییە.
سێیەم: "چاوی دیوان لەخۆت بەسکێنە" داوایەکی ئەرێنییە.
چوارەم: "گەڕەکە جوانەکان داوات لە دەکەن بچیتە ناویان" داوایەکی ئەرێنییە.
پێنجەم: (نالی و گۆران و ئەنوەر قادر محەمەد بکوژێ) فەرمان و داوایەکی نەرێنییە.

لەیەکەمدا گەرمایی خوێن لەکردەوەدا کارساتێکی ناخۆشی نادروستە، بەڵام بەوەناکردنی مانەوەی خوێن بەلالەویەوە، واتا نەرێنییەکە گەڕاوە بۆ واتایەکی بەهێزی ئەرێنی. مانەوەی دەقنووس و مانەوەی لەنێو بیرەوەری و گەڕانەوەدا، پێوەست کراوە بەشوێنی مانەوەی

خوێنەکە.
مرد واتایەکی ئەرێنییە، ناسینەوەی بۆئاسانی وزەیەکی زۆری ناوێت، بەڵام ئەو مەبەستی خودی مرد نییە، گوتارەکەی ئەو ئاماژەیە بۆواتایەکی پێچەوانەی نەگوتار، ئەویش (کردەی قورسی دەزینەوەی نامردە). دەستەواتی کورتگوتن و بەهێز دەربڕین لای دەقنووس، واقیعێکی بەرهەمناوە، نەتوانێت و نایەوێت هەموو شت و بەسەرهات و کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات. کارتێکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ دەق لەژێر کاریگەریی کردەی پێوەنیکردنی زمان دایە، ئەمە ڕەنگە دەورووبارێکی هەقیقی بێت، یان خەیاڵی و دروستکراو. (ابراهیم بشار، ٢٠١٦،٢٠).هەر وشەیەک ئەو گاڤەی دەگوترێت، تا ئەو کاتەی دەگاتە وەرگرەکەی ئاسایی گەیان بەسەر واتا و توانا و هێز و لێکدانەوەشیدا بێت. واتا گوتنی هەر وشەیەک واتا و مەبەستەکەی تاکو گەیشتنە گوێی وەرگرەکەی، ئاسایی واتاکەی بگەڕێت، چونکە توانستە مەعریفییەکانی وەرگرەکان و ئەو دەورووبارە کەلتووریەی تێیدا دەژیت کاریگەریی لەسەر شیکردنەوەی گوتاری دەقەکە و تێنیا سەر لێنوە بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە دەبێت.
من وەکو خوێنەر هەست بەهەستی قووڵی دەقنووس دەکەم، کە لە (وەسیەت)ەکەیدا باسی ترس و نیگەرانی و فشاری دەروونی لەشاعیرێکی پاشخاپڕەکمان بۆ وێنا دەکات. ئەو وەسیەتکەی هەر تێنیا وشەیەکی ڕەزمانی نییە، هەوا و زانیاریمان لەبارەی خودی هەقیقی (وەسیەت) پێ بدات، بەڵکو ئەو دەچێتە جیهانی دەرەوەی (وەسیەت) و ئاماژگاری وەرگر (شاعیر بەکەنەش مردوو) دەکات، واز لە (قەپیەچیەتی و کوشتنی دەروونی ئەوانی دیکە بهێنێت). منی خوێنەر لەڕەدا بەشداری لە بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەقەکە دەکەم. من دەستکاری بنەمای ڕەزمانی دەقەکە ناکەم، بەڵام دەتوانم واتای نوێ، جیاواز بەپێی دەورووبەری خوێندەوەکەی خەم بەرهەم بهێنمەوە.
(دەق بەرهەمهێنە) (جولیا کریستیفا، بدون سنة، ٢١). مەبەستمان ئەوەیە گوتاری دەق ژمارەیەک دەخی دروونی و کەلتووری و واتایی و فکری لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات، کە خوێنەری ئاسایی پێش خوێندەوەی دەقەکە هەستی پێ نەکردووە. هەندێک جار ئەو شتانەی دەقنووس دەیەوێت خاوەنی شتەکان کە تێیدا دەژین، بەم وردیی و قووڵی و جووڵە و کارتێکردنە کاریگەرە هەستی پێ ناکەن، بۆیە دەبێت دەق بەرهەمهێنێ، گوتاریش ڕەساکانی پێوەندیکردن لەنێوان نێرەر و وەرگر دروست دەکات. سەباح ڕەنجدەر نایەوێت لەپەراوێز بیربکاتەوە، ناشیەوێت پەراوێزەکان بەپەراوێزخراویی پشتگوێ بخات. ئەو لەنێو دەروونداو واتا دروست دەکات، لەنێو وشەدا هێز بەهێز دەکات و لە وێناکردندا بیرکەیەک بەرهەم دەهێنێت، کە بیرکەی کەسانی دیکە

نەچێت، لەنێو گوتندا ڕێگاکانی پەیوەندیکردن دروست دەکات.
گوتاری دژ بە بابەت و کەس و ڕووداو و شتێکی مردوو، زیندوو دەکاتەوە، یان ڕووداوێکی لەبیرکراوی پڕاوڕ بیردەهێنێتەوە. لەخاڵی دووەمدا ڕاشکردنەوە لەکردەوەدا وێناکردنێکی هەڵگرتەوەی تارکیی و چاوبڕستکییە. (چاو مەسووڕێنە)، ڕێک پێمان دەڵێت نامەرد، مەرد بە، سەیری نەوچاوم بکە و مەرد بە، ئەڕە کەتایی ژیان و ڕووداو و ناکۆکی و کێشەکان نییە، من لێم دەڕدا هەست دەکەم دوو کەس (بریندارێکی بەردەم شەڕەک وستاوە و کەسێکی دیکەی نامەردی قەپیەچیش بکەزی وەستاوە و ناتوانێت ڕووبەڕوو بیرەکە و قسەکانی بە کەسی بڕانبەری بڵێت).
دەقنووس وەسفی ئەو کەسەمان بۆ ناکات، کە پێی دەڵێت (چاو مەسووڕێنە)، بەڵام گوتاری دەقەکە و لەکاتیدەخوێنمەوەی دەقەکەدا، گوتارێکم لا بەرجەستە دەبێت، گوتارێک بای دوو کتێب لەڕماناک وەسف و واتا و ئەرک و پێناسە و باری دەروونی و شێوەی کارەکتەرێکی نادیاری بەرجەستەنەکراو وەسفی بەسەرهات و کارەکتەر و کاردانەوە و کێشە هەمەلایەنەکانی کارەکتەرانم بۆ بکات، چۆن؟ (چاو مەسووڕێنە) قسەکەر داو لەگوێگرەکەی دەکات، چاوی نەسووڕێنێت، واتا خەی نەدزێتەوە، مەرد بێت، گەمژەیی نەنوێنێت. خاوەن گوتارەکە/ کە دەکرێت بڵێین خودی شاعیرە وەسفی کەسەکمان بۆ ناڕاستەوخۆیی بە دەکات، پڕ لەواتا و مانەست و وەسف و ئەرک.
تەش وەکو خوێنەری ئەم دەقەی من، چاوت دابخە و بیر لەوێنەی کەسێکی لەم جۆرە بکەوە، کە لەژیانی ئاسایی خێت تووشی دەبیت و کەسێکی نامەردە. ئەم نامەردە وەکو شەڕەکی دێندە تۆ بخوات، یان وەکو چەقۆکێکی قونگیراو بتخوات، بەڵام نەتوانێت لەکاتی ئاخاوتندا سەیری چاوەکانی تۆ بکات. چ وێناکردنێکی دەروونیی و پ جووڵێیە. واتا پڕ لەواتای دیکە، وەکو چۆن زمان پڕ لەزمانی دیکە، کار و ئەرکانی هەمەجۆرن، شێوازی قسەکردنیش هەمەچەشنە، دەربەین و واتاش دەکرێت فرە بن. لەبیر نەکەین ژمارەیەک پەوانەی زمانەوانی بۆ بەرهەمهێنانی دەقی سەرکەوتوو هەیە لەوانە (گونجان، مانەستدار، پێشوازی لێکراو، پێگەدار بێت، دێنای دێن). (ڕیبرت دو بکراند و لفغانغ دریسلر، ۱۹۹۲، ۷۷). گوتاری (وەسیەت) گونجان و مانەستداریی و پێسوازی تێدایە، لەهەمان کاتدا پشت بەستوو بە بیرکەی مردیی گشتگیر، کە دەکرێت ئەم شتانە خێکی دیکەش لەشوێن و کاتی جیاواز ئاماژەیان پێ کردبێت، بەڵام دەقنووس بە مانەست و پێگەیەکی نوێی جیاوازی لەوانی دیکە دەقەکەی بەرهەمهێناوە، خودی دەقەکەش دونیایەکی دیکەی بەرهەمهێناوەتەوە.

ئەم لەنێو زماندا دەژین، وەکو چۆن واتا لەنێو وشەدا دەژیت. ئەم لێکگەی گوتنەوە دەمانەوەت پەیوەندی بەوەرگرەکانمانەوە بکەین، هەر گوتنێک واتا و تێگەیشتن و لێکدانەوەکەشی پەیوەندی بەدەخی گوتن و دەخ و شێواز و هەکار و چۆنیەتی وەرگرتن و ئینجا مەبەستەکانی لێکدانەوەی واتای وشە بەژار و نووسراوەکانەوە هەیە.
لێنووسیندا ئەم گرانە زۆر بەهێواشی هاتوونەتە کایەوە، هەروەها گێشتن لێنەوان نووسین و خوێندەوەکەیدا کاتێکی درێژخایەنە، بەڵام لێگوتندا مەسەلەکە بەستراوەتەوە بەچەند هەکارێک، لەوانە: گوتن و وەرگرتنەکە کاتکانیان لێکنزیکە. دەنگ و دەربڕین و جووڵە و ئاوازەی گوتنەکە و کەشوهەوای گوتن و وەرگرتن و شێوازی دەربڕینەکانیش کاریگەریان لەسەر وەرگرتن و لێکدانەوەی گوتارە دەبێت. وشە بەهێزە، هێزی وشەش لەئەرکەکانی پتر بەدیار دەکەوێت. بۆ نموونە ئاگر بڕین (شەر بمخوات) زۆر جیاوازە لەگەڵ ئاوەی بڕین (ئاگر شەر بمخوات). ئەمەی خوێنەر لەهەردوو گوتن دەگەین، بڕیار لێکدانەوە و تێگەیشتنمان بۆیان جیاوازە، چونکە ئەرک و مەبەست و واتای گوتاری هەردوو گوتن جیاوازە.
شەر لە سەد ساڵ پێش ئێستا جەنگێ واتایەک یان دوو واتای هەبووبێت، ئەمڕۆ بەکارهێنانی شەر بۆ گەیاندنی چەند مەبەستێک و دروستکردنی ئەرکی واتایی جیاواز بەکاردێت. (کەنەش) وەکو ئاوەڵکارێک ئەرک و واتای جیاوازی بۆپێی بەکارهێنان و دەوروبەری گوتنەکەی دەبێت، هەروەها بۆپێی دەخی کەمایەتی و تەمەن و چین و ئاستی خوێندەواری و ئاینی و بۆپێی کەلتووری کەمەگاکانیش واتای بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

- کەنەشت بۆ دەبم. واتە لێت دەپاڕێمەوە، تکات لێ دەکەم، داوات لێ دەکەم.
- کەنەشبەر. واتا کەسێکی هەڵپەرستی دوور لەئیدارەی خودی خۆیەتی.
- کەنەش ناوی کارێک و سیفەت و شتێکە.
- کرنەشی بۆ خودا برد. ئەمە دەخێکی ئاینییە، پیرۆزە.
- کەنەش بردن لە ژاپۆن. بۆواتای ڕۆز و سەاوە.
- کەنەش لەکەمەگای کوردی. هەژارێک بۆ دەوڵەمەندێک، بچووکێک بۆ پیاوێکی بەتەمەن، دەست لەسەر سینگ گرتن لەگەڵ چەمانەوە بۆ ڕۆزگرتن لەکەسانی خاوەن پگەی چینایەتی بەرز بۆ ڕۆزگرتن بەکاردێت، لەهەمان کاتدا کەسانی خاوەن فکری ئازادیخوازی ئەمە بەدیاردەیەکی نەشیاوی خراپ لێکدەدەنەوە.
- کەنەش بۆواتای کێلەبوون وەکو ڕەوانبێژی بەکاردێت.

- کەنەش دکرێت دیاردەیەکی نزم، خراپ، سوکایەتی، پاشکۆبوون و لاوازیی بێت، یان بەرز، باش، بەزگرتن، توانا و هێز بێت.

سێیەم: چاوی دیوان لەخۆت بسکێنە. داوایەکی ئاشکرای ئەرێنییە، کردەی قسەی بەنوێنیشی تێدایە، وەکو چۆن جەرگ لەفەرمان و بەیاریشی لەخۆی گرتووە. ئەم واتا ئەرێنییە، پەیمان دەبێت لەپشت ئەم وێناکردنەدا واتایەکی دیکەی نەرێنی هەیە، پەیمان دەبێت "تۆ چاوت نابینێت، عەقڵت داخراوی سنوردارە، بیربکەوە، هەست و جووڵە و بوون بەخۆت ببەخشە. واتا، لێرەک ئامۆژگاریی و بەنوێنییەکی ئەرێنی، بەخنەیەکی ناڕاستەوخۆش لەنێو گوتارەکەدا بەرجەستە دەکات. لەنێوان هەقیقەت و خەیاڵدا وێنەیەکی هەڵگەڕاوەی کەسەکمان بۆ وێنا دەکات، کە دەبێت کراوە و بەتوانا بێت. ئەم وەسفی کەسێک دەکات (چاوی دیوانی نییە تاکو جریوە و جووکەی) تێدا بێت، کەسێکی بێ بزاوت و گیان و جووڵە و مردووە.
کاتێک دەقنووس دەبێت (چاوی دیوان لەخۆت بسکێنە) لەڕدا واتای (چاو) واتا فەرهەنگییەکە فیزیکییەکە نییە، بەڵکو مەبەستی (تێروانین و بینین و هەستکردنە). لە دیوانی شیعر بەداری هووبەی مشت و مشت پەوراوە بە (بزاقێکی پێ لەژیان). مەبەستمان ئەوەیە بڵێین لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا چاو دکرێت چاوی سروشتی بێت، هەروەها دکرێت کارەستەیەکی واتایی خوازراو بێت، یان فرە واتا و فرە ئەرک و مەبەست بێت، ئەم فرەییە نەرێنی گوتار دەتوانێت دروستی بکات و وەرگریش بەپێی دەوروبەرە دەروونی و هۆشبەرییەکەی لەکی بداتەوە.

لەزمانی کوردیدا کە دەڵێین کەسێکی "ویژدان مردووە"، واتە هەست و نەستەکانی مردوون. کەسی بەویژدان، جەڵلاد و ترسنۆک و دڕندە و هاپەرتنووس و دووزمان و دەرزن و قەپیچی و پیس و بکرەکەن. ڤان دایک لەشیکردنەوەی دەقدا لەوانگەیەکی دیکە هەنگاو دەنێت و پێی وایە پراگماتیک، یان کردە قسەیی و کردەی کۆمەڵایەتی دچنە ژێر نەریتێکی باو، ئەو کاتە قسەکەر یان دەبێت درزن بێت، یان فریودەر. (ڤان دایک، ۲۰۰۰ ، ۱۷). کەسێک کە داوای چاو نەسووانی لە دکرێت لەووی پراگماتیکی و کردەی کۆمەڵایەتییەوە نەریتێکی باوی (درزنی و فریودانمان) بۆ وێنا دکات. بگومان ئەم نەریتە لەکۆتایدا کە دەرئەنجامی دیماهی گوتارەکەیە، بەستراوەتەوە بە (مردنێکی شەرمنانەی دوور لەئیرادە).
چوارەم : گەنجە کە جوانەکان، داوات دەکەن بچێ ناویان. کردەیەکی ئەرێنییە، بەڵام مەرج نییە لەدەقی شیعریدا، یان لەگوتاری

ئەبیدا واتاکان هەمان ئەو واتا و بزوتنەوە و گریمانە و دەربینانە بگرنەوە، کە ئاستەوخۆ لانەو دەقەکەدا بەرجەستە کراون. ئاسایی لە بەکارهێنانی گشتکی جوان بۆ پیاوی دەوروبەریکی مەبەست شوێنی (کێڵگەکراوەکان، کێڵگەدارەکان بێت)، شوێنی جوان مەبەست لێی (بەوژیدانی و پیسی دەرووناکان) بێت، (چێتریان بێ هەندی) واتە گوێگرەکەی کەسکی وابەستەی پاشکۆی جێبەجێکار، نەک بەیار دەر.

چێتریان بێ هەندی = مەبەست = واتا ((کێڵگە جێبەجێکار، پاشکۆ)) یان ((بێ ئیرادە، ناسەربەخۆ)).
هەر کەسێک ئەمە لانەو بیرکردنەوەی خێیدا وێنا بکاتەوە، دەتوانێت هەست بە ژمارەیەک واتای دیکەی نەبینراوی نێگوتار بکات، بایەخی گوتاری شیعری لەوە دایە، دەقنووس چەندە دەتوانێت واتا ئاشکراکان بە واتای شاراوە بگۆڕێت، واتە گۆڕانەوە لەپێناو وەسفکردنکی بینراوی لەقالبدراو نییە، بەڵکو ئازادکردنی واتا نادیارەکانە لانەو دەقەکی بە سنووردا. شتەکان نیشانە و هەمایە، بایە کردی لێکدانەوە وەکو کلیلی تێگەیشتن وایە بە حالەتی نیشانییەکان. (اوغدن و رتشاردز، بدون سنة، ٢١). مەبەستمان ئەوەیە، وشە بریتییە لە ناو و ئاماژە بە شتێک، کە پشت بە نیشانە و هەما دەبەستێت بە ئەوەی واتا ببەخشێتە شتەکان، لێکدانەوە و هامان پێویستە بە نیشانەکان، یان کلیلێکە بە تێگەیشتن لەو نیشانە و هەماکان. سەباح ئەنجەر هەر تەنیا وێنەی هەقیقی شتەکان (ناو و ئاماژە و هەماکانمان) نیشان نادات، بەڵکو دەچێتە دیوی پشتەوەی شتەکان، لەڕێگەی لێکدانەوە و هامان دەمانباتە سەر واتای ئەو نیشانە زمانیانەی، واتایەک و پتر لەواتایەک بەخوێنەر دەبەخشن.
واتا هیچ کاتێک وێنەی هەقیقی ئەو واتایە نابەخشێتەوە کە مرۆڤ لێیکەم بینیدا وەکو کەرستەیەکی بە گیان هووبوونەوی دەبێتەوە. لانەو هەر دەقێکدا پتر لەدەقێکدا بەناراستەوخۆیی هەیە، ئەرک و پەیام و گوتاری خۆیان هادەپەنن.
پێنجەم: دەقنووس دەڵێت نالی و گۆران و ئانۆر قادر موحەمەد بکوژە) فەرمان و داوایەکی نەرێنییە. گوتاری ئەم گوتنە مەبەستی کوشتن نییە، بەڵکو مەبەستی پەدانی ژیانە، دەقنووس دەڵێت ئەگەر من/ ئەمە ئەوانەی دیکە تێنەپەنم، لەوان باشادەستتر و دەقنووستر نەبم، (مردووم) واتە ئەو مەبەستی (کوشتن) وەکو سینوەی ژیانی ئەوانی دیکە نییە، بەڵکو گەیشتن و تێپەاندنی گۆڕەپانی ئەوانی دیکەیە، ئەو بەدوای نەمریدا دەگەڕێت، واتای (بکوژە) لەم دەقەدا (کوشتنی هەقیقی) نییە، بەڵکو نیشاندانی گۆڕەپانی و بەزگرتنی ئەوانە.

دەقنووس/ نەرەر چ بەخوێنەر و وەرگرەکانی دەڵێت:

" لەکەت نەخستووەتە گەرووی هیچ گەرانیبەژێکەوە"
کە ئەم کارەی نەکردووە، گوێگرەکەیە، کە کارەکی خراپی وەها نەکردووە، لەکە بخاتە گەرووی گەرانیبەژێکەوە. ئەمەی ئەمە خوێنەر و وەرگری دەرەوەی دەقەکە دەیبین، (بەرهەمی بینین) (David Allem, 2003, 61) زەر گرنگە. خوێنەر چێن وشەکان دەبینێت و چێن واتاکان دەبینێت، واتە بینینی فیزیکی وشەی (چاو/ کێنش/ لەکە/ گەردوو) جیاوازە لەوەی چێن واتاکانیان دەبینرێت، بەیە بینینی ئەم وێنە شیعریەیەی سەرەوە هەمان ئەو وێنە کاریکاتێریە تۆژی لەپرسیارە نیە، کە بریتیە لە (ت) ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک و لەکە وەکو کەرەستە و شتەک، گەرووش وکو بەشەک لەلەشی مرۆڤ و کەرەستەیەکی جێستەیە، شتەکە کاریگەریی لەسەر جێری دەنگ و دەربەین و ئاواز و وزەی گوتنەوە و گەیاندن دەبێت، گەرانیبەژ، بکەرەکی ئاماژە بەکراوە، لەڕاستیدا بکەر یەکەم خاوەنی گوتار نەرەرەکەیە، بەڵام بەشەوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، هیچ شوێنەکی لەنەو ێستە ەزمانیە فیزیکییە بەرجێستەکە نیە، بەڵام بوونەکی بەهێز و کاریگەر و پە جووڵەی واتایی لەنەو ێستە لەجیکی و واتایی و دەربەین و نافیزیکییە واتاییەکەدا هەیە. ئەو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگرەکەی دەدوێت و دەڵێت (تە لەکەت نەخستووەتە گەرووی گەرانیبەژێکەوە)، لەهەمان کاتدا دەتوانرێت گریمانەی ئەوەش بکرێت، کە کەسێک بە خاوەنی گوتارەکە بڵێت، تە هیچ کارەکی لەم جۆرە نەکردوو. باشە ئەگەر پرسیارەکی سەرەکی بکەین چ ەوودەدات ئەگەر حوکم لەبارەی شتەکەوە بدەین، یان پەمان وابێت ئەم شتە وەهایە، یان بیری لەبکەینەوە. (ادغون و تشارد، بدون سنة، ١٢٧). با هەندێک بیر لەم وێنە خەیاڵییە بکەینەوە، بزانین بیروباوەڕ و حوکمەکانمان لەبارەیەوە چی دەبێت، ئەو کاتە بەئاسانی دەتوانین واتای واتاش بدەزینەوە. باشە با پێگە و ئەرک و شوێنی قسەکەر بکەینەوە، کە دەگەڵێت:
یەکەم: دەقنووس قسە دەکات و پەیامەکەی ئاراستەی وەرگرەکەی (ت/ تە) دەکات. دووەم: ئەو کەسی سێیەمی تاک، کە کارەکتەرەکی نادیارە قسە دەکات و قسەکەی ئاراستەی خودی دەقنووسە و پێی دەڵێت تە کارەکی وەهات نەکردووە، تە بکوژ و سەرکوتکار و دژی ئازادی قسەکردن نیت. واتە لێرەدا خاوەنی گوتارەکە لەڕێگەی کەسێکی نادیارەوە، کە هیچ ناسنامە و بوونەکی فیزیکی نیە و لەدەروەی دەقەکە دایە وەسفی خەی لەڕێگەی وشەکانی ئەم کارەکتەرە دەکات.
نیشانەی (ـک) نەناسراو و (وە)ی نیشانەی بەردەوامیە.

گرانیبژکە کەسکی ناسراوە، واتە هەواڵکە لەبردوو دەستی پێکردووە و تاکو ساتی قسەکردنەکەش بەردەوامە و کردەی لەکە خستنە گرووکەش ئەنجام نەدراوە. لێردەدا واتای ئەنجامدان دەگەیەنێت بە ئەنجام نەدراو.
ئەم سنوورکی کەشراوە لەنێوان (کەسێک ناوە گەورەکان تە دەپەنێت و داهێنان دەکات)، لەگەڵ کەسێک (پاشخاپڕەکە و قەپیچییە و نانی نانیشە).

لەگەڵان بەدوای ئەو واتایانەی ناڕاستەوخۆن پەیوستە بیربکەینەوە، باشە ئەگەر بیرمان کردەوە چ دەقەومێت؟ کاتێک کردەی بیرکردنەوە هەوودەدات، واتە ئەم بیرمان کردۆتەوە، کە ئەم بیر دەکەینەوە دەق بیر دەکاتەوە، بیرکردنەوەش گەڵانە بەدوای واتا و مانەست.
گوتاری شیعر پشت بەشتێ گوتراوە هەمادار و نیشانەدارەکان دەبەستێت، هێزی بەهێزی وشە و شێواز و مانەستی بەکارهێنانییەوە بەستراوەتە. سەباح ڕەنجدەر دەمێکە لەنێو وشەدا دەژیت، ئەو نیشتمانێکی هەیە ناوی شیعرە، بۆتاو لەنێو هەتاوی شیعردا بیر دەکاتەوە و شتەکان لێک دەداتەوە و نیشانە و هەمای نوێ بە وشەکانی دەبەخشێت.
گوتاری شیعرەکە

دەقنووس وەکو ئەندازیارێک لەنێوان کات و شوێندا وێناکردنێکی زمانی و واتایی ڕەشنتر لەژێ هووناکی دروستکردووە، کە شاعیر لەنێو فشارێکی دەروونی، لەنێو دیوانێکی پڕ لەجووڵە و فشار و داکۆشان و کارتێکردن و کاردانەوە و بەرهەمدار دەژیت، ئەو لەچاوێک پتر و لەهەزار دیدو فکر و ڕەگا پتری لەنێو هەناوی تەنیا دەقێکدا تەرزە و بیرکردنەوە کردووە.
ئەو خەی قسەکەرە، خەی گوێگرە، هەر خەشی بەیار دەرکی ناڕاستەوخەی نێو دەقەکەیە. ئەو نمایشکی پراگماتیکانەی کارەکتەر و هووداو و گەڵانەوە و پێشهاتەکانی کردووە. ئەو بەزمان هێز دروست دەکات، نێک بەهێز زمان دروست بکات. ئەرکی پەیوەندیکردنە بەوەرگرەکانی، کە لەبنەڕەتدا کارکردنە بە گەیاندنی شتێک، یان کارێک کە پەیوەندی پێیەوە هەیە. (ج.ب.براون، ج. یول، ۱۹۹۷، ۲).
گوتمان گوتار بریتییە لەئاپڕاندنی مانەستێک و بەدیهێنانی واتایەکی قووڵتر و ڕیشەدارتر لەواتا سروشتییە هەقیقییە هەستپێکراوەکان، ئاپڕاندنی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان نەرەر و وەرگر، ئامانجی گەیاندنی پەیامێک و کارتێکردن و جووڵاندنی وەرگرەکانیەتی. هەندێک دەق خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێت، هەندێک

دەقیش هەیە بەدوای خوێنەردا دەگەڕێت، هەشیانە وەکو کەپکەشاخکی تەپیو بایخ بەخوێنەر نادات، دەڕێت من دەقم، دەق نابێت خوێنەرکانی دەقی بشکێنن.

دەقنووس دەڕێت:
شاعیری پاشخاپەڕك و قەپیەچی و نانی نانیش
لە کاتی کێنووشدا مرد
ئەو کەسانەی گوتار پشکش دەکەن، بە ئاکەشان و هەشتنەوەی گوێرکانیان لەبەردەم ئاگردانی گوێگرتنەوە لەسەرتا و ناوەڕاستی قسەکانیاندا (مەبەستە گوێرکە، واتایە ئاستەقینەکە، گوتنە یەکلاکەرە و مەبەستە سەرەکییە زلەکان نادرکێن) بە ئەوەی وزەی درککردن و درکاندن لای وەرگر زوو بتاڵ نەبێتەوە..
دەقنووسی دەقی (وەسیەت) پەیام و مەبەستە سەرەکییەکە دەردەبڕێت لەپێناسە و وەسف و ئاکاری شاعیرێک، کە بۆتە مایەی ڕەخنەلێگرتن، یان جۆرێک لەنامەردەکان، کەسێکی بە بینین و تاکەڕە و ملکەچی فەرمانە ئاسپێردراوە خراپەکانە. ئەو گوتارەکەی ئەوەیە بڕێت وەسیەتە ئۆگەر دەتوانیت شاعیرێکی باشبێ، نالی و گۆران و ئۆنوەر قادر محەمەد) تێپەڕنێ، لەوان باشادەستر لەدەق و جوانووستر لەوان و زمانزانتر لەشیعر دەرکەوێ، نەک ببیتە شاعیرێکی (پاشخاپەڕك) و (قەپیەچی) و (نانی نانی/ دەرزەکەر)، چونکە ئۆگەر شاعیرێک هەزار ڕێگای هەمجۆری دەربڕین و ئاوساندنی دەقی بەواتا و فکر نەبێت، ئۆگەر شاعیرێک فرە بینین و فرە فکر نەبێت، ناتوانێت لەهەر وشە و گوتن و دەربڕین و وێناکردنێکدا فرە دەسەڵات و توانا و وزە بێت.

دەقنووس گوتارکەی لەوە چێ کردەتەوە کە شاعیری (قەپیەچی و پاشخاپەڕك و دەرزەکەر) لە کاتی کێنەش بردندا دەمرێت. ئەوە مەبەستی مردنی هەقیقی نییە، بەڵکو چونە دەرەوەی شاعیرە لەنیو دەسەڵات و پێگە و ڕەح و خوێنی دەقدا، چونکە گوتاری دەقنووس (بکوژە و مرد) نییە، بەڵکو (بیربکەوە و پاشخاپەڕك) نەبوونی مەبەستە.
بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی و بەپشت بەستن بەکردە قسەیی لەنێو گوتاری ئەم دەقەدا بەمان دەردەکەوێت، نەڕەر زانیارییەکی ناڕاستەوخۆمان پێ دەدات، کە شاعیرێکی فاشل، کە لەسایەی قەپیە دەژیت، هیچی پێ نەماوە و دوای بۆتەمێن کەوتن شیعر دەنووسێت، ناتوانێت شاعیریەتی شاعیرە پایەدارەکان تێپەڕێنێت، بەیە وەکو نەخشەک، لەسایەی کێنەش بردن دەیەوێت نەوبانگ و دەسەڵات و دەق پەیدا بکات، کێنەش بە شاعیر هاوتای مردنە. ئەمە لەڕێگەی کردەکانی

نەو ئەم هستە کورتانە، دەخی دەروونی و شەوازی بیرکردنەوە و جۆری کات و کارەکان و شوێنەکان دەدەزێنەوە.
واتا فکرییەکان، لە وتای کردەکانی نەو زمان و لە پێوەندییە خیالی و هەقیقییەکان، لە کردەی ێزمانی و کردەی هەچوونە دەروونی و فکرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

کارەکتەرەکانی دەق
قسەکەر/ نەرەر ەاناوی لکاوی (م) کەسی یەکەمی تاکە، ئەم جۆرە دەقە تاک لەدەزی کەسی یەکەمدا کارەکتەری سەرەکییەتی، ناەاستەوخۆ بێت، یان ەاستەوخۆ (من) قسەکەر و نەرەر و کارەکتەری سەرەکییەکەیەتی، بەمان دەردەکەوێت قسەکەر ەاستەوخۆ لەنیو دەقدا وەکو سەرکردە و بیرکەرەو ئەندازیاری وشەکان هەسوکەوت دەکات. لەم دەقەدا (من) واتە خودی شاعیر/ سەباح هەنجدەر خاوەن و ەاپەنی گوتارەکەیە.
وەرگرەکان ئەمانەن (ات/ کەسی دووەمی تاک واتە تە)، ئەمەیان وەرگری راستەوخۆی نەو دەقەکەیە، لەنەو دەقەکەدا شاعیر قسە لەگەڵ تەدا دەکات، لەدەرەوەی دەقەکەدا من و تەی خوێنەر وەرگرەکی دیکە دەقەکەین.
کات و شوێن دیار نییە، بەڵام دەزانین دەقنووس کوە/ شیعری وەکو نەبەرە هەیە، واتە دیارە نییە باسی چ وەرزێک دەکات و ەووداوەکان لەشەو، یان هەژدا ئەنجام دراون. دیار نییە بزانین دەوروبەری گوتنەکان و کەشی سروشتی چۆنە، هەروەها رووداوەکان لەچ شوێنکدا ەوویان داوە. بەیە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە کردەی خراپ، خە بچووکردنەوەی شاعیر بە (قەپییە و نانی نانی و کەنەش) هیچ کات و شوێنکی نییە، ئاسایی لەدەرەوەی تەوانین و لەکدانەوەکاندا ەووبدات.
لەهەمان کاتدا کارەکتەری لاوەکیش هەیە، وەکو: شەر، مەرد، چەقە، ئەوان، نالی و گەران و ئەنوەر قادر محەمەد و گەرانیبەژ، شاعیر، پاشخاپەرەک، قەپیەچی.

ئەنجام
گوتاری شیعر، لەنەو واتای هەزار هەنگدا هەز و وزە پەیدا دەکات، هیچ واتایەکی هەقیقی و بەرجەستە بە دوو واتا یان پتر لەدوو واتا وەنا ناکاتەوە، هەز و وزەی شیعر لەفکر و واتا و فرە دەسەاتیی وشە و هەز و ئاوازەی وشەکان و کاریگەریی دەروونی دەربەین و گوتنەکانی دایە.
سەباح رەنجدەر لەنەو وشەدا دەژیت، ئەو ناچێتە دەرەوەی دەق، هەموو وزە و دەسەاتەکی خەی لەنەو دەقدا چە دەکاتەوە، بەیە نایەوێت

وەکو قەپیەچییەکی ملکەچ بمرێت، ئەو بە شیعر دەژیت.. تەنیا شیعر!.
هەست دەکرێت، وەسیەت بە مردن ناکات، بەڵکو وەسیەت بە ژیان دەکات و بە شاعیرە پاشخاپڕۆکەکان دەکات و ئامۆژگاریان دەکات و پێیان دەڵێت بە ئەوەی لەکاتی کەنەشدا نەمردن و شەر بتانخوات، واتە گەورەیی و وشەی گەرم و شیعری بە ئازار، نابڕتە دەقەکی زیندوو، ئەو وەسیتە دەکات و بەهەندەک دەڵێت ئۆگەر دەتانەوێت وەکو من شاعیر و خاوەن دەق بن، واز لە قەپیەچیەتی و دەرزەکەری و کەنەش بهێنن، بیر لە گەیشتنە ئاستی شاعیرە گەورەکان بکەنەوە.
گوتاری ئەم دەقە (ڕەخنەگرانەیە، هەڵسەنگاندنە، دەربڕینی دەخی فکرییە، وەناکردنی دوو کارەکتەرە، کە یەکەکیان شەر، یان چەقە دەیخوات و دەمرێت، هەشیانە لەکاتی کەنەش برندا دەمرێت).
گوتاری ئەم دەقە ئامۆژگاریە و بەهەندەک بە ئەوەی خوێنی گەرمتان بەڵەوی شەڕەوە بمەنێت، پەوسیتە لەدەنووسیدا، لە واتاسازیی و دروستکردنی وەاتی زماندا، لە نالی و گەران و ئەنوەر ساعیرتر و بەدەسەاتر و خاوەنی وشەی بەهەز تر بن.
گوتاری ئەم دەقە لەشوەدا ەاستەوخۆیە و لە نەوەەک و مەبەست و واتادا ناەاستەوخۆیە. گوتاری ئەم دەقە، کەندووی پەواپڕە لەواتای فرە ڕەنگ و دەنگ، ئەو دونیای خەی لەنەو واتادا وەنا دەکات.
سەباح ەەنجدەر شاعیرەکە لەنەو ئەزموونی جیاوازی شیعردا دەژیت، نایەوێت دەقی ئەستای هەمان دەقی دوێنە و سبەینە بێت. ئەو لەشیعر پتر شتەکی دیکە ناناسێت. دەتوانرێت بەین گوتاری شیعری سەباح ەەنجدەر، وزە لەمردن وەرناگرێت، بەڵکو بوژانەوەیەکی بەردەوامی تێدایە. گوتاری ئەم دەقە شکەدانە بەمردن و کوشتن و خوران نییە، بەڵکو دەسەات و وزە تێپەاندنی پێگە و توانای شیعری شاعیرانی دیکە.
من کارم لەسەر پێکهاتە وئەرکی زمان لە بەرهەمهێنانی گوتاری دەقی شیعری کردووە، بەئاسانی لە وشەکان دەگەم، بەڵام هەر بمەوێت (واتا و وێنە شیعرییەکانی) نیو دەقەکە ەاو بکەم، هەست دەکەم وەکو دەشتەکی لەککشاوە واتاکان زەرتر و وێنەکان پتر و مەبەستەکان فرەتر دەردەکەون.

سەرچاوەکان:

ابراهیم بشار، الابعاد النصیة والتداولیة فی التراث البلاغی العربی، رسالة دکتورا، جامعة محمد خضیر، بسکرة، ٢٠١٦.
اوغدن و رتشاردز، معنی المعنی دراسة لاثر اللغة فی الفکر ولعلم

والرمزية، ترجمة د. كيان احمد حازم يحيى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بدون سنة.
ج.ب. براون، ج. يول، تحليل الخطاب، ترجمةد. محمد لطفى الز ليطنى، د. منير التريكى، النشر العلمى والمطابع جامعة الملك سعود،١٩٩٧.
جوليا كريستيفا، علم النص، ترجمة فريد الزاهى، مراجعة عبد الجليل ناظم، دار توبقال، المغرب، بدون سنة.
جۆرج يوڵ، مەبەستناسى پراگماتيک، وەرگێڕانى ڕەحيم سورخى، ناوەندى توێژينەوەى عەبدوڕەحمان زەبيحى، سلێمانى، ٢٠١٦.
د. وريا عومەر ئەمين، ئاسۆيەکى ترى زمانەوانى، دەزگاى ئاراس، هەولێر، چاپى يەکەم، ٢٠٠٤.
ڕوبرت دو بكراند و لفغانغ دريسلر، مدخل الى علم لغة النص، ترجمة الهام ابى غزالة و على خليل حمد، مطبعة دار الكتاب، بيروت، ط١، ١٩٩٢.
زنتسيسلاف وارزنياک، مدخل الى علم النص- مشكلات بناء النص، ترجمة سعيد حسن بحيرى، موءسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهيرة، مصر، ط١، ٢٠٣٣.
https://dengekan.info/archives/19313سەباح ئەنجەر، وەسيەت،
صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، دار الكتاب المصرى، القاهرة، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، ط١، ٢٠٠٤.
ڤان دايک، النص و السياق، اتقصاء البحث فى الخطاب الدلالى و التداولى، ترجمة عبدالقادر قنينى، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠٠.
ک. آوريكيونى، فعل القول من الذاتية فى اللغة، ترجمة محمد نظيف، افريقى الشرق، دار لابيضاء، ٢٠٠٧.
محمد الشاوش، اصول تحليل الخطاب فى النظرية النحوية العربية- تاسيس نحو النص، جامعة منوبة الموءسسة العربية للتوزيع، تونس ، ط١، ٢٠٠١.

David Allem, Getting Things Done the art of stress- free productivity, published by the Penguin Group Penguin Group (USA) LLC 375 Hudson s. Ne York, 2003, 61.

باکرێکارانمان لێ یادبن.. ژوان باقی

چینێکی چەوساوە و ماندوی کۆمەڵگا، یەکو چینێی یەکگرتر بێت و زۆرێك کار نەکەن، خۆ و خاشاك ناو شارەکان دەتەنێتەوە، لە هەموو لایەك بۆنی پیس بۆاو دەبێتەوە، بە کار نەکردنی یەکوان، باڵخانەکان ناچن بۆ یەاسماندا، کۆانەکان شەقامەکان شارەکان کۆکی ژیانی تێدا نامێنێت، یەمە چگە لەوە یەکگرتر زۆرێك یەم کەسانە کاریان نەبێت بۆ زەحمەت ژەمی یەکو ئاژۆ پەیدا دەکەن بۆ خەزانەکانیان، یەیتر منداڵەکانیان بێت، یان دایك و باوك و خوشك و برا بێت، یاخود هاوسەریان بێت.
چگەلەوەش ژیانیشیان لە بەردەم مەترسیدایە. هەموومان گومان لە بووە، کە چەنەها کرێکار لە کاتی کارکەیدا گیانی لەدەستدا، یەکو یەوارەش بۆ خەزانەکانیان لە بری گوانەوەی باوکیان یان برایان یاخود هاوسەریان، بۆ دەستی پڕ و دەخشی، جەستەیەکی ساردی بۆ گۆڕنرایەوە ماڵەکانیان.
وەك چەن هەمووان قەرزاری دایك و باوکمانین، کە پەروەردەیان کردوین، یەاوهاش قەرزاری ماند و بوونەکانی یەکوانین، لە بەرەوپێش چوونی شارستانیەت. کە لە پاڵ هەر بیرکەیەکی یەکندازیاری یاخود هەر پێشەیەك، کرێکاران دەستکی باڵایان هەبووە، گرنگە هەوە و ماندو بوونەکانیان لەبەرچاو بگیرێت.

زۆری (1ی یەایار) وەك زۆری جیهانی کرێکاران دیاری کراوە.
زیاد لە (100)وڵاتی جیهان، یەکو زۆرێ دەکەن بۆ پشووی فەرمی.
چیرۆکی دیاریکردنی (1ی یەایار) بۆ کرێکاران، لە ناوەاستی (سەدەی نۆزدەیەم)دا، یەمریکا لە سەرەتای شەشەکی پیشەسازیدا بووە، کرێکارێ یەوروپییەکان، کە کۆچیان کردبوو، بۆ ژیانەکی نوێ، نوێنەرایەتی هەزی کاریان دەکرد. لە یەمریکا لەو کاتەدا بارودۆخی کارکردن زۆر خراپ بووە، کرێی کارکردن کەم بووە، و کاتی کارکردنیش زۆر، مانگرتنی کرێکاران، هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەم زۆر بەربەاو بوو، یەکو جوانەوەیش لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە وانەی بۆ (شیوعیی) ناسرابوون، بەوایان بۆ لەناوبردنی سیستمی سەرمایەداری هەبوو، سەرکردایەتی دەکران، زۆرکیشیان لە یەمانیاوە گەشتبوونە یەمریکا. لە ساڵی(1886) یەکەتی سەندیکای کرێکاران، لە یەمریکا داوای کرد، کە لە (1ی یەایار)دا مانگرتن یەنجامبدرێت، هەکاری

یەکو مانگرتنەش بۆ یەکوبوو، کارکردن لەژێکدا ببێت بۆ(8)کاتژمێر، لەو مانگرتنەدا زیاد لە(300) هەزار کرێکار بەشدار بوون. لە (3ی یەکایاری ساڵی 1886)، لە لایەن پۆلیسی شیکاگۆی یەکەمریکا ژمارەیەك لە کرێکارە مانگرتوەکان کوژران. لە ڕۆژی(4ی یەکایاری) هەمان ساڵدا، لە گۆڕەپانی (هیمارکێت) لە شاری شیکاگۆ، یەکو شوێنۆی کرێکارەکان تیایدا کۆدەبوونەوە بەمبەك دژتۆقێنەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەك لە پۆلیس و کرێکار گیانیانلەدەستدەدەن. لە یەنجامی یەکو مانگرتنۆی یەکوکاتشدا (4 لە بەرەوبەرانی مانگرتنەکۆ دادگاییکران، تەمتبار کرابوون، بە هاندان بۆ هەڕشکردنۆ سەر پۆلیس.
پاشان لە ساڵی(1887) بۆ بەیاری دادگا چوار لە بەرەوبەرانی مانگرتنەکۆ لەسەدارۆ دران، پاشان لەساڵی (1893) دادوەری (ویلایەتی یەیلینۆو) یەکوانی دیکۆی یەازاد کرد. لە ساڵی (1889) سەرکۆی سەندیکای کرێکارانی یەکمریکا، لە کۆنگرێکدا لە پاریس، داوای یەکخستنەوۆی شەشی کرێکارانی کرد لە جیهاندا، بۆ یەکوۆی کاتژمێرکانی کارکردن کەم بکرێتەوە بۆ (8 کاتژمێر لە ڕۆژکدا. لەو کۆنگرێدا بڕیاریاندا، وەکامی یەکو داخوازییە بدنەوە، لە ڕۆگۆی یەنجامدانی خۆپیشاندانکی سەرتاسەری جیهانی لە (1ی یەکایاری ساڵی 1890)، بۆو هۆیەوە یەکو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی کرێکاران ناسێندرا. بۆ گەورۆی یەکمارۆ فەرمیێکان ڕۆژی (1ی یەکایار)، بۆ ڕۆژی پشوی فەرمی دادنەدرێت لە(107) وڵاتی جیهان، (60%) کۆی دانیشتووانی سەر زەوی دەکات.

زیانی کرێکارانی هەرەمی کوردستانیش، لە دەخکی خراپدایە. بۆتایبەت کە چەند ساڵکۆ قۆیرانی دارایی بەرکی بە هاوڵاتیان گرتووە. لە یەستاشدا بەاوبونەوۆی ڤایرسی کۆرنا یەکەکی ترە لەو هەکارەکارانۆی زەرترین کاریگەری، لەسەر زیانی کرێکاران هەبووە.
یەکەکی دیکۆ لە هەکارەکانی سەختی زیانی کرێکارانی هەرەم، هەنانی کرێکاری بیانی و پەدانی کار لە بەرامبەر کرێیەکی کەمتر، یەمەش وایکردووە، ڕۆژی بەکاری لە هەرەمی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لە هەکشاندابێت.
لەگەڵ یەکو دەخە سەختەدا، مەترسیێکانی سەر زیانی کرێکاران، ساڵانە زیاتر دەبێت، بەجۆرێك ژمارەیەکیان، لەکاتی کارکردندا، توشی ووداوی دژتەزەن دەبن، بەهۆیەوە گیان لەدەست دەدەن. دواتریش هیچ یەاوەڵەك لە خەزانەکانیان نادرێتەوە، یەمە جگە لەوۆی بەشەکیان توشی بریندی سەخت و کەمیەندامی دەبن، بە یەکوۆی هیچ لایەنکی حکومی و کۆرتی تایبەت یەاویان لەبداتەوە.

ژوان باقی

تۆری هاوکاری کۆمەلایەتی پاش تێپەڕبوونی ساڵێک! زنجیرەی دووەم.. بەهادین حاجی بەکر دارتاش

لە ڕۆژگارێکدا کە قایرزی کۆرۆنا هەڕەشە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکرد، لە ڕۆژگارێکدا کە ڕۆژانە گوێبیستی هەزاران قوربانی و سەدان هەزار بڵاوکوتە دەبووین، کۆمەڵێک ئینسان بەدەوری ئامانجدا کەبوونەوو بەیاریاریاندا بەدوای ژان و ژیانی خەولکانەوبن کە قوربانی یەکەم و ریزی پشەوی ئەم کارەساتە نیودەوڵەتیەن.

هەموومان دەزانین کە لەماوەی چەند ڕۆژو هەفتەیەکدا ئاراستەی ژیانی ڕۆژانەمان بەتەواوی گۆراو مشغڵەو بیرکردنەوەو بەرنامەو کارو ژیانمان وەک خەی نەمایەوە و ناچاربووین بەوەی کە خەمان لەگەل ئەو دەخە تازە نەخوازراوەدا بگونجینین.

دەبوو دەست لەکارکانمان هەڵگرین و بروینەوە ماڵکانمان و خەمان و ماڵ و منداڵمان کۆرەنتینەکەین و خەمان بپایزین و ئاگاداری ئەوبین کەمترین بڵاوکوتەمان لەگەل کەسانی دەوروبەرمان هەبیت.
لە جەرگەی ئەم جەنجاڵە تراژیدیایەی ژیانی ڕۆژانەدا کۆمەڵێک ئینسان سەیان لە پەنجەرەکانی مالی خەیان دەرهیناو بیریان لە دەزینەوەی ڕەگەیەک کردەوە بە بەهاناوە چونی ئەو خەزانە هەژارو نەدارانەی کە خەیان پشتر ڕەنجیان دەبرد لە دەست برسیەتی، بیکاری و نەداری و تەنانەت بە موچەی و چارەکە موچەو ئیستەش دەبیت دەستوپەنجە لەگەڵ بەڵایەکی تری گیان کەشدا نەرم بکەن کە بەڵای قایرزی کۆرۆنایە، کە بە ئەو بڕشە لەخەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بەڵایەکی یەکجار گەورەو جیاوازو ترسناک بوو لەو ڕۆژگارە پە لە قیرانەدا.

ئاخر ئەوان سەرباری یەک بەیەکی ئەو کیشانەی کە باسکران یەکجار سەختە کە ناچار بکرین بەوەی لەماوە بمێنەوە و ریگە لە دەستفرەشی و حەمالی و خزمەتگوزاری وکریکاری و قەرزوقولەیەک بگەرن بۆ دابینکردنی شیری منداڵەکانیان.
دروست لەوبارودۆخە دژوارو پڕ بارەدا ئەمە کەمڵە کەسانێک کە ژمارەمان لە پێنجکانی دەست تێپەڕ نەدەبوو ، ووتمان کاتی هاتووە ئیستە ئۆگەر هیچمان پێنەکرێت دەتوانین لەتێنیشت ئەو خەڵکە بەشمێنەتەوە هاودڵیکیان بکەین و پێکەوە هەست بە دڵنەواوی هیزێکی زیاتر بکەین، بۆئەوەی کە لەگەڵی هاوپشتی و کاری هەروەزیەوە بتوانین هەنگاوێک بنین بۆ بەشداری کردن لەباشترکردنی ژیانی ئەو ژمارەیەی کە لەتواناو سنوری ئیمکاناتی ئەمدایە بۆ هاودڵی نیشاندانێک ئۆگەر بۆ کەمەکێکی زەر کەمیش بووە.
هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونەوە دەمانزانی کارەکەمان زەرسختە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەبوو یەک بەیەکی ئەمەش وەک ئەو خەڵکە خەمان بپارێستایەو لەهەوەی ئەوەدا بووینایە کە بڕکەوتەمان لەگەڵ دەوروبەرەکەی خەماندا نەبووایە، بەڵکو لە راستیدا دیوەکی سەختیکە

ئەوەبوو کە ئایدیایەکی زەرباش و ئینسانیمان هەبوو بەڵام لە خاڵی سفرو لەگیرفانی رەژانەی بەکاری خەمانەوە دەستمان پێکرد، سەختە بە ئەوەی کە ئەمە هووە بۆ کوردستان کارمان دەکردو بەڵام ئەو ڕەژانە تەنیا یەک کەسیشمان لەگەڵدا نەبوو کە لەوە هاوکارمان بێت.

بەڵام بەتەواوی مانا بروامان بەوە هەبوو ئەم سەختیە لە ئاستانەی مستەحیلدا نیەو دەبێت دەستی بە بەرین!
بۆیە لەهەنگاوی یەکەمدا بیرمان لەوە کردەوە کە لەهەوڵی دابینکردنی بەستەی خواردندابین بۆ ژمارەیەک لەو خەزانانەی کە پێویستیان بە نانی وشکی ڕەژانە هەیە، دواتر بیرمان لە دابەشکردنی جلوبەرگ کردەوە پاشان کەمەڵێک کەسان بەرکیان پێگرتین کە لەرووی تەندروستیەوە لە دەخیکی سەخت و پر معاناتدا ژیانیان بەسەر دەبرد .
تا سەرنجام کە ئیستە ئاوریک لەو ڕەژانە دەدەینەوە دەبینین توانیمان هاوکاری زیاتر لە دوو هەزار خیزان بکەین بۆ دابینکردنی بەستەی خواردن، وە زیاتر لە دوو تەن جلوبەرگ بگەیەنینە دەست ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی لە کوردستان... تەنانەت لەماوەی ئەم یەک ساڵەدا توانیمان کە زیاتر لە بیست کەس بەهرەمەند بکەین لە دەرمان و پێداویستی تەندروستی بە ماوەی چەند مانگێک، هەروەها عەمەلیاتی 7 کەسیش بکەین.

بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە بارودۆخی تەندروستی خەلکی کوردستان پێویستی بەوە بوو کە تەرکانی ئەمە لە ئاستەکی تردا مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات و پرۆژەیەکی تایبەت یان تەریکی تایبەت بە باری تەندروستی خەلکی کوردستان دروست بکات وەک یەکیکی تر لە تەرکان .
بۆیە دوابەدوای شکش مانگ کارکردن لەم بوارەدا سەرئەنجام توانرا پاش دیدارو بەسەرکردنەوەی دەیان دکتەر و پزیشکیار لە کەنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا تەرکە راگەیەنین و هاوکات دوو پرۆژە وەک ئەولەویەت بخریتە دەستوورکارەوە کە دروستکردنی تیمەکی گەرەک و کلینیکیک بوو، کە یەکەمیان تائیستە یەکەمین دەرچوونی سەرکەوتوانەی خۆی ئەنجامداوەو دووهەمیشیان تا ئیستە توانراوە بەبەی زیاتر لە 250 هەزار ئیورە ئامیری تەندروستی بە پێیدا بکریت کە لە ئیستەدا ئەم ئامیرانە بەریوەن بە کوردستان .
بەم بەشەویە توانیمان ژمارەی تەرکانمان بکەین بە 22 تەر لە کوردستان و هەندەران کە تائستە جگەی پشوازی و پشگیریەکی بەرفروانن چ لە ئاست ناوخۆی کوردستان و چ لە ئاستی ولاتانی دەرەوە، بەجەرەک کە سەدان کەس تائستە لەگەڵ تەرکانی ئەمەدا کار دەکەن!
بۆیە بەدەر هەر لاوازی و کەموکوریەک کە تەری هاوکاری کەمەلایەتی هەبیت، بەلام ئادەی بەرەوپیش چوونی ئەم پرۆژەیەو فراوان بوونەوەو بەردەوام بوونی بووتە ئەو ئەمری واقعەی کە دەست و نەیار دان بوونی ئەم تەرانەو کاریگەریان لە ئاست کەمەلگەی کوردستاندا دەنیت.
بۆیە جگەی خۆیەتی پاش یەک سات کارو هەسوران و ماندوبوونی کەسانەک کە بەکردەوە مایەیان لەسەر ئەم پرۆژەیە داناوە، دەکری پەکەوە شانازی بە کارەکانمانەوە بکەین دلخۆش بین بە پشەرەویەکانی تائیستەی و لەهەولی فراوان کردنەوەیەکی بەرچاوی ئەم تەرانەدابین بە رادەیەک ئەوەی کە لە ئیستەدا هەیە وەک ماترلیالیک بکریتە هەوێنی بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی فراوانی کەمەلایەتی، کە ئەمە تائستە بەو خاڵە لاوازە هەژماردکرەت کە دەبەت ئەمە تەوای هەول و توانای خەمان بەدەوری بگەڕخستنی ئەو بزوتنەوەدا بگەڕ بخەین و لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیدابین، کە ئەو ماتریالەی لە کەمەلگادایە بە دەخالەت و نەخشەی رەشن و پلان وتاکتیکی دروست ریکیبخەین و هەول بدەین بە بنیادنانی ئەو بزوتنەوەر فراوانەی کە دەتوانەت تەوای تانوپۆی کەمەگا بتەنەتەوە!

دیارە زەر لایەنیکەی شەوکارو تاکتیک و میکانیزمی فراوان بوونەوەو

هاگەیاندن و فۆکەس کردن لەسەر ئاراستەی کاری کۆمەڵایەتی و بنیادنانی کاری محەل و شوێنی کار وەک بنکەی دروستکردنی تەکانمان دەگرتەوە ، کە هەوە دەدەین لە زنجیرەکانی تردا ئاوێان لە بدەینەوە. لەردا جگەی خەیاتی بانگەوازی هەموو ئەو دەست و هاوڕێ و ئەزیزانە بکەین کە تائێستە چوارچێوەی گشتی کارەکانیان پەباش و پەسەند بووە، پەیوەست بە ئەمەوە خەشیان ببنە بەشەک لەو ماتریاڵەی کە دەتوانێت پەکەوە بەهێزی یەکگرتوومان و دەخالەتگەری عەمەلیمان ئەم تروسکەیە بگەشێنەوە جوانەوەیەکی بەهێز بەدەوری ڕەکخستنی ئەو خەڵکە هەژارو کەمدەرامەتە بەرپابکەین بە پاشترکردنی ژیان و گوزەران و ئایندەیەکی شایستەو ئینسانی بۆیان !
تائەڕە ماوەتەوە بە یەک بۆیکی ئەو هاوڕێ و دەست و ئەزیزانە بڵێن کە لەماوەی یەک ساڵی ڕابردودا بەهەرجەڕەک و لەهەر ڕوگەیەوە هاوکارمان بوون دەستکانتان خوش بێت بە دنیای بێبە هاوکاری و دەخالەت و دەسەزی ئەوە ئەم تەوانە نیاندەتوانی ئەم سیماو جگەو ڕوگەیان هەبێت و هیوادارین کە لە ئایندەدا بگوەتینەکی زیاترەوە هاوکارو هاوڕێمان بن، چونکە ئەمڕە لە هەرسەردەمکی تر زیاتر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان پەویستیان بە ڕەکخستن و هاوکاری هاودەی کردنە، خەشحاڵین بە بوونتان و سوستان دەکەین!

دوا باران.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

سەرتا ، هەموو شتەک..
لە دڕپەی باران ،،
لە خەم،،
دەستی پەکرد،،
داسی تروسکە،
لەسەر ملی دارستان،
ماڵئاوایی گیای سەوز،
لە شنەبا، دوا دڕپەی فرمێسک..
لەگەڵ خۆا،،

دوا دەستەملانی کرد،
ەەگی دارەکان، تینوو..
بە دوا فرمێسک،
ئاسمان گۆڕانە لەم، تووڕەی دا،،
چارەکەی ەەش و…
دڵاوی کەشتی هەور،،
دڵیان مەلی بەلانە،
پیاوە بە ماەەکان،،
ژنە بە شوناسەکان،،
لە ژیر دوا لەزمە ی بەهودەیی…
شەقامەکانیان چەە کرد،،
دواهەمین بارانی..
ەەل و لیخنی تینوە،
وەک فرمێسکی سوەرو تاە،،
بەسەر پەیکەری ساەی عیشقی قاتو قە،،
منداەەکی برسی، بە ئاگا،،
لە وەرزە تەمەنکی تفتی بەباران،،
جانتاکەی، پە لە فرمێسکی هەور،،
تەنیاکان، هەژارەکان..
نیە دەرچوون، لە ئەندەشەی..
پە ئەشکەنجەی شار،،
لە چاوەەوانی ، بە دوای بەلەم ،
لە ئەفسانە ی درەی خەشبەختی،
چوونە ژێر گریانی ووشکی هەور،،
دوا فرمێسکی گەرمی..
بەهارەکی ووشک ،،،
وەک وەرانە بیابان، داچەەا،،،
بە قووڵایی کانی ەەحیان،،
وەک مەلی تەە ،،
لەو سەری کەەان،،
تارماییەک پە هەەئەگرە،،
دوا چرپەیەک، لە ووشکە با،
دوا هەنگاوە،،،
بەلای پەنجەرەیەک،،
لە تەم و مژ،،
نیگایەکی خەرا..
لە ەوخساری تەەی ئەو،،

بە دوا فرمێسکی گەرمی بەهار

.....
وێنەکە کارێکی هونەری فۆتۆگرافەری برازیلی
(Guilherme Gomes)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

قەسیدەی خوێنەک لە خوێنکانمدایە.. ستیڤان شەمزینی

خوێنک لە مندا کوتتە شپەلدان
لەگەڵ خۆی ئەمباتەوە
ئەو خەوتگایەی بە یەکەمین جار
کتێبکانی عەشقم تێیدا خەتم کرد و
بە یەکەمین جاریش
بینم نا بە قوماڕەی ژەهری ژیانەوە
هەر لەوێش
سەرتا بووم ئەو پەروانە دەم بەپێکەنینەی
لاوکی بە گوڵە پەمەیێکانی باخ ئاچەی و
لەگەڵ غروبدا سەری خۆی بە بناری تیشک هەڵئاگرت
بەیانیان پێش باخەوانکان
باخچەکانی بەدار ئەکردەوە و
نیوەڕانیش پرچی سەوزی بەهاری شانە ئەکرد
بووم ئەو نۆرەسە چاو خوماریێ سەرەیێ
ختووکەی مانگی ئەدا و
لەئاوابوونی خۆری ئەوانی
سەرگوزەشتەی شپەلەکی ئاشقی
بە گوێی دەریادا ئەچرپاند
زەر جاریش بەدەم تێکردنی ڕەی ئاسمانەوە
لە شەنگبیێکانی بەردەم ماڵی قەرەجەکی ئەوانی و

لە دیمەنی دووکەڵی ئاگردانەکان ورد ئەبووەوە
لەسەر دەفتەری خەیاڵیش
یاداشتەکانی خەی ئەنووسیەوە
بووم ئەو ونبووەی
لە نەو کەڵانەکانی دەدا بزربووم و
لە بنبەستی کوچەیەکدا
دامە پەمەی گریانەکی بە کووە
بە ئەو ڕۆژانەی تەمەنم
لە دووری گەلاسی ماچەکانت بوون بە تەم
بە ئەو شەوانەشی
لە پشت چراخانی ڕۆژگاری درزنەوە
وەک کەترەکی باشکاو
بەربووەوە دەڵی هەڵپەووکانەوە
بووم پیرە سەفیەکی خانەقای دەشکاویی
موناجات و قووپی گریان
ئەگەم بە قاقای پەکەنین
ڕەنگی زەردی پایز
لە سەوزایی بەهار هەڵئەکشم
فەرامۆشیی دەروون
ئەکەمە سترانەکی داگیرساو
دەڵابی خەزگەکانم
سەراوەژ ئەکەم لە سەراب
ڕەونەقی ژیانی لاویم
لە چرچی تەمەنەوە ئەپچم
کاسەسەرم ئەکەم
بە تەپەکی ئەو سیگارانەی
بە دیار ڕۆژە ئاەزکاوەکانمەوە
هەدی هەدی ئەسووتان
فنجانی قاوەکەم
لەوانلەو ئەکەم لە خەمی شیرین
بەهەشتی خەیاڵیشم
بە ئاگری بە تاقەتی ئەکەمە سووتماک
هەدە چەکانی ژینم
تەژی ئەکەم لە مەیلی خەکوشتن
بووم ئەو موسافیرەی
نیشتمانم لە نەو جانتای سەفەرەک لە بیر چوو
ژیانیشم فەردەیەکی قورسی ژانە بە کەمەوە و

عەشقم لەنەو سندووقی رزیوی دەما بەند بووە
لەسەر هەموو شانەکانی شادیم
لوغمی بەهودەیی چنراوە و
بەختەوەریی گەمە و چاوشارکێم لەگەڵ ئەکات
منیش لە تولەی ڕەگاکانی مردنا
تووشی ژیان ئەبم
کە چیتر کەناری دەم
بەسەر ساردوسێیی وجوددا ناخونێ
بووم ئەو ڕەبوارە شکۆتەی
بەدوای جوگرافیای خەشیا وەڵ بووم
سەفەرم کرد لەگەڵ ئەو باڵندانەی لە وەرزی کەچدا
ڕووەو باخە ئاڵکانی ونبوون لە شەقی باڵیان دا
لەگەڵ بارینی تاوە تەرزەی شوومی و نەگبەتی
چەتری دەستم ڕەشەبای نیگەرانیی فڕاندی
دەنکە مووژی تاڵیم لە گیرفانی شەروالی زەمەن
دەنک دەنک دەرئەهێنا و دەمکردە مەزەی
پێکەتفتەکانی سەفەرێکی بە ئەنجام
بازم ئەدا
بەسەر گەڵە هەزار بەهەزاریەکانی جوانی و
گەپەکانی غوربەتم
بە پەناگە تاریکەکانی شیعر دائەگیرساند
بەرلەوەشی شیعرێک بنووسم
هەزاران ئازار ئەینووسیمەوە
پێش ئەوەی ڕستەیەک وەک بەڵە تر
لە هەشووی قەسیدەیەک بکەموە
سەدان گوڵ لە باخی دەم ئەکرانەوە
بووم ئەو قەڕاجەی زەمیلەیەک خەمی نارنجیم
بە کیشوەرەکانی تەماندا ئەگەڕا و
بە ماندووبوون دەسکەنەی ڕەشبینیم ئەکرد
چنگم لە ڕەشترین هەسارە گیر ئەکرد و
دووبارەم لە هەڵم دروست ئەکرد
تاکو پەی بفەم
بە پشتی شۆن و ئەودیوی کات،
تاکو سەرمەست ببم بە هیچ
لە هیچ زەمەن و شوێنکیشا نەبم
بە پێنووسی گۆشەگیریی سەرگوزەشتەی
ئەو کانییە ئەگەمەوە لە دەما وشکی کرد

مژووی ئو شار ئنووسمو
لە رحما بوو بە زربار
چیرکی ئو سفر ئنووسمو
هرگیز نمکردوو
داستانی ئو عشق ئنووسمو
هیچ کات بدستیناهنم
بیروری ئو گم ئنووسمو
لە وشکانی چاوکانما خنکا
سیفی ئو شاخ ئنووسمو
لە چاوتروکانکا بوو بە غوبار
بیگرافی ئو شماندفر ئنووسمو
ناگاتە وستگی چاوانیم
بووم ئو نسرمی
هیچ وخت خری لە هنایە و
ددارییلگە ئو دارتووە زە ئکم
هیچ چلکیک هلانە لسر دی ناکات و
هیچ کترە شینکیک ساوی لە ناکات
نفرت بە ئو تفنگ رزیوانە ئنرم
کە ویشووم شن
دی ئو سربازانە ئدمو
پش ماچک کوتنە بر دسژی مردن
سما لگە ئو شمشرانە ئکم
چرچفی ماندووبوون ئدن
یاری لگە ئو شنبایانە ئکم
سرووشت عزف ئکن
لگە ئو رشابانیش دچمە ژوان
سرپشی کساسیم هئدنو
بووم ئو شاعیرە کمدووە چاو دریاییی
بە عشقتان ئناسنمو
لە نیشتنوی کتری ماچ
لسر لوکانتان بە ئاگاتان ئهنم
چژی راموسانتان
لە گزی شیعردا بسردا ئژنم
لە کتایی ئمدا
بە سورتی ددارییتلقینتان ئکم بە سبی
لم چرخ سزانییدا
پریاسکیک تریفتان لە بردمما هدژم

بە ئەوەی کەستان هەڵپە بکەن بە کەکردنەوەی
لەم سەدە کەدا
پە گوێیەکانتان ئەکەم
لە سەدای پیانۆیەکی دەتەنگ
لەم زەمانە لادا لە بری ئەوەش
مرۆتی خەم نیشانی میهرەبانیی ئەدەم
پە بە گەروەم هاواری لەدەکەم و
بانگی ئەکەم بە سەر سفرەی دەقی
لەم رۆژگارە سپڵیدا
ئاگرێک لەسەر بەستەکی غرورتان ئەکەموە
بە تینی دیوانێک ئەتانسووتێنم
لە دەرگای واقعشەوە دەریبکەین
لە پەنچەی خەیاڵەوە
خەی بکاتەوە بە ماڵی دەروونتانا
بووم پاڵەوانی ئەو رەمانەی لە هەموو شتێک ئەدوە
تەنیا دابڕان نەبە
باسی هەموو رەنگەکانی خۆشەویستی ئەکات
تەنە رەنگی فیراق نەبە
بە شان و شکۆی هەرچی مەلە هەڵئەدات
تەنیا کونە پەپووی رق نەبە
پەناسەی هەموو مەخلووقێکی لە خەگرتووە
جگە لە قەڵەشی زام
یادگاریی هەموو مرۆڤێکی لە خەیدا جە کردەتەوە
تەنە ئەو جەرە مرۆڤانە نەبەت
تاکو ئێستاش سەاوەکیان
لە کەتری عەشق نەکردووە
هەموو هەوڵەرینێکی تەدا تەمار کراوە
جگە لە هەوڵەرینی ئەو عاشقانەی لە وەستگەی یەکەمدا
لە فارگەنی عەشق دابەزین
هەموو جەرە شیعرێکی تەدا نووسراوەتەوە
بەدەر لەو شیعرانەی
بە خوەناوی ئەڤیندارییی نەنووسراونەتەوە
چیرێکی هەموو شەوەکان ئەگەتەوە
جگە لەو شەوە نائارامانەی
بەردی تەدا ئەگیرەتە کوخە بچووکەی دە
پەاوپڕە لە وەسفی "با"
جگە لەو باهەزانەی دەفتەری دەستی

عاشقان ئەفسانن
لە کاتی نامەنووسینا بۆ یارەکانیان
هەموو پرسیارێکی لە خۆگرتووە
تەنێ ئەو پرسیارانە نین
وەڵامەکەی بۆنی بەرخەحمیی و دڵزەخی مەنفا لێدێ
هەموو جارێ پەرستگایەکی تیا ڕانراوە
جگە لەو پەرستگایەی
ڕاهیبەکان وەک ئاسنگەرێک دەی هەتاوی تێدا دەکوتنەوە
هەموو جارێ کتێبێکی لە هەناودایە
جگە لەو کتێبەی نووسەرەکەی
لە پەسنی عەرشی سوتاندا نوسیوویەتی
هەموو خوێنێکی تێدا ئەبینرێ
جگە لەو خوێنانەی ماناکەی
سەرهەڵگرتنی گوڵە لە حەرەمی باخ
هەموو خوێنێک لە نەو خوێنکانی مندا ئەبینرێ
جگە لەو خوێنانەی تۆ لە من دوور ئەخاتەوە.

2017
کەنار رووباری راین

تۆ.. کەنعان مدحەت

هەمو تۆیەکم
نوسینەکە
شیعرێکە لە بەرگی کەپە
ڕەمانێکی ڕووت و قووتی گۆ و گون بە دەری،
لە ڕیاییکردن و پیاهەڵدان نەفرەتکەر
وشە بە وشەیان بخنە ژێر گوورەکەری،
هەر دەرچوویەکی حوجرە و پەیمانگای مەشک لە بار بەر
یەک تاقە وشەیان پێ دەستەمۆ ناکرێ!
ڕەگی هەگبەتۆ بە بەردەوامیی ئازاری لە ئاین و
ڕامیاریەوە سەپنراو

ئەم سەدەی بیست و یەکەم
نەک سانای قەوقاتی و
بەسەر ئەم خەڵک و ئەو خەڵکا هەڵدان
تێبینی ئەو وەردە جوانەوانە بکەن
کە ها ئێستا و کەمێکی دی
لە قاوغی سستییەوە دەردەپەڕن و

- بە جیاوازی –
بەردەبنە قابیل و هابیل
دەرپەکانیانیش دەننە خوار و بەیەک دەنگ
هاوار دەکەن:
- حوکمتان بە کەرمانەوە!
ئەو گەمە مەنگە ئەوەندەی خۆشە
بەردەکی تیا بهاوێژرێ
لافاو بەزەیی بە کەناری خۆشیا نایەت و
بەربەستیش ناخوێنێتەوە
لە هونەرمەندی بە سەلیقە گەڕەن
بە هەر قەڕەم گرێک
ئاوا تابلۆیەکی پشکۆیی دەکێشرێ
من مەغزام لا لە هونەریی گرنگترە
خەمم لە ئاینەکەم پە خۆشەویسترە
چرای زەینم
قەت قەت ناکەمە قوربانی
تاریکیی دەستنووسەکی لە بڤەی بە بنەما
شاخی خۆشم
بە تراویلکەی بیابانییەکان ناگەمەوە

چیرۆک بە منداڵان.. هەڵە و تیر .. ڕزا شوان

هەڵەیەک لەسەر لووتکە چیایەک نیشتبوو. نەچیرەکی لەسەر زەویدا بەدی کرد. هەڵەکە بەی هاتە خوارەوە تا

بیگرێت. زۆری نەمابوو کە پۆلاماری نێچیرەکەی بدات. راوکەرێک لە پشت دارێکدا خۆی مات دابوو. تیرێکی ئاراستەی هێڵەکە کرد. پێکای و تیرەکە بەر سنگی هێڵەکە کەوت. هێڵەکە کەوتە سەر زەوی و خوێن لە برینەکەی دەچۆڕایەوە. ئازارێکی زۆری هەبوو. کە لە تیرەکەی روانی، بینی لە یەک لە شاپێڵکانی خۆی دروستکراوە.
هێڵەکە بە دەم ئازارەوە، وتی:"بە داخەوە بە تیرێک لێیاندەوام، کە لە شاپێڵی خۆم دروستکراوە"
() ئەو پەند و وانەیەی لەم چیرۆکە دایە، گەر خزم و خۆش یارمەتی دوژمنانمان ندەن. دوژمنان بە کامی خۆیان ناگەن. زۆر جار دۆژمنان و نەیارانمان بۆ هەیانە دەمان پێکن کە لە خمانەوە دەستیان کەوتوون. پەندێکی کوردیشمان هەیە: "دار دەڕێ: ئاگەر تەور کللکی لە خۆم نەبوایە.. نەی دەبەیمەوە" () ئەم چیرۆکە لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە بە کوردی. ناوی نووسەری لەسەر نییە.

نەرویج: ٢٠٢١

"دایکانی من" خەڵاتی بینەرانی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی کوردی "لەندەن"ی بەدەستهێنا

مەنسوور جیهانی ـ فیلمی دیکۆمێنتی "دایکانی من" لە دەرهێنانی هاوبەشی سینەماکارانی کورد "ئیبراهیم سەعیدی" و "زەهاوی سنجاوی" و لە بەرهەمهێنانی "عەباس غەزالی" خەڵاتی سیمی بینەرانی بەشی "سینەمای کلاسیکی کوردی" لە دوازدەمین فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی کوردی "لەندەن" لە وڵاتی بەریتانیا لە نێوان 50 هەڵە باشترین فیلمە بەرچاوکانی سالانی ڕابردووی ڕووتی سینەمای کوردی بەدەستهێنا.

بۆگۆفیلمی "دایکانی من" All My Mothers لە دەرهێنانی هاوبەشی سینەماکارانی کورد "ئیبراهیم سەعیدی" و "زەهاوی سنجاوی" و لە

بڕپرسی بڕەم و لە بڕەمهێنانی "عەباس غەزالی" کەسایەتی بڕچاویی کەلتووری هەرەمی کوردستان و بە ئاوازدانەری مامۆستا "حوسێن عەلیزادە" موزیکزانی ناوداری ئێرانی؛ سەبارەت بە کەمکۆژی ئێنفال بە دەستی ژەمی بەعس، لە نوێترین بڕیاری نوودوێتی خێیدا بە نوێنڕایەتی لە هەرەمی کوردستان، لە بڕشی "سینەمای کلاسیکی کوردی" لە دوازدەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی کوردی "لەندەن" لەگەڵ بڕەمە شاکارەکانی سینەماکارانی گەورەی کورد لە وڵاتی بڕیتانیا نمایشکرا.

ئەمساڵ، بڕەمەکانی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی کوردی "لەندەن" بە هەی بەاوبوونەوەی پەتای قایرەسی کۆرۆنا بە شێوەی ئۆنلاین نمایشکران و فیلمی دیکەمێنتی "دایکانی من" توانی یەکێک لە سێ خەاتی بینەرانی بڕشی "سینەمای کلاسیکی کوردی" ئەم ڕووداوە سینەماییە لە نێوان بڕەمە شاکارەکانی ڕۆتی سینەمای کوردی بەخێی تەرخان بکات.

لە بڕشی "سینەمای کلاسیکی کوردی" 50 فیلم لە باشترین بڕەمەکانی مێژووی سینەمای کوردی لە دەرهێنانی سینەماکارانی ناوداری کورد لێوانێ: فیلمە سینەماییەکانی "یۆل" (گۆگا)، "ئومێد" Umut، "بووکی زەوی" Bride of the Earth و "مە" Sürü، "ساتێک بە مەستی ئەسپەکان" و "کیسەڵکانیش دەتوانن بفڕن" لە دەرهێنانی "بەهمەن قوبادی"، "پەینەوە لە غوبار" و "شوێنک بە یاری" لە دەرهێنانی "شۆکەت ئەمین کورکی"، "سرتە لەگەڵ با" لە دەرهێنانی "شەهرام ع‌لیدی"، "زۆ" لە دەرهێنانی "کازم ئەز"، "ادیە کەبانێ" و "سەدیق و پەینگ" لە دەرهێنانی "ڕەبەر دەسکی" و بڕەمەکانی دیکەی سینەماکارانی بەناوبانگی کورد، لێوانێ: "قودەت گونەش"، "مانێ خەلیل"، "ئەڤین مەنتاس"، "ئەکرەم حەیدێ" و … بەشداربوون و لەم بەشەدا سێ فیلم، لە لایەن بینەرانەوە دەستنیشان کران و بە ناونیشانی فیلمە هەڵبژێردراوەکانی بینەران لە ڕووەسمی کۆتایی ئەم ڕووداوە سینەماییەدا دیاریکران و لە لایەن بڕپرسانی فیستیڤاڵەوە ڕاگەیەندران.

لە ڕاستیدا ئەم بڕەمانە، لە نێوان فیلمەکانی فێستیڤاڵدا زۆرترین بینەریان هەبوو، کە بریتین لە: فیلمی یەکەم "زۆ" Zer لە دەرهێنانی "کازم ئەز" لە باکووری کوردستان و وڵاتانی ئەمانیا و ئەمریکا، فیلمی دووەم "باکوور" Bakur لە دەرهێنانی "پایان دەمیرەل" لە باکووری کوردستان و فیلمی سێیەم "دایکانی من" All My Mothers لە دەرهێنانی هاوبەشی سینەماکارانی کورد "ئیبراهیم

سەعیدی" و "زەهاوی سنجاوی" لە هەرەمی کوردستان.

"ئیبراهیم سەعیدی" بەجگە لە فیلمی "دایکانی من"، بە فیلمی سینەمایی "ماندووش Mandoo لە بەشی "سینەمای کلاسیکی کوردی" بەشداربوو کە لە تەنیشت بەرهەمکانی دیکەی ئەم بەشدا بە هەگرانی هونەری سینەما بە شێوەی ئەنلاین نمایشکرا.

ئەم دەرهێنەر و مۆنتێرە بەئەزموونە کوردە، لە بەشی "مۆستەر کلاسەکان"ی ئەم فێستیڤاڵەشدا ئەزموونەکانی خۆی لە بواریی مۆنتاژدا بە هەگرانی هونەری سینەما پێشکەش کرد کە تیایدا بابەتی خوڵقاندنی مۆنتێر و کاریگەریی ئەو لە پێسەی پێکهێنانی دەرئەنجامی فیلمە سینەمایی و دیکەمێنتارییەکانی خستەڕوو.

دوازدەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی "لەندەن" و هەشتەمین خولی پێشبڕکێی کورتە فیلمی تایبەت بە سینەماکاری هەرمانی کورد "یڵماز گونای" Yılmaz Güney بە نمایشی 118 بەرهەم لە سێ بەشی فیلمە بینراوە سینەماییەکان، بڕگە فیلمەکان، کورتە فیلمی چیرۆکی و ئەنیمەیشنی لە چەندین بەشی پێشبڕکێی، لەوانە؛ بەشی "پێشبڕکێی سەرەکی"، بەشی "پێشبڕکێی کورتە فیلم"، بەشی "پێشبڕکێی کورتە فیلمی دیکەمێنتاری"، بەشی دەرەوەی پێشبڕکێ، لەوانە؛ بەشی "هەڵبژاردەیەک لە باشترین بەرهەمکانی یڵماز گونای"، بەشی "چاوخشاندنێک بە بەرهەمکانی سینەماکاری کورد کازم ئۆز" Kazım Öz، بەشی "چاوخشاندنێک بە بەرهەمکانی سینەماکاری کورد وەیسی ئاڵتای" Veysi Altay، بەشی "کورتە فیلمی ئەنیمەیشنییەکان"، بەشی "هەژارێک هەژگارێک لە کوردستان"، بەشی "منداڵان لە فیلمدا"، بەشی "ژنان لە فیلمدا"، بەشی "جۆژنی کەلتووری"، بەشی "سینەمای کلاسیکی کوردی"، بەشی "خەبات درێژەی هەیە"، بەشی "ئۆپەڕەیی سنووڕکان"، بەشی "شەڕ لەسەر پەردەی سینەما"، بەشی "چیرۆکەکان لە تاراوگە" و هەروەها بەشی "مۆستەر کلاسی سینەماکاری کورد ئیبراهیم سەعیدی" و بەشی "مۆستەر کلاسی سینەماکاری کورد حوسێن کارابای" لە هەژانی 16 تا 27ی ئەپرێلی 2021 بە هەی بەاوبوونەوەی پەتای قایرەسی کۆرۆنا بە شێوەی ئەنلاین لە شاری لەندەن پێتەختی وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو.

فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن کە ساڵی 2001 دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە، گەورەترین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە سەرتاسەری دنیا سەبارەت بە خۆکی کورد یا ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیی بە کوردەکانەوە هەیە دەتەژمار، کە هەموو ساڵێک بە بەشداریی

بەرهەمی سینەماکارانی کورد و بیانی؛ لە چەندین بەشی پشبەکی و دەرەوەی پشبەکی، ڤەرکشۆپی فەرکاریی، کۆبوونەوەی پسپۆرانی سینەمایی، کۆی ’ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی فیلمەکان و … لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوەدەچێت.

بۆ زانیاری زیاتر:
/https://www.globalkurdishfilmfestival.com/film/all-my-mothers

https://www.globalkurdishfilmfestival.com/film/qanda-ebrahim-s/aeedi-all-my-mothers-and-mandoo

/https://www.globalkurdishfilmfestival.com

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی فیلمی دیکۆمێنتی “دایکانی من”.

یانزدەهەمین کۆی یادەوەری سەردەشت عوسمان

دوا ڕاگەیاندن سەبارەت بە :

لە یانزدەهەمین ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنوس جەخت دەکەینەوە لەسەر :
یەکەم:
دەسگیرکردن ،دادگایی و سزادانی هەمو تاوانبارانی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەهەر پلەو پۆستکی پارتی و دەسەاتکەیدا بن . هاوکات دەسگیر کردن ، دادگایی وسزادانی هەمو ئەو تاوانبارانەی تر کە هەوڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسانی تیرۆر کردوە کە لیستکی دورو درێژە.
دووەم:
ئازاد کردنی دەستبەجێی هەمو هەوڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان بە تایبەتی دەسگیرکراوەکانی بادینان کە لە ژێر سایەی سەرکوتگەری پارتی دیموکراتی بارزانی لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدان تا دان بەوەدا بنن کە تاوانبارن.

سەهەم:
پابەند بونی دەسەلاتدارانی هەرەم و لایەنە سیاسییەکان بە بەرگرتن لە ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان بە بە دانانی قەیدو بەند، بە تایبەتی ئازادی سیاسی و چاپەمەنی .
بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئوستڕالیا یانزدەهەمین ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان بەرزو بەرێز ئادەگرێت لە کەنبەکدا بە پێی کات و شوێنی خوارەوە.
لە بەرنامەی کەنبەکدا وێڕای ووتەی دەستەی سەر پەرشتی کەنبەکو نمایشی فلیمی بەڵگەیی هاوکات هەر یەك لە بەڕێزان ئارام علی - میدیاکار- بۆ سەردەشت عوسمان بە نوێنەرایەتی خانەوادە خەڵگرەکەیان پەیامی هەیە، هەروەها بەڕێز نیاز عبدالله چاپەمەنوسی ئازادو داکۆکیکاری بوێرو سەرسەخت لە ئازادی لە کوردستان پەیامی بە لایق دەبێت.
شایانی ئاماژەیە کەنبەکە بە لایقیش پەخش دەکرێت.
بانگەوازی هەمو لایەك دەکەین ، بە تایبەتی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان لە سدنی، بەشدار بن لەم یادەدا .
کات : ٢٠٢١/٥/٩ کاتژمێر ٦ ئێوارە
شوێن: ئەلفا پارك کۆمیونتی سەنتەر بەرامبەر شۆپینگی وێست پۆینت – بلاکتاون

Alpha Community Centre -Apha st Blacktown -opposite westpoint shopping centre

خۆشحاڵین بە هاتنتان
کۆمیتەی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئوستڕالیا/سدنی
٢٠٢١/٥/٢

کۆرتەیەك لە ژیانی ئابڕی کرێکاری ئەلبێرت گەدوینگ -

(جنجر) لە کەندا

(هەوو لە ئاسمان مەکەو مەپرسەوە، وەرەو بەیزی ناوزایەتکانمانەوە پەیوەست بە.)
ئەلبەرت گەدوینگ(جنجە)

ئامادەکردنی: گەران عەبدوللا..

لە یەکێک لە ناوچەکانی بەهاری ١٨٨٧،منداڵێکی قژ سوور لە باکوری وەاتی ئینگلیز هاتە دونیاوە و ناوی نرا ئەلبرت گەدوینگ، بەڵام خەزانەکەی و هاوڕێکانی ناویان لێنابوو **جنجە**.

لەو سەردەمدا خوێندنگیەکی زۆری هەبوو، بەکار دەهات بۆ سوتاندن و بۆگەخستنی شەمەندەفەر و کەشتیە بوخارێکان. ئەلبەرت (**جنجە**) هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە بوو بە کرێکار لە کانە خەوزەکانی بەریتانیا لەگەڵ باوک و براکانی. لە ١٩٠٦ ووێکرد کەندا و لە ١٩١٠ لە هەرەمی برتش کەڵمبیا گیرسایەوە، چوونکە هەرەمەکە لەو بوارەدا کاری زۆر هەبوو بۆیە سەرەتای کاری لە کانی ژمارە پێنجەوە بوو لە دوورگەی قانکوڤەر.
کارکردن لەو کانەدا کارێکی لەبار نەبوو. تەزی خەوزەکە دەبووە هۆکاری نەخۆشی کرێکاران، تەنانەت دەرچوونی گاز لە زەوێکەوە بەهەمان شێوە دەبووە هۆکاری نەخۆشی، جاری واش هەبوو کانەکە بەهۆی تەقینەوەوە دەڕوخا بەسەر کرێکارەکاندا.
جنجە کە گەشتە تەمەنی ٢٣ ساڵ، ٩ ساڵ بوو لە کانە خەوزینەکان کاری دەکرد و تا ئەو کاتەش کەسێکی تەندروست و لەش سوک بوو. لە بواری وەرزشیشدا یاری تێپێن و مەلەوانی دەکرد.
زۆری نەبرد جنجە وەک سەندیکالیست و بەرگریکارێکی مافی کرێکاران و وتار بێژێکی حەماسی ناسرا.
پاش خەپیشاندان و مانگرتنەکانی ١٩١٢- ١٩١٤ی کرێکاران لە دوورگەی قانکوڤەر کە سەرەتای دەستپێکردنەکەی لە دەرکردن و خستنە لیستی ڕەشی هەردوو کرێکار و سەندیکالیست Oscar Mottishaw و Isasc Porterey بوو ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی کەوا لە ڕاپەرتکەدا بە لیژنەی بەدواداچوونی دزکردنی گاز لە کانەکان ئاماژەیان بە چەند شوێنێکی کانەکە کردبوو کە گاز لەوەی دزە دەکات و ئاگری گەگرتنیان هەیە. شایانی باسە لە ١٨٩٠ەوە تاوەکوو ١٩١٢ لە ئەنجامی گەگرتن و تەقینەوەی کانەکانی ئەو ناوچەیە ٣٧٣ کرێکار گیانیان لەدەست دابوو.



مانگرتنی کرێکاری کانەکانی دورگەی ڤانکۆڤەر لە پاش مانگرتنە گشتەکەی ونیپێگ لە ساڵی ١٩١٩ بۆ مانگرتنەکی گەورەو شکەدار دەناسرێت لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری کەنەدا.
ئالبێرت گەدوینگ یەکێک بوو لە ئابرانی ئۆو خەپیشاندانە و بەهەکاری وتار و هۆسورانی لە سەندیکاکاندا لەگەڵ سەدان کرێکاری خەباتکاردا ناوی خرابووە لیستی ڕەشەوە، هەر بۆیە پاش خەپیشاندانەکان، ئۆوو چەندین ئابری ناسراوی تر ڕێیان پێندرا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و تەنانەت لە هیچ کانەکی تریش بۆیان نەبوو کاربکەن.
لەوسەردەمەدا دەوڵەت ئاشکاوانەو یەک لایەنە هەزی پۆلیسی خۆی بەکار دەهێنا بۆ پاڵپشتی لە خاوەنکاران و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری، تەنانەت زەرجار لە ڕێی دامەزراندنی کرێکارانی تریەوە کە بۆ خەپیشاندان شکێن ناسرابوون جێگای کرێکارانی ناڕازییان پەدەکردەوە. زەربەی جار ئۆو خەپیشاندان شکێنانە لە کرێکارانی چینی و کرێکاری بەریتانییە تازە هاتووەکان بوون.

ئالبەرت گەدوینگ(جنج) پاش دەرکردنی لەسەر کارەکەی، بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ بەکار مایەوە. پاش ئۆو ماوەیە لە مانگی مەی ١٩١٦ لە شارچکەی ترێڤ لە کورەی ئاسن تواننەوە کاری چنگ کەوت.
درێژەی بەکاری سیاسی خۆیدا و بۆ ئاشکرا بەرگری دەکرد لە

سۆشیالیزم و خەباتی چینی کرێکار. لە ١٩١٧ هەڵبژاردرا بۆ بەرپرسی مالی سەندیکا، هەروەها بوو بە جێگری یەکەمی کرێکارانی برتش کۆڵمبیا.
لە ڕووی سیاسییەوە ئەندامی پارتی سۆشیالیستی کانەدا بوو کە لە ١٩٠٤ دامەزرابوو. دواتریش پارتەکە پێوەست بوون بە پارتی کۆمۆنیستی کانەداوە.

لە ١٩١٧ کرێکارانی کۆرەی ئاسن بە ڕابەرایەتی ئڵبێرت گێدوینگ(جنجە) دەستیان دایە مانگرتن لە پێناو ٨ سەعات کار و کرێی زیاتردا، لەو کاتە کرێی ڕۆژانەی کرێکارێک$2.75 بوو. مانگرتنەکە شکستی هێناو ١٢٠٠ لە کرێکارانی بێشداربووی خێپیشاندانەکە لەسەر کار دەرکران.



کانەدا یەکێک بوو لە وڵاتانی بێشدار بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. لە ١٩١٧ دەوڵەت بەیارێکی دەرکرد کە دەبێت ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵییە دەبێت بێشداری شەڕبکەن.
ئڵبێرت دژایەتی کارێکی ڕاستەو خۆی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. بەهۆی ناساغی تەندروستییەوە کە بەهۆکاری کارکردنی لە کانە خەڵوزەکان توشی هاتبوو بڕیار لەخێشبوون کڕوت لە خزمەتی سەربازی. لە شاری تڕێیە خێپیشاندانێکی بەڕێخست بۆ ٨ سەعات کار، پاش خێپیشاندانەکە بۆ ١١ ڕۆژ بۆ نامەیەک ئاگادار کرایەوە جارێکی تر بانگ کرایەوە بۆ پەداچوونەوە بۆ ڕاپۆرتە پزیشکەکەیدا. ئەمجارەیان پێیان ڕاگەیاند کە تەندروستی باشەو دەبێت بچێتە خزمەتی سەربازی، هەرچەندە بەیارەکەی لیژنەی پزیشکی تەمیزکردەوە، بەڵام سودی نەبوو دەبوایە لە ١٨ی نیسانی ١٩١٨ پێوەستبێت بۆ سوپاوە.

ئڵبێرت بەیاری تەواوی خێدابوو کۆنایەڵت بێشداری ئۆشەڕ بکات. ئەو پێیوابوو **نابێت کرێکاران یەکتر بکوژن لە شەڕێکی ئابوریدا** هەر بۆیە لەو مانگەدا گەڕایەوە شاری کومبرلاند و لە دەستی دەسەڵاتداران هەڕەشەات و پێوەست بوو بەو هاوڕێیانەوەی کەوک

کەمێکی بچوکی دژ بە شێ چووبونە شاخکانی دوورگەی ڤانکوڤەر نزیک بە دەریاچەی کەمس. لەلایەن خێکی لادێکانی دەوروبەریانەوە یارمەتییان دەکرا لە ڕووی خواردن و خواردنەوە.
پۆلیس بە یاری دەستگیرکردنی ئەلبێرتی دەرکردبوو، تەنانەت ئەفسەرێک بەناوی کامپبێ وتبوی: **بە مردووی بێت یان بەزیندووی هەر دەبێت پەیدای بکەمەوە.**



پۆلیس چەندین مانگ بەدوایدا گەڕان. ئەو بوو لە ٢٧ی تەموزی ١٩١٨ شوێنکەیان دەزیەوە و تەقەیان لێکردو کوشتیان. لە ٢ی ئابی ١٩١٨ لە ڕێپەوانێکی زەر گەورەو شکەداردا تەرمەکەی لە کیمبرلاند بەخاک سپێردرا و بە بانەی مەرگی ئەلبێرت گەدوینگ(جنجێ) ناوو لە هەمان ڕۆژدا و بە یەکەمین جار مانگرتنی سەرتاسەری لە برتش کەڵمبیا ڕاگەیەندرا.



مەرگی ئەلبەرت گەدوینگ(جنجە) هەتا ئێستاش وەک مەرگەکی گوماناوی سەیر دەکرێت و بەشێک لە خەڵک پێیان وایە ئەو مەرگە لە ئاکامی بەیارەکی تاکەکەسییەوە نەبووە بەڵکوو بەیار و هەزی گەورەتری لە پشتەوە بووە.

ئەلبەرت تەنها ٣١ ساڵ ژیا، بەڵام زۆر سەیر لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا توانی بگاتە ئاستی ئابرایەتی یەکێتییە کرێکارەکان.



ئەلبێرت، بە وتارێ حەماسەکانی بە ناوبانگ بوو. بانگەوازی کرێکارانی جیهانی دەکرد بۆ بەشداربوونکرن لەشێ ئابووری دەوڵەتێ زلهێزەکان. بانگەوازی بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەکرد لەگەڵی گەینی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ ئامرازێک لە پێناو خزمەتکردنی گشتیدا نەوەک قازانج.
ئەلبێرت سەرباری کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی خۆی خاوەنی چەندین وتارو لێکۆڵینەوە بوو کە لە ڕۆژنامەی وەستن کۆریەن لە ڤانکوڤەر زمان حاڵی پارتی سۆشیالیستی کانەدا باڵاودەکردەوە.
لەوانە:
پاژنەی ئاسنین – ١٠ی ئاب – ١٩١٢. یەکسانی سەرمایەداری ١٦ی هەمان مانگ
سۆشیالیزم و کرستیانێتی ٩ی مەی ١٩١٤. شارستانێتی کانونی دووەمی ١٩١٧.
ناسیونالیزم و ئینتەرناشناڵیزم حوزەیرانی ١٩١٧. ڕاپەرتک سەبارەت بە سەرمایەداری وەک هەکاری بێکاری ١١ی نیسانی ١٩١٤، ئەمانە و چەندین نامە سەبارەت بە ئاسەی سیاسی و هۆشیاری لە ناوچەکانی برتش کۆڵمبیا. هەروەها چەندین نامە پەیوەندن بە سیستمی سەرمایەداری و شۆڕەوە لە ڕۆژنامەی فدراسیۆنی برتش کۆڵمبیا (ڤانکوڤەر) کە ڕۆژنامەیەکی کرێکاری بوو لە تشرینی دووەمی ١٩١٧ باڵاوبۆتەوە. وتارێکی تری لە ژێر ناونیشانی سۆشیالیزم تاکە ئومێدە لە ٢٠ی ئابی ١٩١٧ لە ڕۆژنامەی ڤانکوڤەر دەیلی وارد باڵاوکراوەتەوە.

_____

سەرچاوە:
ئنسکلۆپیدیای کانەدا، پەیجی فەرمی ئەلبێرت گەدوینگ(جنجە)، یادکردنەوەکانی ساڵانەی ئەلبێرت.

ئەدەبیی پۆلیسیی چییە (کریمیناڵ).. ئەردەڵان عەبدوڵا

وتەیەک

ئەمە لە تەواوی جیهاندا ئەدەبی پۆلیسی بەتایبەتی رۆمان، زۆر بڕوای هەیە و لەناو جۆرەکانی تری رۆماندا، رۆمانی پۆلیسی لە هەموویان زیاتر خوێنەری هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرئاوادا تەنانەت فیلم و دراماى پۆلیسیش زۆر ڕواجی هەیە. لە لایەکی تروە ژنە نووسەری بڕیتانیا ئاگاتا کریستی کە بە دایکی ڕۆمانی پۆلیسی ناسراوە، لەپاش کتێبی ئینجیل و کارەکانی شکسپیر، پڕفرۆشترین کتێبی هەیە لە جیهاندا، هەتاوەکو ئێستا نزیکەی 2 ملیار نوسخە لە کتێبەکانی فرۆشراوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم ئەدەبە لە جیهاندا بڕوای زیاتر دەبێت و کاریگەری گەورەش بەسەر فیلم و دراماى جیهانی داناوە.
ئەمە لەم دەسەیە تایبەتەدا هەوڵدەین تیشک بخەینە سەر ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب و باس لە مەژووی سەرهەڵدان و بنەماکانی و جۆرەکانی، هەروەها تیشکێکی خەراش دەخەینە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ژنە نووسەری بڕیتانی ئاگاتا کریستی و کاریگەری بەسەر ئەم ئەدەبەوە دەخەینە ڕوو. لە کۆتایشدا باس لەوە دەکەین کە بۆچی لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەدەبی پۆلیسی گرنگی پێ نەدراوە. بەو هیوایەی لە ڕێگەی ئەم دەسەیە تایبەتەوە، تیشک بخەینە سەر ئەم جۆرە جوانەی ئەدەب کە ئێستا گەشەی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت.

سەرەتا

بەدنیایەوە کاتێک باسی تاوان و تاوانکاران دەکرێت، هەموومان دژیان دەوەستینەوە، یان قەزمان لە کارەکانیان دەبڕتەوە. زۆرجاریش دەوەزمەی ترس کاریگەری زۆری بێ ئەم هەڵوێستەمان هەیە. ترس لە تاوانکاران و کارەکانیان وامان لێدەکات کە هیچ کاتێک خۆمان لە قەرەی جیهانی تاوان نەدەین. بەڵام ئەدەب دەربارەی ئەم جیهانە ترسناک و ناشیرینەی تاوان، بۆچوونێکی تری هەیە. ئەدەب وەکو ڕۆژنکی پرشنگدارە، تیشکەکانی دەچێتە ناو تاریکترین شوێنی ژیانەوە. ئەوە تیشکی ئەدەبە، ترسەکانمان لە جیهانی تاوان دەڕوێنێتەوە و دەیشکێنێت. ئەدەب بە زمانێکی تر مامەڵە لەگەڵ تاوان دا دەکات. هەر ئەویشە پێمان دەڵێت، کە دەکرێت سوود لەم جیهانە ترسناکە وەربگیرێت و بە زمانێکی ئەدەبی باسی تاوانکاران بکەین نەک بە ترس خستنە ناو دڵی خوێنەرەوە، بەڵکو بە ئاشنابوون لەو فرتوفێڵ و شێوازە ناشیرینانەی کە ئەوان لە تاوانکارییەکانیاندا بەکاردەهێنن.
ئەمە ئەدەبی پۆلیسی (کریمینال) یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی ئەدەبی جیهانی، کاتێک گەیشتمە ئەمانیا و کەمێک بەسەر زمانی ئەمانیدا زاڵ بووم پێم سەیربوو، خەڵکانێکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی

پۆلیسی بوون. ڕۆمانی پۆلیسی لە هەموو جۆرەکانی تری ڕۆمان، ڕەواجی زیاتر بوو.
دیارە نەک لە ئەڵمانیا لە بەشکەی زۆری وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکاشدا، ئەم ژانرەی ئەدەب، بڕوێی زۆرە. دیارە ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەمەی کورد لەم بەشە گرنگ و خۆشەی ئەدەب بێ بەشین، تا ئەمڕۆش لەم بوارەدا کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە، کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە، لەدواییدا باسی لێوە دەکەم.
من هەوڵدەدەم لەم وتارەدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە و بنەما و مەرجە سەرەکییەکانی و جۆرەکانی بکەم و هۆکاری پێشکەوتنی لە خۆرئاوادا دەردەخەم، لەکۆتایشدا هەوڵدەدەم هۆکاری لاوازی ئەدەبی کوردی لەمبارەیەوە بخەمەڕوو.

سەرەتای ئاشنابوونم بە ڕۆمانی پۆلیسی

کاتێک گەیشتمە ئەڵمانیا، زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو، بەناوی (کۆمیسار کۆلۆمبوس). کە لەلایەن ئەکتەری ناسراوی ئەمەریکی Peter Michael Falk پیتەر میشایل فالک ڕۆڵی کۆمیسار کۆڵۆمبۆسی دەبینی. ئەو کۆمیسارە بەشێوازێکی ئێجگار تایبەت و سەرنجڕاکێش بەدوای تاوانبارانda دەگەڕا. ئەمەش وای لێکردم کە خوولیای ڕۆمانی پۆلیسی بم. یەکەمین ڕۆمانیش کە ئاشنای دەریای ئەدەبی پۆلیسی کردم، ڕۆمانێکی نووسەری مەزنی ئینگلیزی ئاگاتا کریستی بوو، بەناوی:(Der Tod auf dem Nil مردن لەسەر نیل).
بە ڕاستی ئەم ڕۆمانە چۆڕکی ئێجگار زۆری ئەدەبی هەبوو لام. ئاگاتا کرسیتی خاوەنی چەندین ڕۆمانی پۆلیسیە. بەشکی زۆریشیان کراون بە فیلم. ئەم ڕۆمانەی ئاگاتا کرسیتی، باسی تاوانی کوشتنی ژنێک دەکات، لەسەر یەکێک لە کەشتیەکان لەسەر ڕووباری نیل. بەڵام ئەو بەشەوازێکی ئێجگار تایبەت، بەناخی تاوانباران و کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا دەڕوات. دەتوانم بڵێم ئەم ڕۆمانە بوو بە بەلەمێک و بەرەو دەریای ئەدەبی پۆلیسی بردم. پاش ئەم ڕۆمانە نووسەری مەزنی سوێدی هۆکان نەسەر Hakan Nesser نووسەری ئیتاڵی Gianrico Carofiglio یم ناسی. دیارە ئەمان خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیانن کە زۆر جیاوازە لە شێوازی نووسینی ئاگاتا کرسیتی. لە دواییدا باسی لێوە دەکەم، هەموو ئەمانە بوونە سەرەتایەک بۆ ئەوەی بەدوای ئەم ژانرە جوانەی ئەدەبدا بگەڕێم. بەڵام با سەرەتا بزانین ڕۆمانی پۆلیسی مانای چییە و چۆنە؟.

ڕۆمانی پۆلیسی چییە؟

ڕۆمانی پۆلیسی ئەو جۆرە ڕۆمانیە، کە زیاتر گرنگی بە مەسەلەی تاوان و تاوانکاران دەدات، هەوڵدەدات بۆ شۆڕشێکی ئەدەبی جوان، باسی تاوانێک بکات و بۆ خوێنەری دڵگەرتووو لە کۆتایشدا بکوژەکە یان تاوانباراکە ئاشکرا دەکات و دادگەرتە دادگا.
لەم جۆرەی ڕۆمانەدا باسی ڕووداوی تاوانێک دەکرێت، لە ڕێگەی (ئەفسەری پشکنەر، دیدەکتیڤ، کۆمیسارێکەوە) هەوڵی دۆزینەوەو گرتنی تاوانبارەکە دەدات.
لەمبارەیەوە ڕۆمانووسی ئەڵمانی Veit Heinichen دەڵێت: (ڕۆمانی پۆلیسی بریتییە لە چیرۆکێکی فەنتازی، کە بەشێوەی تایبەتی خۆی، هەوڵدەدات کۆمەڵگاکەمان پێ بناسێنێت. لەهەمانکاتیشدا، باسی چەند گۆشەیەکی تاریکی ناو کۆمەڵگە دەکات، کە ئێمە نایناسین).

سەرەتای ڕۆمانی پۆلیسی

